# نـــــانـــــا

هەوالنامەی کتێب

## ئیمێڵ زۆلا

# نانا

هەواڵنامەی کتێب

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

د.هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم

٢٠٢٠

هەواڵنامەی کتێب

- نـــانـــا
- ئــیــمێل زۆلا
- وەرگێڕانی د.هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم
- دیزاینی بەرگ:
- چاپی یەکەم،هەولێر،٢٠٢٠
- تیراژ: (١٠٠٠)دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکاندا ژمارە(      )ی
ساڵی ٢٠٢٠ی دراوەتێ

**مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە**

## خوێنەری هێژا

ئەم کتێبە شاکاری ئیمیڵ زۆلای نووسەری بەناوبانگی فەرەنسییەو بۆ ناساندنی ئەم کتێبە هێندە بەسە،کە بگوترێت کاتێک ڕۆمانی نانا لە فەرەنسا بڵاوکرایەوە هەزاران کەس بۆ کڕینی ئەو ڕۆمانە هێرشیان بۆ کتێبخانەکان برد و تەنانەت ژن و مێرد هەر کامێکیان بەجیا دانەیەکی نانایان دەکڕی، چونکە هیچ یەکێکیان لە تامەزرۆیی خوێندنەوەی چیرۆکی نانا ئامادە نەبوون ماوەیەک ئارام بگرن تا هاوسەرەکەیان لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە بەچێژ و وروژێنەرە بێتەوە. لێرەدا جێگەی خۆیەتی، کە خوێنەران لەوە ئاگادار بکەینەوە،کە ئیمیڵ زۆلا چۆن چیرۆکی بەناوبانگی نانای نووسی. ڕۆژێک زۆلا لەگەڵ نیگارکێشێکی هاوڕێی لە چێشتخانەیەک دانیشتبوو و خەریکی نانخواردن بوو، لەناکاو پۆلیس هاتە ناو چێشتخانەکەوە. ئەو دەمە ژنانی سۆزانی، کە تەنیا و سەڵت بوون بەپێی یاسا دەستگیر دەکران،کە پۆلیس هەڵیانکوتایە سەر شوێنەکە سۆزانییە سەڵتەکان بە گست لایەکدا ڕایانکرد و پەنایان بۆ پیاوان برد.ژنێکی سۆزانیش پەنای بۆ زۆلا هینا.زۆلا لەسەر مێزەکەی خۆی داینیشاند و لە بەسەرهات و چیرۆکەکەی پرسی و نیگارکێشەکەی هاوڕێی وێنەی کێشا. ژنە سۆزانییەکە گوتی: ناوم نانایە. زۆلا وێنەی ئەو ژنەی لە نیگارکێشەکە وەرگرت و لەسەرەوەی نیگارەکەدا بە خەتێکی گەورە ناوی نانای نووسی و گوتی: (ڕۆمانی داهاتووم ئەمە دەبێت) و کاتێک کتێبی نانا بڵاوکرایەوە بە جۆرێک لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی لێکرا،کە بڵاوکەرەوەکەی ڕۆمانەکە ئامادەبوو زۆر زیاترو چەندین قات ئەو پارەیە بدات، کە لەگەڵ زۆلا لەسەر ڕێکەوتبوون..

**وەرگێڕەکان**

هەواڵنامەی کتێب

# ١

## نانا

زەنگی کاتژمێر نۆ لێدرا، هێشتا تیاترۆخانەی(ڤاریێتە) چۆڵ بوو و جگە لە چەند بینەریک ،کە لە لۆژەکان لەسەر کورسییە نەرمە قەدیفەییەکان دانیشتبوون هیچ کەسی دیکە لەو هۆڵە گەورەیەی، کە چراکان بە زەحمەت ڕووناکیان دەکردەوە نەدەبینرا، لەگەڵ ئەوەی وادەی نمایشەکە هاتبوو، هێشتا ژەنیارەکان نەهاتبوون و لەسەر تەختەی شانۆکە جووڵەیەک یا دەنگێک نەدەبیسترا.

کچە ڕێبەرەکە دوو گەنجی پۆشتەی هێنایە ناو هۆڵەکە و دوو کورسی ڕیزی پێشەوەی نیشاندان. گەنجەکان بە راوەستان دەوروبەری خۆیان نۆڕی و یەکێکیان بە وەی تری گوت: (هیکتۆر، پیمنەگوتی، کە هێشتا زووە، چاکتر نەبوو لێگەڕابوای لەدەرەوە جگەرەکەم بکێشم و تەواوی بکەم؟) لەو دەمەدا یەکێک لە کارمەندانی ڕێککاری هۆڵەکە لێیان نزیک بووەوە و بە دەنگێکی ناسیاوانە بە گەنجە قسەکەرەکەی گوت: (بەڕێز فۆشیری ئێوەن؟! شانۆکە تا بەر لە کاتژمێر دە دەست پێناکات). هیکتۆر بە پەلە ئەم قسەیەی کرد(کەواتە بۆچی تیاترۆخانە ڕایگەیاندووە، کە شانۆکە کاتژمێر نۆ دەستپێدەکات؟! خۆ خاتوو کلاریس دڵنیای کردینەوە، کە ڕێک پەردە لە کاتژمێر ٩دا

هەڵدەدرێتەوە و ئەویش خۆی لە شانۆکەدا بەشداردەبێت).
فۆشیری شانی هەڵتەکاند و لەژێر لێوانەوە گوتی: (هەر بەڕاست تۆ زۆر خۆشباوەڕی و بە قسەی کەسانی وەک کلاریس متمانە دەکەی... خاتوو کلاریس لەو کەسانەیە ئامادەیە سوێند بخوات، کە ئەستێرەکان بە ڕۆژی ڕووناک لە ئاسماندا دەبینێت). ساتێک ئەم دووانە بێدەنگبوون.

ئەوان هەمدیسان چاوێکیان بڕییە کورسییەکانی هۆڵەکە، بەڵام ژمارەی ئەو بینەرانەی، کە هاتبوون لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕی نەدەکرد. هیکتۆر گوتی(توانیت لۆژێ بۆ (لووسی)ی هاوڕێت بگریت؟) فۆشیری گوتی: (ئەرێ، بەڵام بە زەحمەتێکی زۆرەوە). پاشان بە حەپەساوییەوە سەیری ئەو لۆژەی کرد، کە کەوتبووە نزیکی تەختەی شانۆکە و درێژەی دایە:(بەڵام بڕواناکەم لووسی وەکو ئیمە وا زوو هاتبێت). باوێشکێکیدا و بێدەنگ بوو و پاشان گوتی(تۆ پێشتر هاتویەتیە شانۆ؟) هیکتۆر گوتی(نەخێر... ئەمە یەکەمجارە، کە تیاترۆخانە دەبینم، خۆت دەزانیت سێ هەفتە زیاتر نییە من هاتوومەتە پاریسەوە). فۆشیری گوتی(کەواتە تۆ کەسێکی بەختەوەری... ئەم تیاترۆخانە(ڤینۆسی زێڕین) زۆر بەناوبانگە،شەش مانگە خەڵکی پاریس قسەی لەبارەوە دەکەن، بۆردنیڤ گۆرانییەکی نوێی بۆ ئەم شانۆنامەیە داناوە. کەسێکی زۆر زیرەکە و لە کارەکانیدا سەرکەوتووە و بە پارەیەکی زۆریش ئەم شانۆنامەی کڕیوە).

هیکتۆر زۆر بە وردیی گوێی لە ڕوونکردنەوەکانی هاوڕێکەی خۆی گرت، لەوکاتەدا ئاهێکی هەڵکێشا و بە کەمێک

شـــەرمەزارییەوە گـوتی: (باشـــە، بڵـێ بـزانم، تـۆ نانـای ئـەو هونەرمەندە نوێیە، کە ڕۆڵی ڤینۆسی گوڵ دەگێڕێت دەناسیت؟!) فۆشـیری هـاواریکرد: (ئـای خـودایە!... نـاوی نانـا لەسـەر زمـانی هەمـــووانە... ئەمـــڕۆ هەر کەســـێکم بینیـــووە ئەم پرســـیارەی لێکردووم، ئەرێ نانا دەناسیت؟ وەکو ئەوەی من تەواوی خەڵکی پاریس بناسم، من هێندە دەزانم، کە بۆردنێڤ نانای دۆزیوەتەوە و ئەوی بەناوبانـگ کـردووە، بۆیـە دەبێـت نانـا پیشـەوەرێکی باڵادەست و بەتوانا بێت. هەرچۆنێک بێت من لەمە زیاتر ناتوانم شتیکت پێبڵێم). حەپەساوییەکەی فۆشیری لەدوای دەربڕینی ئەم وشـانە کەمێک دامرکـایەوە، بەڵام چۆڵبوونی شـوێنەکە، کەمێک ڕۆشـــنایی، دەنگـی کـرانەوە و داخرانـی دەرگاکـان، فۆشـــیری توڕەکرد، لەناکاو هەڵیدایێ:

(نا...نـا... مـن نـاتوانم لێـرە بمێـنمەوە... وەرە بـڕۆین ڕەنـگە بتـوانین بۆردنیڤ ببینـین و زانیـاری زیـاتری لێوەرگرین). ئیـدی هەردووکیـان لە هـۆڵی تیاترۆخـانەکە چـوونەدەرەوە. جـۆش و خرۆشـێک لەبەردەم تیاترۆخـانەکەدا دروسـت ببوو و خەڵـک بـۆ لای ئەو تابلۆیانەی، کە بە پیتی گەورە ناوی (نانا)یان نووسـیبوو هێرشیان برد.

لەو کـاتەدا کەسـێکی بـاڵابەرزی چوارشـانەی تێکسـمڕاو لە نزیکی کابینەی بلیتفرۆشی وەستا و بە تووڕەییەوە بەو خەڵکەی لـە دەوروبەری ئەودا قەرەباڵغییـان دروسـتکردبوو گـوتی( دوو هەفتە لەمەوبەر بلیتەکان فرۆشراون). فۆشـێری ئاماژەی بۆ ئەو پیـاوە کـردو بە هیکتـۆر گـوت: (هیکتـۆر... ئەم پیـاوە بـۆردنیڤی بەڕێوەبەری تیاترۆخانەیە).

بەر لەوەی ئەو دوو گەنجە لە بۆردنێڤ نزیک ببنەوە، بۆردنێڤ ئەوانی بینی و قسەی لەگەڵ فۆشیری کرد و بە ئاوازێکی لموزبەرزانەوە گوتی: (تۆ بەڕاستی مرۆڤێکی چاک و پیاوی، بەڵام تۆ بەم شێوەیە ڕێکلام و بانگەشە بۆ شانۆییە نوێکەمان دەکەیت؟! من ئەمڕۆ بەیانی ڕۆژنامەی فیگارۆم هەڵدەدایەوە بینیم، کە تۆ دەربارەی باڵوێزخانەی ژاپۆن شتێکی زۆرت نووسیوە، بەڵام هەرگیز بە وشەیەکیش باسی (نانا)ت نەکردووە!! بەهەرحاڵ من پیرۆزباییت لێدەکەم، کە ئەم جۆرە وتارە بەپێز و بابەتە شیرینانە لە ڕۆژنامەکەی خۆت دەنووسیت).

فۆشێری لە وەڵامی بۆردنێڤدا گوتی: (هاوڕێی ئەزیزم بۆچی پەلە دەکەیت؟!)من سەرەتا پێویستە نانا ببینم تا دواتر بتوانم دەربارەی ئەو لە ڕۆژنامەکەی خۆمدا شت بنووسم، پاشان من بەڵێنم بە تۆ نەدابوو، کە دەربارەی نانا شتێک بنووسم!

ئیدی فۆشیری بۆ ئەوەی دەرفەتی گلەیی و گازاندە بە بۆردنێڤ نەدات گوتی: (ڕێگە بدە، کە ئامۆزای خۆم(هیکتۆر دولافلواز)ت پێبناسێنم، کە بۆ تەواوکردنی خوێندن هاتۆتە پاریس). بۆردنێڤ شانی هەڵتەکاند و هیچی نەگوت، بەڵام هیکتۆر بە لێڕامانەوە سەرتاپای بۆردنێڤی تەماشا کرد و بە چاکی لەوە تێگەیشت، کە ئەم کەسە باڵابەرز و تێکسمڕاوە خودی ئەو بۆردنێڤەیە، واتە پیاوێکە، کە لە تەواوی بەڕێوەبەرانی تیاترۆخانەکانی پاریس بەناوبانگتر و ناسراوترە و ئەو لە هەمووان چاکتر دەتوانێت هونەرمەندانی جوان بدۆزێتەوە و پارەی بینەران بخاتە گیرفانییەوە... بەڵێ کەسێک کە وەکو

تاوانباران مامەڵە لەگەڵ ئەکتەرەکانی خۆی دەکات و هەروەها وەکو ئەفسەرانی شارەوانی و پشکنەر قسە دەکات!) هیکتۆر ویستی جێی میهر و خۆشەویستی خۆی لە دڵی بۆردنێڤدا بکاتەوە، بۆیە بەوپەڕی ڕێزەوە گوتی: (تیاترۆخانەی ئێوە...)بۆردنێڤ قسەکەی پێبڕی و بە هێمنییەوە گوتی: (بۆچی ناڵێیت سەماخانەکەی ئێوە؟!)

فۆشیری پێکەنی، بەڵام هیکتۆر سەری سورِما و پەشۆکا و ئەو گوزارشتە ستایشئامێز و ڕێزدارییانەی لەبیرکرد، کە دەیویست دەریببڕێت. بۆردنێڤ ئەوانی جێهێشت تاوەکو خۆی بگەیەنێتە یەکێک لە ڕەخنەگرە هونەرییە ناودارەکان. کاتێک بۆردنێڤ گەڕایەوە لای ئەو دوو گەنجە، هیکتۆر لەو بارودۆخە حەپەساویی و مەلوولییە دەرچوو بوو. هیکتۆر بۆ ئەوەی لەبەرچاوی بۆردنیڤ بە نەزان و دێهاتی دەرنەکەوێت دووبارە گوتی: (من بیستوومە، کە نانا دەنگێکی ناسک و زوڵاڵی هەیە) بۆردنێڤ شانی هەڵتەکاند و وەڵامی دایەوە(نانا؟ بەپێچەوانەوە دەنگێکی خۆشی نییە). هیکتۆر بۆ ئەوەی قەرەبووی گوتەکەی خۆی بکاتەوە ڕاستەوراست وتی: (هەرچۆنیک بێ... نانا دەبێت هونەرمەندێکی کارامە و لێهاتوو بێت). بۆردنێڤ بە زمانە ناخۆشەکەی خۆی گوتی: (ئەکتەرێکی باڵادەست و کارامە؟! ئەو هەرگیز کارامەییەکی نییە و تەنانەت نازانێ لەسەر تەختەی شانۆ چۆن ڕۆڵەکەی خۆی بگێڕێت). هیکتۆری سورهەڵگەڕاو بە تەتەڵەوە گوتی: (من...من زۆر ئارەزوو دەکەم ئەم شانۆنامە نوێیەی ئێوە، کە لە هەموو شوێنێکدا باس و خواسیم بیستووە و ئەمشەو شەوی یەکەمی نمایشەکەیەتی و دەمێکە تیاترۆخانەی

ئێوە...) بۆردنێڤ قسەکەی پێبڕی و دووبارە قسەکەی پێشووی دوپاتکردەوە و گوتی: (بڵێ سەماخانەکەی ئێوە...). فۆشیری چاوی لەسەر ژنەکان بوو، بەڵام کاتێک ڕستەی کۆتایی بۆردنێڤی بیست بەپەلە ڕووی بە لای ئەودا وەرسوڕاند، بەڵام نەیدەزانی، کە ئایا پێبکەنێت یان ئەوەی توورە بێت، هەر چۆنێک بوو ڕووی قسەی لە هیکتۆر کرد و گوتی: (هاوڕێکەم... بە خواستی بەڕێز بۆردنێڤ هەڵسوکەوت بکە و ناوی تیاترۆخانەکەی ئەو بەو ناوەی، کە خۆی حەزی لێیە بڵێ) ڕووی لە بۆردنێڤ کرد و گوتی(کەواتە بە قسەی ئێوە بێت نانایەک، کە ڕۆڵی سەرەکی ئەم شانۆییە دەگێڕێت دەنگێکی خۆشی نییە و کارامەش نییە، کەواتە بێگومان شانۆنامەکەی ئێوەش سەرکەوتوو نابێ). بۆردنێڤ شانی هەڵتەکاند و بە دەنگێکی پۆزاوییەوە گوتی: (بەڵێ،شانۆکەمان سەرکەوتوو نابێت)هەر لەوساتەدا گوتی(هەر بەڕاستی پێویستە کە ژن دەنگێکی دڵنەوازی هەبێ و بە چاکی ڕۆڵ بگێڕێت؟!) ئێوە بێئاگان... نانا چەند بەهرەیەکی دیکەی بێجگە لە گۆرانی و ئەکتەری تێدایە... ئەگەر ئەم وا نەبوو تۆ حەقتە من بە گەمژە و ناشارەزا دابنێیت، ئێوە ئەمشەو نانا دەبینن و ئەوجا دەزانن، کە هەر لەگەڵ هاتنی بۆ سەر تەختەی شانۆ بینەران چۆن دەوروژێن و هاتوهاواری ئافەرین و ستایشکردنیان لێ بەرز دەبێتەوە).

پاشان وەکو ئەوەی لەبەرخۆیەوەقسە بکات گوتی: (بەڵێ، سەرکەوتنی ئەو شتیکی حەتمییە... من گۆرانیبێژ یا هونەرمەندێک پێشکەشی بینەران ناکەم، بەڵکو تەنیا ژنێک.. بەڵێ ژنێک پێشکەشی ئەوان دەکەم) فۆشیری داوای زانیاری زیاتری

ســەبارەت بە نانــا لە بۆردنێــڤ کــرد، ئەویــش پرســیارەکانی فۆشــێری بە دەربڕینێکــی نەگونجــاو و بــازاڕی وەڵام دایەوە، کە هیکتۆر بە بیستنی ئەم وەڵامە شەرم دایگرت.

بۆردنێــڤ گــوتی، کە زۆر لەمێــژە نانــا دەناســێت و نێــوانی لەگەڵیدا خۆشــە و ئامــادە نییە، کە زۆر لەگەڵ ژنێک هــاوڕێی و هــاودەم بێت، هەر کاتێک لە ژنێک تێــر بێت ژنەکە پێشکەشــی بیــنەران دەکــات، ئەگەر ئەوانــیش لەم ژنە وەڕز بــوون وازی لێدەهێنن، بەڵام نانا لەم جۆرانە نییە. بۆیە ئەوی بۆ گێڕانی ڕۆڵی ڤینۆس هەڵبژاردووە... نانا بەلای ئەوەوە بەهایەکی زۆری هەیە... (ڕۆزمینــۆن)ی هونەرمەنــدی جــوان و گــۆرانیبێژی کــارامەی بەناوبانگ، کە هەزاران هەواداری هەبوو هەڕەشەی لە بۆردنێڤ کردبــوو، کە دەســت لە کــار دەکێشــێتەوە، بەڵام هەرکە نانــای دلڕفێنی بینی دەستی لە هەڕەشەکردن هەڵگرت و تێگەیشت، کە ڕکابەڕێکی نویی دۆزیوەتەوە و وەکو جاران نازی هەڵناگرن.

بۆردنێڤ نــرخ و بەهــای گشــت ژنێکــی بەچــاکی دەزانــی... بــەڵێ ئەگەر کلاریس یا سیمۆنا یاخی دەبوون ئەو بە زەبری بە مست و شـــەق ملکەچـــی دەکـــردن، بەڵام ئەگەر ئەکـــتەری یەکەم سەرکێشی بکردبوایە و لێی یاخی ببوایە، ئەوا دەیزانی،کە چۆن لەڕێگەی ژنێکەوە بەسەریدا زاڵ بێت.

بۆردنێــڤ قســەی دەکــردو چاویشــی لەســەر دەرگاکــانی تیاترۆخــانەکەش بــوو، گوتی(ئــاخ... ئەمە مینــۆنە وا دەســتی خستۆتە بازووی ستینەری مەعشووقی خۆی... ئەو دەزانـی، کە ستینەر لە هاوســەرەکەی ئەو(ڕۆز) بێزارە و تێربووە)، هیکتۆر لەو شـوێنەی دەڕوانـی، کە بۆردنێڤ سـەیری دەکرد و پیـاوێکی

بالآبەرزی کەتەی بینی وا دەستی خستۆتە بازووی پیاوێکی کورتە بالآی قەڵەوی سەرسپی!... پیاوە بالآبەرزەکە مینۆنی مێردی(ڕۆز)بوو، کە باشترین ئارتیستی تیاترۆخانەی (ڤارێتە) بوو، بەڵام پیاوە بالآ کورتەکە مەعشووقی ڕۆز و دەوڵەمەندێکی جووڵەکە بوو، کە لە شوێنە گشتییەکاندا ناوبانگێکی چاکی هەبوو.

بۆردنێڤ گوتی(ئێستا شتگەلێکتان دەربارەی نانا تێدەگەیەنم) لەو کاتەدا بۆ پێشەوەتر ڕۆیشت و ڕووی قسەی لە ستینەر کردو گوتی(تۆ دوێنی ئەوت لە نووسینگەکەی من بینی... بڵێ بزانم بۆچوونت دەربارەی ئەو چییە؟) ستینەر هاواریکرد:(ئاخ.. ئەو ژنەی کە من هاتمە ناو نووسینگەکەت چووە دەرەوە؟ من دەربارەی ئەو ژنە زۆر بیرمکردەوە... و گەیشتمە یەقین، کە خۆیەتی و ئەوە، بەڵام ئەو وەکو شنەبایەک لەتەنیشتم تێپەڕی و لێنەگەڕا ببیینم). مینۆن گوێی لەم قسانە گرت و سەری شۆڕکردەوە و لە شەرمان یاری بە ئەموستیلەکەی دەستی دەکرد. مینۆن دەیزانی،کە ئەو دوانە دەربارەی نانا قسە دەکەن. بۆردنێڤ هێشتا باسی هونەرمەندە نوێکەی دەکرد، ستینەر بە وردییەکی زۆرەوە گوێی دەگرت و جارجارە چاوەکانی دەرەوشانەوە، تا ئەوەی مینۆن قسەکانی پێبڕین: (بە بڕوای من چاکترە بڕیاردان دەربارەی بەهرە و لێهاتوویی و بالآدەستی ئەو بۆ بینەران لێبگەڕێین... وەرە ستینەر دەی با بڕۆین، دەزانی هاوسەرەکەت لە ژوورەکەی خۆی چاوەڕێیتە).

بۆردنێڤ ویستی بیبات، بەڵام ستینەر پێداگری لەسەر مانەوە کرد، پاڵەپەستۆی خەڵک لە چواردەورییان زیادی کرد و ناوی

نانا لەسەر زاری هەمووان بوو. ناوی نانایان بە کونجکۆڵییەوە دووبارە دەکردەوە، بەڵام ژنان ئەو ناوەیان بە تۆنێکی ئیرەیی و نیگەرانییەوە دەهێنا سەر زمان: (نانا کێیە؟ و لە کوێ هاتووە؟) کەس نەیدەزانی... بەڵام ئەم ناوە وەکو ماچیکی شیرین، یا ئاواز و نەغمەیەکی مۆسیقا دڵگیر بوو... هەموویان بە ئاسانی و نەرمییەوە دەگوتەوە و بە بێئۆقرەییەکی تەواوەوە چاوەڕوانی ئەو بوون.

بۆردنێڤ ڕووی لەو بینەرانە کرد، کە چوار دەوریان گرتبوو و بێوچان دەربارەی نانا پرسیاریان دەکرد و هاواریکرد(بۆچی ئەوەندە پرسیاری ئەو دەکەن؟! ئێوە هەر ئێستا دەیبینن) لەوکاتەدا بە فیز و لەخۆباییبوونەوە ڕێگەی خۆی لەناو بینەران کردەوە و ڕۆیشت، بۆچی شانازی بەخۆیەوە نەکات، مەگەر ئەو نەبوو، کە هەستی کونجکۆڵی و تامەزرۆیی بینەرانی وروژاندبوو؟

مینۆن وەکو نیشانەیەکی بایەخپێنەدان شانی هەڵتەکاند... ستینەر ئەوەی بیرکەوتەوە، کە (ڕۆز) لە ژوورەکەیدا چاوەڕوانی ئەوە و دەیەوێت بۆچوونی دەربارەی جلێک، کە دەبێت بیپۆشێت و لەسەر سەکۆی شانۆ لە پەردەی یەکەم دەرکەوێت بزانێت. ستینەر هێشتا دوودڵ بوو لەوکاتەدا هیکتۆر هاواریکرد: (لووسی بە گالیسکەکەی خۆی هات) لووسی ستیوارت ژنێکی چل ساڵەی کورتەبنەی چکۆڵە و مل درێژ و دوو لێوی زۆر ئەستووری هەبوو، بەڵام لای هەمووان خۆشەویست بوو، چونکە ئەو ژنێکی ڕووخۆش و لەبار بوو.

هەواڵنامەی کتێب

لووسی لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانی خۆی، کە نـاوی کـارۆلین هیکە بوو لەناو گالیسکەکە دانیشتبوو، هیکە کچێکی گەنـج بـوو و بە ڕوخساریدا دیار بوو، کە زۆر ڕەزاقورس و دڵڕەقە. فۆشـێری بەرەو لای (لووسـی) هـاوڕێی چـوو. لووسـی بە فۆشـێری گـوت: (مـن کورسـییەکم لە لـۆژی خـۆمـان بـۆ تـۆ گرتـووە، لەگەڵ ئـێمە وەرە)بەڵام فۆشـــێری پۆزشـــی هێنـــایەوە و گـــوتی: (سـوپاســـت دەکــەم مــن پێمخۆشــترە لە کورســییەکانی پێشــەوەتر دابنیشــم تـاوەکو سـەکۆی شـانۆکە چـاکتر ببینم). لووسـی ڕقـی هەسـتا و وابیریکـردەوە، کە فۆشـێری نایەوێـت لەگەڵـی بێـت و ناخوازێـت خەڵـــک لەگەڵ ئەودا لەیەک شـــوێن بیانبینێـــت، بەڵام بە هەر شـێوەیەک بێـت تـووڕەیی و قینـی خـۆی دامرکانـدەوە و گـوتی: (بۆچی بە منت نەگوت کە نانا دەناسیت؟) فۆشـێری گـوتی: (بە منیان گوت، کە تۆ هاوڕێی ئەویت!) فۆشـێری بە قاقاوە پێکەنـی، بەڵام مینـــۆن لەناکـــاو قـــۆڵی گـــرت و هاواریکرد(بێـــدەنگ بە) لەوکاتەدا ئاماژەی بە گەنجێک کرد، کە لەو ساتەدا بە تەنیشـیاندا تیدەپەڕی و بە دەنگێکی نـەوی گوتی: (ئەم گەنـجە هـاوڕێی نانـا بــوو).هەموویـــان بەسەرســـوڕماوییەوە ســـەیری ئەو گەنجەیـــان کـرد... گەنجێکـی جـوان و بـوێر بـوو، مینـۆن وتـی: (ئەم گەنـجە نـاوی داجینـیەیە... ئەو سـەروەت و سـامەنەکەی سێسـەد هەزار فرانک بوو، کە لە ژنانی بەڕەڵڵا و قەحپە سـەرفی کرد، ئێستا لە بۆرسـە کاردەکـات، ئەوەنـدە دەسـتکورتە تەنـانەت توانـای کڕینـی چەپکە گوڵێکی نییە تا پیشکەشی یەکێک لە مەعشووقەکانی خۆی بکات)

لووســی، کە چـاوی لەســەر داجینـیە هەڵنەدەگـرت گـوتی: ( چاوی چ جوانە!) و لەناکاو هاواریکرد: (ئاهــ.. ئەمە بڵانشـە... ئەو بە منی گوت و جەختیکردەوە، کە تۆ هاوڕێی نانای).

بڵانـش دوسـیڤەری، کە جەسـتە کەتەکەی خـۆی دابـوە پـاڵ شـــانی گەنجێکـــی لەڕولاواز هاتەپێشـــەوە، لە هەلسـوکەوت و ڕوخسـاری گەنـجەکەدا ئاسـەواری جوامێری و بەڕێزی دەبینرا. فۆشێری بە هێواشی گوتی(کۆنت کزافییە دوفاندیڤەر...)لەوکاتەدا فۆشـــێری بەژن و بـــاڵای خـــۆی لەبەرامـــبەر کـــۆنتە گەنـــجەکە چەمانـــدەوە... لووســـی لە بلانـــش نزیـــک بـــووەوە... لەنێوانیانـــدا گفتوگـۆیەکی خێـرا دروسـتبوو... لەم قسـەکردنەدا چەنـدین جـار نـــاوی نانـــا هێنـــرا... ئیـــدی دەنگـــی زەنگێـــک، کە دەســـپێکی نمایشنامەکە و هەڵدرانەوەی پەردەی ڕادەگەیاند بیسترا، هەموو چوونە ناو هۆڵەکە و ژاوەژاوێک پەیدابوو و پۆشاکی یەکێک لە خاتوونەکـــان دڕا و کـــڵاوی یەکێـــک لە پیاوەکـــان کەوتە ســـەر زەوی.

لە هـۆڵەکەدا دەنگـی چەپڵەڕێزانێکـی دورودرێـژ زرنگـایەوە، بینـەران هـات و هاوارەکـانی خۆیـان تـیکەڵ بە ئـاوازی مۆسـیقا کردو هاواریان دەکرد(نانا...نانا... هۆ...هۆ)

فۆشـــێری و هیکتـــۆر چـــوونە نـــاو هـــۆڵەکە و لەبەرامـــبەر کورسییەکانی خۆیان وەستان و سـەیری دەوروبەریان دەکرد، چراکـان دەدرەوشـانەوە... مۆسـیقا دەژەنـدرا... بینـەران چاویـان لەســـەر پەردە هەڵنەدەگـــرت، وا هاتەبەرچـــاوی ڕۆژنـــامەوان (فۆشـــیری)و ئـــامۆزاکەی(هیکتۆر)،کە تەواوی پـــاریس لەم هـــۆڵە تەسک و چکۆڵەیە. باشی و چەپەڵی پێکەوە وادەی دیدەنییان لە

(ڤاریێته)داوه!! بینەران تێکەڵەیەکی سەیر بوون لە پیاوانێک، کە لە جیهـانی هـونەر و ئەدەب و سـەروەت و سـاماندا بەناوبانـگ و بەرچـاو بـوون، بەڵام زۆریـنەی ژنـان لە کەسـانی داوێنپـیس و بەرەڵڵابوون.

فۆشـێری لەگەڵ هیکتـۆری ئـامۆزای دەربـارەی هەنـدێک لە بینەران قسەی کرد:( ئەمە دادوەرێکی ناسراوە، کە هـیچ کەسێک لە تونـدوتۆڵی و پـتەوی بڕیارەکانیـدا گومـانی نییە...ئەمەیـان نووسـەرێکی بەناوبـانگە کە زوو زوو بـۆ دادگـای تـاوان بانـگ دەکرێـت... بەڵام ئەم پیـاوە بـاریکەڵە بە یەکێـک لە گەورەتـرین ڕەخنەگرانـی هـونەری هەژمـار دەکرێت... و ئەمە....)فۆشـێری کە بینی هیکتۆر سڵاو لە کەسێک دەکات کە لە لـۆژەکەدا دانیشـتووە ڕسـتەکەی خـۆی تەواو نەکـرد، بەوپەڕی سەرسـامییەوە گـوتی: (کەواتە تۆ کۆنت مۆفات دوبیڤێل دەناسـی؟) هیکتـۆر گـوتی(بەڵێ مـن دەمـێکە ئەو دەناسـم... موڵکەکـانی ئەو لە نزیـک موڵکەکـانی ئێمەیە... من چەندین جار چومەتە دیدەنی ئەو، لەگەڵ ژنەکەی وا لە لـۆژەکەن... بەڵام ئەو پیرەمێـردەی لەتەنیشـت ژنەکەی کۆنـت دانیشـتووە باوکی(مـارکی دوشـوار)ە). هیکتـۆر تێگەیشـت، کە فۆشـێری ئیرەیـی بەوە دەبـات، کە ئەو ئاشـنایەتی لەگەڵ کۆنتـدا هەیە ، بۆیـە شـانازی بەخـۆی کـرد و بەردەوامبـوو: (مـارکی یەکێکە لە فەرمـانبەرە پلەباڵاکـانی ئەنجوومەنی وەزیرانـی وڵات، بەڵام کۆنـت یەکـێکە لە بڕواپێکـراوە دڵسـۆزەکانی ئیمپراتـۆڕ) فۆشـێری چـاویلکەکەی خـۆی لەدەسـت گـرت و سـەیری لـۆژی کۆنت مۆفاتی کرد و چاوی بە کۆنتسی هاوسەری کۆنت کەوت.

کۆنتس ژنیکی بالآبەرزە و سپیکەڵە بوو، ڕوخساریکی گەش و دوو چاوی جوانی هەبوو.

فۆشـیری بە هـاوڕیکەی گـوت: (تـۆ پیویسـتە کاتیـک پەردە دادەدریتەوە من بە کۆنت بناسینیت... من ئەو کۆنتەم زۆر بینیوە و ئـارەزوو دەکەم،کە هــەمــوو ڕۆژانــی سیشــەممەیەک، کە لە کۆشـکەکەی پیشـوازی لە میوانـان دەکات منیش داوەت بکریم، جەنجــاڵی بەر دەرگــای تیاترۆخــانە و دەنگــی ژاوەژاوو هەراوهۆریای بەینی کورسییەکان ئەوەندە زۆر بوو، کە دەنگی مۆسیقاکەی نەهیشتبوو، هیکتۆر گوتی(سەیرکە... من کەسیک لە لۆژەکەی خۆمدا دەبینم). فۆشـیری سـەیریکی لـۆژەکەی کـرد و لەژیـر لیوانــەوە گــوتی (ئــۆی... بەڵــێ... ئەمە لابــۆردیتە) ئەم قسـەیەی بە سـادەیی و بیبـایەخییەوە گـوت، وەک بلیـی بـوونی لابۆردیت لە لـۆژی لووسـیدا شـتیکی ئاسـایی بـووە و هەرگیـز واتایەکی تایبەتی نییە؟!

هیکتــۆر چــاوی بە ســتینەر و مینــۆن کەوت، کە لەتەنیشــت یەکتـری لە لۆژیکـدا دانیشــتبوون، هەروەهــا هیکتــۆر چــاوی خستەســەر بلانـش، کە بە جەسـتە کەتەکەی خـۆیەوە کـۆنتی لە چاوان دەشاردەوە، بەڵام هـیچ یەکیکیـان وەکو داجینییە هەستی کونجکــۆڵی ئەوی نەبزوانــدــ... ئەم گەنجە(داجینیــیە) لەســەر کورســییەکی ئاســایی لە ڕیـزی سـییەمی پشـت ئۆرکیسـتراکە دانیشتبوو، لەتەنیشت ئەویشدا خویندکاریک، کە تەمەنی حەڤدە سالیک دەبوو دەبینرا... داجینییە بە بیئۆقرەیی و نیگەرانییەوە لە پەردەکە ڕامـابوو، وا دیـار بـوو، کە ئەو بـۆ یەکەمـین جـارە لە تەمەنیدا هاتۆتە جیگـایەکی وەهـاوە. هیکتۆر لەناکـاو گـوتی: (بلـێ

بزانم... ئەم ژنەی، کە لە لۆژی چوارەمدا دانیشتووە کێیە؟... مەبەستم ئەو ژنەیە، کە لە تەنیشت ئەو کچۆلەیەی، کە پۆشاکیکی شینی لەبەرە دانیشتووە).
فۆشێری گوتی: (ئەوە جاجایە)
لەوکاتەدا فۆشێری بیدەنگ بوو، وەک بلێی ئەو ناوە بە تاک و تەرا دەلالەت لە واتاگەلێکی زۆر دەکات، کە هەموو کەسێک دەیانزانێت، بەلام ئەو لەناکاو بیریکەوتەوە، کە ئاموزاکەی تاوەکو ئێستا پاریسی نەبینیوە و ئاشنای ژیانی کۆمەلایەتی پاریس نییە، بۆیە گوتی: (بێگومان تۆ ناوی جاجات بیستووە... ئەو یەکێک بووە لە شاجوانە دەولەمەند و ناسراوەکانی سەردەمی (لویس فیلیپ)، بەلام ئیستا تەنیا لەگەل کچەکەی دەبینرێت...) هیکتۆر گرنگییەکی بە کچەکە نەدا، چونکە لەبەرچاوی هیکتۆر جاجا لەگەل ئەوەی، کە پیر بوو زۆر جوان و دلرفێن دەردەکەوت... سەرەنجام بۆ جاری دووەم دەنگی زەنگەکە بەرزبووەوە، بینەران بە ڕێکی لە شوێنی خۆیان دانیشتن و ملیان هەلبڕی.
پەردە هەلدرایەوە و بەشی یەکەمی شانۆنامەکە دەستیپیکرد. دیمەنی یەکەم کێوی ئۆلمپی نیشان دەدا، کە هەور چواردەورەکەی داپۆشیوە...لای ڕاستی عەرشی ژووپیتیری خوداوەندی دەریاکان دەبینرا!
هیکتۆر کلاریسی دۆستی، کە ڕۆلی (ئایریس)ی دەگێڕا ناسییەوە و لە خرۆشاوییەوە چەپلەی لێدا، بەلام یەکسەر شەرم دایگرت، چونکە هیچ کەسێک لە چەپلە لێدانەکەدا بەشداری لەگەلدا نەکرد. دوای ئەوە ڕۆزمینۆن، کە لەسەر شێوەی

خوداوەندی(دیانا)بوو دەرکەوت، لەگەڵ ئەوەی ڕۆز پوت و لاواز بووو هەرگیز لێکچوونێک لەنێوان ئەو و خوداوەند دیانادا نەدەبینرا، بەڵام بینەران ماوەیەک چەپڵەیان بۆ لێدا و هوتافی (بژیت)یان بۆ کێشا. دیانا سکاڵای لە مارسی مێردی، کە خوداوەندی جەنگ بوو هەبوو و سکاڵاکەی خۆی بە گۆرانییەکی سەرنجڕاکێش دەربڕی... دەربڕینەکانی ئەو دوو لایەنە بوو، لە ڕواڵەتدا پاک و بێگەرد، بەڵام لەناوەڕۆکدا پیس و هەوەسبازانە بوو و هەستی هەوەسبازی ئامادەبوانی دەوروژاند... بینەران گۆرانییەکەی ئەویان بە هاتوهاواری شادمانی و چەپڵەلێدانی زۆر پچڕی و ئەو لەسەر خواستی ئامادەبووان ناچار بوو هەر دەربڕینێک چەندین جار دووبارە بکاتەوە.

دوای ئەوە (مارس)ی مێردی، کە پۆشاکی جەنەڕاڵی پۆشیبوو هاتەناوەوە. مارس پەڕێکی درێژی بە کڵاوەکەیەوە بوو، کە درێژتر بوو لە باڵای خۆی و شمشێرێکی درێژیشی لە ناوقەدی بەستابوو، کە سەرەکەی لە زەوی دەخشا و دەسکەکەی بەر شانی دەکەوت.

ڕۆڵی خوداوەندی جەنگ لەلایەن ئەکتەری خۆشەویست (پرۆلییە)دەگێڕدرا... بینەرانبە جۆش و خرۆشییەکی بێهاوتا، کە ڕۆزمینۆنی لەبیر دەبردەوە پێشوازییان لێکرد، دوای ئەوە چەند دیمەنێکی پووچ و گەمژانە نیشاندران. ئەکتەری پیر(بۆسک) لە ڕۆڵی ژوپیتێردا دەرکەوت. بۆسک تاجێکی زۆر گەورەی لەسەر بوو، کە هەرگیز شیاوی جەستەی ئەو نەبوو. جۆش و خرۆشی بینەران کەمبووەوە و وردە وردە بێتاقەت و مەلوول بوون بە

جۆرێک، کە هەرگیز سەرنج و بایەخێکیان لای ئەوە نەبوو، کە لەسەر تەختەی شانۆکە ڕوویدەدا.

مینۆن کەوتە باسکردن و ستایشکردنی ژنەکەی خۆی و بە دەنگێکی بەرز لووسی هێنایە پێکەنین... کۆنت دو فادیڤەر کەمیک لەدودیو شانی بلانش دوسیڤەر دەرکەوت... بەڵام فۆشێری بە تیلەی چاوان سەیری لۆژی کۆنت مۆفات و هاوسەرەکەی دەکرد... کۆنت وەکو بتێک دانیشتبوو لەروخساریدا ملکەچی و گوێڕایەڵییەکی وەها دیار بوو، کە وەک بڵێی لەبەرامبەر شاژنێک دانیشتووە، بەڵام کۆنتس بە دووچاوی خومارانەوە سەیری سەکۆی شانۆکەی دەکرد و زەردەخەنەیەکی ڕەمزداری لەسەر لێوان بوو. ئامادەبووان لە یەکتریان دەپرسی: (نانا لەکوێیە؟! نانا لەکوییە؟!)لەو کاتەدا لەسەر سەکۆی شانۆکەدا کۆمەڵێک لە مێردە بەدبەخت و هەڵخەڵەتێنراوەکان بە سەرۆکایەتی (نیبتۆن)دەرکەوتن و بەرەو ڕووی ژوپیتێر چوون و لەدەست ڤینۆس سکالایان کرد.

ناوەرۆکی سکالاکەیان ئەوە بوو، کە ئەو ژنەکانی ئەوانی بۆ یاخیبوون و سەرپێچیکردن لە ئەرکەکانی ژنومێردایەتی هاندەدا. ڕۆڵی نیبتۆن (فۆنتان)ی ئەکتەری بالادەست دەیگێڕا. ئەو ڕیشێکی سووری درێژی هەبوو و پۆشاکێکی ڕەشی لەبەر بوو و لەسەر سینگیشی (دڵ)یک نەخشینرا بوو کە تیرێک تێیدا چەقیبوو. لەم کاتەدا خاتوونێک لە لۆژێکدا هاواریکرد: (خوایەگیان! .. هیچ لێی نایە!...) بینەران بە دەنگێکی بەرز پێکەنین و چەپڵەیان لێدا، بەڵام دیسان لە یەکتریان پرسی: (نانا لەکوییە؟!) لە کاتێکدا کە بینەران بۆ زۆر بە پەرۆش بوون بۆ

هەولێرنامەی کتێب

بینینی نانا و خەریک بوو هەراوزەنایەک بێتەکایەوە لەناکاو چەند پەڵەهەورێک، کە چواردەوری کێوی ئۆلمپیان گرتبوو نەمان و نانا دەرکەوت. نانا کچێکی باڵابەرز و جەستەیەکی وروژێنەری هەبوو، جوانی و دڵڕفێنی ئەو خەرمانی دین و دڵی بەبا دەدا، پرچە زەردە زێڕینەکەی لەسەر شانە ڕووتەکانی، کە وەکو بەفر وابوون پەخش و بڵاو ببوونەوە... زەردەخەنەیەکی شیرینی لەسەر لێوان بوو بەجۆرێک، کە سەیری بینەرانی دەکرد و زەردەخەنەی بۆ دەکردن، کە هەر کەسێک لەوان گومانی دەکرد، کە ماوەیەکی زۆرە ئاشنایەتی لەگەڵ ژنانی جواندا هەیە.

لێوە ناسک و یاقوتاوییەکانی نانا بۆ گوتنی گۆرانی بوونەوە: (کاتێک، کە ڤینۆس لە ڕۆشنایی مانگدا ناز و عیشوە دەکات).

هەرکە دەنگی نانا گەیشتە گوێی بینەران هەموویان واقیان ورما و بە نیگاکانی خۆیان لەیەکتریان دەپرسی: (ئەمە چ واتایەکی هەیە؟! ئایا ئەمەش یەکێک لە فێڵ و تەڵەکەکانی بۆردنێڤە؟!) چونکە ئەوان دەنگێکی وەها ناخۆش و بەدەر لە بنەما هونەرییەکانیان لە تەمەنی خۆیاندا نەبیستبوو... بۆردنێڤ حەقی بوو، کە دەیگوت نانا نە دەنگی هەیە و نە ئەوەش دەزانێت، کە دەبێت چۆن لەسەر سەکۆی شانۆ بوەستێت و ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. دەنگی پێکەنین و گاڵتەپێکردن لە گشت کون و قوژبنیکەوە بەرزبووەوە... بەڵام لەو کاتەدا دەنگێکی بەرز و جیددی لە ڕیزەکانی پێشەوە بەرزبووەوە و بینەران سەرنجیان خستە سەر قسەکەرەکە. قسەکەرەکە هەمان ئەو خوێندکارە بوو، کە لەتەک داجینییە دانیشتبوو و لەو ساتەدا ڕوخساری بەهۆی خۆشحاڵییەکی لەڕاددەبەدەر دەگەشایەوە، کاتیک کە

گەنجەکە هەستی بەوە کرد، کە هەموویان چاویان بڕیوەتە ئەو ڕوومەتەکـانی بەهـۆی شـەرم و خەجـاڵەتی زۆرەوە سـوور هەڵگەڕا بوون. داجینییە سەیرێکی ئەوی کرد و زەردەخەنەیەکی کرد. بینەران بە دەنگیکی بەرز پێی پێکەنین و گەنجەکە ئازاکە هـاواریکرد: (ئـافەرین... ڕاسـت دەڵێیـت... ئەو زۆر جـوان و دڵڕفێنە).

نانـا، کە بینی بینـەران پێدەکەنین ئەویـش پیکەنـی و بە خەنـدە شیرینەکەی خۆیەوە ڕۆحێکی شـادمانی و شـەیدایی لە بینەرانـدا هێناکـایەوە. نانـا بەڕاسـتی بە خوداوەنـدی جـوانی و دڵڕفێنـی هەژمـار دەکـرا... ئەم خەنـدەیە پلەی دڵڕفێنـی و سەرنجڕاکێشـی ئەوی زیـاتر دەرخسـت و ددانە سـپییە مرواریيەکانیشـی دەرکەوت. نانـا وەسـتا تـا بێدەنگی بەرقەرار بێـت، وەک بڵێـی تەواوی تەمەنی خۆی لەسەر سەکۆی شـانۆ بەسـەر بردووە.. بە نیگـا قەشـەنگ و زەردەخەنە شـیرینەکانی خـۆی بە بینەرانـی دەگوت: (ئەگەرچی ئەو دەنگێکی دڵنەواز و توانای نمایشکردنی نییە، بەڵام هەروەکو ئەوەی بۆردنێڤ گوتوویەتی چەند بەهرە و لێهاتووییەکی دیکەی هەیە) نانا ئاماژەی بۆ سەرۆکی ئۆرکێسترا کـرد، کە بەردەوامـی بە ژەنـین بـدات. لەوکـاتەدا بەو دەنـگە ناخۆشـە بەردەوامـی بە گـۆرانییەکەی خۆیـدا و هێشـتا زەردەخەنەیەکـی شـیرین بەسـەر لێـوە ناسـک و سـوورەکانی مابووەوە. لەو شیعرانەی کە نانا دەیگوتن هەندێک هەوەسبزوێن بـوون بـۆیە ڕوخسـاری سـوور هەڵـدەگەڕا و ئەمەش جـوانی و دڵڕفێنییەکەی زیاتر دەکرد. زۆربەی بینەران بزوابوون و ئەویان بۆ گۆرانی گوتن هاندەدا. چەند خولەکێکی نەبرد، کە پیاوەکان

هەواڵنامەی کتێب

چاویلکەیـان کـرەد چـاو و بە داڵـغەوە سـەیری گشـت پنتێکـی جەسـتە هەسـتبزوێن و جـوانەکەی (نانا)یـان دەکـرد. نانـا کـە گەیشتە کۆتایی گۆرانییەکەی خۆی تووشی هەناسەبڕکێ بوو و ئیتـر نەیتـوانی بەردەوامـی پێبـدا.دڵی نانـا تووشـی خـورپە و نیگەرانیـی نەبـوو، گـۆرانییەکەی بە جـووڵەی ڕانە سـپییەکانی خۆی، کە پۆشاکە تەنکەکەی لە چاوان نەدیدەشاردنەوە بە کۆتـا هێنـا. ئینجـا خـۆی هەڵسـوڕاند و پـرچە زێـڕینەکەی خـۆی، کە لەسەر شان و پشتی پەخش و پەرێشان بوو نیشانی هـەمووانـدا . لەو سـاتەدا جـۆش و خرۆشـی و شـەیدایی بیـنەران گەیشـتە ترۆپک. دەنگی چەپڵەلێدانیان دەر و دیواری تیاترۆخـانەی هێنـایە لەرزە.

بەشی یەکەمی شانۆکە بە خرۆشـان و ستایشـکردنی بینەران گەیشـتە کۆتـایی. بیـنەران بـۆ هەواگـۆڕکی لە هـۆڵەکە چـوونە دەرەوە و دەربـــارەی شـــانۆکە قسـەیان لەگەڵ یەک کـــرد و دەیانگوت بەڕاستی شانۆیەکی پووچ و بێمانا بـوو...بەڵام بوونی نانا لە پووچی و بێواتایی شـانۆکەی کەم دەکـردەوە. فۆشـێری و هیکتۆر لەدەرەوە لەگەڵ ستینەر و مینۆن یەکتریان بینی، ستینەر بەهیواشی گوتی: (من ئەو دەناسم...من دڵنیام ئەوم لە شـوێنێکدا بینیـوە و لەسـەرووی ئەمەشـەوە ئەوم بە مەسـتی بینیـوە) فۆشـێری گوتی: (بەبڕوای منیش وا پێدەچێت ئەوم لە شـوێنێک بینیبێـت و وا گومـان دەکەم لە مەیخـانەی تریکـۆن بینیـومە) هیکتـۆرە بە تـورەیی و نەفـرینەوە هـاواریکرد: (لە مەیخـانەی تریکۆن ... تۆ ئەوت لە شـوێنیکی چـاک بینیوە!) بەڕاسـتی جێـی سەرسوڕمانە کە بۆردنێڤ ژنانێکی ئـاوا بەڕەڵـڵا و داوینپیس بـۆ

هەواڵنامەی کتێب

شـانۆ بەکاردەهێنێـت! هێنـدەی پیناچێـت، کە ئەم تیاترۆخـانەیە دەبێتە شوێنی ژنانی داوێنپیس و هەرگیز ژنێکی داوێن پاکی تێدا نادۆزیتەوە... هەرگیز.. هەرگیز لێناگەڕێم هاوسـەرەکەم(ڕۆز)لەم تیاترۆخانەیە کار بکات.

فۆشـێری ئـاوڕێکی دایەوە تـا ئەو زەردەخەنەیە بشـارێتەوە، کە هــاتبووە ســەر لێــوانی. خەڵــک لەدەوروبەریــان خۆیــان دەپاراســت لە دەربڕینــی ڕاوســەرنجی خۆیــان دەربــارەی هونەرمەنـدە نوێکە.یەکێکیـان دەربـارەی نانـا ئـاوا ڕاوسـەرنجی خۆی دەربڕی: (نانا لەڕووی هونەرمەندێتییەوە بەهـایەکی نییە... بەڵام لەڕووی جوانی و دڵڕفێنی بێئەندازە گرانبەهـایە) یەکێکیتر ئـاوای گـوت: (نانـا دوو چـاوی ئەفسـووناوی و سەرنجراکێشـی هەیە).

هەواڵنامەی کتێب

# ٢

زەنگ لێدرا و دەسپێکی بەشی دووەمی شانۆکە ڕاگەیەندرا. بینەران هوروژمیان بۆ هۆڵەکە برد... هیکتۆر دوای ئەوەی، کە لەسەر کورسییەکەی خۆی دانیشت یەکەمین کارێک کە کردی ئەمە بوو، کە بە تیلەی چاوییەوە سەیری لۆژی جاجای کرد و زۆر سەری سوڕما کاتێک بینی، کە بەوپەڕی هۆگرییەوە لەگەل پیاوێک کە پێشتر قسەی لەگەڵ لووسی دەکرد سەرقاڵی قسەکردن بوو. فۆشێری کە ئاماژەی بۆ ئەو دەکرد گوتی: (ئەم پیاوە ناوی چییە؟ تۆ ناوی ئەوت پێگوتم بەڵام من لەبیرم چوو)

فۆشێری سەرنجێکی دایە لۆژەکە و بەسادەیی و بێبایەخییەوە گوتی: (ئا... ئەم کەسە لابۆردێتە).

بەشی دووەمی شانۆکە سەرنجڕاکێش و چاوەڕوننەکراو بوو، مەیخانەیەکی پاریسی نیشان دەدا، کە کۆمەڵێک لە جوتیاران تێیدا کۆببوونەوە و سەمایان دەکرد و چەند گۆرانییەکی تازەیان دەگوت. خوداوەندەکان بە جلوبەرگی نەناسراوەوە لە ئاسمان هاتبوونە خوارەوە و لەگەڵ جووتیارەکاندا سەمایان دەکرد... خوداوەندەکان دەیانویست ژنانێک، کە ڤینۆس لە خشتەی بردبوون بدۆزنەوە. ئەم دیمەنە زۆر پێکەنیناوی و سەرنجڕاکێش بوو، بەتایبەت کاتێک ژووپیتێر کەوتە داوی یەکێک لە ژنە جوتیارەکان و ئەو ژنە جوانە لادێییە لەگەڵیدا

کەوتبووە عیشقبازی و یاری بە ڕیشە دریژەکەی دەکرد.خۆشی و خرۆشاوی بینەران لەوکاتەی، کە مارس هات و یەکێک لە ژنانی لادێیی بە دەنگێکی خۆش چەند شیعرێکی بۆ خوێندەوە، کە ڕەخنەی لە سوپا و باری سیاسی فەرەنسا دەگرت گەیشتە ئەوپەڕی... نیبتۆن دوای ئەوەی لەدۆزینەوەی ڤینۆس هیلاک و نائومێد ببوو وەکو میوانێک چووە ناو مەیخانە... سەرەنجام ڤینۆسی جوان، کە پۆشاکی لادێیی لەبەردا بوو و سەری خۆی بە قردێلەیەکی سوور بەستبوو و ملوانکەیەکی زێڕی لە ملە مەرمەڕییەکەی خۆی کردبوو دەرکەوت. دیمەنی نانا لەم پۆشاکەدا بە ئەندازەیەک سروشتی و ئاسایی بوو، کە تەواوی چاوەکان سەرنجیان کەوتە سەری. جوانی ڕۆزمینۆن و کلاریس لەبەرامبەر حوسن و جەمالی هەر هیچ نەبوو... تەواوی کارامەیی و بەهرەی ئەو سێ ژنە بەرامبەر سەرنجراکێشی و قەشەنگی و دڵگیرییەک، کە خوداوەند بەم ئافریدە دڵڕفینەی بەخشیبوو تەفر و تونا بوو.

لەم ساتەوە ئیتر بینەران کوێر بوون و هەڵەکانی نانایان نەدەبینی. ئەو بە هەر جۆرێ، کە دەیویست لەسەر سەکۆی شانۆکە دەجوولایەوە، هەرگیز گرنگی بەوە نەدەدا، کە زمانی بگیرێت یا ئەوەی کە ڕۆڵی خۆی فەرامۆش بکات.

تەنیا هەوڵ و کۆششی نانا لەوەدابوو، کە تا بتوانیت سمتی خۆی بابدات و ڕانە سپیی و سوڵەکانی خۆی نیشان بدات تاوەکو هەستی هەوەس و پاڵنەری سێکسی لە بینەراندا بوروژێنێت. نانا بەڕاستی ژنێکی هەوەسبزوێن و دڵڕفێن بوو... حوسن و جەمال و سەرنجڕاکێشی، ئەندام ڕێکی، سپێتی و پڕیی

جەستەی وەکو هونەر و بەهرەیەکی ئەو هەژمار دەکرا. بەشی دووەمیش کۆتایی هات... کەش و هەوای هۆڵەکە پیس و گەرم ببوو، بینەران بەهەمان خێرایی، کە پێشتر پێی هاتبوونە ناو هۆلەکە لێی چوونەدەرەوە. هیکتۆر گوتی: (من پێویستە بچمە لۆژی کۆنت مۆفات تا سڵاو لە ژنەکەی بکەم) فۆشیری گوتی: (کاریکی چاک دەکەیت... چەندە باش بوو ئەگەر منیشت بەو بناساندبوایە)، بەڵام گەیشتن بە لۆژی کۆنت کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە بینەران وەکو لافاو لە باڵکۆنەکانەوە شۆڕدەبوونەوە بۆ ناو ڕاڕەوەکە.... ئەو دوانە ناچار بوون هێواشی بۆ پێشەوە بڕۆن و لە بەرەوپێشەوەچوونی خۆیاندا زیاتر پشتیان بە دەستەکانی خۆیان بەست تا پێیەکانیان! ئەوان بەبەردەم لۆژەکە تێپەڕین، کە لەبەردەم دەرگاکەی یەکیک لە ڕەخنەگرە هونەرییە بەناوبانگەکان وەستابوو. ڕەخنەگرەکە بۆچوونی خۆی دەربارەی شانۆکە بە چەند کەسێک لە هاوڕێکانی خۆی دەگوت و دەیگوت، کە شانۆکە زۆر پووچ و بێمانا بووە و وەکو هەڵدانی تفێک بووە بۆ سەر ڕوخساری ئەدەب و ڕەوشت. کاتێک بۆچوونی ئەویان دەربارەی نانا پرسی، چاوەکانی درەوشانەوە و زەردەخەنەیەکی ڕەمزدار کەوتە سەر لێوانی و بێدەنگ بوو، بەڵام ناوی هونەرمەندە نوێکە لەسەر زاری گشت کەسێک دەبیسترا. ڕەگەزە ناسک و تایبەتەکەی ژنانی هەرزە و داوێنپیس زیاتر لە پیاوان باسی نانایان دەکرد. فۆشیری لە ڕێگادا چاوی بە کۆنت دوفادیڤەر کەوت. کۆنت لەسەرخۆ بەگوێی فۆشێری دا چپاندی: (دەمەوێ بزانم... ئەو نانایە هەمان ئەو کچە نییە، کە چەندینجار ئەومان لە

هەواڵنامەی کتێب

گۆشەی شەقامی برۆڤانس دەبینی، کە سەرقاڵی ڕاکێشانی سۆز و سـەرنجی پیـاوان بـوو بە جـووڵە و ڕەفتـارە عـەنتیکـەکانی ) فۆشێری هاواریکرد: (ڕاست دەکەی.. ئێستا بیرمکەوتەوە.... بەڵێ خۆیەتی).

هیکتـۆر و فۆشـیری گەیشـتنە لـۆژی کۆنـت مۆفـات، هیکتـۆر فۆشـیری ئـامۆزای خـۆی بە کۆنـت مۆفانـت ناسـاند، کۆنـت بە ساردوسڕی پێشوازی لە فۆشێری کرد، بەڵام کۆنتس کە ناوی فۆشیری ڕۆژنامەنووسی بیست زەردەخەنەیەکی کردو بەوپەڕی ڕێـزەوە باسـی ئەو وتـارانەی ئەوی کـرد، کە لە ڕۆژنـامەی فیگارۆ چاپ دەکرا.

قسـەکردن لەنیـوان ئەو دوو هـاوڕێیە و ژن و مێـردەکەدا دروستبوو، پاشان قسە هاتە سەر پێشانگای پاریس، کۆنت بە دەنگێکی جیددی وەکو ئەوەی لە کۆڕی فەرمیدا قسەبکات گوتی: (ئەم پیشـانگایە دەبێتە یەکێک لە باشترین پێشـانگاکانی دونیـا... من چەند ڕۆژێک لەمەوبەر چوومە بینینی و نەمتوانی سەرسام و حەپەساو نەبم) هیکتۆر گوتی: (دەڵێن کارەکانی ئەو پێشانگایە لە وادەیەک، کە بـۆ کـردنەوەی پێشـانگاکە دانـراوە بە کۆتـا نـایەت)کۆنتس بـرۆی هێنـاوەیەک و گـوتی: (بێگومـان لەڕۆژی دیـاریکراودا دەکـرێتەوە، چـونکە خواسـتێکی شـاهانە لەسـەر ئەنجامدانی ئەم کارە هەیە).

فۆشێری بە پێکەنینەوە ئەوەی خستەڕوو، کە چۆن بەهێواشی و بەبی ئەوەی پاسەوانان ببینن و ڕێگری لێبکەن چۆتە ناو ئەو پێشـانگایەوە. کـۆنتس بەوپەڕی تێرامـانەوە گـوێی لە قسـەکانی فۆشـیری گـرت و چەنـدین جـار زەردەخەنەی کـرد و هەرکە

قسـەکانی ئەو کۆتـایی پێهـات. کـۆنتس ڕووی لە هیکتـۆر کـرد و گوتی: (ئومیدەوارم سـەربەرزمان بکەیت و بۆ ماڵەکەمان بێیت، من ڕۆژانی سێشـەممە پێشـوازی لە هاوڕێکانم دەکەم). فۆشـێری لەبەرئەوەی بینـی، کە کـۆنتس ئەویشـی بـۆ مـاڵی خـۆی داوەت کرد، بۆیە بە سەر چەماندنەوە سوپاسگوزاری نواند.

قسـەیەک لەبارەی شانۆکە نەهاتەپێشـەوە و کەسـێکیش قسـەی لەبـارەی نانـاوە نەکرد، بەڵام کۆنـت بەپێـی نەریتـی هەمیشـەیی خۆی بە دەنگێکی زبر گوتی: (مـارکی دۆشـوار لەبەرئەوەی زۆر حەزی لە شـانۆیە داوای لێکـردین، کە ئەمشـەو لێـرە لەگەڵ ئـەو بین)، بەڵام مارکی لۆژەکەی جێهێشت تـا شـوێنێک بۆ میوانەکـان بکاتەوە.

فۆشــیری چــاوێکی بــڕیە دەوروبەری خــۆی تــا مــارکی بدۆزێتەوە و لەناکاو بینی، کە مـارکی وێڕای پیرییەکەی بە قیت و قۆزی لە ڕێڕەوەکە وەسـتاوە و سـەیری ژنـان دەکـات و چێژ وەردەگرێت. فۆشیری بینی،کە گونجاو نییە قسە لەبارەی بـابەتی شــانۆکە و نانــا بکــات، چــونکە کۆنــت و کــۆتس حــەزیان لە گفتوگۆیەکی لەو بابەتـە نییـە، بۆیە ماڵئـاوایی کـرد و ڕۆیشـت و بەدوای ئەویشدا هیکتۆر کەوتەڕێ.

کاتیک ئەو دوانە لە ڕێڕەوەکە تیدەپەڕێن هیکتـۆر چاوی بڕیە لـۆژی کۆنـت دوفانـدیڤەر وبینـی، کە لابۆردێـت لەگەڵ خـاتوو بلانش دوسیڤەری بەچپە قسـە دەکەن و لەهەمـان کاتدا دەسـتی خـۆی بەشـێوەیەکی هاوڕێیـانە خسـتۆتە سـەر شـانی ژنەکە، بە بارودۆخێکی سەرسوڕماوییەوە بە فۆشیری گـوت: (وادیـارە ئەم لابۆردێتە ئەو ژنانە هەموویان دەناسێ، سـەیرکە خەریکە لەگەڵ

خاتوو بلانش دوسیڤەری شۆخی دەکات).فۆشیری گوتی: (جا بۆ ئەو ژنانە هەموویان نەناسێت... ئیشەکەی ئەوەیە).

مینـۆن هەوڵـی دەدا، کە لینەگەڕێـت سـتینەر لەبەرچـاوی ون بێـت، کاتێـک بینـی، کە ئەو بەتەمـایە لـۆژەکە جیبهێڵێـت بەزۆر دەستی خستە ناو قۆڵی و پێکەوە چوونە دەرەوە.

مینۆن بـاش سـتینەری دەناسـی و دەیزانـی ئەو زۆر حەزی لـە ژنـی جوانـە و خـۆی ڕادەسـت دەکـات، لەڕێگەی هاوکارییەکـانی ئەو بوو، کە چەندینجار سـتینەر خـۆی گەیانـدە دیدەنی هەندێک لەو ژنە جوانانەی، کە خۆشی دەویستن.

ئەو دوو پیـــاوە لە دەرەوەی تەلاری تیاترۆخـــانە لە پشـــت میزێـک دانیشـتن و سـەرقاڵی خـواردنەوەی بیـرە بـوون، بەبـێ ئەوەی وشـەیەک لەگەل یەکتـردا بڵـێن. سـتینەر دەربـارەی نانـا بیـری دەکـردەوە و حـەزی دەکـرد بە هۆکـار و ئامرازێـک لێـی نزیک بێتەوە. وای بەمێشکدا هات، کە چەپکە گوڵێکی بۆ بنێرێت و دەستخۆشـــــی ئەو ســـــەرکەوتنەی لێبکـــات. یەکێـــک لە خزمەتکارەکـانی بـانگکرد: (زوو دوو چەپکە گـوڵم لە دەرەوە بۆ بکڕە و بیهێنە و دەمەوێت ئەم دوو چەپکە گوڵە بکەمە دیاری بۆ دوو هونەرمەنـــد) کـــە خزمەتکـــارەکە دوورکەوتەوە، مینـــۆن دەستەکانی خۆی خستە سـەر کورسییەکە و بە حەپەسـاوییەوە سەیری ڕوخساری ستینەری کرد: (زۆر چاکە... من تۆ بە نانا دەناسێنم، بەڵام پێویستە ئەو شتە لەنیوان خۆماندا نهێنی بێت و ژنەکەم پێی نەزانێت!)

زەنگەکە بۆ جـاری سـێیەم لێدرا و دەسـپێکی بەشـی سـێیەم ڕاگەیەنـرا. بینـەران بە زۆر بـە تالوکـە چـوونە نـاو هـۆڵەکە.

فۆشێری ویستی دانیشێت تێبینی ئەوەی کرد، کە داجینییە ئاماژە بۆ ئەو دەکات. فۆشێری چەمایەوە تا گوێی لە قسەکانی ئەو بێت و داجینییە بە دەنگێکی نزم گوتی: (دەڵێی چی؟!)فۆشێری زانی، کە داجینییە دەیەوێت بۆچوونی ئەو لەبارەی (نانا)ەوە بزانێت، لەم ڕووەوە بە تۆنێکی ڕەمزدارەوە گوتی(من دەربارەی نانا بەو شێوەیەی، کە شایستەیەتی باسێک دەنووسم).

دەموچاوی داجینییە لە خۆشیاندا گەشایەوە، چونکە دڵنیایی سەرکەوتنی نانای بەدەستهێنابوو و ئێستا دەیبینی، کە بینەران شـــەیدای نانـــا بـــوونە. خوێنـــدکارێک، کە لەتەنیشـــت داجینیـــیە دانیشتبوو بە قووڵی کەوتبووە ژێر کاریگەری نانا و بەوپەڕی ڕێزەوە و بە قسەگەلێکی پچڕپچڕ لە داجینییەی پرسی: (ببوورە بەڕێز... ئێوە ئەم خاتوونە دەناسن،کە ڕۆڵی ڤینۆس دەگێڕێت ؟) داجینییە دوای چرکەساتیک لە دوودڵی لەژێر لێوانەوە گوتی: (بەڵێ... دەیناسم) خوێندکارەکە گوتی:

(کەواتە ئێوە دەزانن ماڵەکەی لەکوێیە؟) لەو پرسیارە بوێرانەی گەنجەکە خەریک بوو داجینییە زللەیەکی لێبدات، بەڵام خۆی گرت و بە گوێپێنەدانێکی تەواوەوە گوتی: (نەخێر... من نازانم) لەوکاتەدا پشتی لەو کرد. گەنجە سادەکە هەرکە زانی هەڵەیەکی گەورەی کردووە ڕوخساری سوور هەڵگەڕا و لەکورسییەکەی خۆیدا خۆی گرمۆڵە کرد.

پەردە هەڵدرایەوەو دوکانێکی لە (مۆنت ئاتینا)نیشاندا، دیانا کە هەوڵی دەدا نیبتۆنی مێردی رزگاری بێت دەرکەوت... هەرکە دیانا سەرکەوت ڤینۆس هاتەناوەوە. لەم ساتەدا بینەران گیانیان

کەوتە لەرزە لەوەی، کە ئایا ڤینۆس هیچ جلێکی لەبەرە یا ڕووتە.

ئەگەرچی ڤینۆس ڕووت نەبوو، بەڵام جلێکی تەنکی لەبەر بوو، کە هیچ شوێنێکی جەستە ناسک و جوانەکەی دانەدەپۆشی... جلە تەنکەکەی وەکو شەپۆڵەکانی دەریا ڕوون بوو و وەکو ئەوە وابوو، کە ڤینۆسی قەشەنگ و دڵگیر لەنێو شەپۆڵەکاندا هاتۆتەدەرەوە و شتێک شانە دڵڕفێن و سینگ و مەمکە قیتەکانی و ڕانە هەوەسبزوێنەکانی دانەدەپۆشی. هیچ کەسێک چەپڵەی بۆ لێنەدا، چونکە ئەو دەستانەی، کە بۆ چەپڵەلێدان بەرزکرابوونەوە بەشەکەتی کەوتنەخوارەوە، وەکو ئەوەی تەواوی ئەو دەستانە پەکیان کەوتبێت. هیچ کەسێک زەردەخەنەی نەکرد، ڕوخساری تێکڕای پیاوان پەڕیبوو، وەک بڵێی مەترسییەکی ڕەمزئامێز و شاراوەیان لەبەردەمیان دەبینی!... ئەوان خۆیان لەبەرامبەر نانایەک نەدەبینی، کە لەپەردەی پێشوودا وەها سادە و بێ ڕازاندنەوە بینیبوویان، بەڵکو خۆیان لەبەرامبەر ژنێکی شەهوەتبزوێن و پارچە ئاگرێک دەبینی، کە بزەیەکی ڕەمزداری لەسەر لێوە. زەردەخەنەی ژنێک کە بۆ پەلاماردان و کوشتن هەنگاوی ناوە و نزیک دەبێتەوە.

مارس وادەی دیدەنی لەگەڵ دیانا دانابوو.لەناکاو دیانا لە لای ڕاست و ڤینۆسیشی لە لای چەپی خۆیدا بینی. لەم کاتەدا بینەران دیمەنێکی سەرسوڕهێنەر و لەهەمانکاتدا سەرنجڕاکێشیان بینی، دیمەنی پیاوێک کە دوو ژنی جوان و دڵخاپێن چەپ و ڕاستی ئەویان گرتووە و هەر یەکێکیان بە عیشوەو ناز و فێڵ و مەکرە ژنانەییەکەی هەوڵدەدات ئەو لە

دەست ڕكابەرەكەی بڕفێنێت و بیكاتە موڵكی خۆی. لەو ساتە ناسكەدا هەناسەی بینەران وەستاوە و هەست و هۆشیان خستە سەر ئەوەی، كە لەسەر سەكۆی شانۆكە ڕوویدەدا، یەكێك لە خزمەتكارەكان سەری لە لۆژی ستینەر و مینۆن هێنایەدەر و لەژێر پێی هەردوو خوداوەند دوو چەپكە گوڵی دانا.

نانا و ڕۆز بە ئاماژەیەكی سەر سوپاسیان كرد. مارس دوو چەپكە گولەكەی لە زەوی هەڵگرت، چاوی بینەران لەسەر سەكۆكە وەرگەڕا و سەرنجیان لە لۆژی ستینەردا، ڕوخساری جوولەكە دەوڵەمەندە سورهەڵگەڕا  و سەری خۆی كێشایەوە و هەناسەی لەسینەیدا ڕاگرت. دیانا بەدۆڕاوی و بە دڵێكی خوێنینەوە لە دوكانەكە هاتەدەرەوە، بەڵام فینۆس سەركەوتوانە و بەوپەڕی تامەزرۆییەوە دەستی لە ملی مارس ئاڵاند. نینتۆن لەم ساتەدا هاتەناوەوە و كاتێك ژنەكەی خۆی لە ئامێزی مارس بینی ئاگری قین و تووڕیی لەچاوانیدا باری . نیبتۆن تۆڕێكی ماسیگرتنی لەدەست بوو، ئەو بەهێواشی لەپشتەوە چووە لای ئەو دوو عاشقە خراپەكارە و تۆڕی خۆی فڕێدایە سەریان و لەقافا گرتنی.

لەو ساتەدا دەنگی ستایشكردن و ئافەرینی بینەران بەرزبووەوە. تەواوی چاوەكان كەوتنە سەر ئەو پنتەی، كە ڤینۆس لە تۆڕەكەدا پەلەكوتەی دەكرد. بۆردنێڤ حەقی بوو، كە دەیگوت ئەگەر نانا لەسەر سەكۆی شانۆ دەركەوێت هەموان شیفتەی خۆی دەكات،چونكە نانا بەدەر لە ئەندازەی مەزەندەكردن سەركەوتوو و براوە بوو. فۆشیری سەیری كرد تا بزانێت نانا چ كاریگەرییەكی لە بینەران كردووە. نانا تەواوی

پیاوانی کردبووه عاشقی بێئۆقرەی خۆی. ئێستا ئەم خوێندکاره لاوه له کورسییەکەی خۆیدا ملی درێژکردووه تاوەکو هیچ جووڵەیەکی نانای لێ نەشاردرێتەوه. هەروەها کونت دوفاندێڤەر ڕەنگ پەڕیوو و نیگەران ببوو. ستینەر به توندی هەناسەی دەدا بەجۆرێک، که وەک بڵێی دەیەویت بێهۆش بێت! بەڵام کۆنت مۆفات پیاوه سەنگین و گرانەکه به چاوی کڕیاری و ئاگراوی سەیری نانای دەکرد. ئەمه مارکی دوشواره، که لەپشت کچەکەی خۆی وەستاوه و چاوەکانی وەکو دوو پارچه فۆسفۆڕ، هاوشێوەی دوو چاوی پشیله دەدرەوشێنەوه.

سەرەنجام نانای جوان و دڵڕفێن، که به ئارامی و گوێپێنەدانەوه له ئاسمانی جوامێری و شکۆدارییەوه سەیری هەزار و پێنجسەد بەندەی بەزێرکڕدراوی خۆی دەکات، که هەریەکەیان ئامادەبوون ماڵ و گیانی خۆیان لەژێر پێیەکانی بڕێژن. پەرده دادرایەوەو چەپڵەلێدانی بینەران دەر و دیواری خسته جووڵه.چەپڵه لێدان بەردەوامی هەبوو و هەموویان هاواریان کرد: (نانا... نانامان دەوێت!!) پەرده هەڵدرایەوه، نانا که پۆشاکیکی تەنک و ڕوونی لەبەربوو و (ڕۆز و کلاریس و سیمۆنا) و تەواوی هونەرمەندەکانی دیکه چواردەوریان گرتبوو دەرکەوت. ئاسەواری خۆشی و شادمانی بەسەر تەواوی ڕوخساری هونەرمەندەکاندا دیاربوو، دەنگی چەپڵەلیدان و هاتوهاواری بینەران بەرزبووەوه.

هەندێک له بینەران لەکاتی چوونه دەرەوه له تیاترۆخانه یەکەم گۆرانی نانایان دەوتەوه: (کاتیک، که ڤینۆس له ڕۆشنایی مانگدا دەدرەوشیتەوه!) لەبەردەم دەرگا فۆشێری و هیکتۆر

بۆردنێڤیـــــان بینـــــی. بەڕێـــــوەبەری تیاترۆخـــــانە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکە چوونە گۆشەیەکەوە، بەڕێوەبەری تیاترۆخانە توانی بەڵێنی ئەوە لە ڕۆژنامەوان وەربگرێت، کە ستایشنامەیەک بۆ شانۆکەی ئەو بنووسێت. بۆردنێڤ مەستی بادەی سەرکەوتن بوو. هیکتۆر ڕێزدارانە گوتی: (لەڕاستیدا شانۆکەی ئێوە شیاوی ستایشکردنە و من پیرۆزباییتان لێدەکەم).

# ٣

کـــاتژمێر دەی بەیـــانی ڕۆژی دواتـــر نانـــا هێشـــتا لەســـەر تەخـــتەخەوەکەی خـــۆی پـــاڵکەوتبوو. ئەو لە نهـــۆمی دووەمـــی تەلارێک، کە کەوتبووە شەقامی هۆسمان و بازرگانێکی ڕووسی بۆی بەکریێ گرتبوو دەژیا. ئەم بازرگانە ڕووسییە زستانی لە پـاریس بەسـەر بـرد و پاشـان بـۆ مۆسـکۆ گەڕایەوە، لەکاتیکـدا پارەی شەش مانگی کریێ موڵکەکەی پێشتر دابوو. ئەو شـوقەیە فـراوان بـوو و چەنـد ژوورێکـی زۆری هەبـوو، نانـا نەیتوانیبـوو ڕایەخ لە تەواوی ژوورەکان رابخات و ڕێکیان بخـات. لە شـوێنی خەوتنی ئەودا چەنـد بەڵگەیەکی زۆر هەبـوون، کە دەیانسـەلماند ئەو لەدوای ڕۆیشتنی مەعشووقە ڕووسییەکەی خۆی لە ئامێزی چەندان عاشقی دیکە بەسـەر بردبوو و ژیانی ئەو لەوێدا تێکڕا بریتـــــی بـــــووە لە هەوڵ و شـــــەڕکردن لەگەڵ هەژاری و دەسـتکورتی. نانـــا لەســـەر دەم خەوتبـــوو و قـــۆڵ و باسـکە ڕووتەکـانی لەدەوری سـەرینەکانی بـوون، بەڵام لەناکـاو لەخەو ڕابوو و سەری سوڕما لەو بێدەنگییەی، کە لە ژووری خەوتنیدا بـوو. ئەو سـەری بەرزکـردەوە و چـواردەوری خـۆی نـۆڕی و وەکـو ئەوە وا بـوو، کە چـاوەڕوان بێـت کەسـێک لە ژوورەکە ببینێت، بەڵام لە ژووری خەوتنی ئەودا جگە لە خـۆی کەسیکی دیکەی لێنەبوو، بۆ ساتێک دوودڵ بوو، لەهەمـان کاتدا دەسـتی خۆی بە شەکەتی و بیتاقەتی درێژکرد و زەنگەکەی لێدا. دەرگـا

کـرایەوە و خزمەتکـارەکەی هـاتەژوورەوە. نانـا لێـی پرسـی:( ڕۆیشـت؟) خزمەتکـارەکە گـوتی: (بەڵـێ خـاتوون، بەڕێـز داجینییە چەند خولەکێک لەمەوبەر ڕۆیشـت و گـوتی، کە ئێوە ماندوون و ئەو نایەویـت کەسـێکی وەکـو بەڕێزتـان مانـدوو بکـات و داوای لێکـردم، کە پێتـان بڵـێم بەیـانی دێتەوە بۆ لاتـان!) خزمەتکـارەکە بەدەم قسـەوە.... پەنجەرەکـانی کـردەوە و تیشـکی نیوەڕۆ کەوتە سـەر پرچە لوول و لێوە ئەستوور و چاوە زەقەکانی. نانا هەوڵـی دەدا بەسـەر خەو و سـەرخۆشیدا زاڵ بێت لەژێر لێوانەوە گوتی: (بەیانی!... بەیانی چ ڕۆژێکە؟) خزمەتکارەکە گوتی: (خاتوون ئێوە دەزانن، کە بەڕێز داجینییە بێجگە لە ڕۆژانـی چوارشـەممە ڕۆژی دیکە نایەت) نانا گوتی: (بەڵێ...بەڵێ من ئەمە دەزانم، بەڵام ئێسـتا هەمــوو شــتیک گــۆڕاوە؟) ئینجــا بە دانیشــتوویی لەســەر تەختەخەوەکەی خۆیدا درێژەی بە قسەکانی خۆیدا و گوتی: (من دەمویســت ئەو شــتە بەو بڵــێم، چــونکە مــن دەترســم کە ئەو ڕووبەڕووی (قــولەڕەش)بێتەوە و دیمەنیکــی ســەرنجراکێش و جوان بێتەکایەوە) خزمەتکار گوتی: (خـاتوون پێویست بوو ئەم شـتەت بە مـن بگوتبـا، ئەگینـا مـن لەکوی بمزانیـایە، کە خـاتوون بەرنـامەی خـۆی گۆڕیـوە؟! ئایـا ئێـوە دەخـوازن کە (قرچـۆک) ڕۆژانـی سێشـەمموان بێـتە دیـدەنیتان!) (قـولەڕەش) و (قرچـۆک) دوو ناسـناو بـوون کە ئەو دوو ژنە لە دوو پیاویـان نـابوو، کە خەرجییەکـانی نانایـان دەدا، یەکێک لەو دوو کەسـە بازرگـانێکی خەلووزفرۆشــــی دەوربەری(ســــان کلۆ)بــــوو و ئەویتریــــان پیرەپیاویک بوو، کە زۆر دەستنوقاو بوو. داجینییە لە چێشـتخانە بۆسەی دانابووەوە و بەوپەڕی بێئۆقرەییەوە چاوەڕوانی کـرد تـا

بازرگانەکە بەدوای کاری خۆیدا ڕۆیشت و ئەو شوینی گرتەوە و هەر کە زەنگی کاتژمێر دە لێدرا ئەویش لای خۆیەوە بەدوای کارەکانی خۆیدا ڕۆیشت. ئەمە بەرنامە و پلانێک بوو، کە نانا بۆ خـۆی داینـابوو و تێکـڕای ڕۆژەکە تەواو سەربەسـت و ئـازاد دەبوو. نانا گوتی: (کەواتە ئەمڕۆ دوای نیوەرۆ پیویستە من بۆی بنووسـم، ئەگەر بەڕێکەوت نـامەکەم بە ئەو نەگەیشـت و بەیـانی هـات دەبێـت ڕێگـری لێبکەیـت)بەڵام خزمەتکـارەکە لەوکـاتەدا کە ژووری خەوتـنەکەی ڕێکدەخسـت قسـەی لەبـارەی سـەرکەوتنی خـاتوونەکەی خـۆی لە شـەوی ڕابـردوو دەکـرد. ئەو گـوتی، کە چۆن خـاتوونەکەی شـەوی رابـردوو تـوانی بەهـرە و لێهـاتوویی خۆی وەکـو گـۆرانیبیژ و هونەرمەنـدێک بسـەلمێنیت، حەیـف کە (قرچـۆک) خـــاتوونی زۆر شـــەکەت کـــردووە، بەڵام خـــاتوون دەتوانێـت بە شـاپتڕێنی بکـا و بەبـێ ئەو بژیـت. نانـا بە ئـارامی گـوتی: (بەڵــێ مــن دەتـــوانم شـــەقێکی تێهەڵــدەم و بەبــێ ئەو بــژیم،بەڵام ئێســتا دەبێــت چــی بــکەم؟ مــن ئەمــڕۆ پێویســتە چاوەڕوانی گشت جۆرە فشار و سەختییەک بم. ئەی دەرگاوان ئەمڕۆ بۆ داواکردنی کرێ نەهات؟)

گفتوگۆیەکی جیددی لەنێوان نانـا و خزمەتکـارەکەی دروست بوو. ئەو سی مانگ بوو کرێی ماڵەکەی نەدابوو و خـاوەن مـاڵ هەرەشـەی لیکردبـوو، کە دەسـت بەسـەر کەلـوپەلی ماڵەکەیـدا دەگرێـت. نانـــا هەمدیســـان قـــەرزاری زۆر کـــەس بـــوو وەک بەرگـدروو، نـانەوا، عەتتـارو هیتـر.. زۆربەی خـاوەن قەرزەکـان بەیـانی زوو بـۆ وەرگرتنـی خواسـتی خۆیـان هـاتبوون، بەڵام خزمەتکـار ئەوانـی لە ژوورێـک دانیشـاندبوو. تێکـڕای خـاوەن

قەرزەکـان بەڕێـزەوە داوای خۆیـان دەکـرد، جـگە لە نـانەوا کە هەراوزەنـایەکی لەسـەر قادرمەکـان دروسـتکردبوو. هەمـوو ئەم گرفتاریـانە نانـای بەقەد لویسـی کـورە چکـۆڵەکەی تەنگەتـاو نەدەکـرد. نانـا ئەم منـداڵەی لەکاتێکـدا کە هێشـتا تەمەنـی نەگەیشـتبووە حەڤـدە سـاڵ لە گەنجێکـی هەوەسـباز هێنـابوویە دنیاوە، ئەو پەروەردەکردنی منداڵەکەی خستە ئەستۆی ژنێک لە (ڕامبـۆییە). ئەم ژنەش ئیسـتا داوای سێسـەد فرانکـی پـارەی بەخێـوکردنی منـداڵەکەی لە نانـا دەکـرد. نانـا لەم دواییـانەدا چووبووە دیدەنی ڕۆڵەکەی و هەست و سۆزی دایکایەتی جولا و بەرنـامەی دانـا، کە ئەم منـداڵە لەو ژنە وەربگـریتەوە و بەخێـوکردنەکەی بخـاتە ئەسـتۆی لیـرای پـووری، کە لە شـاری باتنیۆل بوو. نانا حیسابێکی کرد: (لانیکەم من پیویستیم بە پێنج هەزار فرانک هەیە). لویز پێشنیاری کرد، کە پارە لە قرچۆک داوا بکـات. نانـا گـوتی (مـن پێشـتر داوای پـارەم لەوکـرد، ئەو گـوتی لەبەر ئەوەی ئیشـەکانی مـن بـێ سـەروبەرن ئامـادە نیـیە لەو هەزار فرانکەی مانگانە دەمداتێ یەک فرانکی زیاترم بداتێ. ئێ (قولەڕەش)یش، ئەوا لەم ڕۆژانەدا قەللۆشـە و وابزانم پارەکـانی خۆی لە قومارخـانە دۆڕاندووە، بەڵام داجینییەی دامـاو بەدوای کەسـێکدا دەگەڕێـت، کە قەرزی پێبـدات و ئەو جـگە لە پێشکەشکردنی چەپکە گوڵەکان توانای دانی شتێکی دیکەی نییە). ئەمە یەکەمین جار بوو، کە نانا لە کارە تایبەتییەکانی خۆیدا بەم ڕاشکاوییە قسەی لەگەڵ خزمەتکارەکەی خۆیدا دەکرد.

خزمەتکـارەکە سوپاسـی ئەو متمـانەپێبوونەی کـرد، کە خـاتوونەکەی پێـی هەبـوو و بە ئەرکـی خـۆی دەزانـی، کە چەنـد

ڕێنـوێنییەکی پێویسـت بە خـاتوونەکەی بـدات. بۆیـە گـوتی ئەو خـاتوونەکەی خـۆی خـۆش دەوێـت و بەم بـۆنەیەوە وازی لە خاتوو بلانش هێناوە. ئەو دەیتوانی لە زۆرێک لە کۆشکەکان کار بـۆ خـۆی دەسـتەبەر بکـات، بەڵام مـانەوەی لای خـاتوونەکەی خۆی بە باشتر زانیوە وێڕای ئەوەی خاتوونەکەی دەستکورتە، چـونکە دەزانێـت کە خـاتوونەکەی داهـاتوویێکی روونـاکی لەبەردەمە بەو مەرجەی، کە خـاتوونەکەی بەپێـی بۆچـوونی ئەو هەڵسوکەوت بکـا، چونکە نانـا هێشـتا لەسـەرەتای تەمەنیەتـی و ئەزمـوونیکی ئەوتـۆی نیـیە، بەم هـۆیەوە دەشـێت هەنـدێجار دووچاری چەند هەڵەیەکی زۆر ببێتەوە. نانا بەهۆی بێتاقەتییەوە لەکاتێکدا کە پەنجەکـانی بەنێو پـرچە زێـڕینەکەی خۆیـدا دەهێنـا گـوتی: (ڕاسـت دەکەیـت، بەڵام مـن ئەمـڕۆ پێویسـتم بە سێسـەد فڕانکە بۆ منداڵەکەی خۆم) نانـا تەواو چاوەڕوانی ئەمە بـوو، کە پـوورەکەی بێـت تـا ئەو سێسـەد فـڕانکە وەربگرێـت و بچێـت منـداڵەکەی ئەو بهێنێـت... ئـاخ.. لەنێـو ئەو کەسـانەی کە هێنـدە چەپڵەیان بۆ ئەو لێدا یەکێک نەبوو کە سێسـەد فڕانکی پیبدات؟ بەڕاسـتی بەدبەخـت و دامـاوە! لەو کـاتەدا دەنگـی زەنگـی دەرگـا هــات. لــویز چــوو و هێنــدەی نەبــرد، کە گەڕایەوە و گــوتی: (خاتوونێـک لەبەردەرگـا ئێـوەی دەوێـت... دەڵێـت نـاوی مـادام تریکۆنە)، لویز زانی کە ئەو ژنەی خۆی بە مـادام تریکـۆن نـاوزد کـرد، یەکێکە لەژنە بەڕەڵڵاکـان، بەڵام ئـەو بەسـەر خـۆی نەهێنـا، نانـا هـاواریکرد: (مـادام تریکـۆن؟ ئـاە مـن ئەوم بیرچـۆتـەوە. زۆر چاکە... لیگەڕێ با بێتە ژوورەوە). پیرێژنێکی باڵابەرز پۆشـاکێکی پۆشتە و گرانبەهای لەبەربوو هاتەژوورەوە، هەر کەسێک ئەوی

ببینیایە وایدەزانی کۆنتس یا یەکێکە لە ژنە مارکیزەکان، بەڵام وا نەبوو و ئەم مـادام تریکۆنە مـاڵێکی هەبوو، کە ژنـانی بەڕەلـڵای تێـدا کۆکردبـووەوە و ئەو مـاڵەی کردبـووە مـاڵی داوێنپیسـی و لەشفرۆشـی! مـادام تریکـۆن بە دەنگێکـی پچـڕ پچـڕ گـوتی: (لە مـاڵەکەی منـدا پیاوێـک تـۆی دەوێـت... دەڵێـی چـی ڕازی ؟) نانـا گوتی: (بەڵێ... بەڵام پێمبڵێ بزانم چەندم دەداتێ ؟)مادام تریکۆن گوتی: (چوار سـەد فڕانک) نانا گوتی: (زۆر چاکە... پێویستە چ کاتێـک بـێمە مـاڵەکەت؟) تریکـۆن گـوتی: (کـاتژمێر سـێ... بیـرت نەچێت).

مادام تریکۆن دوای ئـەم قسـانە لە جزدانەکەی خۆی قەڵەم و کاغەزێکی دەرهێنا و شـتێکی نووسـی... لەوکـاتەدا بە دەنگێـک کە ئەوەی دەگەیانـد زۆر مانـدووە گـوتی، کە پێویسـتە ئەو بەدوای پێنج یا شـەش ژنی دیکەش بگەڕێ!

هەرکە نانا بەتەنیا مـایەوە هەناسـەیەکی ئاسـوودەیی هەڵکێشـا و ڕوخساری خۆی وەکو پشـیلەیەکی نازپەروەردە چەقانـدە نـاو سـەرینەکە، هەر کە منداڵەکەی خۆی لە پۆشاکێکی نوێدا، کە بۆی دەکرێت هێنایە بەرچاوی خۆی زەردەخەنەیەک هاتە سـەر لێوانی و چاوەکـانی لێکنـا و بە هەسـتێکی شـادمانییەوە دوای کەمێـک خەوی لێکەوت.

دەوروبەری کاتژمێر یازدە بوو، کە مادام لیرا هـات و چـووە ژووری خەوتنـی نانـاوە. نانـا لـە پرخـەی خەوداوو، بەڵام کاتێـک لیـرا دەرگـاکەی کـردەوە نانـا چـاوی کـردەوە و پـووری بینـی و هاواریکرد: (ئاە پووری گیـان ئـەوە ئێوەن؟ ئـەی ئەمـڕۆ دەچییە ڕامبـۆییە؟) پـوورەکەی وەڵامیـدایەوە: (مـن بـۆ هەمـان مەبەسـت

هـاتووم.. بە شـەمەندەفەری کـاتژمێر یەک دەڕۆم). نانـا بـەدەم باوێشکەوە گوتی: (بەڵام ناکرێت ئێوە بە شەمەندەفەری کاتژمیر یەک بـڕۆن، چـونکە مـن بەر لە کـاتژمیر سـێ پـارەم دەسـت ناکەوێت.. چاکترە نانی نیوەڕۆ پیکەوە بخۆین تا بزانین دەبێت لەدوای ئەوە چ بکرێت). لویز ڕووپۆشی دەرهێنا و خستییە سەر شانی نانا و گوتی: (خـاتوون ئارایشگەر هـاتووە و چاوەڕوانە)، بەڵام نانـا لە ژووری خەوتـنەکەی نەچـووە دەرەوەو بـانگی ئارایشـگەرەکەی کـرد، کە لەودیـوی دەرگـاکەوە بـوو: (فرانسـوا وەرە ژوورەوە!) کوڕێـــک، کە لە هەڕەتـــی لاویتیـــدا بـــوو و پۆشاکیکی پۆشتەی لەبەربوو هاتەژوورەوە و لەبەرامبەر نانا و پــووری ڕێــزی نوانــد. نانــا لەســەر کورســی دانیشــت و ڕووپۆشەکەی خۆی خستە سەر کۆڵی. فڕانسوا خۆی سەرقاڵی چاکردن و ڕازاندنەوە کرد، فڕانسوا لەکاتیکدا، کە پرچە زێڕین و جوانەکەی ناناى ڕێکدەخست گوتی: (خـاتوون ڕۆژنامەی ئەمڕۆ بەیانیـت خوینـدۆتەوە؟! ڕۆژنـامەی فیگـارۆ وتـارێکی چـاکی لەسـەرتان نووسـیبوو!) لەهەمـان کاتدا فڕانسـوا ڕۆژنامەکەی لە گیرفـانی دەرهێنـا. مـادام لیـرا ڕۆژنـامەکەی لەدەسـت فڕانسـوا وەرگرت و چاویلکەی خستە سەر لووتی و لە پەنجەرەکە نزیک کەوتەوە و بەدەنگـــی بەرزەوە کەوتە خوێنـــدنەوەی وتـــارەکە. بەڕاستی وتارێکی چاک و سەرنجڕاکیش بوو... فۆشێری دوای گەڕانەوە لە تیاترۆخـانە ئەو وتـارەی نووسـیبوو. ئەو وتـارەکەی بە شــێوازێکی لێزانــانە نووســیبوو. وتــارەکە دوو ســتوونی ڕۆژنــامەکەی داگیرکردبــوو. فۆشــێری لەرووی هــونەرییەوە

ڕەخنەی لە نانا گرتبوو، بەڵام لەڕووی ژن بوون و جوانییەوە ستایشی کردبوو! فڕانسوا گوتی: (بەڕاستی وتارێکی چاک بوو). نانا بەوپەڕی وردییەوە گویی لە وتارەکە گرت و گوتی ئەو گرنگی بەوە نادات، کە ڕەخنەگران لەرووی دەنگ و نواندنەوە ڕەخنەی لێدەگرن و فۆشێری هەرچۆنێک بێت چاکی نووسیوە.

فڕانسوا کاری خۆی تەواوکرد و کەلوپەلەکانی ئارایشی کۆکردەوە و لەبارێکدا کە بەرامبەر نانا خۆی چەماندبۆوە گوتی: (من چاو بەڕۆژنامەکانی ئێوارەشدا دەخشێنم... ئایا وەک هەمیشە کاتژمێر پێنج بێمەوە خزمەتتان؟!) نانا هاواریکرد: (هەڵبەت... هەڵبەتە پێویستە بێی... بیرت نەچیت کە لەگەل خۆتدا هەندێک بۆیە و شیرینی بهێنیت) کاتێک ئەو دوو ژنە بەتەنیا مانەوە ئەوەیان بیرکەوتەوە، کە یەکتریان ماچ نەکردووە و لەم ڕووەوە هەر یەکێکیانی دەستی خستە ملی ئەوەیتریان و لەڕاستیدا وتارەکەی ڕۆژنامەی فیگارۆ بزوێنەری ئەم خۆشەویستی و موحەببەتە لەناکاوە بوو! بەرلەوەی نانا وتارەکە بخوێنێتەوە، پەی بە سەرکەوتوویی و بایەخی خۆی نەبردبوو و لەبەر خۆی گوتی بێگومان ئەو ڕۆژە دەبێتە ناخۆشترین ڕۆژەکانی ژیانی ڕۆزمینۆن.

مادام لیرا گوتی لەبەرئەوەی شانۆ کاریگەریی لەسەر دەروونی دەبێت، بۆیە ئەو شانۆیەی نەبینیوە... نانا بە وردەکارییەوە باسی شانۆکەی ئەو شەوەی بۆ کرد و چەند شتێکی لەبارەی سەرکەوتوویی و زاڵبوونی خۆی پێگوت! ... ئینجا بەپێکەنینەوە ئەوەی پرسی کە خەڵک هەر ئەوەندە بزانن خوداوەندەکەیان ژنێکی سەرجادەیە و تا ماوەیەک لەمەوبەر لە

شەقامەکاندا سەرنجی پیاوانی بۆ خۆی کێش کردووە و فریوی داون دەبێ چی بڵێن! بەڵام مادام لیرا برۆی هێناوەیەک و گوتی پیویست ناکات خەڵک شتێکی ئاوا بزانن. ڕابردووی باش یا خراپ کۆتایی هاتووە و هیچ حیکمەتیش لەوەدانییە بیرخۆمانی بهێنینەوە و بەدوایدا بچین. لەناکاو لەبارێکدا، کە لەچاوانیدا تیشکی کونجکۆڵی دەدرەوشایەوە لە نانای پرسی: (باوکی منداڵەکە کێیە؟!)نانا، کە حەپەسابوو بۆ ساتێک دوودڵ بوو پاشان گوتی: (باوکی منداڵەکە پیاویکی چاکە)مادام لیرا هاواریکرد: (کەواتە منداڵەکە شایستەی گشت جۆرە چاودێری و بەخێوکردنیکە). نانا وا وەڵامیدایەوە، کە بەڕاستی شیاوی چاودێری و ئاگالێبوونە و ئەو بۆ دەستەبەرکردنی خۆشبەختی و ئاسوودەیی منداڵەکە هیچ درێغییەک ناکات، لەم ڕووەوە بەرنامەی هەیە، کە منداڵەکە بەو بسپێرێت و مانگانە سەد فرانکیش بدات. هەر کە مادام لیرا ڕستەی سەد فرانکی بیست فرمێسکی خۆشەویستی و بەزەیی بەچاوانیدا هاتنە خوارەوە و بۆ جاری دووەم نانای ماچکرد.

نانا کەوتە بیرکردنەوە لە منداڵەکەی، پارەکان و بەڵێنی کاتژمێر سێی دوای نیوەڕۆی کەوتەوەیاد، ڕوخساری گۆڕا و بەهێواشی لەژێر لیوانەوە گوتی: (ئەمەش دەردێکە ، من پیویستە کاتژمێر سێ بڕۆم ) مادام لیرا ویستی لە نانا بپرسێت، کە دەیەوێ بۆ کوێ بڕوات، بەڵام هەر کە لە ڕوخساری وردبۆوە ئیدی لە هەموو شتێک تێگەیشت و بێدەنگ بوو. لەم ساتەدا لویز هاتەژوورەوە و گوتی نانی بەیانی ئامادەیە. ئەم دوو ژنە چوونە ژووری نانخواردن و بینیان، کە پیرەژنێک پێش ئەوان هاتۆتە

ناو ژوورەکە و جێی ئەوانی گرتووە. نانا لە بینینی ئەم میوانە ناوەختە سەری سوڕنەما، بەڵام لێی پرسی بۆچی ڕاستەوخۆ نەچۆتە ژووری خەوتنەکەی ئەو؟ ژنە پیرەکە گوتی: (بە دەنگەدەنگەی بیستم زانیم تۆ میوانت هەیە). ئەم پیرەژنە مادام مالۆرای ناو بوو. ڕوخساری زۆر ڕازاوە بوو. نانا خوی بەو ژنە گرتبوو و هەندێک کات لەگەڵیدا دەچووە پیاسەکردن.

مادام مالۆرا هەر کە مادام لیرای بینی کەمێک نیگەران بوو، بەڵام دواتر، کە زانی ئەو پووری نانایە ڕوخساری گەشایەوە. نانا پەلاماری قاپەکەی خۆیدا، کە پڕبوو لە تەماتەی تازە و مادام لیرا چەند ویستی ئەوەی تێبگەیەنێت، کە تەماتە زوو هەرس ناکرێت، بەڵام هونەرمەندە نوێکە ئەو ئامۆژگارییەی لەگوێ نەگرت و قەناعەتی بە پووری هێنا، کە گەدەی ئەو چەرمی پێڵاویش هەرس دەکات. هەرچەندە دەستی لەو قاپە نەدا، کە شتە سوورەوەکراوەکانی لەسەر بوو، نانا بە سەرسوڕماوییەوە سەیری کلاوەکەی مادام مالۆرای کرد و گوتی: (ئەمە هەر ئەو کلاوە تازەکەیە، کە بۆتم کڕیبوو؟!) مادام مالۆرا وەڵامیدایەوە: (بەڵێ... من کلاوەکەم جوانتر و چاکتر کردووە) نانا گوتی: (ئاە... من خەریک بوو کڵاوەکەی تۆ نەناسمەوە). مادام مالۆرا سەلیقەیەکی تایبەتی بۆ کڵاوەکان هەبوو. ئەو کڵاوەی حەز لێبوو، کە ڕەنگەکانی قەشەنگ و کراوە بن، لانیکەم پەڕێکی لەسەر بێت، کە درێژییەکەی بگات بە نیو مەتر. نانا کڵاوێکی نوێی بۆ کڕیبوو تاوەکو لەکاتی پیاسەکردن لەگەڵیدا تووشی شەرمەزاری نەیەت کاتێک بینی کڵاوەکە تووشی گۆڕان و شێواندن بۆتەوە تووڕەبوو و هاواریکرد: توو بی و خودا ئەم

کـڵاوە لابـە. مـادام مـالوار بە هێمنیـیەوە وەڵامـی دایەوە: زۆر سوپاس بۆ تۆ... بێزارم ناکات دەتوانم نان بخۆم و کڵاوەکەشم لەسەر بێت. لویز مریشکێکی ساردی لەبەردەم خانمەکەی دانا، بەڵام نانا بەدەستەکانی پاڵی بە قاپەکە نا و بە چەند هەلقومێکی کەم کۆتایی بە نانخواردنەکەی هێنا. دوای ئەوە هەرسیکیان بە قسەکردن لەگەڵ یەکدا سەرقاڵبوون، لەکاتی قسەکردنە پەردەی شەرم لەنێوان پووری و مادام مالۆرا هەڵگیرا و ئەو دوو ژنە زانیان کە لە زۆرێک لە بۆچوون و هەست و سۆزەکان لەگەڵ یەکدا هاوبەشن. هۆگری و یەکبوون لەنێوان ئەم دوانەدا هاتەئاراوە، لەکاتێکدا کە نانا گوێی لێدەگرتن و جگەرەی دەکێشا لویز ویستی بە هەمان ئەو شێوەیەی، کە متمانەی نانا و مادام مالۆرای بەدەستهێناوە متمانەی پوریێ بەدەست بهێنێت. بۆیە باسی بەسەرهاتی خۆی کرد و گوتی کە ئەو لە سەردەمی منداڵی خۆیدا تووشی کوێرەوەری و بەدبەختی بووە، لە گەنجیدا بێئومێدی و ناسۆری زۆری بینیوە و لەلای یەکێک لە پزیشکانی ددان سەرقاڵی کارکردن بووە و پاشان خزمەتی زۆرێک لە ژنانی ناسراوی لەئەستۆ گرتووە. لویز بە دەنگی ژنی، کە خۆی بە چاک دادەنێت و متمانەی بە خۆی هەیە قسەی دەکرد، ئەو گوتی کە خۆی لە تەواوی کارەکانی ئەو ژنە ناسراوانە هەڵدەقورتاند و چەند ڕێنوێنییەکی پێویستی پێیان دەدا، کە چەند بەڵایەکی زۆریان بەسەردا دەهات. بۆ نموونە گوتی ڕۆژێک خاتوو بلانش لەگەڵ خۆشەویستەکەی خۆی لەناوجیگا بوو لەپڕ مێردەکەی هاتەوە. لێرەدا لویز بێدەنگ بوو هەروەک چۆن شەهرەزاد لەکاتی شیاودا بێدەنگ دەبوو.

مــادام لیـرا، کە بێئەنـدازە حەزی کونجکـۆڵی بزوابـوو پرسـی: (باشـە دوای ئەوە چـی ڕوویـدا؟) لـویز بە ئـارامی وەڵامیـدایەوە: (دەزانی چی بوو؟! من خۆم لەبەرامبەر مێردەکەی خستە سـەر زەوی و وام نیشاندا، کە لەهۆش خۆم چووم، مێردەکەی چووە چێشتخانە تـا جامە ئاوێک بهێنێـت و مـن بەهـۆش بێنێتەوە، لەم بێنەوبەردەیەدا خۆشەویستەکەی بڵانش توانی هەڵبێت).

نانا پێکەنی و لەکاتێکدا کە بەهێواشی دووکەلی جگەرەکەی لە دەمی دەهێنـایە دەرەوە گـوتی: (پـووریێ گیـان، بینیت، کە لـویز چ گەوهەرێکـــی گرانبەهـــایە!) ئیـــدی بەوپەڕی تـــامەزرۆیی و کونجکـۆلییەوە خـۆی سـەرقاڵی بیسـتی قسـەکانی خزمەتکـار و هاوەڵەکەی خۆی کرد. دوای ئەوە کە زانـی پوورەکەی یـاری بە چەقۆکان دەکا و لەناکاو هاواریکرد: (نا پوریێ گیـان... یـاری بەم چەقۆیـانە مەکە، ببـە سـاقە یـاریکردن بە چەقـۆ بەختێکـی خـراپ دەهێنێـت). پاشـان جـگەرەکەی کوژانـدەوە، باوێشـکێکیدا و بە بێتاقەتییەوە گوتی: (کاتژمێر بـووە بـە دوو، پێویسـتە مـن بڕۆم... ئاه خوایە چەند ناخۆشە!)ئەو دوو ژنە چەند نیگایەکی واتاداریان گرتە یەک و ئاهیان هەڵکێشا و پوریێ گوتی: ( تا تۆ دەگەڕێیتەوە ئـیمە خەریکـی یـاری کۆنکـان دەبـین). نانـا جگەرەیەکـی دیـکەی داگیرســاند و بە مــادام مــالۆرای گــوت کە دەیەویــت بەر لە ڕۆیشـتنی نـامەیەک بنووسـێت و لەبەرئەوەی حەزی لە داڕشـتنی خـۆی نییە وا چاکە ئەو نـامەکەی بـۆ بنووسـێت. چـوو کـاغەز و قەلەمی بۆ مادام مالورا هێنا. ئەو دەیویست نامەیەک بۆ داجینییە بنووسیت. مادام مالورا بەم دوو وشـەیە دەسـتی بە نـامەکە کـرد: (هاوڕێی خۆشەویستم) لە نامەکەدا نووسی، کە ڕۆژێکی دیکە لە

هاتنت بۆ ئێرە خۆت بگرە. لەو ڕۆژەدا نابێت هیچ کەسیک بۆ بینینی ئەو بێت، مادام مالۆرا گوتی: (وابزانم کە پیویستە نامەکە بە دەستەواژەی(هەزار ماچ) بە کۆتا بهێنم.) چاوەکانی مادام لیرا درەوشانەوە و بە ئاماژە ڕازی بوو . ئەو لەبنەڕەتدا حەزی بە گشت جۆرە شەیدایی و عیشقبازییەک دەهات... لەم ڕووەوە گوتی: (وا چاکە بنووسی: هەزار ماچ لە چاوە دلڕفینەکانت!) نانا گوتی: (بەڵێ ... لە چاوە دلڕفێنەکانت!ئەم ڕستەیە زۆر شیرین و دڵگیرە).

لەو کاتەدا زەنگی دەرگای دەرەوە لێدرا. لویز هات و گوتی کە یەکیک لە کارمەندانی تیاترۆخانە لەبەر دەرگایە... نانا چووە بەردەم دەرگا و کارتێکی لە کارمەندەکەی تیاترۆخانە وەرگرت... ئەو کارتە هی بۆردنێڤ بووا! لەم کارتەدا ئەوە نووسرابوو کە وادەی دەسپێکردنی تیاترۆخانە چ کاتژمێرێکە و داوای لەو کردبوو درەنگ نەکەوێت. نانا چەند پرسیارێکی لە کارمەندەکە کرد، ئەو وەڵامیدایەوە، کە بۆردنێڤ زۆر خۆشحاڵ و شادمانە... تەواوی بلیتەکانی تیاترۆخانە تا هەفتەی داهاتوو دەفرۆشرێن، کارمەندەکە دیسان گوتی: (لەمڕۆ بەیانییەوە سەدان پیاو هاتوونەتە تیاترۆخانە و ناونیشانی ئیوەیان لێمان ویستووە)کاتێک کارمەندەکە ڕۆیشت نانا رووی لە ئامادەبوان کرد و گوتی: (من پێویستە کاتژمێر سێ بڕۆم و زیاتر لە کاتژمێرێک دواناکەوم، ئەگەر ئەو میوانانەی هاتن بڵێن چاوەڕوانی من بن تا دێمەوە).

هەمدیسان لەم کاتەدا دەنگی زەنگی دەرگای دەرەوە بەرزبووەوە. ئاشکرابوو کە یەکیک لە خاوەن قەرزەکان هاتووە.

نانا فەرمانی کرد، کە ئەو ببەنە یەکێک لە ژووره دوورەکان بە جۆرێک کە ئەگەر بیەوێت بتوانێت تا ئێوارەش دابێت چاوەڕوان بێت، لەو کاتەدا بۆ جاری دووەم باوێشێکیدا و گوتی: (وابزانم پێویستە ئێستا بڕۆم)، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا لە شوێنی خۆی نەبزوا و چاودێری پووری و مادام مالۆرای کرد کە خەریکی یاری کۆنکان بوون تا ئەوەی، کە زەنگی کاتژمێر سێ لێدرا. نانا هەر کە دەنگی کاتژمێرەکەی بەرگوێ کەوت هاواریکرد: (ئاه خوایە... درەنگ داهات). مادام مالۆرا گوتی: (ئازیزەکەم... پێویستە هەر ئێستا بڕۆیت) پووریێ گوتی: (زوو بە بڕۆ و بگەڕێوە تا من بتوانم بە شەمەندەفەری کاتژمێر پێنج بڕۆم) نانا گوتی: (هەوڵدەدەم پێش کاتژمێر چوار لێرە بم) و بەیارمەتی لویز خۆی سەرقاڵی پۆشینی جلەکانی کرد. ئەو ئیتر هێندە گرنگی بە سەر و سیما و ڕوخساری نەدەدا، هەر کە ویستی بڕوات دەنگی زەنگەکە هات و ئەمجارە بەرگدروویێک زەنگەکەی لیدابوو. نانا ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی: (بەڕاستی ئەم خەڵکە لیمناگەڕێن ئاسوودە بم). پاشان بۆ ئەوەی خۆی لە ژاوەژاوی خاوەن قەرزەکان بە دوور بگرێت چووە چێشتخانە و دواتر لە قادرمەکانی خزمەتکارەکان سەرکەوت و لە دەرگاکە چووە دەرەوە. مادام مالۆرا لەدواوە سەیری نانای دەکرد. گوتی: (بۆ ئەوەی ژنان لە تاوانەکانیان ببەخشرێن پێویستە ببنە دایک). ئەو دوو ژنە سەرقاڵی یارییەکەی خۆیان بوون بەبێ ئەوەی نوقەیان لێوە بێت، بەڵام دوای چەند خولەکێک دیسان دەنگی زەنگەکە بەرز بووەوە، لویز رووی لە دوو ژنەکە کرد و گوتی: (ئەگەر بارودۆخەکە وا بڕوات من پێویستیم بەو ژووره دەبێت تا

میوانەکانی تێئاخنم، وا باشە ئێوە خۆتان بۆ چۆڵکردنی ئەم ژوورە ئامادە بکەن).

دوو ژنەکە چوونە چێشتخانە، لەنێو قاپ و مەنجەڵەکان بەردەوامییان بە یارییەکەی خۆیاندا، کە لویز گەڕایەوە پوورێ لێیپرسی کە میوانی تازە کێ بووە؟ لویز گوتی: (منداڵێکی پازدە ساڵان" کە بۆنی شیری لە دەم دێت! من مەبەستم بوو لە ماڵەکە ڕاوی بنێم، بەلام کە ڕوخسارە گەش و چاوە قەشەنگەکانی و چەپکە گوڵێکی گەورە و ڕەنگاوڕەنگم لە دەستی بینی بەزەیی بەدڵمدا هات و بە گونجاوی مامەڵەم لەگەڵیدا کرد، ئەو منداڵە وا باشتر بوو، کە بچووبایە بۆ قوتابخانە یان لە ئامێزی دایکیدا بوایە!) پوورێ گوتی: (باشە بڵێ بزانم چیت لەگەڵیدا کرد؟)لویز گوتی: (ئەوم لە ژوورە بچووکەکەی دواوە دانیشاند... لەو ژوورەدا جگە لە کورسییەکی بچووک و باوڵێکی تەختەی گەورە شتیکی دیکەی لینییە) دیسان دەنگی زەنگەکە بەرزبوویەوە. لویز هاواریکرد : (ئای خوایە... ئەوانە لێناگەڕێن ئارام و ئاسوودە بم) لویز ڕۆیشت و پاش ساتێک گەڕایەوە و لە وەلامی نیگا پرسیارئامێزەکەی مادام مالۆرادا گوتی: (جگە لە چەپکە گوڵێک شتێکی دیکە نییە) دوای ئەوە هەمدیسان چەندین جار زەنگەکە لێدرا!!

کاتژمێر بووە چوار و نیو و نانا نەهاتەوە.. لویز لە درەنگ کەوتنی خاتوونەکەی خۆی نیگەران بوو و سەری سوڕما.. چونکە خاتوونەکەی واڕاهاتبوو، کە لەلای ئەو جۆرە عاشق و کڕیارانەی خۆی زۆر نەمێنێتەوە و زوو بەڕێیان بکات. مادام لیرا بە لویزی گوت: (کچەکەم تۆ پێویستە بزانی، کە ژیان پڕ لە

ڕەنج و مەینەتییە و ژن لە هەڵسوکەوت و کردەوەی خۆیدا ئەو ئەنجامە وەدەست ناخات کە دەیخوازی... لەم ڕووەوە جگە لە چاوەڕوانی چارەیەکی دیکە نییە) زەنگ لێدرا... لویز چوو، بەلام لەم جارەیاندا زۆری پێچوو، کاتێک گەڕایەوە ڕوخساری لە خۆشحاڵیان دەدرەوشایەوە، ئەو کاتێک گەیشت گوتی: (ئایا دەزانی میوانی تازە کێ بوو؟ ئەو ستینەری جوولەکە بوو... من ئەوم چەندین جار لە ماڵی مادام بلانش بینیوە... من ئەوم لە هۆڵەکە دانیشاندووە...) لویز قسەکانی خۆی تەواو نەکردبوو کە دەنگی زەنگ بەرزبوویەوە، ئەو یەکسەر بەرەو دەرگاکە چوو و دوای ساتێک لە بارێکدا کە دەموچاوی سورهەڵگەڕابوو بوو گەڕایەوە و گوتی: (ئەو قولەرەش بوو)... من پێمگوت کە خاتوونم چۆتە دەرەوە، بەلام پێداگری کرد کە بێتە ژوورەوە.. تۆ دەزانیت ئەو لە کوێ دانیشت؟! ئێمە هەرگیز بە تەما نەبووین ئەو بەر لە ئێوارە بێت. مادام لیرا بە رقەوە گوتی: (بیگومان لە ژووری خەوتنی نانا دانیشت؟!) لویز گوتی: (دروستە... من نەمتوانی ڕێگری لێبکەم، بەلام بێگومان شتێک بووە، کە خانم وا درەنگ کەوت).

چارەگێک تێپەڕی و دووبارە نانا نەگەڕایەوە.. ئای خوایە! چی بووە وا درەنگ کەوت؟ لەناکاو دەنگی خشەخشی پۆشاک و دەنگی پێیەک لە قادرمەی خزمەتکارەکانەوە هات.

نانا گەڕابووەوە. ئەو سێ ژنە بەر لەوەی نانا ببینن دەنگی هەناسەدانی ئەویان بیست. نانا بە پرچی ئاڵۆزکاو و دەموچاوی سورهەلگەڕاوەوە هاتەژوورەوە، نانا ئەو ئەزیەتەی نەدابووە بەر خۆی لچکی پۆشاکەکەی خۆی لەو کاتەی، کە لە قادرمەکان

سەردەکەویت هەڵبکات، لەبەرئەوە داوێنی پۆشاکەکەی قوڕاوی بوو. مادام لیرا هاواریکرد: (تۆ دەزانیت چەند میوان چاوەڕێتن؟) لویز گوتی: (خاتوون بەڕاستی زۆر دواکەوتیت)، بەڵام نانا زۆر بێتاقەت بوو و هاواریکرد: (شیاو نییە بەو جۆرە سەرزەنشت و سەرکۆنەی بکەن!)بەڵام لویز پەنجەی خستە سەر لێوی و گوتی: (خاتوون دەخیلە چەند میوانێک لە ژوورەکەی ئەودیون!).

نانــا بە هێمنییــەوە گــوتی: (لەگەڕانەوەدا بە پــێ هــاتمەوە، گالیسکەیەکم دەستنەکەوت). پوری لێیپرسی: (دەی باشـە. پارەی پێویستت هیناوە؟!) نانا وەڵامیدایەوە: (ئەمە چ پرسیارێکە؟!)

لەســەر کورســییەک دانیشــت و چــوار دراوی کــاغەزیی ســەد فڕانکــی لە جانتــاکەی دەرهێنــا. وادەی جــووڵەی شــەمەندەفەر تێپەڕیبوو. نانا ئامۆژگاری پووری کرد، کە سبەی بەیانی گەشت بۆ (ڕامۆجییە) بکـات. لـویز بۆ جاری دووەم گوتی (خـاتوون... مــاڵەکە پــڕ لە مێــوانە و هەموویــان بەوپەڕی بێئــۆقرەییەوە چـاوەڕوانی ئێـوەن). نانـا بە تـوڕەییەوە: (دەبـا بـڕۆن و کـاتیکی دیکە بێنەوە تا من بتوانم پیشوازییان لێبکەم).مـادام لیرا دەستی دریژکرد تا پارە کاغەکان لە نانا وەربگرێت، بەڵام نانا گوتی: (نـا پوریّ گیان ناکریت پارەکان هەمووی بدەمە تۆ، سێسەد و پەنجا فڕانک بۆ بەخێوکەرەکە، پەنجا فڕانکیش بۆ مـن دەمێنێتەوە. دەی ئەم سێســەد فـڕانکییە وەرگـرە بـا مـن ســەد فڕانکـەکەی دی ورد بکەمەوە). سەد فـڕانکییەکەی دایە لـویز. لـویز پارەکـەی وەرگـرت و چــووە ژوورەکەی خــۆی و پــاش کەمێــک چــنگە وردەیەکــی لەدەست بوو گەڕایەوە. نانـا پەنجـا فڕانکی وردەی بە پووریـدا و پەنجاکەی دیکەی بۆ خۆی هـەڵگرت. مـادام لیرا پارەکـانی خستە

جـزدانەکەی و ماڵئـاوایی کـرد و ڕۆیشـت تـا منداڵەکە بـۆ ڕۆژی دواتر بهێنێت. نانا ئاهێکی هەڵکیشا و وەک ئەوە بـوو کـە بـارێکی قــورس لەســەر شــانی هەڵــدەگرن. پاشــان ڕووی لە لــویزی هاودەمی کرد و گوتی: (وتت چەند میوان لێرەن؟!) لـویز گـوتی: (بەڵێ خاتوون... لێرە جگە لە خاوەن قەرزەکـان سـێ میوان هەن ). ناوی میوانەکانی ژمارد و سەرەتا ناوی ستینەری جوولەکەی دەوڵەمەندی برد، بەڵام هەرکە نانا ناوی ستینەری بیست گوتی: (ئەم پیاوە وادەزانێت لەبەرئەوەی دوێشەو چەپکە گوڵێکی پێیدام ئـاوا منـەتم بەسـەردا بکـات.) نانـا مـاوەیەک بێدەنگ بـوو پاشـان دووبارە گوتی: (من ئەمڕۆ بە دەست پیاوانەوە زۆر نارەحەتی و ناخۆشـیم بینیـوە و ئیتـر نامەوێت هـیچ یەکێکیـان ببیـنم. بـڕۆ و ئەمەیــان پێبڵــێ)،بەڵام لــویز لە شــوێنی خــۆی نەبــزوا و بە خەمبارییەوە گوتی: ( خـاتوون بیربکەوە، لانیکەم بەڕێز سـتینەر پەســەند بـکە... شـیاو نیـیە ئەو لەمـاڵەوە بکەیـتە دەرەوە). دواتـر لویز باسی قولەڕەشـی کـرد: (ئەو لە ژووری خەوتـن چاوەڕێیـە). نانا لە تورەییان پێی بە عەرزەکەدا کێشا و وتی با چاوەڕێش بێ ئامادە نییە بیبینێت و ئێوارە ئامادەیـە پێشـوازی لێبکـات، پاشـان خرۆشــا و گــوتی: (هەموویــان لەمــاڵ بــکە دەرەوە و لــێگەڕێ.... کەمێک لەگەڵ مادام مالۆرا کۆنکان بکەم).

قسەکانی نانا تەواو نەببوو،کە دەنگی زەنگەکە بۆ دووەمجـار بەرز بۆوە. نانا فەرمانی بە کارگوزارەکانی خۆی کرد، کە دەرگـا نەکەنەوە... بەڵام لــویز گــوێی بە فــەرمــانی ئەو نەدا و بەرەو دەرگــاکە چــوو و پــاش مــاوەیەک گەڕایەوە و دوو کــارتی لە دەست بوو و بە تۆنێکی جیددیانە گوتی: (من ئەم دوو بەڕێزەم

بۆ هۆڵە گەورەکە ڕێنوێی کردووە و پێمگوتوون، کە هەر ئێستا خاتوون دێ بۆ لاتان) . نانا بە دوو چاوی سوورەوە، کە پریشکی شەڕانگێزییان لێدەباری تێی ڕاما... بەڵام هەر کە لەسەر کارتەکە ناوی مارکی دوشوار و کۆنت ... دوبیفیلی خوێندەوە، یەکسەر ئاگری قین و تووڕەییەکەی دامرکایەوە، پرسی : (تۆ ئەم دوو پیاوە دەناسیت؟) لویز وەڵامی دایەوە: (من مارکی دەناسم). نانا بیرێکی کردەوە و بڕیاریدا، کە لانیکەم بچێتە دیدەنی ئەو دوو کەسە خانەدانە.

پاشان چوونە ژوورەکەی خۆی و حەیفی لەوە دەهات، کە بۆچی لە دانیشتن لە چێشتخانە و قسەکردن لەگەڵ هاوەڵەکانی خۆی بێبەش بووە. نانا جلەکانی خۆی داکەند، ڕووپۆشێکی تەنکی خستە سەر شانی و بەڵام جوێنی بە هەرچی پیاوە دەدا، چ خانەدانەکان و چ ناخانەدان.لویز زانی کە خاتوونەکەی زۆر تووڕەیە، داوای لێکرد، کە بەزەیی بەخۆیدا بێتەوە و کەمێک هێور بێتەوە. نانا بە قسەی لویزی کرد، خۆی هێور کردەوە و سەری بەرزکردەوە و وەکو شازادەیەک کەوتەڕێ، بەڵام هێشتا نەگەیشتبووە بەر دەرگاکە لویز وەستاندی و گوتی: (نەخێر خاتوون پێویستە لە ژوورەوە بمێنیتەوە و ئەو دوو پیاوە بێنە دیدەنی ئەو، ئەمەیە ڕێوڕەسمی دیدەنی لەگەڵ کەسانی گەورە!) دوو پیاوەکە هاتنەژوورەوە و سەری خۆیان بەوپەڕی ڕێزەوە چەماندەوە. نانا بە دەست کورتە ئاماژەیەکی کرد، دوو پیاوەکە دانیشتن. ژوورەکە بە کەلوپەلی گرانبەها و چەند پەردەیەکی ئاوریشمی ڕازابووەوە و بۆنێکی خۆشی لێدەهات و ئەو ژوورە بە یەکێک لە چاکترین و ڕێکوپێکترین ژوورەکانی ماڵەکە هەژمار

دەکــرا. ئەو پۆشــاکە تەنــکە و لەش و لارە پــڕ و جەســتە ناسـکەکەی نانــای بە تەواوی دەردەخســت وهەروەهــا پــرچە پەخشـانە زێڕین و چین چینەکەی وەکو نیشـانەیەکی حوسـن و جەمــاڵی ئەو بــوو. کۆنــت مۆفــات بەوپەڕی ڕێــزەوە گــوتی: (بێگومـان لەوەی، کە بووینەتە مـایەی نـاڕەحەتی و مەینەتـی بۆ خــاتوونی میهرەبــان دەمانبەخشــێت... بەڵام ئــێمە بــۆ کــارێکی خێرخوازی هاتووینەتە ئێرە... من و ئەم بەڕێزە ئەندامی یەکێک لەو کــۆمەڵە خێرخوازیــانەی ئەو نــاوچەیەین، کە هەوڵــدەدەین دەستی یارمەتی بۆ لێقەوماوان درێژ بکەین).

مـارکی دوشـوار لە درێـژەی قسـەکانی کۆنتدا گوتی: (کاتێک ئــێمە زانیمــان، کە ئەســتێرەیەکی درەوشــاوەی وا لەم مــاڵەدا دەژیت یەکسەر هاتینە ئێرە تا لە کۆمەک و هاوکاری ماددی و مەعـنەوی ئێـوە بـۆ بەرژەوەنـدی هەژاران سـوودمەند بـین).نانـا گوتی: (ئێـوە زۆر بەخێر بێن بۆ ئێرە تەشـریفتان هێناوە و من ئامادەم بۆ هەر کۆمەک و یارمەتییەک، کە ئێوە بفەرموون). لەو کاتەدا دیسان دەنگی زەنگی دەرگای ماڵ هات، نانا گوتی: (ئای خــوایە!... هەمدیســان میــوانی نــوێ. ئەم پیــاوانە بــۆچی وازم لێناهێنن و لێناگەڕێن پشوویەک بدەم؟!). مـارکی گـوتی: (خـاتوون خۆزگە دەتزانی لەم نـاوچەیەدا چەند هەژار هەن.؟! ئەو نـاوچەیە دەوڵەمەنـدترین گەڕەکـی شـارەکەیە، بەڵام سـێ هەزار بێـنەوای تێـدایە. ســەدان ژن و منــداڵ لە برســان و نەخۆشــیان لەگەڵ مەرگدا لە دەستە و یەخەدان). نانـا، خەفەتی خـوارد، بە دەنگێکی خەفەتبارانە لەژێر لێوانەوە گوتی: (ئـای خـوایە... بەزەییت پێیانـدا بێــتەوە). نانــا کە وەکــو زۆربەی ژنــان زوو دەکەوتە ژێــر

کاریگەری و هەستی بەزەیی دەبزوا، یەکسەر چاوە فریوەدەرەکانی پڕ بوو لە فرمێسک و ئەوەی بیرچوو، کە لەخۆبایی‌بوون و سەنگینی دەنوێنێت. بەرەو پێشەوە چەمایەوە تا چاکتر گوێی لە قسەکانیان بێت. لەم کاتەدا ڕووپۆشەکەی شۆڕبووەوە و شانە جوان و ملە ناسک و مەمکە قووت و دەرپەڕیوەکانی دەرکەوتن.

ئەو دوو پیاوە نانایان بە نیوە ڕووتی هەروەکو ئەوەی، کە لە تیاترۆخانە بینیبوویان بینی، مارکی هەناسەی سوار بوو و کۆنت دەستێکی بەسەر نێوچەوانە گەرمەکەی خۆیدا هێنا. نانا گوتی: (چەند شتێکی چاکە، کە کەسێک دەوڵەمەند بێت و پارەکانی خۆی بەم شێوەیە لە کاروبارە خێرخوازییەکان خەرج بکات، بەڵام لە هەمانکاتدا پێویستە هەر کەسیک بەپێی توانای خۆی هەنگاو هەڵهێنێت، گومانتان نەبێت، کە ئەگەر من بمزانیبوایە...) و خەریک بوو قسەکانی تەواو بکات و تووشی هەڵەیەکی گەورە بێت، بەڵام بەر لەوەی قسەکانی تەواو بکات کەمێک دوودڵ بوو، چونکە ئەو بیری چوو، کە پەنجا فرانکەکەی لەکوێ داناوە؟

دواجار بیری کەوتەوە، کە پارەکەی لە چەکمەجەی مێزەکە داناوە... یەکسەر دەریهێنا... هەمدیسان لەو کاتەشدا دەنگی زەنگەکە بەرزبووەوە. دوو پیاوەکە هەستانەوە. نانا لەکاتیکدا کە پەنجا فرانکەکەی لەناو دەست بوو و دەستی درێژ دەکرد گوتی: (زۆر دڵخۆشم، کە دەبینم دوو کەسی بەڕێزی خێرخوازی وەک ئێوە هێندە ئەزیەت دەکێشن بۆ لێقەوماوان!). دواتر زەردەخەنەیەکی شیرینی کرد، کە ددانە مرواری ئاساکانی

دەرخست. کۆنت مۆفات لە هاوڕێکەی خۆی چاپوکتر بوو دەستی درێژکرد و پارەکەی لە دەستی نانا وەرگرت، بەڵام دە فرانکییەک لەنێو دەستی نانادا مایەوە و ناچار بوو بۆ هەڵگرتنی ئەم دە فرانکییە دەستی بەر پێستە نەرم و سپییەکەی نانا بکەوێت. نانا لەکاتێکدا کە پێدەکەنی گوتی: (من ئەمڕۆ تەنیا دەتوانم بەو ئەندازە پارەیە یارمەتی هەژاران بدەم، بەڵام ئومێدەوارم پاشان بتوانم زیاتر یارمەتییان بدەم). ئەو دوو پیاوە بەڕێزە ئیتر بیانویەکیان بۆ مانەوە نەبوو و ماڵئاواییان کرد و ڕۆیشتن. نانا تا بەر دەرگا بەڕێیکردن. لەکاتی ڕۆیشتندا نانا چاوێکی بە هۆڵی میواندا گێڕا و کەسێکی لێنەبوو، زۆر سەری سوڕما و لەخۆی پرسی، کە لویز چی لەگەڵ میوانەکان کردووە؟! تۆ بڵێی ئەوانی لە دۆڵابەکان شاردبێتەوە؟! نانا لەبارێکدا کە خوا حافیزی لە دوو میوانەکە دەکرد گوتی: (ئومێدەوارم کە دواجار سەردانیتان بکەم). پاشان ڕووی گەش بووەوە و زەردەخەنەیەکی شیرین کەوتە سەر لێوانی. دوو پیاوەکە نەیانزانی، کە ئایا نانا تەنیا بۆ ئەوان بزە دەکات یان ئەوەی بۆ هەموو ئەندامانی دەستەی خێرخوازی ئاوا زەردەخەنە دەنوێنیت! کۆنت مۆفات بۆ کۆتا جار باڵای خۆی وەکو ڕێزنواندێک چەماندەوە و کڵاوەکەی خستە سەری... ئەو چەند خولەکەی کەمەی، کە لە ژووری خۆگۆڕینی نانا بەسەریبردبوو وێڕای ئەوەی ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی زۆری لەبارەی کۆمەڵەوە هەبوو کاریگەرییەکی قووڵی لەسەری جێهێشت.

نانـا گەڕایەوە ژوورەکەی خـۆی و بینـی کە لـویز چاوەڕوانی ئەوە. ئەو بـە دەم پێدەکەنینـەوە گـوتی: (مـن قەللـۆش[1] بـووم... ئەوان پەنجا فرانکەکەی منیشیان برد).

نانـا سـەری لە خـۆی سـوڕدمابوو، کە چـۆن لـێگەرا ئەو دوو کەسە وەها ڕووتی بکەنەوە. لەکاتێکدا حـەزی دەکرد ئـەو ئـەوان ڕووت بکاتەوە! نانا کە کارت و نامەکانی لەدەسـتی لویزدا بینی زیـاتر وروژا. ئەو حەزیـدەکرد نامەکـان بخـوینێتەوە، بەتـایبەت نـامە دڵـدارییەکان.. بەڵام میوانـان! .. ئەو هەرگیـز ئامـادە نەبـوو دیدەنی یەکێکیـان بکـات. نانـا بە لـویزی گـوت: (میوانەکـان چەنـد کەسـن؟) لـویز گـوتی: (بەشـیوەیەکی تەواو نـازانم ...) ماڵەکەیـان پڕکردووە.

نانا بەوپەڕی پێداگیرییەوە هاواریکرد: (دەی بڕۆ هەموویان لە ماڵەکــە بــکەرە دەرەوە و لەپــێش هەموویــان قــولەڕەش بــکە دەرەوە). لویز بزەیەکی دەکردو گوتی: (من دەمێکە ئەوم لەکۆڵ خۆم و تۆ کردۆتەوە، ئەو دەیویست پێتـان بڵـێ، کە ئەو ناتوانێت ئەمشەو ئامادە بێت). نانا لە خۆشـحاڵیان لەپەکانی لێکخشـاندن... قولەڕەش ئەمشـەو نـایەت... ئەو ئـازادییەکی تەواوی دەبێت!! نانـا بڕیاریـدا ،کە ئەو شـــەوە بە تەنیـایی و زوو بخەوێـت ،بـۆیە بە لویزی گوت: (من کاتیک لە تیاترۆخانە گەڕامەوە زوو دەخەوم و تۆ پێویسـتە تـا سبەی نیوەڕۆ مـن بەئاگا نەهێنیت!..) پاشـان بـۆ سـاتێک بێـدەنگ بـوو ئینجـا دریـژەی دایـە: (ئێسـتا تـۆ پێویسـتە هەموویـان لەم مـاڵەن بکەیتـە دەرەوە... مـن ڕقـم لە هـەموویان دەبێــتەوە)، بەڵام لــویز لە شــوێنی خۆیــدا نەبــزوا و گــوتی:

---

[1]. بەرامبەر موفلیس بەکارهاتووە.و.کوردی.

(خاتوون... بەڕێز ستینەریش بکەمە دەرەوە؟!) نانا گوتی: (بەڵێ... هەموویان بکە دەرەوە) لویز گوتی: (ستینەر پیاوێکی دەوڵەمەند و متمـــانەپێکراوە و پەیوەنـــدی دۆســـتایەتی لەگەڵ ســـەرۆکی تیاترۆخانەکـان هەیە و ئێـوە ئەگەر بتانەوێت دەتـوانن سـوودی لێــوەرگرن)، بەڵام نانـــا بەوپەڕی پێــداگرییەوە گــوتی: (زووبە لویزی ئازیزم... هەموویان بکەرە دەرەوە).

لــویز هەر کە بینـــی نانـــا پێــداگرییەکی زۆر دەکـــات بــۆ جێبەجێکردنـی فرمـانەکەی ئەو خێرا ڕۆیشـت، نانـا خۆی خسـتە سەر کورسییەک و چاوەڕوان بـوو تـا هەمـوو میوانـان ڕۆیشـتن، پاشان هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵمژی و سوپاسـی خـوای کـرد کە لەدەستی ئەوان دەرباز بوو. دوای ئەوە نانا لە شـوێنی خـۆی هەســتایەوە و چــووە هــۆڵی میوانـــان و ژووری نـــانخواردن و کەسـێکی نەبینی، ژوورەکانی دیکە گەڕا و دەرگـای ژوورەکـانی کردەوە و داخستەوە تا ئەوەی، کە چووە ناو ژوورە چکۆڵەکەی دواوە و لەناکـــاو لە حەپەســـاوییان دەمـــی بەش بـــۆوە، چـــونکە گەنجێکی دەوروبەری شازدە ساڵانی بینی، کە لەسـەر جانتـایەک دانیشتووە و چەپکەگوڵێکی بەدەستەوەیە. نانـا هـاواریکرد: (ئـای خوایە... هەموویان نەڕۆیشتوون!) بەڵام گەنجە شـازدە سـاڵانەکە هەرکە نانـــای بینـــی ڕاپەڕی و دەموچـــاوی ســـورهەلگەڕا و وا دەردەکەوت، کە نازانێت بەو چەپکە گوڵەی کە لەدەستییەتی چـی بکات و چەپکە گوڵەکەی ئەم دەست ئەو دەست پێدەکرد....

نانا زەردەخەنەیەکی بۆ ئەو گەنـجە پەرێشـان و پەشـێوە کـرد و گوتی: (ئای ئازیزم ئەمە چییە؟!) هەر بەڕاست چ عەیبێکی تیدایە نانـایەک کە ئەو هەمـوو عاشـقەی هەیە لەگەڵ منـداڵێکی شـازدە

سالانیش عیشقبازی بکات؟! نانا وەکو میهر و بەزەییەک بە پت[1] لە ڕوخساری گەنجەکەی دا و پرسی: (تۆ کێیت و ناوت چییە؟!) گەنجەکە گوتی: (ناوم ژۆرژ هیجۆن)ە، گەنجەکە لە بەردەوامی قسەکانیدا گوتی کە شەوی ڕابردوو ئەوی لە تیاترۆخانە بینیوە و ئێستا هاتووە تا دەستخۆشی لێبکات. نانا گوتی: (ئایا ئەم چەپکە گوڵەشت بۆ من هێناوە؟!) گەنجەکە گوتی: (بەڵێ خاتوون بۆ ئێوەم هێناوە) نانا گوتی: (کەواتە هەی چاوچنۆکی بچووک بۆچی پێمی نادەی؟!)پاشان چەپکەگولەکەی لە گەنجەکە وەرگرت. گەنجەکە دەستی نانای گرت و لە لێوە سووتاوەکانی خۆی نزیک کردەوە و بەوپەڕی چلێسی و تامەزرۆییەوە ماچیکرد.

نانا تووڕە بوو و دەموچاوی سوورهەڵگەڕا و ویستی زللەیەک لەبنا گوێی بدات، بەڵام دانی بەخۆیدا گرت و زەردەخەنەیەک لەسەر ڕوخساری نەبوو دواتر تا بەردەم دەرگا ئەوی بەڕێکرد، کە ماڵئاوایی لێکرد پێیگوت ئەو دەتوانێت هەر کاتێک کە حەز بکات بێتە دیدەنی. گەنجەکە ڕۆیشت و لەکاتێکدا لەبەر زۆر پەشۆکان نەیدەزانی پێی لەکوێ دادەنێ؟! نانا گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی و بینی، کە فرانسوا چاوەروانی ئەوە تا سەروپرچەمی بەر لە ڕۆیشتنی بۆ تیاترۆخانە برازێنێتەوە. نانا لەبەرامبەر ئاوێنە دانیشت و سەری خۆی خستەر بەر دەستی ئارایشگەرەکە. لویز بە هەناسەبرکێوە هاتەژوورەوە و گوتی: (خاتوون... سێ کەس لە میوانەکان هەرگیز ئامادە نین بچنە دەرەوە) نانا گوتی: (زۆر چاکە لێیان گەڕێ.... لێیان گەڕێ،

---

[1] پەنجە.

هەر کە برسیەتی شالاوی بۆ هێنان بۆخۆیان دەچنە دەرەوە). دیسان دەنگی زەنگیماڵەکە بەرزبووەوە، بە جۆرێک کە نانا لە ژماردنی میوانان شەکەت بوو. لە دەنگی زەنگەکەوە دەکرا میوانەکان بناسرێنەوە... ئەمە دەستێکی پەشێو و نیگەرانە و ئەوەیان دەستێکی لەرزۆک و تووڕەیە، بەڵام ئەوەی دواییان دەستێکی پتەو و بەهێزەو وا دیارە خاوەنەکەی خودان قەرزە. لەناکاو نانا لە ئارایشکارەکە راما و گوتی: (فرانسوا ئادەی بزانە سەد فرانکت پێیە؟) ئارایشکار هەنگاوێک کشایەوە و سەیرێکی سەرە جوانەکەی کرد، کە بۆی ڕێکخستبوو و بە ئارامی گوتی: (سەد فرانک؟ بەڵێ هەمە و ئامادەم پێت بدەم، بەڵام بەو مەرجەی .....) نانا دەرفەتی پێنەدا و گوتی: (فرانسوا پێویست ناکات مەرج دابنێیت دڵنیابە پارەکەت نافەوتێت)، پاشان بە سەر ئاماژەیەکی بۆ هۆڵی پێشوازی کرد و وەکو ئەوەی، کە بەو بڵێت من عاشقێکی زۆرم هەیە). فرانسوا ئەوەی بە نانا دا کە داوای لێکردبوو. لویز هات بە خاتوونەکەی خۆی ڕابگەیەنێت، کە ئەو ناچاربووە بە پێچەوانەی دابونەریت دوو یا سێ کەس لە میوانانی لە ژوورێک دابنێت. پاشان بەوپەڕی بێتاقەتییەوە گوتی: (بریا یەکتریان بخواردایە!) نانا بە دەنگی بەرز دایە قاقای پیکەنین و گوتی" کە ئەو گوێی لە دەنگی وردبوونی ئێسکەکانیان دەبێت و دیارە وا سەرقاڵی خواردنی یەکترین، هەروەها ئەوەشی خستەسەر: (ترسی من لەوەیە، کە نەکا مۆبیلیاتی ماڵەکە بخۆن). لەو ساتەدا لابۆردێت ... هاتەژوورەوە، نانا بە خۆشحاڵییەوە بەوی گوت:( لەگەڵم وەرە دەرەوە با پێکەوە نانیکی ئێوارە بخۆین و پاشان دەچینە تیاترۆخانە ). نانا هەر کە

ئارایشەکەی خۆی تەواو بوو و جل و بەرگی پۆشی دەستی خستە قۆڵی لابۆردێت و چووە چێشتخانە و لەڕێگەی قادرمەکانی خزمەتکارەکانەوە لەماڵ چووەدەر.

# ٤

چراییکی زۆر لە کۆشکی کۆنت مۆفات، کە کەوتبووە شەقامی بـانتیفرۆ دەسـووتان، ئەم کۆشـکە کۆشـکێکی کـۆن بـوو و دیـوارەکـانی بەرزبـوون. کۆشـکەکە لەناوەڕاسـتی بـاغچەیەکی فراوان دابوو، کە درەختە بەتەمەنەکانی لێنەدەگەڕان تیشکی ڕۆژ ڕاستەوخۆ بچێتە نـاو ژوورەکانەوە و کەش و هەوایەکی فێنکی هەبـوو. کۆنـت ئەم کۆشـکەی لە باوپـاپیرانی بـۆی مـابووەوە و هەرگیـز دەسـکاری کەلوپەلەکـانی نەکردبـوو و شـتی بـۆ زیـاد نەکردبـوو، وەک بڵێـی دەیویسـت بـۆن و بەرامە کـۆن و دێرینەکەی خۆی لەدەستنەدات. ژنەکەی کۆنت نەریتی وابوو، کە لە هـۆڵە بچـووکەکەی نهـۆمی یەکەم پێشـوازی لە میـوانە نزیکەکانی خۆی بکات.

لەم هـۆڵە بچـووکەدا بەسـادەیی و بەشـێوەیەکی یەکگرتـوانە دەیـانتوانی لەدەوری یەک کـۆببنەوە. ئەو شـەوە کـۆنتس وەک نەریتـی هەمیشـەیی لەبەرامـبەر زۆپـاکەی هـۆڵەکە دانیشـت لەکاتێکدا ژنە هاوڕێکـانی چواردەوریـان گرتبوو، بەڵام سـتێللای کچـی لە کونجێـک بەتەنیـا دانیشـتبوو و سـەرقاڵی خوێنـدنەوەی کتێبێک بوو.

کۆنتس گوتی: (خاوەنشکۆ شاهەنشـای ئێران دەبینین؟) گفتوگۆ دەربـارەی پاشـا و شـازادە و کەسـانی بەرز بـوو، کە بـۆ بینینـی

پێشانگای پاریس دەهاتن. کۆنتس لەبەردەوامی قسەکانیدا گوتی: (هەروەهـــا دەوترێـــت کە ئیمپڕاتـــۆڕی ئەڵمانیـــا و قەیســـەری ڕووسیش بەم بۆنەیەوە دێنە پاریس) مادام شاتیرۆ ژنـی یەکێک لە باڵوێزەکـــان گـــوتی: (ئەگەر ئەم بـــابەتە ڕاســـت بیـــت ئـــێمە ئـــاهەنگێکی شـــکۆدارانە دەبینـــین). لە کـــونجی هـــۆڵەکەدا ســـتینەر لەگەڵ یەکیک لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران قسـەی لەبارەی دراوە بەهادارەکـان لە بۆرسـەی پاریس دەکرد و کۆنت مۆفـات لەکاتێکـدا کە بـرۆی هینـابووەوە یەک گـوێی لە قسـەکانی ئەوان ڕادەگـرت. لە نزیکـی دەرگـاکە کۆنـت کـزافییە دوفانـدێڤەر لەگەڵ سێ لە هاوڕێ گەنجەکانی خۆیدا وەستابوو و بە دەنگێکی نـەوی قسـەی لەگەڵ دەکـردن، پێـدەچوو باسـی یەکێـک لە بەسـەرهاتە دڵـدارییەکانی خـۆی بکـات، ئەوان زۆر ورد گـوێیـان ڕاگرتبـوو و نـاوەنـاوە پێـدەکەنین. کۆنـت دوا وەچەی خێزانێکـی بەڕەسـەن بەخشندە بـوو، کۆنـت سـامانێکی زۆروزەوەنـدی بۆ مـابووەوە و بـێ ئەنـدازە خەریکـی بەفیڕۆدانـی بـوو. کۆنـت چەنـد ئەسـپێکی زۆری هەبوو و زۆربەی ئەسپەکانی لە پێشبڕکێی ئەسپسـواریدا بەشدارییان دەکرد. کۆنتس سـابین ڕووی لە هـاوڕێکانی کـرد و گوتی: (من ساڵی ڕابردوو ئیمپراتـۆڕی ئەڵمانیـام لە (بـادن) بینـی، ئەو وێڕای ئەوەی پیرە،بەڵام لەشساغ و بەهێـزە). مـادام شـاتیرۆ گوتی: (بیگومان شازادەی بیسمارک لەگەڵ ئیمڕاتـۆر بـووە... ئـایا خاوەنشـکۆت بینیـوە؟ ئەو چەنـد سـاڵێک لەمەوبەر ئەو کاتـە لە پاریس هێشتا باڵوێزی ئەلمانیا بوو نانی بەیانییـان لەسـەر مێـزی ئێمە خـوارد، هەر بەڕاسـتی مـن هۆکـاری سـەرکەوتنی ئەم پیـاوە

نازانم، مادام شیزیڵ کە ژنی دادوەرێکی بەناوبانگ بوو گوتی: (مەگەر چۆن؟)) مادام شاتیرۆ گوتی:

( لەبەر ئەوەی مــن حەز بە سەروســیمای ئەم شــازادەیە نــاکەم... ئەو لەبەرچــاوم کەســێکی ڕەق و تونــدخوو و کەم تێگەیشتووە، واگومـان دەکەم کۆنت دوفانـدیڤەریش هـاوڕا بێت لەگەڵـم. پاشـان بـواری بە کۆنـت دوفانـدیڤەر دا تـا پاڵپشـتی قســەکانی بکــات. لەو کــاتەی کە هەموویــان ســەبارەت بە بیسمارک بە گەرمی لە گفتوگۆ دابوون دەرگای هـۆڵەکە کرایەوە و دکتـۆر دولافلـواز هـاتەژوورەوە و بەدوای ئەویـش فۆشـێری هــاتەژوورەوە. کـۆنتس فۆشـێری بینـی، کە بـۆ یەکەم جـاربوو دەهــاتە مــالەکەی بۆیــە بەرەو پێشــوازی چــوو، ڕۆژنـامەنووس لەبەرامبەر کۆنت خۆی چەماندەوە و دەستی کۆنتسی ماچکرد و گوتی:

(من ئەم هەلەم قۆزتۆتەوە و بەوپەڕی شانازییەوە داوەتەکەی ئێــوەم پەســەند کــرد) کــۆنتس زەردەخەنەیەکــی کــرد و چەنــد ڕســتەیەک لەنیــوان ئەم دوانە ئــالوگۆڕ کــران و دوای ئەوە گەڕایەوە شوێنی خۆی و لەسـەر کورسی دانیشت. فۆشیری بە دانەوانـدنی سـەری سـڵاوی لە کۆنـت کـرد و و کەسـێک لەدواوە دەستی لە شانیدا، ئاوری دایەوە و کۆنـت دوفانـدیڤەری بینی. بە بینــی کۆنــت خۆشــحاڵ بــوو و دەســتی گوشــی و بەدەنگیکــی لەســەرخۆ پێیگـوت: (بەیـانی بەڵێـنەکەی ئێـمەت لەبیـر نەچێـت؟) فۆشــێری گــوتی: (ئایــا مــۆڵەتی ئەوەم هەیە بڵانشــیش داوەت بــکەم؟!) کۆنـت گـوتی: (سەرپشـکی.. هەرچەنـد بانگهێشـتکراوان زیــاتر بـن ئەو خۆشـحاڵتر دەبێـت). کۆنـت دوفانـدیڤەر ویسـتی

بروات تا بەردەوامی بە گفتوگۆکەی خۆی دەربارەی بیسمارک بدات، بەلام فۆشیری بەم قسەیەی ئەوی وەستاند و گوتی: (من دڵنیام کە تۆ هەرگیز ناوی ئەو کەسەت بیرناکەوێتەوە کە داوات لێکردم ئەو بانگهێشت بکەم).

پاشـان سـەرنجی خـۆی خسـتە سـەر ئەو لایەی، کە کۆنـت مۆفـاتی لێبـوو و چـاوێکی داگـرت.، فانـدێڤەر بەوپەڕی سەرسامییەوە هاواریکرد: (ناشێت!) فۆشێری وتی: (من بەڵێنم بە نانـا داوە، کە ئەو کەسـە بانگهێشـت بـکەم ... و هەر بـۆ ئەم مەبەسـتەش هـاتوومەتە ئێـرە) هەردووکیـان پێکەنـین، فانـدێڤەر گەڕایەوە لای خاتوونەکان و گـوتی: (مـن بۆتـان دەسـەلمێنم، کە بیسمارک لە هەموو کەس زیرەکتر و بیرتیژترە، دواتر بە چاوی خۆتـان ئـەوە دەبیـنن). ئینجـا چەنـد نـوکتەیەکی سیاسـەتمەدارە گەورەکەی ئەڵمانیـای گێـڕایەوە. هیکتـۆر گـوێی لە قسـەکەی فۆشـێری و فانـدێڤەر بـوو، بەڵام هـیچ لە بـابەتەکە نەگەیشـت، هەروەهـا نەشـیزانی، کە شـەوی دابـێ لە مـاڵی چ کەسـێک کۆدەبنەوە. بڕیاریدا وەکو سێبەر دوای فۆشێری بکەوێت تـا بەر هەر شێوەیەک بێت تێبگات. فۆشێری لەودیوی مێزێک دانیشت و سەیری دەوروبەری خۆی کرد و چاوی بڕیە کۆنتس سابین و فۆشـێرەی بەڕێـکەوت چەنـد شـتێکی زۆری دەربـارەی کـۆنتس بیسـتبوو و لەوانە دەیزانـی، کە کـۆنتس لە حەڤـدە سـاڵیدا هاوسەرگیری کردووە و ئەو ئێستا سی و چوار ساڵە و ژیانی لە بەینی مێردەکەی و خەسوویدا زۆر وشک و بێ تامە، زیاتر لە ژیـانی ژنە ڕەبەنەکـانی نـاو دێرەکـان دەچێت. هەنـدێک کەس ئەویان بە ساردی و دڵڕەقی. تۆمەتبار دەکرد، کۆمەڵێک کەسیش

بەزەییـان بە حـاڵی ئەودا دەهـاتەوە و قسـەیان دەربـارەی نیگـا دڵخاپێن و خەندە شیرینەکانی دەکرد بەر لەوەی، کە لەم کۆشکە کۆنە شوومە زیندانی بکرێت .یەکێک لە هاوڕێکانی فۆشـێری، کە ئەفسەر بوو و لەم دواییانەدا لە مەکسیک گیانی لەدەستدابوو، لە یەکێـک لە کۆڕەکـانی بەزم و ڕابواردنــدا بەوی گوتبــوو، کە پێوەنــدییەکی لەگەڵ کۆنتســدا هەیە. فۆشـــێری تەواو بیـــری نەکەوتەوە، کە هـاوڕی ئەفسـەرەکەی بەشـێوەیەکی دروسـت لەم بارەوە چی گوت، بەڵام کاتێک بە سـەرنجەوە سـەیری کۆنتسـی کـرد و بینـی، کە ئەو بەهـۆی مردنـی خەسـووی ڕەنگـی ڕەشـی پۆشیوە و زەردەخەنەیەکی خەمناک و بێگەردی لەسەر لێوە بەو قسەیەی ئەو ئەفسەرە کەوتە دودڵییەوە.

هیکتـۆر گـوتی: مـن نـازانم بـۆچی ئەوانە هێنـدە دەربـارەی بیسمارک قسە دەکەن... بەڕاستی ماندوو بووم وەرن بـا بـڕۆین، بەلام لەناکـاو فۆشـێری تێیڕامـا و پرسـیاری لێکرد: ( تـۆ دەزانـی کە کۆنتس خۆشەویستی هەیە؟! من بەشـێوەیەکی دروسـت هـیچ شـتێک نـازانم، ئەوەنـدە دەزانـم ئەو گەنـجەی ناوی(فۆکـارمۆن)ە بەردەوام بەدوای کۆنتســـەوەیە و دەور و خـــولی دەدات، بەڵام کۆنتس زۆر سەنگینە و ئەگەر پێوەندییەکیشی لەگەل ئەو گەنجە هەبێـت هـیچ گومـان و دوودڵـیـیەک بـۆ کەس نـایەڵێتەوە، هەر چۆنێک بێت کـۆنتس دەموچـاوێکی جوانی هەیە و مێردەکەشـی پیـاوێکی بـاوەڕدار و لەخواترسـە... ئەم ژن و مێردە هـاوڕێیەکی بە وەفایان هەیە، کە میسیۆ ڤینۆیە. میسـیۆ ڤینـۆ ئەو پیـاوە پیرە کـورتە بـنەیەی لە نزیکـی کـۆنتس دانیشـتووە.. نایناسـیت؟!) فۆشێری سەری شۆڕکردەوە و بێدەنگ بوو... ئەو بەڕێز ڤینـۆی

دەناســی و ئاگــای لە پێوەنــدی ئەو لەگەڵ کەســانی دینــدار و پیاوانی ئـاییـنی هەبـوو. مـاوەیەک بەسـەر بێدەنگیەکەیـدا تێپەڕی لەناکاو فۆشێری گوتی:

(تۆ ڕاست دەکەیت... ناکرێت لێرە بمێنینەوە، هەر کارەکانمـان تەواو بێت لێرە دەڕۆین). هیکتۆر گوتی: (کـاری چـی؟!) فۆشـێری وەڵامێکی نەدایەوە، چونکە بینی کە ستینەر بۆ لایان دێ. ستینەر بەهێواشی گوتی:

(بەیــــانی یەکتــــری نــــابینین؟!) فۆشــــێری بەوپەڕی سەرسوڕمانییەوە گوتی: (لە مەبەستەکەت نەگەیشتم).

ستینەر گوتی: (وێڕای ئەو هەموو ڕێگرییەی، کە مینۆن خستیە بەردەمم، بەڵام دواجار ئەوم بینی... و نانا منی بۆ میوانداررییەک کە لە مـاڵەکەی خۆیـدا دەیکـات بانگهێشـت کـرد). سـتینەر بە خۆشـحاڵییەوە قسـەی دەکـرد و قسـەکەی خـۆی بەم ڕسـتەیە بەکۆتا هینـا: (ئێ ئـەو حـەزت لێدەکا، بێگومـان لەم مێوانداریییەدا بانگهێشت دەکرێیت).

فۆشـێری گـوتی: ( نانـا بەدوایـدا نـاردم تـا سـەبارەت بەو وتـارەی، کە دەربـارەی ئەو نووسـیم سوپاسـم بکـات، کاتێـک چـوومە دیـدەنی منـی بـۆ ئـاهەنگەکە داوەتکـرد) سـتینەر گـوتی: (بەڕاستی تۆ کەسێکی بەختەوەریت). لەو کاتەدا دەرگا کرایەوە و پیرەژنیــک" کە گەنجێکــیش بەدوایەوە بــوو هــاتەژوورەوە. فۆشێری یەکسەر زانی، کە ئەو گەنـجە هەمـان ئەو خویندکارەیە کە بینەرانـی لە تیاترۆخـانە بەم قسـەیەی خـۆی دەربـارەی نانـا خستە پێکەنین: (ئەو زۆر دڵڕفێنە...).

هاتنی ئەم پیرە هەموویانی خستە جووڵە و بۆ پێشوازیکردن لە شوێنی خۆیان قیت بوونەوە، کۆنتس بەرەو ڕووی چوو و باوەشی پێدا کرد، فۆشیری بە کونجکۆڵی و سەرسورمانەوە سەیری ئەو دیمەنەی دەکرد، هیکتۆر سەرنجی لە سەرسورماوی فۆشیری دا : (ئەم خاتوونە پیرە ناوی مادام هیجۆنە، ئەو بێوەژنە ژنی یەکێک لە گرێبەستنووسەکانە[1] لە (لافۆندیت)، بەڵام ئیستا لە پاریس دەژی تا چاوی لە ژۆرژی کورە چکۆڵەکەی خۆی بێت، کە لە کۆلێژی یاسا وەرگیراوە و پێوەندی نێوان خاتوو هیجۆن و ماڵباتی مارکی دوشوار زۆر کۆنە و لەپێش لەدایکبوونی کۆنتس سابین بووە).

مادام هیجۆن بە کۆنتسی گوت:

(من ژۆرژی کوڕم لەگەڵ خۆم هێناوە... تۆ دەیناسیتەوە؟! ئەو ئێستا گەورە بووە، وا نییە؟) کۆنتس نیگایەکی دڵخاپێنی خستە سەر ژۆرژ و مادام هیجۆن ئەوەی بیر کۆنتس هێنایەوە، کە ئەو دوو ساڵ لەمەوبەر یاری کۆنکانی لەگەڵ ژۆرژ کردووە و کۆنتسیش قسەکەی مادامی بیرکەوتەوە و پێکەنی و پرسی: (هەر بەڕاست فیلیپ لەکوێیە... لەپاریسە؟!) مادام هیجۆن گوتی: (ئەو ئێستا یەکێکە لە سەربازەکانی ڤێرسای)، پاشان بە لەخۆباییبوون و شانازیکردنەوە گوتی، کە فلیپی کوڕە گەورەی توانی لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا بگاتە پلەی کاپتن.

---

[1]. لە فارسیدا سردفتر و لە عەرەبیدا مسجل العقود، ئەو کاربەدەست یا دادوەرەی گرێبەستی هاوسەرگیری و مارەبڕین مۆر دەکات ،بەڵێننامەنووسیشی پێدەوترێت .و.کوردی.

فۆشـــێری چەنـــد ئاســـەوارێکی هـــاوڕێیەتی ڕاســـتەقینەی دوولایەنەی لەنێـوان سـابین و ئەو پیـرەژنە سـەر خۆڵەمێشـییە بینی و بەخۆی گوت، کە مرۆڤ ئەگەر لە ڕەفتار و هەلسوکەوتی کـۆنتس گومـان و دوودڵییەکـی هەبێـت ئەوا گونـاح و تـاوانی کردووە.

هەموویـان بەڕێـزەوە گوێیـان لە قسـەکانی ئەو گـرت. زەنگـی کاتژمێر یازدە لێدرا، کۆنتس و کچەکەی دەستیانکرد بە گێڕانی چـای، فۆشـێری لە نزیکبـوونەوەی مۆفـات و فانـدێڤەر هەلەکەی قۆزتەوە و ڕووی لە مۆفات کرد و گوتی: (من لە خاتوونێکەوە پەیـامێکم بۆتـان هینـاوە، ئەو خـاتوونە ئێـوەی داوەتکـردووە بـۆ نـانخواردنی ئێـوارە لە مـاڵەکەی خۆیـدا)، مۆفـات گـوتی: (کـام خاتوون؟) فۆشێری گوتی: (نانا). مۆفات بـرۆی لێک گـرژ کـرد و کەمێک برژانگی لەرزی و لە دەموچاویدا شـوێنەواری نیگەرانـی دەرکەوت، بەڵام فانـدێڤەر بە مۆفـاتی گـوت: (خـۆ تـۆ ئەوت لە ماڵەکەی خۆی بینی!) مۆفات گوتی:

(چی؟ لە ماڵەکەی خۆی بینیم؟! بەڵێ... بەڵێ... نەخێر ... نەخێر مـن لەو کەسـانە نیم، کە لەسـەر خـوانی ژنێکـی ئـاوا ئامـادە بـم) فۆشـێری لەگەڵ فانـدێڤەر هاودەنـگ بـوو و چەنـدی ویسـتیان مۆفات قایل بە چوون بکەن بۆ مـاڵی نانـا نـەیانتوانی. بەڕێکەوت هیکتۆر و ژۆرژ لە نزیکی ئەو بوون، گوێیـان لە قسـەکانی ئەوان بوو و چەند نیگایەکی واتاداریان لەگەل یەکدا گۆڕییەوە، هیکتۆر بە هێواشی گوتی:

(کەواتە میوانـدارییەکە لە مـاڵی نانـایە). ژۆرژ بێـدەنگ بـوو ڕووخسـاری سـوورهەڵگەڕا، چـونکە ئەو لەم ڕۆژانەی دواییـدا

تووشـی خراپەکـاری و داوێنپیسـی ببـۆوە، هیکتـۆر گـوتی: (مـن نازانمماڵەکەی ئەو لەکوێیە؟!) ژۆرژ وەکو ئەوەی کە ڕستەیەکی لەبەر کردبێت و ئێستا بیەوێت ڕستەکە بەبێ ئەوەی وشـەیەکی لـێ زیـاد یـا کەم بێـت بڵێـتەوە گـوتی: (نانـا لە نهـۆمی سـێیەمی خـانووی ژمـارە دوازدەیـەو کەوتـۆتە شـەقامی هۆسـمان لەنێوان هەردوو شـەقامی ئارکار و ماسکییەیە). هەر کە بینی سەرسامی هیکتۆری سەرسام بووە، گوتی:

(مــن ئەمــڕۆ بە دیــدەنی نانــا گەیشــتم و ئەو منــی بــۆ میوانداریەکە بانگهێشت کرد).

# ٥

لــویز بەرەبەیــانێکی زوو مــاڵەکەی بەدەســتی یەکێــک لە بەڕێوەبەرە ناسراوەکانی یەکێک لە خواردنگەکانی پاریس سپارد تا خوانێکی شکۆدار و ڕەنگین بە بۆنەی سەرکەوتنی نانا ڕێک بخات. بەڕێوەبەری خواردنگەکە تێبینی ئەوەی کرد، کە هۆڵەکە شوێنی تەواوی بانگهێشتکراوانی لێنابیتەوە، بۆیە کەلوپەلەکانی بــردە ژووری ئارایشــت. کــاتژمێر دەی شــەو بــوو، کە نانــا لە تیاترۆخــانە گەڕایەوە و لە خزمەتکــارەکەی پرســی: ( هەمــوو شتیکت ئامادە کردووە؟)

هــاوەڵەکەی گــوتی: (نــازانم... مــن هــیچ پێوەنــدییەکم بەم مێوانـدارییەوە نییە، ئەو کەسـانەی، کە بـۆ ڕێکخسـتنی هـاتوون سـەرجەم کەلوپەلەکانی ماڵەکەیان سـەرەوژێر کردووە)، پاشـان بـۆ سـاتێک بێـدەنگ بـوو ئینجـا گـوتی: (ئەو دوو پیـاوە ئیتـر دووبـارە هـاتنەوە و بە زەحمەتییەکـی زۆرەوە تـوانیم بەڕێیـان بکەم). نانا زانی، کە لویز ئاماژە بۆ قرچۆک و قولەڕەش دەکات، بۆیە وای گوت: (بەڕاستی ئەم دوو کەسە زۆر دەبنە هۆکاری نارەحەتیمان، ئەگەر هـاتن بە هێنـانی پۆلیس هەڕەشـەیان لێبکە). پاشان بانگی ژۆرژ و داجینییەی کرد... ئەم دوو کەسە لەبەردەم دەرگـای تیاترۆخـانە چـاوەڕوانی نانـا بـوون و بە گالیسکەیەک ئەویـان هێنـابووەوە بـۆ مـاڵەکەی، نانـا نەیویسـت چیتـر ئەوان لە

ژوورەکەی ئەودیو لە ویڵی و چاوەڕوانیدا بهێڵێتەوە. کاتێک ئەو دووە هـــاتنەژوورەوە نانـــا داوای لێکـــردن کە لە داکەنـــدنی پۆشـاکەکانی یـارمەتی بـدەن. مۆبیلیـات وجانتاکـان لە ژوورەکە هەڵڕێژرابـوون لەبەرئەمە لە کـاتی داکەنـدن، پۆشـاکی نانـا بەر بزمارێک کەوت و دڕا، نانا خۆی نەپاراست و کەوتە جنێودان و بەبێ ئەوەی گرنگییەکی ئەوتۆ بە بوونی ئەم دوو گەنـجە بدات پۆشاکەکەی خۆی داکەند، بەڵام لەبەرئەوەی پۆشاکێکی چاکتری لەوەی، کە دایکەنـدبوو بەدڵ نەبـوو بـۆیە دووبـارە پۆشـاکەکەی پێشـووی لەبەرکـرد. ژۆرژ و داجینییە لەبەرامـبەر ئەودا کەوتـنە سـەر ئەژنـۆ و بە دەرزی خەریکـی دوریـنەوەی دڕاویـیەکەی پۆشاکی نانا بوون!... زەنگ لێدرا و نانـا بـۆ پێشـوازی لە میوانە نوێکان ڕۆیشت.

داجینییە سەیری ژۆرژی کرد، کە چوار مەشقی لەسەر زەوی دانیشـــتبوو تـــا جلـــەکەی نانـــا بـــدوریتەوە، گەنـــجەکە شـــێوا و دەموچـــاوی ســـوورهەڵگەڕا، بەڵام هەر یەکەیـان لەوەیتـر نزیـک کەوتەوە تا بۆینباخی ئەوەیتر ڕێک بخاتەوە و تۆزو خۆڵ و ئەو ســـپیاوانەی، کە نانـــا بەکـــاری دەهێنـــا لە جلـــەکەی ئەوەیتـــر دابتەکێنێـت و لابـدات! هیکتـۆر دولافلـواز و کلاریـس زووتـر لە هەمـــوان هـــاتبوون، نانـــا بەوپەڕی ڕووخۆشـــییەوە پێشـــوازی لێکـــردن. هیکتـــۆر لەبەرامـــبەر نانـــا بەوپەڕی ڕێـــزەوە خـــۆی چەمانـدەوە و گـوتی، کە ئەو لەسـەر داوای کلاریـس و فۆشـێری ئـامۆزای هـاتووە. لەڕاسـتیدا نانـا ژمـارەی میوانەکـانی خـۆی نەدەزانی، چونکە ئەو، کە هاوڕێکانی خۆی داوەت دەکرد پێیانی دەگوت کەسانی دیاریش لەگەڵ خۆیان بهێنن.

ڕۆزمینـۆن هــات، نانــا بەوپەڕی ڕێـزەوە پێشــوازی لێکـرد و دەســتی گوشــی: (ئەی خــاتوونی ئــازیز... بە هــاتنی ئێـوە زۆر شـــادمان و دڵخۆشـــم). لە دوای ڕۆزەوە، مینـــۆن و ســـتینەر هـاتنەژوورەوە، مینۆن یەکسـەر بۆ لای نانـا چـوو و مـاچێکی لە ڕوومەتی کرد و چاوێکی بۆ ستینەریش داگرت تا ئەویش وەکو خـۆی هەڵسـوکەوت لەگەڵ نانــا بکــات، بەڵام ســتینەر هەر کە ڕوخســارە گرژومـۆنەکەی ڕۆزی بینـی بە مــاچکردنی دەسـتی خـانەخوێ جـوان و دڵـڕفێنەکەی خـۆی بەسـەندەی کـرد. کۆنـت دوفاندێڤەر لەگەڵ بلاَنش دوسڤەری هـاتن، نانـا بە چەماندنەوەی بــاڵای ســـڵاوی لێکـــردن. فۆشـــیری و لووســـی ســـتیوارت هـاتنەژوورەوە. نانـا دوای بەخێرهێنـان و فەرمـولێکردنێکی تەواو لەکاتیکدا کە ئاسـەواری نیگەرانـی لەڕوخسـاری بەدی دەکـرا بە هێواشـی بە فۆشـێری گـوت: (ئەو دێـت؟) فۆشـیری ڕۆژنـامەوان وەڵامیدایەوە: (نەخێر... ئەو ناتوانێت بێت، چونکە ئەو و ژنەکەی لەلای یەکێک لە وەزیرەکان بۆ ئاهەنگێکی شـەوانە داوەتکراون!) دەموچاوی نانا گۆڕا و لەژێر لێوییەوە گوتی: (زۆر چاکە... ئەمە بابەتێکە، کە پێویستە لە کاتێکی دیکەدا لەگەڵت یەکلایی بکەمەوە) نانــــا وایـــــدەزانی،کە فۆشـــــێری لەم لایەنەوە بە ئەنقەســـــت بەرنـامەکەی ئەوی تێکداوە، بەڵام فۆشـێری لە سـەرزەنشـتکردنی نانـا تـوورە بـوو و بەدەنگێکـی گـڕەوە گـوتی: (تکـا دەکەم لەمە بەدواوە ئەرکیکـی ئــاوا بە مــن مەسـپێرن، مینـۆن و لابۆردیـت دەرەقەتـی چەنـد ئـەم ئەرکانـە دێـن). نانـا هیچـی نەگـوت و لێـوی گەسـت و بەدەم زەردەخەنەوە ڕووی لە ستینەر کـرد: (بەڕێز ستینەر... ئێوە لەسەر مێزی نانخواردن لەتەنیشت من دادەنیشـن)

لەم ساتەدا دەنگی پێکەنینێک بیسترا و بەدوای ئەوەوە لابۆردیت و جاجا و کارۆلین هیکییە و ماری بلۆند و ڤیۆلیت دو هۆرن هاتنەژوورەوە. هەموو ئەو ژنانە سواری گالیسکەکەی لابۆردیت ببوون و هەندێکیان لەسەر سەروگوێلاکی ئەوانیتر دانیشتبوون، نوکتە و بەسەرهاتی خۆش و ناخۆشیان بۆیەک دەگێڕایەوە. ستینەر گوتی: (بۆردنێڤ لەکوێیە؟!) نانا گوتی: (ئەرێ بەڕاست بۆچی بۆردنێڤ تاوەکو ئێستا نەهاتووە؟!) ڕۆزمینۆن گوتی: (خلیسکاوە و پێی لەجێ چووە).

نانا بە تۆنێکی غەمبارانەوەوە گوتی: (بەستەزمان بۆردنێڤ!) لەو کاتەدا دەنگێکی گڕ کە هاواریدەکرد بیسترا. ئەو دەنگە ئەمە بوو: (نەخێر من بەستەزمان نیم... من هێشتا نەمردووم، ئازاری قاچیشم ناتوانێت ڕێگری ئەوەم لێبکات بۆ ئێرە بێم و نانی ئێوارە بخۆم!) قسەکەری ئەو قسانە بۆردنێڤ بوو... ئەو دەستی خستبووە سەر شانەکانی سیمۆنا و ئینجیل ڤیۆلین هاتەژوورەوە و گوتی: (من بڕیارمداوە، کە بە هەر نرخێک بێت و هەتا ئەگەر لە ڕێگاش بمرم بێم بۆ ئێرە).قسەکانی بە ناڵەیەکی بەرز و ئازاراوی بە کۆتا هێنا، پاشان پاڵەپەستۆی خستە سەر شانی ئەو دوو کچە و خۆی هەڵواسی بە جۆرێک، کە هێندەی نەمابوو ئەو دوو کچە لەبەر قورسی ئەو بەرببنەوە.

میوانەکان یەک لە دوای یەک دەهاتن، بەجۆرێک، کە نانا سەری سورما بوو لەوەی، کە چۆن هەموویان لەسەر مێزی نانخواردنەکە جێیان دەبێتەوە. پاشان داوای لە داجینییە کرد، کە کورسییەکان و ژمارەی میوانەکان بژمێرێت، کاتێک داجینییە هەواڵی پێدا، کە ژمارەی میوانەکان ٢٩ کەس و ژمارەی

کورسـییەکان ٢٩ن، هەناسـەیەکی ئاسـوودەیی هەڵکێشـا: (کێشـە نیـیە، دەکریـت بـۆ ئەم چـوار کەسـە شـوێن ئامـادە بکرێـت و...)، بەڵام هێشـتا قسـەکەی تەواو نەکردبـوو دوو میـوانی دیـکە، کە نەیدەناسـین وەژوور کەوتـن. نانـا بە تـوڕەیی و پەرێشـانییەوە سـەیری چـواردەوری خـۆی کـرد، فانـدیڤەر بـۆ ڕوونکـردنەوە هاتەپێشەوە و گوتی کە ئەو دوو میوانە تـازەیە هـاوڕێی ئەون و ئەو خـۆی ئەوانـی داوەت کـردووە! لەوکـاتەدا یەکێکیـان کە نـاوی فۆکارمۆن بوو ئەوەیتری بە نانا ناساند، کە ناوی (ناتـان) بـوو و گوتی کە ناتان ئەفسەری دەریاوانییە.

سـەرخزمەتکار ئەوەی ڕاگەیانـد، کە خـواردن ئامـادەیە. نانـا دەستی خستە قۆڵی ستینەر و بۆ هۆڵی نانخواردن ڕۆیشـت و لە پێشـەوەی مێزەکە دانیشـت. لەلای دەسـتە ڕاسـت سـتینەر و لای دەستەچەپیشی جوولەکەی دەوڵەمەند دانیشتن. فۆشێری لەنیوان کارۆلین هیکیە و ڕۆزمینۆن دانیشـت. فانـدیڤەر لەنێوان لووسـی سـتیوارت و ڤیۆلیـت دوهـۆرن دانیشـت. هیکتـۆریش بە هەر مەینەتییەک بێت شوێنی خۆی لەتەنیشت جاجا کردەوە.

دواجار دەرکەوت، کە سێ کەس لە بانگهێشتکراوان شوێنیان نیـیە. سـتینەر بەوپەڕی ڕێـزەوە داوای لە نانـا کـرد، کە لەسـەر ئەژنـۆی ئەو دابنیشـێت، نانـا داوای لێبـوردنی کـرد و تکـای لە بانگهێشتکراوان کرد زیاتر پێکەوە بنووسێن و شـوێنی ئەو سێ کەسە بکەنەوە!

کاتێـک نانـا دەیویسـت فرمـانی خـواردن بـدات ئامـادەبووان دەنگـی بۆردنیڤیـان لە ژووری ئەودیـو بیسـت، کە جنێـوی دەدا، دەرکەوت، کە سـیمۆنا و ئینجیـل ڤیـۆلین ئەویـان بیرچـووە.

کارۆلین و کلاریس چوون بەدوای بۆردنێڤدا و ئەویان هێنا و لە شوێنێک، کە بۆ سێ کەس دەبوو دایاننیشاند و کورسییەکی تایبەتیشیان لەژێر قاچی دانا. ئامادەبووان بە کپی و بێدەنگییەوە سەرقاڵی خواردن بوون و هەندێکیان بە تامکردنی جۆرەها خواردن دەستیان کێشایەوە، تەنیا بۆردنێڤ بوو، کە وەکو ئاژەڵێکی برسی بەوپەری چڵێسییەوە سەرقاڵی خواردن بوو.

بڵانش بۆ ئەوەی بانگهێشتکراوان لەو کپی و بێدەنگییە نەهێڵێ ڕووی لە لووسی ستیوارت کرد: (من پێرێ ئۆلیڤییەی کوڕتم بینی... ئەو بۆتە پیاوێک) لووسی وەڵامی دایەوە: (ئێستا ئەو پێی ناوەتە هەژدە ساڵییەوە واتا، ئیدی منیش پیر بووم)، پاشان قسە هاتە سەر منداڵان و دڵی ژنان لە میهرەبانیان خورپەی کرد. نانا گوتی، کە لویسی کوڕە چکۆڵەی ئێستا لەگەڵ پووری دەژییێت. پوری گشت ڕۆژێک لویسی دێنێتە لای تا بیبینێت، منداڵەکە لەگەڵ پشیلەکەی خۆی(لولو) لەسەر یەک تەختەخەو دادەنێت و کاتێک منداڵەکە یاری لەگەڵ پشیلەکە دەکات ئەو لێی تێر نابێت. بەتایبەت کاتیک، کە لەگەڵ لولو لەژێر پێخەفەکەدا خۆیان حەشار دەدەن.

ڕۆزمینۆن: (من دوێنێ بۆ بینینی کوڕەکانم (شارڵ و هێنری) چوومە قوتابخانە، ئەوان پێداگیرییان کرد، کە لەگەڵمدا بێنە تیاترۆخانە، هەر کە بە گوێم کردن بێئەندازە خۆشحاڵ بوون). ئیدی چاوەکانی مینۆن پڕبوو لە فرمێسکی خۆشەویستی و گوتی: (کاتێک شارڵ و هێنری (ڕۆز)ی دایکیان لەسەر سەکۆی شانۆکە بینی ماوەیەک چەپڵەیان بۆ لێدا و لێیان پرسیم، کە بۆچی دایکیان ئەو پۆشاکە کورتەی پۆشیوە و بەرووی

هەمواندا پێدەکەنێت؟!) ئامادەبووان پێکەنین. مینۆن خۆشحال بوو و بەخۆی نازی، ئەو بێئەندازە دوو کوڕەکەی خۆی خۆش دەویست. ئەو تەنیا یەک مەبەست و ئامانجی هەبوو و ئەویش ئەوە بوو، کە سامانیکی زۆروزەوەندیان بۆ پێکەوەبنێت، لەم ڕووەوە تێکڕای داهاتی (ڕۆز)ی ژنی، کە لە شانۆ و چەند شتیکی دیکە دەستی دەکەوت پاشەکەوت دەکرد. مینۆن بەر لە هاوسەرگیری سەرۆکی ئۆرکیستڕای لاکافێی کۆنسێر بوو و ڕۆز لەم ئۆرکێستڕایە گۆرانی دەگوت.. ئەوسا ئەو دوو هاوپیشەیە لە خۆشەویستی یەکتریدا دەمردن، بەڵام ئێستا پەیوەندییەکەیان ڕەهەندێکی هاوڕێیانە و هاوپیشەییانەی لەخۆ گرتبوو.

فاندێڤەر پرسی: (کوڕە گەورەکەت چەند ساڵە؟!)

مینۆن وەلامیدایەوە: (هێنری نۆ ساڵە). پاشان ڕووی لە ستینەر کرد و ڕەخنەی ئەوەی لێگرت، کە بۆچی منداڵی خۆش ناوێت و بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە گوتی: (ئەگەر تۆ باوک بویتایە، هەرگیز پارەکانی خۆت ئەوها شێتانە خەرج نەدەکرد؟!)

مینۆن کاتێک قسەی دەکرد لەودیو شانی ژنەکەی خۆی سەیری جوولەکە دەوڵەمەندەکەی دەکرد تا پەی بە ئەندازەی پێوەندی ئەو لەگەڵ نانا ببات. قسەکردن دەربارەی منداڵان لەناو ئامادەبواندا هێشتا بەردەوامی هەبوو، هیکتۆر وا هەستیکرد، کە شانە و شەپیلکە قەڵەو و نەرمەکەی جاجا بەر شانی دەکەوێت، دڵی کەوتە خورپە و پرسیاری سەروسۆراغی کچەکەی لێکرد کە ئەوی هێنابوویە تیاترۆخانە و پرسی، کە بۆچی نەیهێناوەتە ئەم میواندارییە، جاجا گوتی: ( کچەکەم دوو مانگە لە دێر

دەرچووە و من دەمەوێت تا زووە ئەو بۆ ماڵی مێردی بنێرم) ئینجا ساتێک بێدەنگ بوو و پاشان گوتی: (ئازیزم... بەزم و ڕابواردن سوودێکی نییە، یەک قڕۆشم لە ژیانی خۆشی و ڕابواردنی خۆم دەستنەکەوتووە، بۆ جاری چوارەم کاسەکان بۆ من پڕ کرا). دەنگی پێکەنین بەرزبووەوە و زمانەکان کرانەوە. ژۆرژ بە سەرسوڕماوییەوە سەیری دەوروبەری خۆی کرد و بەوپەڕی کونجکۆڵییەوە گوێی لە قسەکانی ژنان ڕاگرت، ئینجا لە داجینییەی پرسی: (ئەم ژنانە هەموویان منداڵیان هەیە؟!)

داجینییە پێکەنی و ئەوەی دەربارەی ئەو ژنانە دەیزانی بۆی باسکرد و ژنانیش خەریکی قسە بوون، بۆردنێڤ هاواریکرد: (ئێوە حەزدەکەن من لەبرسان بمرم) ئامادەبووان پێکەنین، سیمۆنا لەشوێنی خۆی هەستا و سینگە مریشکێکی ئاخنییە دەمی و دەمی پڕ کرد. نانا سەرنجی لەوەدا، کە هیشتا بەپێی پێویست دانیشتنەکە گەرم نەبووە بۆیە لەشوێنی خۆی هەستا و بە دەنگێکی بەرز گوتی: (ئێوە دەزانن، کە شازادەی نەمسا لۆژێکی بۆ تێکڕای ماوەی نمایشکردنی شانۆکە بۆ بینینی شانۆنامەی ڤینۆسی زێڕین بەکرێ گرتووە؟!)بۆردنێڤ گوتی: (چەندە باش دەبوو ئەگەر هەموو شازادەکان چاویان لەو کردبایە) نانا گوتی: (دەڵێن شای ئێرانیش ڕۆژی یەکشەممە دەگات). لوسی ستیوارت  قسەی دەربارەی شکۆداری و گەورەیی پاشای ئێران و ئەو زێڕ و خشڵانەی، کە بە پۆشاکەکەی هەڵواسراوە کرد و گوتی ئەم زێڕ و گەوهەرانە بەهایان چەندین ملیۆن فرانکە. ژنان هەموویان گوێیان لە قسەکانی لووسی گرت و چاوەکانیان لە بەخیلیاندا دەبریقانەوە،

ئینجـا دەربـارەی چەنـد پاشـا و سـەردارێک، کە بە بـۆنەی کردنەوەی پێشانگاکە بۆ پاریس دێن قسەیان کرد.

کارۆلین هەر کە ڕووی لە فاندێڤەر کرد لێیپرسی: (ئـازیزم... پێمبڵێ بزانم قەیسەری ڕووسیا تەمەنی چەندە؟!)

کۆنت فاندێڤەر وەڵامیدایەوە:

(ئومێدێکت پێی نەبێت... چونکە ئەو لە حەفتا ساڵ تێپەڕیوە). بلانش دو سیڤەری قسەی لەسەر پاشای ئیتاڵیا کرد و گوتی لە میلان بینیویەتی و بەختێکی باشی هەیە و تێکڕای ژنان خۆشیان دەوێت، بەڵام هەر کە فۆشێری دڵنیای کردەوە، کە پاشای ئیتاڵیا نـایەت بۆ سـەردانی پێشـانگاکە وەڕز بوو. مـاری بلۆنـد گوتی: بەڵام ئیمپڕاتۆڕی ئەڵمانیا پیرێکی خەرەفاوە و پار لە بادن بینیم و شازادە بسمارک هەمووکات وەکو سیبەرەکەی لەگەڵیەتی.

سـیمۆنا هـاواریکرد: شـازادە بسـمارک... مـن دەیناسـم... ئەو پیـاوێکی نـازدارە. فۆشـێری هەڵیـدایێ: دوێنـێ ئەمەم گـوت بەڵام کەس بـاوەڕی نەکـرد. گفتۆگـۆکە بایـدایەوە سـەر بسـمارک، هەروەکـو ئەوەی شـەوی رابـردوو لە کۆشـکی مۆفاتـدا قسـەی لەسەر دەکرا. ئینجیل فیـۆلین رووی لە لابۆردیت کرد و ئەوەی لێپرسی، کە هیچ شتێک دەربارەی بسمارک نازانێت؟ لابۆردێت وەڵامیـدایەوە بەوەی کە بسـمارکی زەبەلاحـی مەزن گۆشـتی ... دەخوات... ژنان هـەموویان بە مـولکی خۆیـانی دادەنێن.... ئەو لە تەمەنـی چـل سـاڵیدایە... و سـی و چـوار کـوڕی هەیە، ئینجیل بە سـاویلکەییەوە گـوتی: ئـای خـوای بەرز و توانـا... تەمەنـی چـل سـاڵە... و سـی و چـوار کـوری هەیە، ئـەو خەڵـکە هـەموو دایـانە قاقـای پێکەنـین و دەموچـاوی سـوورهەڵگەڕا و زانـی، کە لەم

کاتەدا لابۆردیت گاڵتەی پێدەکات. ئیدی جاجا قسەی لەبارەی پێشانگاکە کرد، ئەویش وەکو ئەوانیتر ئومێدێکی زۆری بەو پیشانگایە هەبوو و ئومێدەوار بوو، کە خەڵکێکی بێگانەی زۆر بێنە پاریس و ئەو بتوانێت قۆڵی ئەو بێگانانە ببڕێت و پارەیەکی چاک بەدەست بهێنێت و خانوێکی بچووک لە دەوروبەری شاردا بکڕێت و هەموو تەمەنی خۆی لەوێدا بەسەر ببات.

جاجا هیشتا ئومێدی بە پێشانگاکە هەبوو و هیکتۆریش ئومێدەوارییەکی زۆری پێبوو، لەم ڕووەوە ناوناوە بە تیلەی چاوی نیگایەکی جادوبازانەی بۆ دەکرد بە جۆرێک، کە گەنجە بەستەزمانەکە فریوی خوارد و ناونیشانی ماڵەکەی ئەوی پرسی. جاجا لەبارێکدا، کە لە شەرماندا سەری شۆڕکردبووەوە ناونیشانی ماڵی خۆی بە هیکتۆردا.

کۆنت فاندیڤەر، کە چاوێکی لەسەر ئەو دوانە بوو چاوێکی لە کلاریس داگرت بە بوغز و قینەوە گوتی: (سەیرکە...وا گومان دەکەم، کە جاجا سەرکەوێت بەسەر هاوڕێکەت) ئەکەتەرەکە وەڵامیدایەوە:

(ئەم گەنجە زۆر نەزانە... من سێ جار ئەوم لە ماڵەکەی خۆم کردۆتە دەرەوە). ستینەر ، ئەو پیاوە جوولەکە دەوڵەمەند و کوڵەبنەیە بۆ ژنان درێغی لە هیچ شتیک نەدەکردەوە، هەر کە لەسەر ڕووی سەکۆی شانۆ هونەرمەندێک دەردەکەوت ئەگەر یەک تۆز جوان بووایە یەکسەر لە شوێنە لاتەریکەکان دیدەنی ئەوی دەکرد و خۆی دەخستە سەر پێیەکانی و هێندە پارەی بۆ خەرج دەکرد تا ئەو قایل بکات کە بە ئارەزووی ئەو هەڵسوکەوت بکات و دووجار خەریک بوو بەم کارە قێزەونانەی

تووشی مایەپووچی بێت!... لەو شەوەدا ستینەر هیچی نەخوارد، زۆر کەم قسەی دەکردو هەمووکات سەیری نانای دەکرد وەک بڵێی دەیویست بە چاوەکانی خۆی ئەو قوتبدات، هەر کاتێک بە عیشوە و نازەوە سەیرێکی دەکرد ستینەر سەری دادەنەواند تا ئەو پشکۆیەی، کە لەناخییەوە دەگەشایەوە دامرکێنێتەوە! ... نانا بینی، کە ستینەر بە سەختی شەیدای ئەو بووەو ئامادەیە هەرچی بیەوێت پێیبدات و ئەو بە ویساڵی خۆی بەختەوەر بکات، بەڵام نانا پەلەپەلی لەخۆیدا دەرنەخست، حەزیدەکرد یاری لەگەڵدا بکات و سوێی بکاتەوە.

فاندێڤەر لەسەرخۆ لەبن گوێی لووسی گوتی: (سەیرکە!)لووسی زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: (ئایا کارەساتی جەرگبڕی جونکییە دووجار دووبارە دەبێتەوە؟ ئایا چیرۆکی مادام جونکیە دەزانی؟ ستینەر بەم خاتوونە سەرسام بوو...) مینۆن بەربەستەکانی لادا تا ستینەر بە مادام جونکیە گەیشت، بەڵام دواتر کارێکی کرد، کە ستینەر وەکو مێردێکی پەشیمان بەرەو لای ڕۆز گەڕایەوە... بەڵێ مینۆن کە تەنیا بیری لای بەدەستهێنانی پارەیە هەرگیز شەرم لە تێکەڵاوبوونی ستینەر لەگەڵ ژنەکەی خۆی ناکات، بگرە هەردووکیان هان دەدات، کە پێکەوە پێوەندییەکی ناڕەوایان هەبێت و هەر کاتێک ستینەر بیەوێت دڵی لە ڕۆز ساردبێتەوە بە چەند فێڵ و تەڵەکەیەک ئەو بۆ ئامێزی ڕۆز دەگەڕێنێتەوە، بەڵام من پێموانیە مینۆن ئەمجارە سەرکەوێت، چونکە نانا لەو ژنانە نییە، کە لێگەڕێت ستینەر بەخۆشیی لەگەڵی ڕابوێرێت و پاشان وازی لێبێنێت. فاندێڤەر گوتی: (سەیرکە چۆن مینۆن بە حەپەساوییەوە سەیری ژنەکەی

خۆی دەکات) لووسی سەیریکرد و بینی، کە ڕۆز و فۆشێری پێکەوە بە هێواشی قسە دەکەن و مینۆن بە چاوێکی شەڕانگێزانەوە سەیریان دەکات.

کە لووسی بینی فۆشێری هاوڕێی دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ڕۆز هەستی ئیرەیی وروژا و هاواریکرد: (چەندە ژنیکی نارەسەن و بێئابرووە!)

فاندێڤەر پێکەنی و لەسەرخۆ گوتی: (چیە هەستی ئیرەیی و غیرەتت بزواوە؟)

لووسی گوتی:

(ئیرەیی... فۆشێری کێیە تا من ئەوم بوێت... من چ سوودێکی لێوەردەگرم؟! هەر ئەوەیە هەموو هەفتەیەک چەپکە گوڵێکم بۆ دەنێرێت، بەڕاستی هونەرمەند هەموویان یەگ شتن...).هەرکە ڕۆز ئەو وتارەی خوێندەوە، کە فۆشێری دەربارەی نانای نووسیبوو خەریک بوو لەوساتەدا لە ئیرەییاندا شێت بێت. ئێستا فۆشێری بۆ ئەمە دەوێت کە وتارێکیش لە ستایشی ئەودا بنووسیت... ئەمەیە حەقیقەتی شتەکە و بۆ گەیشتن بەم مەرامە ڕۆز دەیەوێت دڵی فۆشیری ببات) لووسی دوای دەربڕینی ئەم قسانە پێکی شەرابەکەی هەڵگرت و بەیەک پێک خواردییەوە و لەبەردەوامی قسەکانی خۆیدا گوتی:

(ئەگەر من مێردی ئەو بوومایە دەمزانی چۆن تەمبێی بکەم... ڕۆز قروشێک قازانج ناکات، ئەم گەنجە قەللۆشە بەوپێیەی، کە ڕۆژنامەوانە لە دەوروخولی ژنان دەخولێتەوە و دەیەوێت بەخۆڕایی هەڵیان بخەڵەتێنێت و لەگەڵیان ڕابوێرێت). لەو دەمەدا دەنگی بۆردنێڤ بەرزبووەوە، کە ڕووی قسەی لە شانۆکارەکەی

خۆی بـوو: (بیـرت بێت، کە بەیـانی نوانـدنت هەیە... نەکەی مەی زۆر بخـــۆیتەوە!)، بەڵام کەســـێک گـــوێی بە ئامۆژگـــاری و هەڕەشەکەی نەدا.

بانگهێشـتکراوان دەسـتیان لە خـواردن کێشـایەوە و سـەرقاڵی خـــواردنەوەی مەی بـــوون و دەنگـــی گـــاڵتە و پێکەنینیـــان بەرزبووەوە. مەی کاری خۆی کرد و پەردەی شـەرم و حەیای هەڵمـــاڵی. یەکێـک لە بانگهێشـــتکراوان ویسـتی ڤیۆلیـت، کە لە تەنیشـتی دانیشـتبوو مـاچ بکـات، بەڵام زللەیەکـی قـاییم ئەوی لە شـــوێنی خـــۆی دانیشـــاندەوە. ئەم زلـــلەیە ژۆرژیشـــی لە جێبەجێکردنـی ئەو بەرنـامەیەی، کە داینـابوو وەسـتاند، ژۆرژ کە ســـەری بە خـــواردنەوەی بـادە گەرمـــم ببـــوو بڕیاریـــدابوو بە هێواشـی لەژێـر مێـزەکە بـۆ ئەو شـوێنە بـڕوات، کە نانـا لێـی دانیشـتبوو و وەکو سـەگێک پێی بلێسـیتەوە، بەڵام وەکو ئەوەی پێشووتر وترا ئەو زللەیە ئەوی هێنایەوە هۆش خۆی.

بۆردنێڤ بە دەنگە زل و ناخۆشەکەی خۆی گوتی:

(ئـازیزم نانـا... وا باشـتر نییە کە لەبـری مەی قـاوە بخـۆینەوە، بەڵام نانـا یەکسـەر وەڵامـی نەدایەوە) نانـا بینـی، کە تەنیـا ئەو خـاوەن مـاڵ نیـیە، بەڵکـو هەریەک لە بانگهێشـتکراوان بە هەر چەشنێک کە حەزی لێیەتـی فرمـان بە خزمەتکـاران دەکات وەکو ئەوەی، کە لە خواردنگە دانیشـتبن!. مەی کـاری لە ناناش کـرد و ڕوومەتەکانی وەکو گوڵ سوورهەڵگەڕان و بریسکەیەکی دڵڕفێن لە چاوە جوانەکانی دەرکەوت بە جۆرێک کە هۆشی لە کەللەی ستینەر نەهێشتبوو.

هەراوزەنـا بە جۆرێـک لە چـواردەوری نانـا بەرزبـووەوە، کە نەیتـوانی ڕاز و نیـازی دڵـدارانەی سـتینەر ببیسـتێت. لەبەرئەمە بەوپەڕی تـوڕەییەوە هـاواریکرد: (ئەمە چ واتـایەکی هەیە؟ چـۆن ئەم کەسە بێڕێزانە ڕێزی خاوەن ماڵ ناگرن)، بۆردنێڤ جارێکی دیکە گوتی: (نانای ئازیزم... بۆچی لەبری شەراب قاوە پێشکەش ناکەیت؟) نانـا وەڵامێکی ئەوی نەدایەوە، بەڵام لەناکاو لەشـوێنی خۆی هەستایەوە و ڕووی قسـەی لە ستینەر کرد و گوتی: (مـن ئەزمــوون و تــاقیکردنەوەیەکی چــاکم وەرگــرت و دوای ئەمە دەزانم چ جۆرە میوانێک هەڵبژێرم)، ئینجا لە وەڵامی بۆردنێڤدا ئاماژەی بۆ ژووری ئەودیو کرد و گوتی: (تـۆ باش دەزانـی، کە قـاوە لەو ژوورەیە) بانگهێشـتکراوان لەکاتێکـدا کە پێـدەکەنین و قسەیان دەکرد لەشوێنی خۆیان هەستانەوە و هەرگیز گرنگیان بە قین و توڕەیی نانا نەدا.

لە هـۆڵەکەدا بـێجگە لە بۆردنێـڤ کەسـێکی دیـکە نەمـایەوە و جنێــوی بەو ژنانـــە دەدا کە زۆریـــان خواردبـــۆوە و ئەویـــان فـەرامۆش کردبـوو. بانگهێشـتکراوان چـوونە ژووری ئەودیـو و گرنگیـان بە نەبـوونی نانــا نەدا، بەڵام هــیچ پێویستیشــیان بەو نەبـوو، چـونکە لەوێـدا شووشـەکانی شـەراب و شـامپانیایان لە چاوەڕوانی خۆیانـدا بینـی. ڕۆزمینـۆن دەسـتی خسـتبووە قـۆڵی فۆشێری و بە مێردەکەی گوت:

(ئەوە تۆ دڵخۆش نابیت کە ڕۆژێک میسیۆ فۆشـێری لەسـەر خــوانی ئــێمە نــان بخــوات؟!) مینــۆن وەکــو کینــە و ئیــرەییەک ســەیرێکی فۆشــێری کــرد، بەڵام دەیزانــی کە ژنەکەی چەنــدە کەلـلەڕەقە و هەر قسـەیە، کە دەیکـات پیویسـتە جێبەجێبکرێـت،

لەبەرئەوە وای بە چاکتر بینی، کە بێگومان چاوپۆشی بکات و وەڵامداتەوە: (بێگومان... بێگومان... بەڕێز فۆشێری سبەی بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ وەرە بۆ ماڵەکەمان).

لوسی ستیوارت لەنیوان ستینەر و فاندیڤەر دەڕۆیشت. لەناکاو فاندیڤەر پەی بە نەبوونی نانا برد و چوو بەدوایدا و داجینییە و ژۆرژیش بۆ دۆزینەوەی نانا دوای فاندیڤەر کەوتنەڕێ. ئەویان لە ژووری خەوتنەکەی دۆزییەوە و بینیان کە بەتەواوەتی ڕەنگی پەڕیوە و لێوەکانی دەلەرزن، فاندیڤەر بەوپەڕی سەرسوڕماوییەوە پرسی: (نانای ئەزیزم... چیتە؟)

نانا وەڵامێکی نەدایەوە و تەنانەت ئاوڕیشی نەدایەوە، فاندیڤەر پرسیارەکەی خۆی دووبارەکردەوە، نانا هاواریکرد:

(من هەرگیز نامەوێت سوکایەتیم پێبکرێت... هەموو بانگهێشتکراوان سوکایەتیم پێدەکەن... چ شتێک دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی کە هەموویان لەماڵ بکەمە دەرەوە؟!) نانا دوای دەربڕینی ئەم قسانە بە دەنگێکی بڵند دەستی بە گریان کرد، فاندیڤەر بەوپەڕی میهرەبانی و نەرمونیانییەوە دەستی بە پشتیدا هێنا: (ئازیزم ئارام بە... تۆ سەرخۆشیت).

نانا هاواریکرد: (ڕەنگە سەرخۆش بم... بەڵام ئەو ئەمە ڕێگر نییە لەوەی، کە بانگهێشتکراوان ڕێزی من لەبەرچاو نەگرن). ئەو سێ کەسە تا پێیانکرا ویستیان نانا رازی بکەن، کە بگەڕێتەوە بۆ لای میوانەکان، بەڵام نانا ئامادە نەبوو و زیاتر تووڕە بوو و بۆ ساتێک بێدەنگ بوو پاشان لەدرێژەی قسەکانی خۆیدا گوتی: (من دەزانم، کە هەموو ئەو سوکایەتیپێکردنانە لەبن سەری ڕۆزمینۆنی ماری بەڵەک و فۆشێری زۆڵە. فۆشێری لەو

پیـاوانەیە کە هەوڵـدەدات ژنـان ناچـار بکـات.. هەر ئەو بـوو، کە لێنەگەڕا کۆنت مۆفات بۆ میواندارییەکەی من بێت، لەکاتێکدا، کە کۆنت مۆفات منی خـۆش دەویّ و خۆشەویستی ئەوم لەو ڕۆژە لە چاوەکانیـدا خوێنـدەوە،کە هـاتە مـاڵەکەم)، بەڵام فانـدیڤەر نەیتوانی پێکەنینەکەی بخواتەوە و هاواریکرد: (بەڵام ئەزیزم مـن وای بۆ دەچـم کە تۆ هەڵە دەکەیت). کەمێک ئاگری تووڕەیی و کیـنەی نانـا دامرکـایەوە و گـوتی: (تـوبی و خـودا لەبەرچـی؟!) فاندیڤەر گوتی:

(کۆنت مۆفات پیاوێکی دیندار و خۆپاریزە، ئەگەر بەڕێکەوت ڕۆژێـک دەستی بەر قۆڵـت بکەوێت ئەوا ڕۆژی دواتـر یەکسـەر دەچێـتە کڵێسـا تـا لای قەشـە دان بە تـاوانەکەی خۆیـدا بنێـت و ئەگەر بۆچـــوونی منـــت دەوێـــت ئەوا ئامۆژگاریـــت دەکەم کە لێنەگەڕێیت ئەوەیترت لە دەست بچێت.)

نانا زانی، کە مەبەستی فاندیڤەر ستینەرە، بۆیە بێدەنگ بـوو و فرمێسـکەکانی خـۆی سـڕییەوە، بەڵام پێـداگری لەسـەر ئەوە دەکـرد، کە لە ژوورەکەی خـۆی بمینێـتەوە. هەر کە فانـدیڤەر ڕۆیشـت نانـا خـۆی خسـتە ئـامێزی داجینیـیە و بە دەنگێکـی لەرزۆکەوە گوتی:

(مـن تەنیـا تـۆم خـۆش دەوێـت... تـۆ لە هەمـوان باشـتری... خۆزگە دەمانتوانی بۆ هەمیشـە پێکەوە بژین... ئاخ... ئێمەی ژن چەند بێچارەین...). هەر کە نانـا نیگەرانی ژۆرژی بینی مـاچیکرد و پێیگـوت، کە داجینیـیە هەرگیـز ئیرەیـی بە منـداڵێکی وەک ئەو نابـات و ئەو حەزدەکـات پێوەنـدی هـاوڕێیەتی و خۆشەویسـتی نێوانیـان تونـدوتۆڵ بێـت تـا هەرسـێک بە خۆشـی ژیـان بەسـەر

ببەن. لەناکاو نانا دەنگێکی بیست و زانی، کە دەنگی کەڕنای بۆردنێڤە.... بۆردنێڤ لە هەمان ئەو شوێنەی، کە بە تەنیا جێیان هێشتبوو لێی خەوتبوو. دەنگی پرخەپرخی بۆردنێڤ زۆر سەیر و پێکەنیناوی بوو و خۆی خستبووە باوەشی ڕۆزمینۆن و بە هاوارکردنەوە گوتی: (ئازیزم ڕۆز وەرە سەیرکە و ببینە!).

نانا و ڕۆز چوونە ئەو ژوورەی، کە بۆردنێڤ لێی خەوتبوو و دەستەیەک لە ژنانیش بەدوایاندا چوون و هەموویان وەستابوون و بە حەپەساوییەوە سەیری بۆردنێڤیان کرد، کە کەوتبووە خەێکی قووڵەوە و دەمی بەشێوەیەکی پێکەنیناوی کرابووەوە. لەم کاتەدا جاجا لە کونجێکەوە هیکتۆری خستبووە تەڵەوە، بەڵام مینۆن لەگەڵ فاندێڤەر یاری کۆنکانیان دەکرد... فۆشێری و لابۆردێت و فۆکارمۆن بەدوای شامپانیای زیاتردا دەگەڕان... ماری سەرقاڵی ژەنینی پیانۆ بوو. کاتژمێر چواری دوای نیوەشەو ماندوێتی و شامپانیا بانگهێشکراوانی لە پەل و پۆ خستبوو، بەڵام سەرەڕای ئەمە ئەوان دەستیان لە سەما و گۆرانی و کۆنکانکردن بەرنەدەدا و بەدوای شامپانیای زیاتردا دەگەڕان. نانا بە قەرەپەستان لەتەنیشت ستینەر دانیشتبوو، ئەو هیلاک و رەنگپەڕیوو بوو و لە چاوە شینەکانیدا چەند نیگایەکی جادوبازانە دەبینرا.

ستینەر زیاتر خۆی بەنانای دڵگیرەوە نووساند و ویستی دەستی خۆی درێژ بکات، بەڵام یەکسەر دەستی کێشایەوە، چونکە یەکێک لەو قولابانەی، کە ژۆرژ لە پۆشاکی نانای دابوو چەقیە دەستی. خوێن لە دەستی ستینەری جولەکەی دەوڵەمەند

هاتەدەرەوە و دڵۆپێک لەم خوێنە بەسەرپۆشاکە سپییەکەی نانا دا ڕژا، نانا هاواریکرد:

(ئەم دڵـۆپە خـوینەی، کە ڕژایە سـەر پۆشـاکەکەم پێشـبینی ڕووداوێکـی نـاخۆش دەکـات). دوای دەربڕینـی ئەم قسـانە ڕوخسـاری تێکچـوو. دەمەوسـپێدە دەرکەوت، کـەنـاس و زبڵڕێژەکان لە شەقامەکان بڵاوبوونەوە. نانا لەبەرامبەر پەنجەرە وەستاو سـەیری مـاڵە تاریـک و هێمنەکـانی کـرد و شـنەبایەکی نەرم و خـۆش بەر نێـوچەوانە گەرمەکـەی کەوت، نانـا حەزی چووبـووە پیاسـە و گەڕان و ڕووی لە سـتینەر کـرد و گـوتی: (وەرە... من داوات لێدەکەم کە بمبەیتە دارستانی بۆلۆنیا با لەوێ شیرێک بخۆمەوە). نانا ئەم بیرۆکەی خۆی پێ جوان بوو و لە خۆشیاندا وەکو منداڵان دەستی لێکخشاند و چیتر چاوەڕوانی ڕازیبوونی جوولەکەی دەوڵەمەندی نەکرد و یەکسـەر ڕایکردە ژووری خەوتنەکەی خـۆی تـا پـاڵتۆیەک بخـاتە سـەر شـانی و لەگەڵ سـتینەر دا بچێـتە دەرەوە. بینـی کە لـویز لەسـەر کورسییەکان خەوتـووە، بەئاگـای هێنـا و داوای لێکـرد یـارمەتی بـدات لە پۆشـینی پـاڵتۆ و کـڵاوەکەی... بەهێواشـی لەبـن گـوێی گوتی: (من ئامۆژگاری تۆم لەگوێ گرت و بەرنامەم دانا ستینەر وەکـو هـاوڕێیەک هەڵبژێـرم، ئەو مرۆڤێکـی چـاکە و هەرچییەک بێت لەوانیتر باشترە). لەو کاتەدا نانا بینی، کە داجینییە بەرەو ڕووی ئەو دێـت، وا هەسـتیکرد کە بەوپەڕی بێئـۆقرەییەوە چاوەڕوانە تـا بانگهێشـتکراوان بچنە دەرەوە، نانـا پێیگـوت: (مـن لەگەڵ ستینەر پیاسەیەکی دارستانی بۆلۆنیا دەکەم).

نانا تێبینی ئەوەی کرد، کە داجینییە بە قسـەکەی ئەو غەمبار بوو، لەبەرئەوە لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی: (ئازیزم ئاقڵ بە... تۆ بـاش پـیگەی مـن دەزانیـت) دوای ئەوە ئەوی لەئـامێز گـرت و گوتی: (تـۆ دەزانیت کە مـن تـۆم خـۆش دەوێت و دەتپەرستم... بـێجگە لە تــۆ کەســێکم خــۆش ناوێــت... بەیــانی وەرە تــا بەرنــامەیەکی نـوێ دابنێـین... بەڵام ئێســتا مــاچم بـکە... بەڵــێ جارێکی دیکە ماچم بکە!!).

# ٦

پیەسی ڤینۆسی زێڕین بۆ جاری پەنجا و چوارەم نمایش دەکرا، هونەرمەندەکان نواندنی بەشی یەکەمیان تەواو کردبوو و لە ڕێڕەوەکـان پەرتەیـان کردبـوو و ئامـادەی نوانـدنی بەشـی دووەم دەبـوون... بۆسـکی پیـر پۆشـاکی خـۆی پۆشـیبوو و شمشێری بەقەدییەوە لکاندبوو و کڵاوەکەی لەسەر کردبوو و لەسەر بەرمیلێکی گەورە دانیشتبوو چاوەڕوانی نۆرەی خۆی دەکرد... با لە دەرەوە بە توندی هەڵیکردبوو، ئەو یەکێک لە پەنجەرەکانی کردەوە و بایەکی سارد لەدەرەوە هاتەژوورەوە، هونەرمەندە پیرەکە دەلەرزی و لەژێر لێوانەوە گوتی: (هەر بەڕاست چ کەشێکی تووش و ساردە؟) سیمۆناش، کە خەریکی خۆگۆڕین بوو و سەرمای بوو و ئەو پەنجەرەیەی داخست، کە با کردبوویەوە. لەو دەمە فۆنتان، کە یاری بە ڕیشە دەسکردەکەی خۆی دەکرد هات و گوتی: (ئەرێ دەزانن ئەمڕۆ ڕۆژی لەدایکبوونمە). بۆسک لەسەرمان دەلەرزی. گوتی: (کەواتە لانیکەم بە بۆنەی ئەم ڕۆژە پیرۆزە بوتڵە شامپانییەکمان بدەیێ). فۆنتان گوتی: (من ئامادەم شەش بوتڵە شامپانیاتان بدەمێ). ئینجا زەنگ لێدرا و بە خزمەتکارەکەی گوت،بڕۆ شەش بوتڵ شامپانیا بێنە. بۆسک ئاوڕیدایەوە و بینی کچێکی لەڕوڵاوازی ڕەنگ پەڕیوو لە کونجی هۆڵەکە دانیشتووە و بە چاوی شەرم و

حەپەساوییەوە سەیریان دەکات. بۆسک لەژێر لێوانەوە گوتی: (ئەم کچە کێیە؟!) سیمۆنا سەیرێکی کچەکەی کرد و بە چپە وتی: (ئەم کچە ساتانە، نایناسیت؟! ئەو هاوڕێی کۆنی نانایە، نانا بۆ یەکەمین جار ئەوی لەبەردەم تیاترۆخانە بینی و پێدەچوو، کە کچێکی بێکار بێت، نانا ئەوی بە بۆردنێڤ ناساند و داوای لێکرد کارێکی بۆ پەیدا بکات).

لەم ساتەدا یەکێک لە خزمەتکارەکان هات و گوتی: (بەڕێز بۆسک... خاتوو سیمۆنا... زووکەن بۆ نمایشەکە ئامادە بن). سیمۆنا بۆ لای سەکۆکە چوو و بۆسک بە شەکەتییەوە هەستایەوە. زەنگ لێدرا و پەردە هەڵدرایەوە، فۆنتان خۆی بۆ نۆرەی خۆی ئامادە کرد.

کلاریس و بەدوای ئەویشەوە فۆشێری و مینۆن بەبەردەم فۆنتاندا تێپەڕین. فۆشێری بە بزەیەکەوە بە فۆنتانی گوت: (ها بینیت؟!) فۆنتان گوتی: (مەبەستت کێیە؟).

فۆشێری گوتی(شازادەی ڕووسیا دەڵێم). فۆنتان: (بەڵێ... د توانم بڵێم ئەو یەکێکە لە کڕیارە بەردەوامەکانمان).

فۆشێری گوتی: (بەڕاستتە؟) من ئەمشەو بۆ یەکەمینجارە ئەو دەبینم). فۆنتان گوتی: (ئەو پیاوە سەنگینە پۆشتەیەی، کە لە لۆژەکەی ئەوە کێیە؟ تۆ دیەناسیت؟!) فۆشێری گوتی: (لە لۆژەکەی ئەودا دوو کەس هەن: یەکیان کۆنت مۆفات دوبیڤێڵ و ئەوەیتر مارکی دۆشوارە... وابزانم کۆنت مۆفاتە، کە لەهەموو شوێنێکدا لەگەڵ شازادەیە) لەم کاتەدا خزمەتکارێک، کە چەپکە گوڵێکی زۆر جوانی بەدەستەوە بوو بەلایاندا تێپەڕی، فۆشێری هاواریکرد: (ئەم چەپکە گوڵە هی کێیە؟)، بەڵام خزمەتکارەکە، کە

پەلەی بــوو وەڵامێکــی ئەوی نەدایەوە و ڕاســتەوخۆ چــووە ژووری نانــا. فۆشـێری گـوتی : (هەر بەڕاسـت ئەم ژنە چەنـدە بەختەوەرە، کە چەپکە گوڵێکی شـازادە و کۆشـکیکی گەشـتیاری شکۆداری ستینەر بەدەست دەهێنێت!) مینۆن لێوی گەست و لەم ساتەدا دەنگی چەپڵە لێدانێکی دورودرێژی بینەران بەرزبووەوە و خزمەتکار نزیک بووەوەو هـاواریکرد: (بەڕێز فۆنتـان زوو بە) فۆنتان  لەکاتێکدا کە بەرەو سـەکۆکە دەهـات گلەیـی کـرد: (باشـە بۆچی ئەم زۆڵە بوتڵە شامپانیاکانی نەهێنا؟)

لەنێـوان پشـووی پەردەی دووەم و سـێیەمدا هونەرمەنـدەکان سـەرقاڵی خۆگۆڕین بوون تـا خۆیـان بۆ پەردەی سـێیەم ئامـادە بــکەن و هێشــتا خزمەتکــارانی تیاترۆخــانە چەپــکە گوڵەکــانی عاشــقانیان بــۆ هونەرمەنــدەکان دەبــرد. فۆنتــان لەگەڵ خزمەتکارەکەدا کەوتە دەمەقاڵێ لەسـەرئەوەی، کە بـۆچی لەبـری شـەش بـوتڵە شـامپانیا چـوار بـوتڵی هێنـاوە، لەو سـاتەدا دەنگـی بۆردنێــڤ، کە وەکــو مانگــا دەیبۆڕانــد بیســترا: (خاوەنشــکۆ شازادە... خاوەنشکۆ شازادە). سـەرەتا بۆردنێڤ و پاش ئەویش شازادە لەسـەر پلیکانەکان دەرکەوتن.

شازادە پیاوێکی درێژ و جوان و کەڵەگەت بوو و لە ڕەفتـار و هەڵســوکەوتیدا ســەنگینی و جــوامێری دیــار بــوو و بەدوای ئەوانیشدا کۆنت مۆفات و مـارکی دۆشـوار دەرکەوتـن. بۆردنێڤ چووە پێشەوەو بە شازادەی گوت: (قوربـان... فەرمـوون لێرەوە) کۆنت مۆفـات سـەرنجی خسـتە سـەر دەرگـایەک، کە لەنزیکییەوە بوو و بینی سێ ژنی سەماکار لەپشـتی پەردەوە سـەیر دەکەن و یەکێکیـان دەڵێـت: (سـەیرکە.. ئـەوەو خۆیەتی!)شـازادە بزەیەکـی

کـــرد، بەڵام بۆردنێـــڤ بە چـــاوێکی تورەییئـــامێزەوە ســـەیری ژنەکانی کرد.

بۆردنێـڤ لە ڕێـڕەوەکەوە گەیشـتـە ژووری نانـا و دەرگـای کـــردەوە: (خاوەنشـــکۆ... فەرمـــوو وەرە ژوورەوە) بەر لەوەی ڕستەکەی تەواو بێت گوێی لە هاوارێک بوو و بینی نانا لە پشتی پەردەوە لە کـــونجێکی ژوورەکەوە خـــۆی دەشـــارێتەوە. نانـــا لەودیـوی پەردەکەوە هـاواریکرد: (بەڕاسـتی زۆر بێـزارکەرە ... مەگەر نازانیـت، کە شـیاو نیـیە بەبێ مـۆڵەت بێیـتە ژوورەوە؟!) بۆردنێـڤ بە تـوڕەییەوە: (زوو بە وەرە دەرەوە... مەگەر نـابینی شازادە لێرەیە). نانا بە خەندەیەکی شـیرینەوە ڕەتیکردەوە، بەڵام بۆردنێڤ بە تۆنێکی باوکایەتییەوە گوتی: (ئـای خـوایە! خـۆ ئەو پیـاوانە هـەموویان دەزانـن، کە تـۆ خەریکـی خۆگـۆڕینی، خـۆ خاوەنشکۆ ناتخوات).

شازادە بزەیەکی کرد و بەهێواشـی گـوتی: (بەڵام مـن متمـانەم بەم قسەیە نییە).

پێکـــڕا لەو وەڵامـــدانەوە گەرمـــاوگەرمەی شـــازادە کەوتـــنە پێکەنین.

نانـا شـتیکی نەگـوت، کۆنـت مۆفـات چـاوێکی بە چـواردەوری ژوورەکەدا گێڕا. ژوورێکی چکۆڵە بوو و بنمیچێکی نزمی هەبوو، لە پەنـــجەرەیەک زیـــاتری تێـــدانەبوو و لە گۆشـــەی ژوورەکە ئاوێنەیەکی گەورە دەبینرا، کە لەسـەر مێزێکی سپییان دانـابوو... لەسـەر مێـزەکە چەنـد پاکەتێکی کۆنکـان و هەنـدێک لە شووشـە گـــوڵاو و ســـپیاو و کەلـــوپەلی ئـــارایش دەبینـــران. مۆفـــات لە ئـــاوێنەکە نزیـک کەوتەوە و ســـەیرێکی ڕوخســـارە پەڕیـو و ئەو

دڵــۆپە فرمێســکانەی کــرد، کە کەوتبــوونە ســەر تەوێــڵە لۆچاوییەکەی. بۆردنێڤ لە درزی پەردەکەوە سەری بردە ژوور و گــوتی: (نانــا زووبە... وەرە دەرەوە) نانــا ســەری هێنــایەدەر: (بەڕێــزان ببــوورن... ئێــوە لەپــڕ هــاتنە ژوورەوە)، جلێکــی زۆر تەنکی لەبەر بوو و هەستی بە شەرم دەکرد پەردەکەی دادایەوە، بۆردنێڤ یەکسەر گوتی: (کێشە نییە وەرە پێشەوە).

نانــا بە ڕاڕایــی و شــەرمکردنەوە لەژێــر لێــوانەوە گــوتی: (ئومێدەوارم خاوەنشکۆ من ببەخشێت،کە بە پۆشاکێکی ئاوا بە خزمەتیان گەیشتووم) شازادە بەوپەڕی ڕێزەوە گوتی: (خاتوون مــن پێویســتە پــۆزش بهێــنمەوە... بەڵام نەمتــوانی پیرۆزباییتــان لێــنەکەم) نانــا لەپشــتی پەردەکەوە هــاتە دەرەوە و لەبەرامــبەر شازادە و مارکی خۆی چەمانەوە و کاتێک گەیشتە لای کۆنت مۆفــات بەشــێوەیەکی هاوڕێیــانە دەســتی بــۆ درێــژ کــردو گلەیــی ئەوەی لێکرد لەوەی،کە بــۆچی لە میوانــدارییەکە ئامــادە نەبــووە، مۆفــات هەرکە پەنــجە ناســک و نەرمەکــانی نانــای گــرت لەشــی کەوتە لەرزیــــــن، لەبەرئەوەی لەگەڵ شــــــازادەدا زۆر مەی خواردبۆوە نەیتوانی وەڵامی گلەییەکەی نانا بداتەوە. لەم ساتەدا لەناکــاو فۆنتــان و بــڕۆلییە و بۆســک هــاتنە ژوورەوەو هەر یەکێکیــان بــوتڵە شــامپانیایەکیان لەبــن بــاخەڵ بــوو و دوو گلاسشیان لەدەست بوو.

فۆنتــان بە خۆشــحاڵییەوە گــوتی: (ئەمــڕۆ ڕۆژی ئــاهەنگی لەدایکبــوونمە و پێویســتە هەمــووان بە خۆشــی مــن پێــک هەڵــدەن!)،بەڵام هەرکە شــازادە و شــوێنکەوتووەکانیان بینــی

حەپەسان و هەر کە شازادە بزەی کرد لە بەرامبەر شازادەدا چەمانەوە و پێکڕا هاواریانکرد: (بە خۆشی شازادە دەنۆشین).
برۆلییە گوتی:بە خۆشی ژەنەڕاڵ بۆسک
فۆنتان گوتی: بە خۆشی نانا

پەرداخی شامپانیایان بۆ میوانەکان هێنا و شازادە چاوەڕوانی کرد تا پەرداخەکان پڕ بوون و ئینجا وەکو ڕێزێک خۆی چەماندەوە و گوتی: خاتوونەکەم... بەڕێز ژەنەڕاڵ... بەڕێزان... لەسەر شەرەفی هەمووتان دەخۆینەوە! گڵاسەکەی لە لێوی نزیک کردەوە و تێکڕای ئامادەبووان پێڕەوییان لێکرد. ئیتر نانا لە خۆشی و لەخۆباییان ئۆقرەی لێبڕابوو و ئاگای لە کراسە تەنکەکەی نەما و وا خەیاڵی دەکرد، کە شاژنێکە لە ژووری تەختەکەیدا پێشوازی لە وەزیرەکانی دەکات.

لەم ساتەدا یەکێک لە خزمەتکارەکان هاتەژوورەوە و ڕووی لە هونەرمەندەکان کرد: (بفەرموون، پاش کەمێکی دیکە پەردە هەڵدەدرێتەوە) هونەرمەندەکان چوونە دەرەوە و بۆردنێڤیش بۆ ڕاییکردنی هەندیک کار چووە دەرەوە و لە ژوورەکەدا جگە لە شازادە و کۆنت و ماركی كەسێكی دیكە نەمایەوە. نانا گوتی: (ببوورن بەڕێزان... من پێویستە ئارایشتەکەی خۆم تەواو بکەم). بەرەو ئاوێنە ڕۆیشت. شازادە لەسەر یەکێک لە کورسییەکان دانیشت و مارکیش چاوی لەو کرد، بەڵام کۆنت چووە لای پەنجەرەکە و لەوێ وەستا. شازادە چاوی لەسەر نانا هەڵنەدەگرت، گوتی: (ئەمشەو دەنگت یەجگار خۆش و زوڵاڵ بوو) نانا نیگایەکی قەشەنگ و عیشوەئامێزی گرتە شازادە و گوتی: (خاوەنشکۆ! ... ئێوە زیاتر لەوەی کە شایستەم وەسفم

دەکەن).مارکی دۆشوار سەیری چاوە دڵڕفێنەکانی نانای کرد، کە پیاوی شێت دەکرد و گوتی ناکرێت کەمێک دەنگی مۆسیقا نزم بکرێتەوە؟ بە راستی دەنگەکە بەرزە و تووشی قورسییەکت دەکات و دەنگت دەخنکێت. بەڵام نانا بەبێ ئەوەی گرنگییەکی پێبدا و سەیری بکات خۆی سەرقاڵی ئارایشکردنی سینگ و بەرۆک و گەردن و بازووەکانی خۆی کردو مۆفاتیش لەم ماوەیەدا ورتەی لەدەم نەهاتەدەر.

مۆفات لەو ساتەدا بیری لە ڕابردووی دەکردەوە و ژیانی خۆی دەهێنایەوە بەرچاوی،منداڵی و ...

شازادە گوتی: (ئەگەر لە تیاترۆخانەی مۆسکۆ کاربکەیت ئەوەندە ستایشت دەکەن، کە هەرگیز بیری گەڕانەوە بۆ پاریس بە مێشکدا نایەت)، ئینجا ڕووی لە کۆنت کرد و گوتی: (ئێوە پەیتان بە جوانی ژنانی خۆتان نەبردووە و مۆسکۆ هەوڵدەدات کە ژنە جوانەکانی ئێوە بۆ خۆی رابکێشێت)...لەم ساتەدا فڵچەیەکی چکۆلە لە دەستی نانا بەربۆوە، مۆفات دانەوییەوە تا هەڵیگرێتەوە و بیداتەوە نانا. ناناش بۆ هەڵگرتنەوە فڵچەکە خۆی چەماندەوە، پرچی جوانی بەسەر دەستی کۆنت دا پەرش و بڵاو بووەوە و کۆنت هەستی بەوە کرد، کە هەناسە گەرم و بۆنخۆشەکەی نانا بەر ڕوخساری دەکەوێت و لەخۆوە تەزووی بە لەشیدا هات و دڵی کەوتە خورپە.

خزمەتکارەکە هاتەژوورەوە و بەوپەڕی ڕێزەوە گوتی: (خاتوون .... بینەران ئۆقرەیان لێبڕا). نانا زۆر ئارام گوتی: (پێویستە زیاتر لەمە ئۆقرە بگرن).

نانـا بە ئـارامی بەردەوامـی بە ئیشـەکەی خۆیـدا، پاشـان هەسـتایەوە و سـەیرێکی ئـاوێنەی کـرد و وەرچەرخـا... شـازادە لەژێر چـاوانەوە سـەیری نانـای کـرد، بەڵام مـارکی دوشـوار بە رێکی سـەری دەلەقاند، کە ئامـاژەیەک بـوو بۆ ڕازیبـوون و پێ سەرسـامبوون، بەڵام کۆنـت سـەری دانەوانـدبوو و سـەیری ئەرزی ژوورەکەی دەکـرد... نانـا گـوتی: (مـن ئامـادەم). نانـا لە ژوورەکە چـووە دەرەوە و ئەو سـێ پیـاوەش بەدوای ئەودا چوونەدەرەوە.

پەردە هەڵـدرایەوە نانـا بەو پۆشـاکە تەنک و ڕووتەی خـۆی دەرکەوت و سـەرنجی بینەرانـی راکێشـا. کۆنـت تـاوەکو نانـا گـۆرانییەکەی خـۆی تەواو کـرد و دەنگـی چەپڵـەڕێـزان و هاتوهـاواری بیـنەران بەرزبـۆوە هێشـتا بە واق ورمـاوی و شـەیداییەوە مـابۆوە. کۆنـت لەشـوێنی خـۆی دوورکەوتەوە و هەرکە نانـای قەشـەنگ و نیمچەڕووتـی بینـی، کە تـولەڕێیەکە تێدەپەڕێت و ڕێڕەوەکەش چۆڵە بەدوای نانا کەوت و لەبەردەم دەرگـای ژورەکەی مـاچێکی گەرمـی لە لاملـی کـرد. نانـا بە چاپووکی گەڕایەوە و دەسـتی بۆ سـەر سـەری بەرزکردبۆوە... هەرکە چـاوی بە کۆنـت کەوت نیگـایەکی عیشـوەئامێزی بەرەو ڕووی کۆنت کرد و بەدەنگێکی شیرینەوە گوتی: (مـن کۆشـکێکی گەشـتیاریم لەنزیـک ئۆرلیـان کڕیـوە وەکـو ئەوەی، کە ژۆرژ هیجۆن وتی ئەم کۆشکە کەوتۆتە نزیکی موڵکەکانی ئێوە، ئەگەر حەزتکرد جارجارە بۆ سـەردانم وەرە ئەوێ!...)، بەڵام کۆنت کە لە هەڵسـوکەوتی خـۆی پەشـیمان ببـۆوە بە شـەرمەزاریی و خەجـاڵەتەوە سـەری شـۆڕکردەوە، بەڵام بەڵێنیـدا، کە بچێـتە

دیدەنی نانا... بەپەلە نانای جێهێشت و بەدوای مارکی دوشواردا ڕۆیشت، کە لەیەکێک لە سەرسوچەکان قسەی لەگەڵ ساتان دەکرد، بەڵام ئاگای لێنەبوو، ئەو شەوە کۆنت بە پیادە بۆ ماڵەکەی خۆی گەڕایەوە، بەڵام خەو نەچووە چاویەوە. دەیویست بیربکاتەوە، بەڵام نەیدەتوانی، کۆنت هەستیکرد، کە نانای دڵڕفێن بێئەندازە ئەوی شەیدای خۆی کردووە گەنجێتی ئەوی گەڕاندۆتەوە و ئەوی لەو بیروباوەڕ و داب و نەریتانە دابڕیوە، کە لە چڵ ساڵی ڕابردوودا خوی پێوەگرتوون و پابەندیان بووە.

# ٧

مادام هیجۆن لە لافۆندیت خاوەنی باخچەیەکی گەورە بوو لە نزیکی ئۆرلیان، لەناوەڕاستی ئەم باغچەیەدا کۆشکێکی گەورە هەبوو، کە مێژووی دروستکردنی بۆ چەرخی حەڤدەیەم دەگەڕایەوە. ڕۆژێک دوای نیوەڕۆ مادام هیجۆن و ژۆرژی کوڕی بینیان، کە کۆنت و ژنەکەی لەگەڵ ستێللای کچیان دێنە ماڵەکەی ئەوانەوە تا هەفتەیەکی ڕۆژانی هاوین لای ئەوان بمێننەوە. ئەوان بەشێکی کۆشکەکەیان چۆڵ کرد و دایانە میوانەکانیان. مادام هیجۆن بە میوانەکانی گوت: (خۆشبەختانە لێرەدا خۆش ڕادەبوێرن، چونکە ژۆرژی کوڕم دوو کەسی لە هاوڕێکانی خۆی بۆ ئێرە بانگهێشتکردووە، یەکێکیان ڕۆژنامەوانێکە بە ناوی فۆشێری و وابزانم، کە ئێوە بیناسن و ئەویتریان داجینیەیە). سابینی ژنی کۆنت پێکەنی و گوتی: (بەڵام بیرتان نەچێت، کە باوکیشم بەیانی دێت بۆ ئێرە). پاشان قسە هاتە سەر شاری پاریس و هاوڕێکانی خۆیان و ناوی ستینەریان هێنا، مادام هیجۆن وتی: (ستینەر هەمان ئەو کەسە کورتە بنە خڕە نییە، کە لە ماڵەکەی ئێوەدا بینیم؟! دەڵێن کابرایەکی دەوڵەمەندیشە).

کۆنت پاڵپشتی قسەکەی ئەوی کرد. مادام هیجۆن بە ئاوازێکی گاڵتەجاڕییەوەگوتی: (وا بزانم ئەو کەسێکی

بەخشــندەیە، چــونکە کۆشــک و بــاغچەیەکی لەو نزیکــانە بــۆ هونەرمەنــدێک کڕیــوە و ئەم شــتەش تــوڕەیی و قینــی خەڵکــی بەرامبەر ئەو وروژاندووە، ئێوە ئاگاتان لەم بابەتە هەیە؟) کۆنت گـوتی: (نـا مـن هـیچ زانیـارییەکەم لەبـارەی ئەم بـابەتەوە نییە). پاشــان مــاوەیەک بێدەنگ بــوو ئینجــا لەدرێــژەی دایــێ: (کەواتە ستینەر بۆتە دراوسێی ئێوە؟!) ژۆرژ ئەگەرچی قسـەی دایکی و کۆنتی بیست، بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا. مـادام هیجۆن ئەوەشـی گـوت، کە کۆشـکی هونەرمەنـدەکە دوو کیلـۆمەتر لە کۆشـکەکەی ئەو دوورە. سـابین لێـی پرسـی: (نـاویم بیرچـووە... ڕەنگە ژۆرژ بزانێـت). ژۆرژ بـرۆی گـرژ کـرد، بەڵام کۆنـت چاوەڕوانی وەڵام بــوو. ســابینی ژنــی کۆنــت ڕووی لە مێــردەکەی کــرد و گــوتی: (بێگومان دەبێت ئەو هونەرمەنـدە هەمـان ئەو کچـۆڵە پـرچ زەردە بێـت کە لە تیاترۆخـانەی ڤـارێتییە ڕۆڵ دەگێڕێـت... نـاوی نانـایە) مــادام هیجــۆن گــوتی: (نانــا... بەڵــێ هــاتەوە بیــرم نــاوی نانــایە... ســتینەر کۆشــکی مینــۆتی بــۆ ئەو ژنە کڕیــوە... و بــاغەوانەکە دەیگــوت، کە نانــا ئەمشــەو دێــت، ژۆرژ ئــەدی بــاغەوانەکە وای نەوت؟!). گەنــجەکە بەهێواشــی گــوتی: (بەڵــێ دایــکە... بەڵام ئەم بـــاغەوانە نازانێــت چـــی دەڵێــت، بەڵام گالیســـکەچی ئەوەی دووپاتکردۆتەوە، کە نانا دوسبەی دێتە ئێرە). مـاوەیەک بێدەنگی بــوون و دوای ئەوە مــادام هیجــۆن گــوتی: (بەڵام مــن وای بــۆ دەچم کە بوونی ئەم ژنە لەم نـاوە بۆ ئێمە بـاش نەبێت و خـۆی لێ نزیک ناخەمەوە).

خۆشـی و شـادمانی مـادام هیجۆن بە هـاتنی خێزانی مۆفـات بەدەر نەبـــوو لە ناخۆشـــی و چەرمەســـەری. ژۆرژ دوای

نانخواردن گوتی سەرم دێشێت. کاتێک سەرئێشـەکەی توند بوو بە دایکی گوت من پشـوودان لەسـەر تەختەخەوەکە بە باشترین چارەسەر دەزانم بۆ ئەم سەرئێشەیەو دایکیشی لەگەڵی چوو تا ژوورەکە و پەنجەرەکـانی داخسـت و جەسـتەی داپۆشـی و هیـوای خەوێکـی خۆشـی بـۆ خواسـت و جێیهێشـت، بەڵام ژۆرژ هەر کە بینـی هەموویـان لە هـۆڵەکەدا سـەرقاڵن لەسـەر تەختەخەوەکەی هاتە دەرەوە و دەرگای پەنجەرەکەی کردەوە و لە پەنجەرەکەوە خۆی هەڵدایە ناو باغچەیەک کە هـەر مەترێک بەرزتر بوو و لەناو درەختەکاندا ون بوو.

# ٨

ئێواره نانـا گەیشـتە کۆشـکە نـوێکەی خـۆی. سـتینەر چەنـد ڕۆژێـک لەمەوبەر ئەو کۆشـکەی کڕیبـوو، بەڵام نانـا نەیـدەتوانی بچێتە ئەو کۆشکە، چونکە بۆردنێڤی سەرۆکی تیاترۆخانە ئامـادە نەبوو تەنانەت بۆ چەند ڕۆژێکیش بێت مۆڵەتی پێبدات، نانا چیتر ئـارامی نەگـرت و لە سـەرەتاکانی مـانگی سـێپتێمبەردا چـووە کۆشکەکەی خۆی و نامەیەکی بۆ پووری نووسی تا دەمودەست لویسـی کـوڕە بچووکـۆڵەکەی بـۆ کۆشـکی مینـۆت بهێنێت. هەر چۆنێـک بێـت گالیسـکەکەی نانــا لەبەردەم کۆشــکی مینــۆت دا وەســتا، بــاغەوانەکە بەرەو پێشــوازی خــاوەنە نــوێکەی خــۆی ڕایکرد. نانا سەرقاڵی گەڕان بوو و لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی دیکە چـوو و لە خۆشـیاندا ئـارامی لێهەڵگیـرا بـوو. ئەو کۆشـکە هــــۆڵێکی فراوانــــی هەبــــوو پەنجەرەکــــانی ڕووەو بــــاغچەکە دەکرانەوە، هۆڵی نانخواردنی زۆر بە ڕازەوەیی و شکۆدارییەوە بینـی و وابیریکـردەوە،کە ئەو دەتوانێت چەنـد میوانداریکردنێکی گەورەی تێدا بکات، نانا بـۆ بینینـی نهۆمی دووەم لە پەیژەکـان ســــەرکەوت، لە ناوەڕاســــتی پەیژەکانــــدا بیــــریکەوتەوە، کە چێشـتخانەی کۆشـکەکەی نەبینیـوە، بۆیـە گەڕایەوە و دەسـتی لـویزی خزمەتکارەکەی خـۆی گـرت و چـووە چێشـتخانە، لەوێدا ئاگردانێکی دەبینرا، کە شوێنی برژاندنی بەرخێکی تەواوی تێدا

دەبـۆوە، پاشــان چـووە نهـۆمی دووەم و ژووریکـی جـوانی بـۆ خۆی هەڵبژارد، کە ڕەنگێکی پەمەیی کراوە و قەشـەنگی هەبـوو، تەواوی ژوورەکــانی دیکەشــی پشــکنی، ئینجــا بە پەیژەیەکــی تەختــەی تەسـک چـووە سـەربانەکە، بەلام لـویز ئامـادە نەبـوو لەگەڵیدا سەرکەوێت و وتی کە ناوێرێت بەسەر ئەو پەیژە تەسک و مەترســیدارەدا ســەرکەوێت و ملــی بشــکێت، بەڵام هێنــدەی پێنەچـوو، کە بیسـتی وا نانـا هـاوار دەکـات: (لـویز... لـویز... تـۆ لەکوێی؟! وەرە سـەرەوە... ئێرە نموونەیەکە لە بەهەشـتی پـان و بەریـن). لـویز بە پرتەوبۆڵەوە سـەرکەوت و دەشـتێکی سـەوز و جوانی لەبەرامبەر کۆشکەکەدا بینی، کە دیمەنێکی ئێجگار دڵگیر و جوانی هەبوو. دوای ئەوە لە پەیژەکان هـاتەخوارەوە و چووە نــاو بــاغچەکە و چــاوی بە دارتــووێکی گەورە و پــڕ کەوت و بەوپەڕی دڵخۆشـییەوە وەکـو منـداڵان هــاواریکرد: (ئــای... دار تـوو... بـزانە چ تـووییکی گەورە و تەڕی پێـوەیە... لـویز خێـراکە قاپێک بێنە تـا هەندێک لەو تـووانە لێبکەمەوە). پاشـان، کە باران دەباری سەیوانەکەی خۆی خستە ئەولاوە و بە توندی یەکێک لە لقەکـانی دارەکەی گـرت و کەوتە هەڵتەکانـدنی. ئاسـمان تاریـک ببـوو، لەم سـاتەدا نانـا وا هاتەبەرچـاوی، کە تارمـاییەک لەودیـو درەختەکـان دەجـووڵێتەوە، بەترسـەوە هـاواریکرد: (ئـای... ئەمە ئاژەڵێکی دڕنـدە بـوو چـووە پشـت درەختەکـان)، بەڵام مـاوەیەک دوای ئەوە کەســەکەی ناســییەوە و گــوتی: (ئــای ژۆرژ ئەوە تۆی؟... توو بی و خودا بۆچی هـاتویتە ئێرە؟) ژۆرژ گـوتی: (بـۆ بینینی تۆ هاتووم).

نانا گوتی: (چۆن زانیت، کە من هاتوومەتە ئێرە؟ ئەوە باغەوانەکە هەواڵی پێدای؟ ژۆرژ بۆچی ئاو لە جلەکانت دەچۆڕێتەوە؟) ژۆرژ گوتی: (لەڕێگادا باران باری و سەرەڕای ئەمەش کەوتمە ناو زەلکاوەوە) نانا گوتی: (زەلکاو... ئای ئەوە دەڵێی چی؟)، نانا پێکەنی و بە میهرەبانییەوە هاتە پێشەوە و نێوچەوانی ژۆرژی ماچ کردو گوتی: (وەرە پێکەوە بچینە کۆشکەکە) نانا تا ئەوکات وەکو منداڵێک مامەڵەی لەگەڵ ژۆرژدا دەکرد و هیچ گرنگییەکی بە ڕاز و نیازی عاشقانەی ئەو نەدەدا. لەوساتەدا نەیدەزانی چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ژۆرژدا بکات. سەرەنجام چووە ژووری خەوتنەکەی و فرمانی بە لویز کرد زۆپاکە داگیرسێنێت.

باوڵەکەی خۆی کردەوە و چەند پارچەجلێکی هێنایەدەرەوە و بە لویزی داو گوتی: (ئەم جلانە ببە تا ژۆرژ لەبەریان بکات و جلە تەڕەکانی ئەویش لەبەردەم زۆپاکە وشک بکەوە تا دواتر، کە لەبەری کرد ڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە ماڵەوە و نەکەوێتە ژێر لێپرسینەوەی دایک و باوکییەوە). ئینجا جلەکانی خۆشی دەرهێنا. ڕووپۆشێکی تەنکی خستە سەر شانی و چووە ژووری خەوتنی خۆی. پاش ماوەیەک گەڕایەوە و هەرکە ژۆرژی بینی جلی ژنانەی پۆشیوە لە خۆشیاندا هاواریکرد:(ئای ژۆرژ تۆ بەتەواوەتی بوویتیە کچۆڵەیەکی قەشەنگ) هەر بەڕاستی ژۆرژ بەو جلە ژنانەییەو دەموچاوە بێگەردو پرچە زەردەکەی بەتەواوەتی وەکو ژنێکی لێهاتبوو و تەنیا سوراو و سپیاوی کەم بوو.

نانا دەستی لە ناوقەدی ژۆرژ ئاڵاندو گوتی: (بەڕاستی ژۆرژ تـۆ لەشـولارت لە لەشـولاری مـن گەورەتـر نیـیە). لـویز وەرە سـەیرکە و ببیـنە وەکـو ئەمە وایە، کە جلـی منیـان بـۆ ئەو دووریـوە، هەرسـێکیان پیکەنـین. لـویز جلە تەڕەکـانی ژۆرژی خستە بەردەم زۆپاکەو ژۆرژیش خۆی خستە سـەر کورسـییە دەسـکدارەکە و نانـا چـووە بەردەم پەنـجەرەکەو وتـی: (ئـای خـوایە!... چ کەشـێکی خۆشـە... ئـازیزم وەرە سـەیرکە) ژۆرژ لەتەنیشت نانا وەستا و دەستی لە ناوقەدی نانا ئاڵاند و سـەری خسـتە سـەر شـانی. لە ئاسـماندا ئاسـەوارێکی هەور نەدەبینـرا، مانگ دەدرەوشـایەوە و و بە تیشکی خۆی پۆشـاکێکی زیـوینی خسـتبویە بەر دەشــت و دەر. ژۆرژ ئیتـر ئـۆقرەی نەگـرت و ماچێکی لە گەردن و پاش ئەمەش ماچێکی دیکەی لە کوڵمی نانا کـرد و دەیویسـت مـاچی سـێیەم لە لێـوە گوڵڕەنگەکـانی نانـای قەشـەنگ بڕفینێت لەوکـاتەدا نانـا بە دەسـتێکی لەرزۆکەوە ئەوی دور خستەوە و گوتی، کە پێویستە تا زووە بگەڕێتەوە ماڵەکەی. لەم سـاتەدا دەنگی چەهـچەهەی بولبولێکیـان لە نزیکـی خۆیـان بیست، ژۆرژ گوتی: (ڕووناکی بولبول هەراسان دەکات، وا چاکە چـراکە بکـوژێنینەوە تـا چـاکتر بخوێنێـت) ئینجـا ڕاسـتەوخۆ چراکەی کوژاندەوە و دووبارە دەستی لە نـاوقەدی نانا ئالاند و گـوتی: (کەمێکـی دیـکە چـراکە دادەگیرسێنین...ئێسـتا گـوێ لە چەهچەهەی بولبول بگرە)

نانـــا لەناکـــاو واهەســـتیکرد، کە هەناســـە گەرم و هەوەسـبازانەکانی گەنـجەکە بەر ڕوخسـاری دەکەوێت و کەوتە بیرکـردنەوە لەڕابـردوو و تێگەیشـت، کە وەسـفی دیمەنێکـی لەم

چەشــنەی لە یەکێـک لە چیرۆکەکانــدا خوێنــدۆتەوە و لەوســاوە تاکو ئێستا ئارەزووی ئەوەی دەکرد گیانی خۆی فیدا بکات تا مانگێکی ئاوا جوان ببینێت و گوێی لە چەهچەهەی بولبول بێت و هەناســەی گەنجێکــی جــوان، کە دەیپەرســتێت بەر ڕوخســاری بکەوێت!! چاوەکانی نانا پڕ بوو لە فرمێسک و لەخۆی پرسی،کە بۆچی ژیانێکی ئابڕوومەندانەتری بۆ خۆی هەڵنەبژاردووە؟

ژۆرژ بـرەوی بە چاوقـاییمی و دەسـتریژی خۆیـدا،بەڵام نانـا ڕێگری لێکرد و گوتی: (نا کۆڕەکەم... من پێمباشـە لەجێی دایکت بم، نەک دڵبەرت بم).

ڕوخساری نانا سوورهەڵگەڕا و هەرچەندە هەوڵیدا پێبکەنێت تــا پەرێشــانییەکەی بشــارێتەوە،بەڵام نەیتــوانی و پێکەنــین لە قـورگی گیـر بـوو لەوکـاتەی، کە گەنجێکـی جـوان لەدەسـتەکانی دابوون و لە شوێنێکی تاریک و ماڵێکی ئاوا هێمن و کپدا بوو.

# ٩

بەیـانی ڕۆژی دواتـر میوانەکـان لە مـاڵی مـادام هیجـۆن سـەرقاڵی خـواردنی نـانی بەیـانی بـوون و لەوکـاتەدا ژۆرژ لە ژوورەکەی خۆی هاتەدەرەوە و چوو بۆ لایان. ڕەنگی پەڕیبوو و سەروپرچی ئاڵۆز بوو. دایکی نیگەران بوو، ژۆرژ گوت،" کە هێشتا سـەری ژان دەکات. دایکی دەستی نازی بە نێواچەوانیدا هێنـا و بەر لەوەی ئامـادەبووان نـانی بەیانییـان تەواو بـکەن گالیسـکەیەک لەبەردەم دەرگـای مـاڵەکە وەسـتا و فۆشـێری و داجینییە و فاندێڤەر لێی دابەزین. مادام هیجۆن بۆ پێشوازییان چـوو و سوپاسـی فۆشـێری و داجینیـیەی کـرد، کە داوەتەکەی ئەویان پەسەند کردووە، پاشان ڕووی لە فاندێڤەر کرد و گوتی: (مـن چەنـدین جـار ئێـوەم داوەتکـردووە و لە مـاوەی ئەم پێـنج ساڵەی دواییدا چاوەڕوانت بووم، ئەوە چ پەڕجوویەک ڕوویداوە کە ڕێت هەڵە کردووە و هاتوویت؟!) فاندێڤەر پیکەنی و گوتی کە شـەوی ڕابـردوو بـڕە پـارەیەکی دۆڕانـدووە و بـۆ لەبیرکردنـی دۆڕانەکەی خۆی هاتۆتە هـاوینەهەوار، پاشـان ڕێژەی پێدا: (مـن نـاگەڕێمەوە پـاریس، مەگەر ئەوەی، کە بـووکێکی جـوانم دەسـتکەوێت بارتەقـای بـڕی ئەو پـارەیە بێـت، کە دوێشـەو دۆڕاندوومە و خەم و خەفەتی ڕابردوو لەبیر بکەم).

چەند خولەکێک دواتر مـارکی دوشـوار گەیشت، مـادام هیجۆن هـاواریکرد: (بەڕێـز مـارکی زۆر بەخێـر بێیـت). پاشـان مـادام

هیجۆن هەموویانی بۆ نانخواردنی بەیانی بانگهێشتکرد، فاندیڤەر بەرامبەر مادام هیجۆن دانیشت و مادام هیجۆن پێیگوت: ( تۆ دەزانی دراوسێ تازەکەی من کێیە؟). دوای ئەوە ناوی نانای هێنا، فاندیڤەر کە لەڕواڵەتدا سەرسامی نیشاندا و گوتی: ( چی دەڵێیت؟ نانا لە هاوینەهەوار دادەنیشێت؟) فۆشێری و داجینییەش لەرواڵەتدا سەرسامی خۆیان نیشاندا، بەڵام مارکی دوشوار پارویێکی گەورەی خستە دەمیەوە و وای نیشاندا، کە بایەخ بە قسەکانی ئەوان نادات. مادام هیجۆن گوتی: (بەڵێ... ئەو دوێنی هات) بە بیستنی ئەم قسەیە پیاوەکان سەریان سوڕما و وایاندەزانی، کە نانا ڕۆژی دواتر دێت و هەریەکێکیان زووتر لەوەیتر هاتۆتە ناو گۆڕەپانەکەوە. ژۆرژ بێدەنگ بوو و تەنیا سەیری قاپەکەی خۆی دەکرد، دایکی لێیپرسی: (کوڕەکەم... چیە دیسان ژانەسەرتە؟). ڕوخساری ژۆرژ سووور هەلگەڕا و وتی کە ئێستا باشترە. ژۆرژ زۆر ماندوو دەهاتەبەرچاو و دایکی گوتی: (ئەم پەڵە سوورە چییە بەسەر ملتەوە؟)گەنجەکە نیگەران بوو، داماوە نەیدەزانی، کە لێوەکانی نانا ئاسەوایان لەسەر ملی جێهێشتووە، ئەو بە دەنگیکی هێواش و لەرزۆکەوە گوتی: (بێگومان ئەمە شوێنی پێوەدانی مێشوولەیە پاشان ملی خۆی نوقمکردە ناو یەخەی کراسەکەی). قسە لەسەر ئەمە بوو، کە پیاسە بەناو باغچەکاندا بکەن، فۆشێری بۆ ساتێک چاوی لەسەر ڕوخساری سابین هەڵنەدەگرت. بەڕێکەوت فۆشێری لە چاوە ڕەش و سیحراوییەکانی سابیندا ماناگەلێکی زۆری خوێندەوە!! هەموویان لەسەر مێزەکە هەستان، داجینییە و فۆشێری دوای هەمووان کەوتنەڕێ. لەو ساتەدا بارانێکی بەلێزمە باری و

ئامـادەبوون پیاســە و گەڕانەکەیـان خســتە ڕۆژی دواتـر، ژۆرژ چـووە ژوورەکەی خـۆی و دەرگـاکەی بەسـەر خۆیـدا کلۆمـدا. پیاوەکـان چاوەڕوان بـوون، کە ڕۆژی دواتـر نانـا ببینن، هەر کە شـەو داهـات، ژۆرژ وەکـو شـەوی ڕابـروو لە پەنـجەرەوە خـۆی هەڵدایە ناو باغەکە و بەرەو کۆشـکەکەی نانـا ڕایکرد، بەڵام زۆر سـەری سـوڕما کاتێـک بینـی، کە کۆنـت مۆفـاتیش لە پـێش ئەو بەخێرایی بەرەو کۆشکی نانـا دەڕوات، گەنـجەکە حەپەسـا، بەڵام دوای سـاتیک بیرکـردنەوە پلانـی دانـا، کە پـێش کۆنـت خـۆی بگەیەنێـتە کۆشـکی نانـا لەبەرئەمە بە قەدبـڕ بەنـاو باغچەکـان تێپەڕی و و زووتـر خـۆی گەیانـدە ئەویّ، هەناسـەبڕکێی بـوو و فرمێسـکی تـووڕیی و نائومێدی بەچاوانیـدا دەهـاتنەخوارەوە، بە دەنگێکی ئیرەییئامێزەوە گوتی، کە کۆنت مۆفاتی لە ڕێگادا بینیوە و بۆ کۆشک دێت و دیارە بەڵێنی دیدەنیت بەو داوە.

نانـا سـەری لە ئیرەیـی گەنـجەکە سـوڕما لە هەمانکاتـدا ئەو ئیـرەییە هەراسـانی کـرد، بەڵام سـەرەڕای ئەمە دەسـتی لە ملـی گەنجەکە کرد و بەوە دڵنەوایی دایەوە، کە ئەو بەڵێی دیدەنی بە کەس نەداوە. ئینجـــا مـــاچیکرد و فرمێســـکەکانی ســـڕیەوە و سـوێندی خـوارد، کە ئەوی خـۆش دەوێت، پاشـان گـوتی: (ئەگەر بەڵگەی ڕاسـتی قسـەکانمت دەوێت کەواتە بـزانە کە سـتینەریش دێتە ئێرە، بەڵام من پێمگوت، کە نەخۆشـم و نـاتوانم پێشـوازیت لێبکەم، ئەو ئێسـتا لە ژوورەکەی خـۆیەتی، بـڕۆ ژووری خەوتنـی مـن و لەوێدا چاوەڕێم بـکە) ژۆرژ دەسـتی نانـای مـاچکرد و بە فرمێسـکی خـۆی تەڕیکـرد، چـونکە دڵنیـایی بەدەسـتهێنا،کە نانـا ئەوی خۆش دەوێت، هەر کە چووە ژووری خەوتنی نانا دەنگی

زەنگـی دەرگـاکە هـات و کۆنـت مۆفـات هـاتەژوورەوە. نانـا بە سەرسامی و نیگەراییەوە پشوازی لێکرد. ڕاستە کە نانا بەڵێنی دیدەنی بە کۆنت دابوو،بەڵام ئەو هەرگیز واگومـانی نەدەکرد،کە گەنجێکی حەڤدە ساڵان بەشەو بێتە کۆشکەکەی و دڵی بڕفێنێت و ئەو وەکو هـاوڕێ و هـاودەمی خۆی هەڵبژێرێت، ئێستا بە چ ڕێگەیەک دەکرێت لە کۆنت مۆفـات قورتـار ببێت؟! بەڵـێ نانـا ئامـادەبوو،کە لەبەر ژۆرژ دەسـت لە کۆنـت مۆفـات هەڵگرێت،کە تەواوی فێـڵ و تەکنیکەکـانی بەکارهێنـاوە تـا ئەوی شـەیدای خـۆی کردووە. کۆنت ویستی بە قۆڵە لەرزۆکەکانی خۆی نانا لەئامێز بگرێت، بەڵام نانا بزەیەکـی کـردو خـۆی کێشـایەوەو گـوتی: (نـا نـاکرێ، وریابە،ستینەر لێرەیە). کۆنـت ڕازی نەبوو،نانـا ناچاربوو دەسـت بخاتە سـەردەمی تا ڕێگری قسـەکردنی لێبکات. لەم ساتەدا دەنگی پێـیەک بیسـتراو دوای مـاوەیەک سـتینەر هـاتەژوورەوە، نانـا هاواریکرد:(ئـای کـۆنتی ئـازیزم ئەوە تۆی؟!کۆنـت مۆفـات، کە خەیکی پیاسـەی شـەوانەبوو لەناکـاو ڕوونـاکی لە کۆشـکەکەمان بینیوەو بۆ چاکوچۆنی هاتۆتە ئێرە)دوو پیاوەکە تەوقەیـان کـردو بۆ ساتێک بێدەنگ بوون، ئینجا قسە دەربارەی پاریس و بۆڕسـە هـاتەگۆڕێ. دوای چەنـد خولەکێـک کۆنـت مـۆڵەتی ڕۆیشـتنی خواست و ڕۆیشت. ستینەر گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی و ناناش بە پەلە چـووە ژووری خەوتـنەکەی خـۆی، هەر کە دەرگـاکەی لەژوورەوە داخسـت ژۆرژ لەپشـتی دەرگـاکە هـاتەدەرەوەو پێکەنـی دەسـتیان خسـتە ملـی یەکترییەوە.ڕێـک لەم ساتەشـدا کۆنـت مۆفـات کڵاوەکەی خۆی لەدەست گرتبوو و شنەبایەکی ساردی شـەوانە بەر نێوچەوانە گەرمەکەی دەکەوت و هیوابڕاوانە بۆ ماڵ دەگەڕایەوە.

# ١٠

نانـا گـۆڕانێکی سـەیری بەسـەر هـاتبوو، بە چـاوی نەفـرین و کینەوە لە تەواوی پیاوانی دەڕوانی، هـاودەمی و پێکەوژیانی ئەم گەنجە کەم تەمەنە واتای شـەرمەزاری و شـوورەیی فێرکردبوو، هەروەهـا چاوەکانیشـی واتـای ئەشـکی پەشـیمانی و لێوەکانیشـی واتـای بـزەی دڵخۆشـی چەشـتبوو. نانـا داوێـن پـاک ببـوو و دەیویست لە یەکەمین عەشقی حەقیقی خۆیدا چێژ وەرگرێت!...بۆ یەکەمین جار لە ژیانی پیسی خۆیدا غەمباربوو و واهەستیکرد، کە سروشـت و مانـگ و باڵنـدە و دەرختەکـانی خـۆش دەوێـت و حەزدەکات چەند کاتژمێرێکی زۆر لە هێمنی و بێدەنگیدا بەسـەر ببات و گۆرانییە پاک و بێگەردەکانی دایکی دووبارە بکاتەوە.

هەستی دایکایەتی تێدا بزوابوو و هەرکە مادام لیرا کوڕەکەی بۆ هێنا یەکسەر منداڵەکەی لەباوەش کرد و بردییە باغچەکە و یـاری لەگەڵدا کردو پێکەوە لەسـەر گژوگیاکـان غلـۆر بوونەوە، جلێکی بەنەخش و نیگاری لەبەری کرد و نیوەی خۆشەویستی خۆی بە لویس دا و نیوەکەیتری تایبەتکرد بە ژۆرژ.

ڕۆحی لەخواترسی و خواپەرستی وەها تێیدا خرۆشا بەرنامەی دانابوو،کـە هەمیشـە لە لادێـکە بمینیـتەوە و لە شـار و خەڵـکە خۆشـگوزەرانەکەی دوور بێـت. ئەم ژیـانە یەک هەفـتە پتـری نەخایاند و گشت ڕۆژێک کۆنت بە جۆش و تامەزرۆییەوە بۆ

بینینی نانا دەچوو، بەڵام بە هەناسەساردی دەگەڕایەوە، چونکە نانـا خۆشویسـتنی ئەوی وەکـو ناپاکیکردنێـک بەرامـبەر بەژۆرژ دادەنـا... ژۆرژ ئەوی خـۆش دەویسـت و متمـانەی بەو پەیـدا کردبـوو و ڕۆژی هەشـتەم لەبەردەم دەرگـادا سـێ گالیسـکە وەستان، کەسانێکی تێدا بوو، کە نانا ئەوانی بۆ کۆشکە نـوێکەی خۆی داوەتکردبوو، نانا وایدەزانی،کە ئەوان بانگهێشتکردنەکەیان لەبیرچووە.لابۆردیـت و لووسـی سـتیوارت و کـارۆلین هـیکە و ماری بلۆند و هیکتۆر دولافلواز لە گالیسکەکان دابەزین.

# ١١

مـادام هیجـۆن له هاوسـێیەتی نانـا نـیگەران و دڕدۆنـگ بـوو، وەکـو ژنیکـی لەخـواترس، کە هەواڵـی ژنێکـی سـۆزانی ببیسـتێت باسوخواسـی نانـای دەبیسـت و بە زمـانێکی زبـر و نـاخۆش بـۆ میوانەکانی خۆی باس دەکرد، بەڵام میوانەکـانی لەبەر پاشـمله و تۆمەت و بوختانی ئەو بەرامبەر نانا یەک لەدوای یەک مـاڵەکەی ئەویان جیهێشت و ئەویش تۆمەتباری کردن بەوەی، کە کەیـن و بەینیـان لەگەڵ دراوسـێ جـوان و دلڕفێنەکەی ئەودا هەیە. کۆنـت دوفاندێڤەر و مارکی دۆشـوار تۆمەتەکانی ئەویـان ڕەتکردەوە و ئەوەیا دووپاتکردەوە، کە ئەوان بە مەبەستی کات بەسەربردن و پیاسەکردن دەچنە ناو باغچەکانەوە. ئەوە گومـانی تێدانەبوو، کە لانیکەم ئەم تۆمەتە سـەبارەت بە داجینییە و فۆشـێری بە ڕاسـت نەدەگەڕا، چـونکە داجینییە، کە زانیبـووی سـتێللای کچـی کۆنـت جیهاز و مـارەییەکی زۆری هـەیە  وەکـو سـێبەر بەدوای دەکەوت ، بەڵام فۆشـیری سـوودی لە نائامـادەیی کۆنـت وەرگرتبـوو و بەدوای کۆنتس سابینی هاوسـەری کۆنـت کەوتبوو و دەیویست متمــانە و هـــاوڕێیەتی ئەو بەدەســـت بێنێـــت و لەکۆتاییشـــدا ســـەرکەوتوو بـــوو و پێوەنـــدی هـــاوڕێیەتی و خۆشەویســـتی لەنێوانیانـدا دروسـت بـوو... کۆنـت مۆفـات کە گشـت ڕۆژێـک بە بیانوێـک بـۆ ئۆڕلیـان گەشـتی دەکـرد و ژۆرژی کـوڕی مـادام

هیجـــــۆن، کە بەردەوام لە ژووی خەودا بـــــوو و کەمتـــــر دەهـاتەدەرەوە و ڕۆژ بە ڕۆژیـش لاوازتـر دەبـوو لەم تۆمەتـانە ڕزگاریان بوو.

ڕۆژێک، کە کەش و هەوا ساماڵ بوو میوانەکان ئەو هەلەیان قـــۆزتەوە و بـــۆ گەڕان و پیاســـە لە مـــاڵی مـــادام هیجـــۆن هاتنەدەرەوە و بەرەو کەناری ڕووبارەکە کەوتنە ڕێ، فۆشـێری و کۆنتس سـابین لەپـێش هەمـوانەوە بـوون، داجینییە و سـتێللا لەدوای ئەوانەوە دەڕۆیشـتن. کۆنـت مۆفـات و مـادام هیجـۆن و مـارکی دۆشـوار و کۆنـت دوفانـدێڤەریش لە پاشـی پاشـەوەی ئەوانیتر بوون. کۆنت مۆفات سەرنجی لە دیارنەمانی ژۆرژ دا و مـادام هیجـۆن بەوپەڕی خەم و خەفەتەوە گـوتی: (ژۆرژ ئەمـڕۆ زوو لەخەو هەستا و چووە ئۆرلیان تـا خـۆی بە دکتـۆر بۆتاریل نیشـان بـدات... نەخۆشـی و ژانەسـەری ئەو دوودڵ و نیگەرانـی کردووم). فۆشێری و سابین و دوای ئەوانیش داجینییە و سـتێللا بەر لەهەمـوان گەیشـتە پـردی سـەر ڕووبـارەکە. خـاتوو هیجـۆن هەرکە بینـــی ئەوان وەســـتاون و دوودڵـــن لە چوونەپێشـــەوە هاواریکرد: (بۆ پێشـەوە بـڕۆن... بۆچی وەسـتاون؟!) بەڵام ئەوان بە هیچ کلۆجێک لە شـوێنی خۆیـان نەجـولان... گوێیـان لە دەنگی تایەی گالیسکە و سمی ئەسپان و پێکەنین و قاقایەک، کە لەسـەر پردەکەوە دەهات ڕاگرتبوو. مادام هیجۆن لە بن لێوانەوە گوتی: (مەگەر چیبـووە؟) لەناکـاو بە بینینـی چـوار گالیسـکە لەسـەر پردەکە حەقیقەت بۆ مادام هیجۆن دەرکەوت و هـاواریکرد: (ئەمە هەمـــان ئەو ژنە بەڕەڵا و گەڕۆکەیە... تکـــادەکەم بـــڕۆن و ....) مـادام هیجـۆن هێشـتا ڕسـتەی کۆتـایی خـۆی تەواو نەکردبوو

ئەسـپەکان بە چوارنـاڵە دەهاتنەپێشـەوە و هێنـدەی نەبـرد، کە گالیسکەکان هاتنە سەر ڕێگاکە.

مادام هیجۆن و شوێنکەوتوانی ڕێگەیان بۆ چۆڵ کردن و لە کونجکۆڵیان سەیری ئەم کەژاوە ترسناکەیان کرد و گالیسکەی یەکەم تێپەڕی و مـاری بلۆنـد و لووسـی سـتیوارت و بەدوای ئەویشـدا گالیسکەی دووەم جاجا و هیکتۆر و ئینجا گالیسکەی سێیەم لابۆردێت و کارۆلین هیکیە و لە کۆتاییشدا گالیسکەکە گەورەکەی چوارەم تێپەڕی، کە نانا و ستینەر لەدواوە و ژۆرژ لە پێشەوە دانیشتبوو. کۆنتس سابین لەبن گوێی فۆشێری گوتی: (ئەمە نانایە... وا نییە؟) گالیسکەی دوایی بەبەردەمیان تێپەڕی و دوو ژن(نانا و سابین) چەند جارێک بە خێرایی چاویان بڕییە یەکتری و لەو چاوتێبڕینانە دەچوو، کە دوو دوژمن بەر لەوەی پەلامـاری یەکتـری بـدەن مـۆڕە لەیـەک دەکـەن. داجینییە و فۆشـێری هێمنـی و ئـارامی خۆیـان تێکـنەدا و مـارکی دۆشـوار ئـاوڕی دایەوە، بەڵام کۆنـت مۆفـات واقـی وڕمـا و دەسـتەکانی دەلەرزیـن. مـادام هیجـۆن ژۆرژی ناسـییەوە کاتێـک دەیویسـت لەژێر پۆشاکی نانا خۆی بشارێتەوە. گالیسکەکە دوور کەوتەوە، ژۆرژ بە دەنگێکـی لەسـەرخۆ لەنانـای پرسـی: (تـۆ پێتوایـە، کە دایکم منی ناسیبێتەوە؟!) نانا گوتی: (بەڵێ ئەو تۆی ناسییەوە و ناوی تۆشی هێنا). ژۆرژ دوای ئەوە هۆشی لەخۆی بڕا و کەوتە سەر قۆڵەکانی کۆنت مۆفات، نانا دووبارە گوتی: (بەڵام خـەتـای منە، کە تۆم ناچارکرد لەم گەشتەدا لەگەڵم بێیت... ژۆرژ گوێم لێبگرە، دەتەوێت بۆ دایکت بنووسـم" کە مـن تـاوەکو ئێسـتا تـۆم

نەبینیـوە و سـتینەر ئەمـڕۆ بـۆ جـاری یەکەم تـۆی هێناوەتـە ماڵەکەم؟).

ژۆرژ، کە دڕدۆنگییەکەی زیاتر ببوو گوتی: (نەخێر... نەخێر... هیچ شتێکی بۆ مەنووسە.. من خۆم چارەسـەرێک بۆ ئەم بـابەتە دەدۆزمەوە، ئەگەر سەرکەوتوو نەبووم مـاڵی دایکم جێدەهێڵم و ئیتر جارێکیتر بۆی ناگەڕێمەوە) .

ئینجـا ژۆرژ لە بیرکــردنەوەدا نقــووم بــوو تــا درۆیەک بـدۆزێتەوە و بەدایکـی بڵێـت. جاجـا، کە لەرەلەری گالیسـکەکە بێزاری کردبوو گوتی: (ئای خـودایە...ئیمە کەی دەگەین؟!) ئەوان بڕیاریـان وابـوو، کە کۆشـکی شـامۆن ببیـنن. نانـا لە وەڵامـی جاجادا گوتی: (چەند خولەکێکی دیکە دەگەین... ئایا ئەم تـاوەرانە لەودیـو درەختەکـان نابینیـت؟! ئەم تـاوەرانە کۆشـکی شـامونە... بێگومـان ئێـوە نـازانن، کە خـاوەنی ئەم کۆشـکە یەکێـک بـووە لە قەشــەنگترین و سـۆزانیترین ژنـانی ســەردەمی نـاپیلیۆن، بەڵام ئێسـتا بۆتە ژنێکی لەخـواترس و خواپەرسـت، بێجگە لە کڵێسـا شـتێکی دیکە ناناسـێت و جگە لە پیـاوانی ئـایینی تێکەڵی کەسـی دیکە نابێت. نـاوی ئەم ژنە (مـادام دانجـلار)ە. جاجـا گـوتی: (مـن ئەم ژنە دەناسـم... ئەم ژنە لە کۆنـدا عاشـقێکی زۆری هەبـووە و لە خۆشگوزەرانیدا بەناوبانگ بووە...ئای خوایە! ئێستا تەمەنی لە نەوەد ساڵ زیاترە و هێشتا زیندووە؟!).

نانا و ئەوانیتر سەریان سوڕما!... گالیسکەکان لە نـاوچەیەکی بێ ئاو و گژوگیا وەسـتان، یەکێـک لە گالیسکەچییەکان ئـاماژەی بۆ کەلاوەی دێرشامۆن کرد، کە پێویستە بەوێدا تێپەڕن و بگەنە کۆشـــــکی شــــــامون. ســــــەرەنجام بە بــــــاریکەڕێیەک و

هەورازونشـێوێییەکدا تێـپەڕین تـا گەیشـتە درەگـایەکی گەورەی ئاسنین و لەو دەرگایە چوونە ناو باغچەیەکی پان و پۆڕ و لەو بێدەنگییە زۆرە ترسـناکەی، کە بـاڵی بەسـەر ئەوێدا کێشـابوو ترسـان و قسـە هـاتە سـەر ئەم دانجـلارە. ئەوان هێشـتا لە دەرگـایەکەوە تێـدەپەرین و دەگەیشـتنە دەرگـایەکی دیـکە و ڕێگەیەکیـان دەبڕی و دەگەیشـتنە ڕێگەیەکـی دیکە تـا هـیلاک و ماندوو بوون و لەخۆیان پرسی: (ئەرێ ئەم دارستانانە کۆتاییان نییە؟)

لەکۆتاییدا گەیشـتنە دیـوارێکی ئاسـنین... لەودیـو ئەم دیـوارە ئاسنینە پارچە زەوییەکـی فـراوان هەبـوو، کە لەناوەڕاستیدا ئەو کۆشکە بەرز و شکۆدارەی، کە لە بەردی مەڕمەڕ دروستکرابوو دەبینرا، جاجا کە لە شەکەتیان تووشـی هەناسەبڕکێببوو گوتی: (باشـە ئەوە شـێتی نییە، کە بۆ بینینی ئەم کۆشـکە ئەو هەمـووە ڕێیەمـان بڕیـوە؟) لەم سـاتەدا ژنیکـی بـاڵابەرز و ترسـناک، کە پرچـی تەواو سـپی ببـوو و جلێکـی سـپی لەبەربـوو دەرکەوت. دەستەیەک لە ڕەبەنان دەبینران. جاجا هـاواریکرد: (ئەم پیرە ژنە ئیـرین دانجـیلارە). ڕەبەنەکـان خواحافیزییـان کـرد و ڕۆیشـتن و دانجـیلار بـۆ کۆشـک گەڕایەوە. بە کـورتی ئەوان دوای گەڕان و بینینی کۆشکی شامۆن گەڕانەوە. نانا بە ژۆرژی گوت، کە بچێتە لای دایکی و ڕەزامەنـدی ئەو بەدەسـت بهێنێت. بینینی کۆشـکی شامون و بینینی خاوەنەکەی کاریگەرییەکی قووڵی لەسـەر نانـا جێهێشـت بەجۆرێـک، کە نانـا هەمووکـات قسـەی لەبـارەی خواپەرسـتی و قوربانیـدان دەکـرد. کاتێـک نانـا بیـری لە ژۆرژ و داهاتووی کردەوە ویژدانی نائاسوودە بوو و واهەستیکرد، کە چ

تاوانێکی بەرامبەر بەم گەنجە کردووە، لەبەرئەوە بڕیاریدا ژۆرژ جێبێڵێـت و کۆنـت مۆفـات وەک یـار و خۆشەویسـتی خـۆی هەڵبژێرێـت، چـونکە ئەم شـتە ویژدانـی ئـازار دەدا. لەبەرئەوە بە لـویزی هـاوەڵی گـوت: (لـویز جانتاکـان تێکبنـێ، ئـێمە بەیـانی بـۆ پاریس دەگەڕێینەوە).

# ١٢

سـێ مانـگ دواتـر لە یەکێـک لە شــەوەکاندا کۆنـت مۆڤـات نــزیکەی ســێ کــاتژمێر بــوو لەبەردەم تیاترۆخــانەی ڤــارێتییە چاوەڕوانی نانای دەکرد. ئەو دەیزانی کە شانۆی ڤینۆسی زێڕین تەواو بــووە و نانــا لە شــانۆ نــوێکەدا بەشــداری ناکــات، کەواتە بــۆچی درۆی لەگەڵکــردووەو ئەمشـــەو هـــاتۆتە تیاترۆخـــانە؟! لەوکـاتەوەی، کە نانـا هـاتبۆوە پـاریس کۆنـت توانیبـووی چەنـد ماچێکی لێ بسەنێت و چەند ساتێکی خۆش لەگەڵ ئەودا بەسـەر ببــات، کەســیک نەیــدەتوانی خۆشــییەکەیان تێکبــدات، جــگە لە ستینەری جوولەکە.

ئەم جــوولەکە دەوڵەمەنــدە بەرامــبەر بە نانــا درێغــی لە هــیچ نەدەکرد، لەبەرئەوە نانـاش نەیـدەتوانی دەسـتی لێبــەربێت، بەڵام ژۆرژی بەسـتەزمان و عاشـقی سـەرگەردان لە سفتوسـۆدا بـوو. دایکـی تـاڕاددەیەکی زۆر ئەوی لە کۆشـکە گەشـتیارییەکەی بەنـد کردبوو و لەژێر چاودێری دایـنابوو. کۆنـت مۆفات لەناکاو بینی نانا لە دەرگای تیاترۆخـانە هـاتۆتەدەرەوە و بە خێرایـی دەڕوات. کۆنت لە جێی خۆیدا ڕاچڵەکی و بەدوای نانا کەوت.

نانا زانی، کە کۆنت چاودێری دەکات ئاوڕی دایەوە و کۆنتی بینی و ڕەنگی لەبەرنەما و بە هیواشـی گوتی: (ئای ئەوە تۆی؟)

دوای ماوەیەک بە حەپەساوییەوە سەیری کرد، پاشان ئاخێکی هەلکێشا و بەوپەری بێ ئۆقرەییەوە گوتی: (ڕێگە بدە قۆڵ بکەم بە قۆڵتدا). ئینجا دەستیان خستە دەستی یەک و ڕۆیشتن. کۆنت نەیزانی چی بڵێت، نانا لەبەرامبەر فرۆشگایەکی خشڵ فرۆشتندا وەستا و گوتی: (ئایا حەزناکەی لەگەڵم بێیتەوە بۆ ماڵ؟) کۆنت گوتی: (چۆن حەزناکەم!) نانا گوتی: (ئەریَ بەڕاست سابینی ژنت نەگەڕاوەتەوە؟) کۆنت بە ساردوسڕییەوە گوتی: (نەخێر... ئەو بەیانی دەگەڕێتەوە) کۆنت حەزی بەوە نەهات، کە نانا هێندە بە نهێنی و پێچ و پەناوە قسە لەبارەی ژنەکەی بکات، بەڵام نانا گوتی: (سەیرکە ئەم ملوانکەیە چەندە جوانە)نانا لە هەڕەتی گەنجیتیدا زۆر لەبەرامبەر دوکانەکان دەوەستا و ئامادەبوو بۆ بەدەستهێنانی یەکێک لەم خشڵانە هەموو شتەکانی خۆی تەنانەت پاکیزەیی خۆشی لەدەست بدات، بەڵام لەو شەوەدا هێندە حەزی بە ملوانکە و خشڵەکان نەدەهات، تەنیا دەیویست بە هەر جۆرێک بێت تا پێش لە نیوەشەو لە دەست کۆنت رزگاری بێت و پێویستیشی بە پارە بوو. تەواوی پارەکانی شازادەی نەمسا و ستینەری خۆشەویستی تواندبۆوە، هەروەکو چۆن بەفر لەژێر تیشکی خۆردا دەتوێتەوە. سەرەڕای ئەوەی نانا کۆشکی مینۆنی فرۆشتبوو نەیتوانیبوو مۆبیلیاتی ماڵەکەی، کە کەوتبووە شەقامی هۆسمان بەو شێوەیەی، کە خۆی دەیویست دابین بکات، بەڵام ئەو دەیتوانی چی بکات؟ ئەو بە زەحمەت دەیتوانی بڕی هەزار فرانک لە ستینەر وەربگرێت. بەڵێ نانا هەر کاتێک پێویستی بە هەزار فرانک دەبوو هەڕەشەی لە ستینەر دەکرد بەوەی، کە ئەگەر ئەم بڕە پارەیەی بۆ نەهێنێت ئەوا بۆ

هەمیشە پەیوەندی لەگەڵدا دەپچڕێنیت، بەڵام ئەم کۆنتە گەمژەیە وایـدەزانی، کە نانـا عاشـقی چـاوە ڕەشـەکانی ئەو بـووە. ئـای خوایە... نانا چەندە لەپیاوان وەڕز بووە و دەخوازێت دەستی لە دەستیان بێتەوە.

ئەو دوانە گەیشـتنە خـواردنگەی ڕیتـز، نانـا گـوتی: (مـن زۆر برسیمە، کۆنت هیچ چارەیەکی نەبینیەوە جگە لەوەی، کە لەگەڵ نانـا بـڕواتە خـواردنگەکەوە و بچێتە نـاو ژووریێکـی تـایبەتەوە) ناناش هـاتەژوورەوە ، بەڵام لەناکـاو خۆی لەبەرامبەر داجینییە بینیەوە و ئەو گەنجە پێیگوت:( ئەوە تۆی نانا؟)

کۆنت هاتە ناو ژوورەەوە و داجینییە ئەوی بینی، کە دەرگاکە دادەخات بۆیە چاوێکی لە نانا داگرت و و بە بزەیەکەوە گوتی: (ئازیزم تۆ زۆر زوو بەرزدەبیتەوە؟ تۆ ئێستا دۆست و یارانی خۆت لە کەسانی گەورە هەڵدەبژێریت). نانا پەنجەی خستە سـەر لێوی و داوای لێکـرد، کە بە وریـاییەوە قسـە بکـات، ئینجـا لێـی پرسـی: (تـۆ لێرە چیـت دەکـرد؟). داجینییە گـوتی: (مـن چێـژ لە گەنجێتی و سـەڵتی خـۆم وەردەگرم). هەردووکیـان دەسـتیان بە پێکەنین کردو لەناکـاو نانـا گـوتی: (ئایا وتـارەکەی فۆشـیریت لە ڕۆژنامەی فیگارۆ خوێندۆتەوە؟). داجینییە گوتی: (وتـاری مێشـی بـاڵ زێڕین؟)دەڵێـی؟ بەڵـێ. مـن نەمویسـت قسـەت لەگەڵدا بکەم، چـونکە دەترسـام غەمبـارت بکـات نانـا گـوتی: (بـۆچی غەمبـارم بکـات؟) لەم سـاتەدا داجینیـیە بەشـێوەیەکی کتـوپڕ گـوتی: ( بە ئومێـدی دیـدار... حەزنـاکەم زۆر لەکاتـت بگرم،چـونکە کۆنـت چـاوەڕوانە). ئینجـا پێکەنینێکـی گاڵتەئـامێزی کـرد. نانـا سـەری سـوڕما و گـوتی: (بوەسـتە بـزانم... بـۆچی گـاڵتە بە

خۆشەویستەکەم دەکەی؟) داجینییە گوتی: (لەبەرئەوەی ئەو شیاوی گاڵتەپێکردنە... ژنەکەی ئەو فۆشێری خۆش دەوێت و وا گومان دەکەم، کە پێوەندی خۆشەویستی نێوانیان لە هاوینەهەوار پتەوتر بێت).

کەمێک لەمەوبەر فۆشێری جێیهێشتم و ڕۆیشت، پێدەچێت، کە بەڵێنی ژوانی لەگەڵ ژنی کۆنتدا هەبووبێت، کۆنتس مێردەکەی خۆی لەخشتە بردووە وایتێگەیاندووە، کە بۆ بینینی یەکێک لە خزمەکانی گەشت دەکات، نانا بۆ ئەوەی بە جوانی لەو هەواڵە تێبگات بە پەرۆشییەوە گوتی: (ئەو کاتەی، کە ئەوم لەسەر پردەکەدا بینی پێشبینییەکی وام هەبوو، خودایە چۆن ژنێکی نەجیب و داوێنپاک بۆ پیاوێکی وەک فۆشێری ناپاکی لە مێردەکەی خۆی دەکات). داجینییە زەردەخەنەیەکی تەڵەکەبازانەی کرد و گوتی: (بەڵام ناپاکیکردنی کۆنتس جاری یەکەم نییە، من هەمیشە ڕقم لە پیاوێک دەبێتەوە، کە ژنەکەی ناپاکی لێدەکات و بە گەمژە و سووکی دادەنێم).

نانا، کە خۆی گەیاندە کۆنت مۆفات لە ڕەنگپەڕیوی و دەست لەرزینی کۆنتدا هەستی سەرزەنشتکردنی گۆرا بۆ هەستی بەزەیی پێداهاتنەوە، دوای نانخواردن کاتێک کە ئەو دوانە گەیشتنە ماڵی نانا ، نانا ئەوەی لە کۆنت گەیاند، کە لەبەرئەوەی شەکەت و ماندووە ئەوشەوە بەتەنیا لێیگەڕێت و بڕوات، بەڵام کۆنت ئامادە نەبوو بڕوات و لەگەل نانا چووە ژوورەوە، نانا بەهیواشی بە لویزی گوت: (ئەو لە شوێنێک بشارەوە تا کۆنت دەڕوات). لویز گوتی: (بیبەمە کوێ؟!) نانا گوتی: (بیبە موبەق). ئینجا لەگەڵ کۆنت چووە ژووری خەوتنی خۆی.

# ١٣

نانـــا ئەو مۆمـــانەی داگیرســـاند، کە لەدەوروبەری ئـــاوێنەکە بوون و لە ئاوێنەکەدا سەیری لەش و لارە ڕێکەکەی خۆی کرد و لەکاتێکـدا کە بەخــۆی دەنـــازی، لەناکـــاو وەکـــو کەســـیک، کە شـــتیکی بیـــرکەوتبێتەوە خـــۆی وەرچەرخانـــدو گـــوتی: ( تـــۆ وتارەکەی فیگارۆت خویندۆتەوە؟!) ڕۆژنامەکە لەسەر مێزەکەیە، بیخوێنەوە و بۆچـوونی خۆتم دەربـارەی وتـارەکە پێبڵـێ، ئینجا ڕووی لە ئـاوینەکە کردەوە و خـەریکی داکەندنی جلەکانی بـوو) کۆنـــــت ڕۆژنـــــامەکەی هەڵگـــــرت و بە ســــــەرنجەوە کەوتە خوینـدنەوەی. ناونیشـانی وتـارەکە (مێشـی بـاڵ زێـڕین) بـوو، فۆشیری لەو وتارەدا ئەوەی نووسیبوو، کە کچێکی جوانکیلە لە دایک و باوکێکی مەیخۆر هاتەدونیاوە و داوینپیسییەکی بۆماوە لە خـوێنی ئەم کـچەدا هـاتوچۆی دەکـرد، لەســەر شۆســتەکانی شـەقام گەورە بـوو و پێگەیشـت، بـاڵایەکی بەرز و ڕوخســارێکی جـــوان و لەش و لارێکـــی ڕێکـــی هەبـــوو، هەروەک چـــۆن مشــەخۆرەکان بە پیســـییەکان گەورە دەبـن ئەم کـچەش گەورە بوو و بووە ژنێکی تەواو سەرنجڕاکێش و قەشەنگ و پشتی بە جوانی و دڵڕفێنی خۆی بەست و پلانی دانا تۆڵە لە کەسانی پێشوو و کەسانی هاوشێوەی خۆی بکاتەوە، ئەو بووە هێزێکی

لەنـــاوبەر و ڕەگەزێکـــی کـــاولکەر... ئەو هەوای بە هەناســـە ژەهراوییەکـانی خـۆی ژەهـراوی کـرد و خۆشەویسـتی کـردە ئامرازێـک بـۆ مژینـی خـوێنی دڵەکـان و دەرهێنـانی پـارە لە گیرفانەکان.

ئەم ماهروە دڵڕفێنە وەکو مێشێکی باڵ زێڕینە، کە ژەهـری لە کەلاک و پیســییەکانی وەرگرتــووە و بە ئاســمانی کۆشــکەکاندا دەفڕێت تـا کۆشـک نشینەکان بە هێز و توانـای خـۆی شـەیدیان بکات و بە ژەهرەکەی خۆی بیانفەوتێنێت.

کۆنـت ئەم وتـارەی خوێنـدەوە، ئینجـا ڕۆژنـامەکەی خسـتەوە سەر مێزەکە و بە واق وڕمـاوییەوە سـەیری زۆپاکەی کرد! نانا گـوتی: (زۆرباشــە چـی تێگەیشـتی؟) کۆنـت وەڵامێکـی نەدایەوە، بەڵام دووبـارە ڕۆژنـامەکەی بەدەســتەوە گـرت و لە دەســپێکی وتـــارەکەوە کەوتە خوێنـــدنەوەی. تەزوو بە لەشـــیدا هـــات و چـاوێکی بـڕییە نانـا، کە بە وردی و لەخۆبـاییبوونەوە لەبەردەم ئاوێنەکەدا سەیری جەستە هەوەسبزوێنەکەی خـۆی دەکرد. بەم سـەیرکردنە تـۆقی و نـیگەران بـوو، هەسـتێکی شـاراوە لەناخیـدا بەئاگا هات... شتگەلێکی بینی، کە پێشتر نەیبینیبوون، خۆی وەکو بـوونەوەرێکی سـووک و چـروک سـەیرکرد!... تێگەیشـت، کە ئەم ژنە ژیانی ئەوی تێکداوە و کۆشـکی هاوسـەرگیری ئەوی وێران کـردووە. ئەو ئێتـر نەیتـوانی بەر لە هـاوارێکی نەفرینـاوی، کە لە قووڵاییەکانی ویژدانی هەڵدەقوڵا بگرێت، ئەو ئەوەی بیرکەوتەوە، کە چـۆن لە ڕۆژانـی لاوێتیـدا لە ژنـان ڕایـدەکرد هەروەک چـۆن کەسـیکی لەخـواترس و بـاوەڕدار لە نـاوی ئەهـریمەن دەترسـێت. کۆنـت چـاوی لێکنـا و بەچـاوی نـاخی سـەیری نانـای کـرد... ئەو

بینی ئەهریمەنێک لە جەستەیەکی ساف و لووستر لە مەڕمەڕ و گەرمتـر لە ئـاگری دۆزەخ دەرکەوتـووە، کاتێـک کۆنـت چـاوی کـردەوە بینـی نانـا زەردەخەنە بـۆ نانـایەکی دیـکە دەکـات، کە لە ئـاوێنەکەدا دەرکەوتـووە و سـەیریان دەکـات. کۆنـت بەرەو لای نانـا چـوو و باوشـی پێـداکرد و بە تونـدی بە سـینەی خۆیـەوە نووسـاند، نانـا هـاواریکرد: (چیـدەکەی... ئازارمـدەدەیت، بەرمـدە) کۆنــت نانــای بەردا، ســەری شــۆڕکردەوە و گــوێی لە قســە سەرزەنشتامێزەکانی ئەو گرت، نانـا بێدەنگ بوو، بەڵام تکـای لە کۆنـت کـرد،کە وازی لێبهێنێت و بڕوات، بەڵام کۆنـت نەڕۆیشـت. نانا لەبەردەم زۆپاکە پاڵکەوت و پرسیاری ئەوەی لە کۆنت کرد کە بۆچوونی خۆی سەبارەت بە وتارەکەی فۆشێری بڵێت. کۆنت بـۆ ئەوەی نانـا ئـازار نەچێژێـت و هەسـتی بریـندار نەبێـت بە وریایی و هەستیارییەوە بۆچوونی خۆی خستەڕوو. نانـا لەناکـاو لێیپرســـی: (کەواتە ژنەکەت دەگەڕێـــتەوە) لەبەرئەوەی کۆنـــت وەڵامێکـی نەدایەوە، نانــا دووبــارە لێیپرســییەوە: (ئایــا دەمــێکە هاوسەرگیریت لەگەڵیدا کردووە؟)

کۆنـت گـوتی: (نـزیکەی نـۆزدە سـاڵە). نانـا بەسەرسـامییەوە پرسـی: (نـۆزدە سـاڵ؟! بەختەوەریشـن؟) کۆنـت گـوتی: (مـن چەنـدینجار تکـام لێکـردووی، کە قسـەیەک لەم بـارەوە نەکەیـت). نانا گوتی: (لەبەرچی؟ پێموانیە، کە قسەکانم ئازاری بدات... ئێوە پێویستە ئەم خاڵە تێبگەن کە ژنـان هـەموویان لە یەک جنسـن و لە یەک قوڕ دروستکراون... و..) نانا بەشێوەیەکی گشتی بێدەنگی هەڵبـژارد و نەیویسـت پەردە لەسـەر نهێنییەکـانی ژنـی کۆنـت هەڵماڵێ و ئەو پیاوە داماوە لەوە ئاگادار بکاتەوە، کە چ زەبرێک

بەر ئـابڕووی کەوتـووە و چـۆن ژنەکەی ناپـاکی لێدەکات؟ بەڵام لەهەمانکاتـدا چـاوێکی کینـاوی بـڕیە کۆنـت و گـوتی: (باشــە لەم ڕۆژانەدا پێوەنـدییەکانت لەگەڵ ژنەکەتـدا چـۆنە؟) کۆنـت گـوتی: (ئەو وەکو چیایەکی بەفرینە).نانـا گوتی:(تۆش لەبەر ئەم هۆکـارە منـت خـۆش دەوێـت... وا نیـیە؟) کۆنـت بە سـەرداگرتن وەڵامـی ئەرێنـــی دایەوە. نانـــا پێکەنـــی و گـــوتی: (منـــیش جـــگە لەمە پێشـبینییەکی دیـکەم نەبـوو... بەڵام گـوێبگرە... تـۆ مـادام لیـرای پوورم دەناسی؟ پێی بڵێ با چیرۆکی فەرمانبەرە دراوسـێێیەکەی و ژنەکەیـت بـۆ بگێـڕێتەوە) کۆنـت گـوتی: (بەسـەرهاتی ئەو فەرمانبەرە چۆن بووە؟) نانا گوتی: (ئـای، بەڵێ ئەم فەرمـانبەرە ژنێکـــی هەبـــووە، کە بە ساردوســـڕی و ڕووپێـــنەدانەوە هەڵسـوکەوتی لەگەڵ مێـردەکەی دەکـرد. مێـردەکەی پەی بەوە بـرد، کە ژنەکەی پـارچە سـەهۆڵێکە، لەبەرئـەوە چەنـد خۆشـی و ڕابـواردنێکی خـۆی لەدەرەوە دەکـرد، کەوتبـووە بەزم و ڕەزم و خۆشـی و رابـواردنی خـۆی، بەڵام ژنەکەی هەروەک ئەوەی، کە ئەو پیـــاوە وای بۆدەچـــوو لەگەڵ هـــاوڕێ و ناســـیاوەکانی مێـردەکەی ساردوسـڕ نەبـوو). کۆنـت دەموچـاوی گـۆڕا و بە چاوەکانی کە ئاگری تووڕەیان لێدەباری سەیری نانای کرد، نانـا درێـژەی بـە قسـەکانیدا: (ئەی پیـاوان... کەمتەرخەمـی لە خـودی ئێـوەیە... ئەگەر ئێـوە وەهـا بە ڕووگەشـی و زمـان نەرمـی و لێبوردەییەی، کە هەڵسوکەوت لەگەل ئێمەدا دەکەن لەگەڵ ژنـانی خۆتانـدا ڕەفتارتـان بکردابـوایە، ئەوانـیش کەمێـک بە ئەنـدازەی هەوڵدانی ئێمە بۆ لەدەستنەدانی ئێوەی پیاوان هەوڵیان بدابوایە، ئەوا بەشێوەیەکی ڕەها شادی و کامەرانی ڕێی بۆ گشت ماڵێک

دادەگرت و ژیانی ژن و مێردایەتی لەبری ئەوەی ببێتە دۆزەخی سووتێنەر دەبووە فێردەوسی بەرین). کۆنت گوتی: (تکایە تۆ پێوەندیت بە ژنانی داوێنپاک و نەجیبەوە نەبێت، چونکە تۆ هیچ شتێک لەبارەیانەوە نازانی). نانا گوتی: (هێندەی بزانم ژنانی داوێنپاک و نەجیب وەکو ئەوەی، کە گومان دەکرێت، هەمووکات بێگەرد و بێگوناهـ نین!...)

ئینجا وەکو پڵنگێکی مێینەی تورە بە چاوێکی شەڕانگێزانەوە سەیری کۆنتی کرد. کۆت تووڕەیی خۆی دامرکاندەوە و هیچی نەگوت، بەڵام نانا کە ڕەنگی پەڕیبوو و دەلەرزی بە دەنگێکی سەیر و گاڵتەجاڕانەوە گوتی: (ئەگەر ژنەکەت ناپاکیت لێبکات چی دەکەیت؟). کۆنت نیگایەکی هەڕەشەئامێزی بڕییە نانا، نانا درێژەی بە قسەکانیدا: (وایدابنێ، کە من فریوت بدەم؟).

کۆنت بەوپەڕی ناشرینییەوە شانی جوڵاند و هاواریکرد: (تۆ؟) نانا بووە پارچە ئاورێک و وا هەستیکرد، کە وەکو ئەوەیە، کە زللەیەکی قایمی لە ڕوومەتی ئەو دابێت، هاواریکرد: (بەڵێ من!... گوێبگرە... تۆ شیاوی بەزەیی پێداهاتنەوە نیت... دوو کاتژمێر دەبێت، کە کاتی منت گرتووە و سێ مانگە سەربەخۆ هاتوچۆم دەکەیت... بڕۆ لای ژنەکەی خۆت... و بزانە کە لە ئامێزی فۆشێریدایە... تۆ ئەوان لە شەقامی پرۆڤانس دەدۆزیتەوە... من ئەم ناونیشانەت بەبێ وەرگرتنی هیچ جۆرە پاداشتێک پێدەدەم). کۆنت وەکو مانگا بۆڕاندی، بەڵام نانا گرنگی پێنەدا و بەردەوامی بە قسەکانی خۆیدا: (چۆن دەبێت ژنانی نەجیب و داوێنپاک هاوڕێکانمان ڕاو بکەن؟! تۆ زۆر دەربارەی ژنە نەجیبەکانی خۆتان قسەت بۆ کردم و مێشکت بردم شەکەت بووم!). ئینجا

نانا ویستی پلار و توانجێکی زیاتر له کۆنت بدات، بەڵام کۆنت دەرفەتـی پێـنەدا. بە تـورەییەوە پەلاماریـداو پـاڵی پیوەنـا. نانـا بەرگەی نەگرت و کەوتە سەر زەوی. کۆنت قاچی ڕاستی خۆی بەرزکردەوە تا بە سەریدا بکێشێت، بەڵام نانا ترسا و خۆی گرمۆلە کرد و چووە قوژبنێکەوە. کۆنت بەوپەڕی بێئۆقرەیی و بێتاقەتییەوە لە ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ. پرتە و بۆڵەی دەکرد و جنێوی دەدا و بە قورسی هەناسەی دەدا. نانا زانی، کە کۆنت زۆر ئازار دەکێشێت، دڵی پێی سووتا و بۆ ئەوەی دڵی بداتەوە گـوتی: (ئـازیزم بـاوەڕبکە مـن نەمـدەزانی، کە تـۆ ئاگـات لە ناپاکیکردنی ژنەکەت نییە، ئەگینا قسەیەکم نەدەکرد... منیش هەر گـوێم لـە خەڵـک بـووە. نـازانم، بەڵام ئەم قسـانە دەشـێت هـیچ بنەمایەکیان نەبێت). کۆنت گوێی لە قسەکانی نانا ڕانەدەگرت و وەکـو دڕنـدەیەکی پێکـراو، کە کەوتبێـتە تەڵەوە سـەرەوخواری ژوورەکەی تەیـــدەکرد، هەرکە گەیشـــتە دەرگـــای ژوورەکە دەرگاکەی کردەوە و چووە دەرەوە.

# ١٤

باران بەلێزمە دەباری... كۆنت بە هێواشی دەڕۆیشت نەوەک پێی هەڵخلیسكێت! ئەو بەدەنگی بەرز لەبەرخۆیەوە دەیگوت: (ئەم ژنە بەرەڵلایە درۆی كرد...ئیرەیی و گەمژەیی بزواندبووی، بۆچی من سەری ئەو مارە فریودەرەم پان نەكردەوە؟! نا...نا من لەمڕۆ بەدواوە چیتر بەدوایدا ناچم!).

هەناسەیەكی ئاسوودەیی هەڵكێشا و وابیریكردەوە، كە ئەو بۆ هەمیشە لەدەستی دڕندەیەكی مێینە، كە بۆ لەكەداركردنی ئابرووی ئەو لە هیچ درۆ و بوختانیک خۆپاریزی نەكردووە قورتار دەبێت... بەڵێ قسەكانی نانا لەگوێیدا دەزرنگانەوە... كۆنت وەكو ئاژەڵێكی زامدار نالاندی و لە قووڵایی دڵیەوە خرۆشا : (پەروەردگارا... من ئیتر لەژیانمدا شتێكم نییە!) ئینجا بەرنامەی داڕشت هێور بێتەوە و بۆ ئاشكراكردنی ڕووداوەكە بیرێک بكاتەوە. وا بڕیار بوو،كە ژنەكەی ڕۆژی دواتر بگەڕێتەوە، بەڵام چی ڕوویداوە، كە هاتنەوەكەی خۆی بۆ ڕۆژێک دواخستووە و كێ نالێ ویستوویەتی زیاتر لەگەڵ ئەم پیاوە ڕابوێرێت؟! كۆنت هەندێ شتی بیركەوتەوە، كە لە كۆشكی مادام هیجۆن روویاندابوو. ئەوسا بایەخیكی ئەوتۆی بەو شتانە نەدا، بەڵام ئێستا بە چاكی لە واتای ئەو شتانە دەگەیشت. بەڵێ ئەو ئەوەی

بیــرکەوتەوە، کە ڕۆژێــک ســابیی لەبــارودۆخێکی نائاســایی و شپرزەییدا بینیبوو بە جۆرێک، کە نەیدەتوانی قسـەیەک بکات و وەڵامی پرسیارەکانی ئەو بداتەوە!! بەڵێ لە ڕۆژانێکی ئاوادا ئەو پیاوەش لەوێ بوو!! ئەی ناشێت ئێستاش لەوێ لەگەڵ ژنەکەی بێــت؟! ســەبارەت بەمە بە قــووڵی بیریکــردەوە و ســەرەنجام گەیشـتە ئەو ئەنجـامەی، لەو دەمـەی کە ئەو لەبەرامـبەر ئەو ژنە بەڕەڵڵا و سۆزانییە،واتە نانا کەوتبووە سـەر ئەژنۆ ژنەکەشـی لە ئامێزی خۆشەویستەکەی خەریکی چێژ و ڕابواردن بووە! ئەم بیرۆکەیە لە لۆژیک و ڕاستییەوە نزیکترە.

کەوتە گریــان و زاری و چــووە کــۆلانیکی چــۆڵ! پشــتی بە دەرگـای ماڵێکدا و لەبەر گریـانی زۆر و ئاهــ و نـاڵەی بەردەوام جەسـتەی دەلەرزی و دەجـولا، گـوێی لە دەنگی پێـیەک بـوو، کە لەو نزیـــک دەکەوتەوە، یەکســـەر فرمیســـکەکانی بە قـــوڵی کراسەکەی سڕییەوە و ڕایکرد! ئەو هێشتا لە تاریکیدا دەڕۆیشت بەبێ مەرام و مەبەستیک شـەقامەکانی تەیدەکرد. لەناکـاو خـۆی لە مۆنمـــانتەر بینـــیەوە و چـــرا بەهێزەکـــان بەر چـــاوە فرمێسکاوییەکانی دەکەوتن و گەڕایەوە سـەر شـەقامە تاریکەکـان تـا ئازارەکـانی لە چـاوی خەڵـک بشـارێتەوە و دوای کاتژمێرێـک خۆی لەبەرامبەر ماڵێک لە شەقامی پرۆڤانسدا بینییەوە. لەخۆوە چـاوی بە پەنـجەرەی نهـۆمی یەکەم کەوت، کە ڕۆژنامەوانـەکە لەوێـدا نیشـتەجێ بـوو، تەواوی ژوورەکـانی ئەم نهـۆمە تاریـک بـــوون، جـــگە لە ژووری خەوتنـــی فۆشـــێری. کۆنـــت بە حەپەساوییەوە سەیری ڕووناکی ئەو ژوورەی کردو چاوەڕوانی کرد تا زەنگی کاتژمێر دوو لێدرا. لەم ساتەدا لە مێشکی خۆی

پلانی دانا،هەرکە زەنگەکە لێبدات یەکسەر بچێتە ناو ماڵەکە بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بێ یا بایەخێک بە دەرگاوان بدات. ڕاستەوڕاست بچێتە ژووری فۆشیری و بە شانی دەرگای ژوورەکەی هەڵتکێنێت و بەرامبەر ئەو خیانەتکارە بوەستێت! .. لەوکاتەدا ئەوەی بیرکەوتەوە، کە چەکێکی پێ نییە، بەڵام نا پێویستی بە چەکیش نابێت... ئەو دەتوانێت بە دەست ئەم دوو داوێنپیسە بخنکێنێت. چەند جارێک بەم نەخشە و بەرنامەیەدا چۆوە کەموکوڕییەکانی چاکرد و ئامادەی جێبەجێکردنی بوو، هیچ دوودڵییەکی لە کارەکەی نەبوو، بێجگە لەوەی، کە گومانەکەی لەشوێنی خۆیدا نەبێت و ڕاست نەبێت ، ئەگەر ئەو تارمایی ژنەکەی لە پەنجەرە ببینیبوایە، بێگومان دەستبەکار دەبوو! بەڵام ئەگەر لەخۆوە گومانی بردبێت چی دەبێت؟

لێرەدا کلاوڕۆژنەیەکی ئومێد و ڕزگاربوونی بۆ کرایەوە بەوەی، کە ناکرێت لەوساتەدا لەگەڵ فۆشیری بێت. لەناکاو وای بەمێشکدا هات، کە تارماییەک لە ژوورەکەدا تێپەڕی. هێندەی نەبرد، کە بینی تارماییەک دەجوڵێت، تارمایی پیاوێک کە پەرداخێک ئاوی لەدەست سەرنجی ڕاکێشا... دوای ئەوە سەری ژنیکی بینی وا خەیاڵی کرد کە لەسەری سابینی گەورەتر بوو. هەستی بە سەرسوڕان کرد و تەزوێکی بەهێز بە لەشیدا هات. لەگەڵ ئەمەدا نەیدەتوانی چاو لەسەر پەنجەرەکە هەڵبگرێت. مێشکی تێکچوو و سەری لێ شێوا و تووشی پەشێوی و نیگەرانی بوو، پێگەکەی خۆی، کە مێردە لەبیرکرد و لە خەیاڵیدا خۆی وەکو ڕەخنەگریکی چاکسازیکەر هاتەبەرچاو، لە جیهانی خەیاڵی خۆیدا بینی، کە ئامۆژگاری خەڵک دەکات و لە پیسی و

چەپەڵییەکـــان هوشـــیاریان دەکـــاتەوە. ئەم پەرێشـــانی و سەرلێشـواوییە سـوودی بـۆی هەبـوو... چـونکە کەمێک هێـوری کردەوە و قینەکەی دامرکایەوە، دووبـارە دوو تارمـایی بینـی، کە لەودیـــو پەنـــجەرەکەوە تێـــدەپەڕن، لەگەڵ ئەمەدا بەوە خـــۆی ڕازیکرد، کە ناشێت سابین لەو ژووره بووبێت. ئینجا بیرێک بە مێشکیدا هـات و خەم و ئازاری کەمکردەوە. ئەو وای بەمێشکدا هـات، کە کەمێک ئارام بگرێت تـا سـابین بێتە دەرەوە، بێگومـان سابین بە هەر شێوەیەک خۆی گۆڕیبێت و خۆی نەناس کردبێت ئەو دەیناسـێتەوە. هێنـدەی نەبـرد، کە هەسـتی بە مانـدوێتی و کەساسی کرد بەتایبەت لەوەی، کە پێویستە چەند کاتژمێرێک لە چاوەڕوانیدا بەسەر ببات.

وا بڕیـار بـوو، کە سـابین بە شـەمەندەفەری کـاتژمێر نـۆ بێتەوە، بۆیە پێویستە چوار کاتژمێری دیکە چاوەڕوان بێت. ئەو هێشتا لە شەقامەکەدا دەهات و دەچوو و سات بە سات سـەیری پەنجەرەکەی دەکرد تا زەنگی کاتژمێر ٦ لێدرا، ئەو لەژێر باراندا شـەکەت و مانـدوو ببـوو بەهـۆی مانـدوێتییەوە ئیتـر هەسـتی کونجکۆڵی ئەوی ناچار نەدەکرد" کە لە حەقیقەتەکە بگات. تـاکە بیری ئەو ئەمە بوو، کە دەست لەم بابەتە بکێشێتەوە و هەموو شـتێک تەواو بـووە... لە ژیانیـدا شـتێکی بـۆ نەمـاوەتەوە... ئیتـر وەستان چ سوودێکی هەیە؟

بیریکـــردەوە،کە پێویســـتە بگەڕێـــتەوە بـــۆ خـــانوە کـــۆن و تاریکەکەی خۆی، تەزوویـەک سـەراپای لەشـی دادەگرت، چـونکە ئەو پێویسـتی بە گەرمـایی و دڵنەوایی و چاودێریکەر هەیە. بەم

بیرەوە کەوتەڕێ و هەروەک چۆن هێزێکی غەریزی کۆتر بەرەو لانەکەی خۆی دەبات، قاچەکانی ئەویان بۆ لای ماڵی نانا برد.

لە پەیژەکان وەسـەرکەوت و ئەوەی بە بیردا هـات، کە ئێسـتا لەنـاو قۆڵەکـانی نانـا گەرم دەبێـتەوە زەردەخەنەیەکـی خۆشـی کەوتە سـەر لێـوی. زەنگـی دەرگـاکەی لێـدا، لـویز دەرگـاکەی کردەوە و بە سەرسوڕماوییەوە سـەیری ئەوی کرد و یەکسـەر گـوتی، کە خـاتوونەکەی تووشـی سەرئێشـە بـووە و شـەو نەخەوتووە لەگەڵ ئەوەشدا لێی دەپرسێت، کە ئایا دەتوانێت ئەو پەسـەند بکـات یـان نـا؟ لـویز کـۆنتی بـردە ژووری پێشـوازی و پاشان چووە ژووری خەوتنی خـاتوونەکەی، بەڵام کۆنت هێشتا لەسـەر کورسـییەکە دانەنیشـتبوو نانـا وەکـو ڕەشـەبا بەژوورکەوت... نانا ڕەنگی لەبەرنەمابوو و چاوەکانی تووڕەییـان لێدەباری، نانـا ئیتـر ئەو زەحمەتییەی نەدابـووە بەر خـۆی، کە پـرچە ئاڵۆزکـاوەکەی خـۆی شـانە بکـات بەوپەڕی تـوڕەییەوە هـاواریکرد: (ئەمە تـۆی؟!) ئینجـا چـووە لای دەرگـای ژوورەکە و دەرگاکەی کردەوە تا کۆنت بکاتە دەرەوە، بەڵام هەرکە داماوی و شەکەتی ئەوی بینی بەزەیی پێدا هاتەوەو بە نەرم و نیـانییەوە گوتی: (ئای خوایە گەڕایتەوە؟ئەی ئەوانت لە ساتی ناپاکیکردندا بینی؟). کۆنت وەڵامێکی نەدایەوە،بەڵام ئەو هاوشـێوەی ئاژەڵێکی برینـدار بـوو، نانـا یەکسـەر زانـی، کە کۆنـت بەڵگەیەکی بنەبڕی دەسـتنەکەوتبوو سـەبارەت بە ناپـاکیکردنی هاوسـەرەکەی لەبەرئەمە بە تـۆنێکی دڵنیاکەرەوە گـوتی: (ئێسـتا دڵنیـابوویتەوە، کە مـن هەڵە بـووم؟ بەڵـێ، مـن بە تـۆم گـوت کە هێشـتا بەشـێوەیەکی دروسـت شـتێک نـازانم... ئـازیزم هاوسـەرەکەت

ژنێکی نەجیب و داوێنپاکە.. بگەڕێوە بۆ ماڵەکەی خۆت)،بەڵام کۆنت نەبزوا و ورتەیەکی لەدەم نەهاتەدەر.نانا گوتی: (تۆ پێویستە بڕۆیت... بێگومان ناتەوێت لە ساتێکی وا درەنگدا لێرە بیت؟) کۆنت گوتی: (بۆ نا، حەزدەکەم... لێرە دەمینمەوە). نانا تا پێیکرا تووڕەیی خۆی شاردەوە و گوتی: (تکات لێدەکەم هەستە یەکسەر لێرە بڕۆ). کۆنت گوتی: (نەخێر ناڕۆم). ئیتر نانا نەیتوانی خۆی بگرێت و هاواریکرد: (ڕاست دەکەی... ئیتر شیاوی بەرگەگرتن نییە، تۆ ناتەوێت تێبگەیت، ئیدی من لێت تێر و وەڕز بوومە؟). وازم لێبێنە و بڕۆ لای ژنەکەت، کە ناپاکیت لێدەکات... بەڵێ... ئەو ناپاکیت لێدەکات و من بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە ئەمەت پێدەڵێم... هێشتا وازم لێناهێنیت؟). چاوەکانی کۆنت پڕبوو لە فرمێسک، لەکاتێکدا، کە وەکو پاڕانەوە و لالانەوە دەستەکانی خۆی دەخستە سەر سینەی گوتی: (لێگەڕێ بمێنمەوە... توو بی خودا لێگەڕێ بمێنمەوە). تووڕەیی بەسەر نانادا زاڵ بوو و لە قین و تووڕەییان گریا. ئاخر ئەو چ کارێکی بەسەر پێوەندییەکانی نێوان پیاوان و ژنەکانیانەوە هەیە؟! نانا لەکاتێکدا کە بە مست لە قەنەفەکەی دەدا گوتی: (ئەوەندەی کە خۆم لێم بینی بەسە.... من حەزمکرد خزمەتێکم بە تۆ کردبێت و دڵسۆز بووبم بۆت، ئەگەر من چاوم لە سەروەت و سامان بوایە ئەوا دەمتوانی بە یەک وشە ببمە دەوڵەمەندرین ژن. کۆنت بە سەرسوڕماوییەوە سەری بەرزکردەوە و گوتی: (خۆ مەسەلە پارە نییە، ئەگەر ئەو حەزی لە شتێکە با فرمان بدا تا هەرئێستا جیبەجێبکرێت و هەرچی سەروەت و سامانی ئەو لە خزمەتیدا دەبێت)، بەڵام نانا هاواریکرد: (نەخێر... ئەم

بەخشش و بەخشندەییە بە تێپەڕبوونی کات دروستبووە، من ئەو پیاوەم خۆش دەوێت، کە بەبێ ئەوەی بپرسێت پارە بدات... تۆ ئەگەر ئێستا یەک ملیۆن فرانکیشم پێبدەیت و بە نزا و پاڕانەوەشەوە داوام لێبکەیت قبوڵی بکەم، وەریناگرم. بەینی من و تۆ کۆتایی هات. هەستە دەی بڕۆ بەدوای کاری خۆتدا، ئەگینا خراپ دەبێت). ئینجا وەکو هەرەشەیەک پەنجەی خۆی ڕاشەقاند. نانا هاوشێوەی جۆش و خرۆشی ژنێکی سۆزانی دڵپاک، کە بێزار بێت و واهەست بکات کە لەسەر هەقە و بەڕێزتر و خانەدانترە لەو کەسانەی، کە لەدەوروبەرین قسەی دەکرد. لەو ساتەدا دەرگا کرایەوەو ستینەر هاتەژوورەوە و ئارامی و بەرگەگرتنی نانا کۆتایی پێهات و بە دەنگێکی ترسناک هاواریکرد: (های های... ئەوەش هات!). ستینەر ترسا و بە حەپەساوییەوە لەشوێنی خۆی وەستا و بە بینینی کۆنت مۆفات حەپەساوی و نیگەرانییەکەی زیاتر بوو و جگە لە روو بەروو بوونەوە چارەیەکی دیکە نەبوو، بەڵام ستینەر لەوکاتەوەی، کە بەردەوام لە بۆرسەدا زەرەری دەکرد و پێگە دارایییەکەی لەرزۆک ببوو، حەزی نەدەکرد لەگەڵ کۆنت مۆفات روو بەروو بێتەوە! ستینەرچاوەکانی خستەسەر یەک و سەری وەرچەرخاند تا چاوی بە کۆنت نەکەوێت. بە ترساوی و هەناسەبڕکێوە لە پیاوێک دەچوو، کە خراپ لەپاریس ڕایبواردبێت و پاریسی لێ بووبێتە دوژمن، تا هەواڵێکی خۆش ببیستێت، بەڵام لەناکاو ڕووبەڕووی ڕووداوێکی ناخۆش بێتەوە.

نانا بەوپەڕی توندییەوە هاواریکرد: (تۆ بۆچی هاتوویت بۆ ئێرە؟) ستینەر بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: (من ئەو شتەم

هێناوە، کە ئێوە دەتانەوێ). ماوەیەک دوودڵ بوو. نانا شەوی ڕابردوو بەشێوەیەکی خوازەیی و بە ئاماژە ئەوەی تێگەیاندبوو، کە پێویستی بە هەزار فرانکە تا هەندێک لە قەرزەکانی خۆی پێبداتەوە و ئەگەر ئەو ئەم برە پارەیەی بۆ نەهێنێت واچاکترە کە بۆ هەمیشە نەیەت بۆ لای، چونکە ئەو لەماڵەکەی خۆی دەیکاتە دەرەوە... ستینەر سەفتەیەک پارەی کاغەزی بە نانا داو گوتی: (ئەمە ئەو هەزار فرانکەیە، کە دەتویست)، بەڵام نانا ئەوەی بیر چووبوو، کە داوای هەزار فرانکی لەو کردووە و هاواریکرد: (هەزار فرانک! تۆ وا دەزانی من خێریکت لێ وەردەگرم؟) ئینجا سەفتە پارەکەی لەدەستی ڕافڕاند و بە توندی کێشای بە دەموچاویدا. ستینەر وەکو جوولەکەیەکی پارەپەرست دەمودەست چەمایەوە و پارەکانی هەڵگرتەوە، لەکاتیکدا لە سەرسوڕماوی و حەپەساویدا دەمی بەش ببۆوە. ئەو دوو پیاوە چەند ڕوانینێکی نائومێدانەیان بۆ یەک کرد. نانا دەستەکانی خۆی لە سەرەوەی ڕانەکانی دانا و بە زمانی سۆزانیترین ژنی بەڕەڵا گوتی:(سوکایەتیپێکردنەکانت پێم تەواو؟ من زۆر دڵخۆشم بەوەی، کە ئەم پیاوە لێرەبوو تۆ هاتی تا ئەرک و کاری خۆم لەگەڵ تۆدا یەکلابکەمەوە، ڕووبەڕووبووی یەکبینەوە کۆتایی پیبێنم. ئێستا هەردووکتان زوو لێرە برۆنە دەرەوە دەی).

لەبەرئەوەی لە شوێنی خۆیان نەبزوان، نانا هاواریکرد: (ئەوە ئێوە بە ژنێکی گەمژە و گەوج لە من تێگەیشتوون؟ ڕەنگە من گەوج بم، بەڵام ئێوە لە من گەمژەترن.... بەڵێ خەتای منە ئەگەر بەم بارودۆخە ڕازی بم). ئەو دوو پیاوە زۆر ویستیان بە نزا و

پـاڕانەوە ئەو هێـوربکەنەوە تـا گـویٚ لە قسـەکانیان بگرێـت، دووبارە هاواریکرد: (ناچنە دەرەوە؟ زۆر چاکە!).

ئینجـا بەرەو لای دەرگـایەک ڕایکـرد، کە هـۆڵی پێشـوازی لەژووری خەوتـنەکەی جیـادەکردەوە و بە قـایم دەرگـاکەی کردەوە. ئەو دووپیاوە فۆنتانی هونەرمەندیان بینـی، کە لەسـەر تەختەخەوەکە دانیشتووە و پێدەکەنێت.

خۆشەویستی نانا بۆ فۆنتان لەو خۆشەویستییە سەرپێییانە بـوو، کە لەو هەفتەی دواییدا پەیدا ببـوو، نانا هـەمـوو شـەویٚ دەچووە تیاترۆخانە تا بە گالیسکەکەی خۆی فۆنتان بۆ یەکێک لە خواردنگەکـان لەگەڵ خـۆی ببـات. نانـا بە دەم ئامـاژەوە بـۆ فۆنتـان خۆشەویسـتە نـوێکەی خـۆی هـاواریکرد: (تەماشـاکەن!). کۆنت بەرگەی هەموو ئەو سوکایەتیپێکردنانەی گرتبوو، کە ئەو شـەوە پێیکرابـوو، بەڵام سـەبارەت بەمە خـۆی نەگـرت و بە چاوێکی شـەڕانگێزانەوە سـەیری نانـای کرد و هـاواریکرد: (ئەی قەحپـەی بەڕەڵـڵا بێدەنگ بە!) نانـا گـوتی: (ئاگـات لە دەمـت بـیٚ، قەحپـە ژنەکەتە). چـووە ژوورەکەی خـۆی و لەدوای خـۆی دەرگاکەی داخست و ئەو دوو پیاوەی لە ئاوری قین و تورەییدا بە تەنیا جێهێشت.

# ١٥

ئەو دوو خۆشەویستە، واتە نانا و فۆنتان بە بۆنەی ژیانی نویی خۆیان ئاهەنگێکی چکۆڵەیان لە ماڵە بچووکەکەی خۆیان، کە کەوتبوویە شەقامی فیرۆن گێڕا و ژمارەیەکی کەم لە هاوڕێ نزیکەکانی خۆیان لەم ئاهەنگەدا ئامادەبوون، بەڵام نانا دوای ئەوەی مۆفات و ستینەری هاوڕێی بەو شێوەیە لە ماڵەکەی خۆی دەرکرد واهەستیکرد، کە خەریکە هەموو شتێکی دەوروبەری بەسەر سەریدا دەڕوخێت و و ئەو متمانەیەی، کە لەڕێگەی هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەم دوو کەسە لەنێو خەڵکدا هەیبووە لەدەستیداوە... خاوەن قەرزەکانی لەوە بەدوا وازی لێناهێنن و داوای پارەکانی خۆیان دەکەنەوە، تەنانەت کارەکە بەوە دەگات کە خانوو و کەلوپەلی ماڵەکەشی بفرۆشێت و وێڵ و سەرگەردان ببێت! بەڵام ئەو حەزی لە ژیانێکی هێمن و بێ کێشە بوو و حەزیدەکرد خانوێکی چکۆلەی ڕووەوڕۆژی هەبێت.

نانا لەکۆتاییدا ناچار بوو خشڵەکانی خۆی بۆ دانەوەی قەرزەکانی بفرۆشێت و لەبەرئەوەی پارەی خشڵەکان بەشی قەرزەکانی نەکرد، ماڵەکەی، کە کەوتبووە شەقامی هۆسمان دا بە خاوەن قەرزەکانی خۆی تا بە مۆبیلیاتە کۆنەکانییەوە بیفرۆشن و قەرزی خۆیانی لێ هەڵگرن. ڕۆژێک نانا لە ماڵەکەی خۆی کە کەوتبووە شەقامی هۆسمان هاتەدەرەوە و ئیتر بۆی

نەگەڕایەوە... کەسـێک بە پـلانەکەی نەزانـی. فۆنتـان ڕێـک بە ئـارەزووی نانـا هەڵسـوکەوتی دەکـرد. فۆنتـان بـۆ ئەوەی خۆشەویستی و فیداکاری خۆی بەرامبەر بە نانا بسەلمێنێت ئەو حەوت هەزار فرانکەکەی، کە بەو هەزار فرانکەی، کە بەدەست و بـازوو و ئـارەقەی نێـوچەوانی خـۆی پەیـدایکردبوو وەکـو دڵسـۆزییەک پێشکەشـی نانـای ئـازیزی کـرد... نانـاش ئەو دە هەزار فـرانکەی، کە لە فرۆشـتنی خشـڵەکانی خـۆی بەدەسـتی کەوتبـوو خسـتە سـەر ئەو بـڕە پـارەیە و بەو پـارەیە بنچینـەی ژیانێکی ئارام و ئاسوودەیان بۆ مەیسەر بوو. مادام لیرا یەکێک لەو کەسانە بوو، کە بۆ ئەم ئاهەنگە بانگهێشتکرا، ئەو زۆر زوو هـات و سـوودی لە نائامـادەیی فۆنتـان وەرگـرت و تـرس و نیگەرانی خۆی دەربارەی ئەو خستەڕوو. بۆ نموونە مادام لیرا بە نانای گوت، کە ڕێچکە و شێوازی ئەو لە عەقڵ و حیکمەت بە دوورە و بەچاکتردانـانی فۆنتـان بەرامـبەر بە مۆفـات و سـتینەر بوێرییەکی گەورە بووە.

نانـا بە شـەرم و میهرەبـانییەوە بە پـوری وت: (ئـاخر پـوریَ گیان من ئەوم خۆش دەوێت). پوری وتی:(کچی ئازیزم تۆ خۆت باشتر دەزانیت، بەڵام عیشق چاوی مرۆڤ کوێر دەکات! ئەمڕۆ لویزم بینی، ئەم خزمەتکارە بەوەفـایە تۆی زۆر خۆش دەویَ و بەرامبەر بە تۆ فیداکار و گیان لەسـەر دەستە، هەر ئەو بوو، کە لە شەقامی هۆسماندا بەرامبەر خاوەن قەرزەکانت وەستایەوە و هەروەهـا هەر ئەو بـوو، کە هەڵاتنـی خـاتوونەکەی بە هەڵاتـن و پاشەکشـەیەکی جوامێرانە وەسـفکرد... بە سـادەیی و لێزانییەوە وەڵامـی هەمـوو ئەو پرسیارە سەرلێشێوێنەرانەی ئەو کەسانەی

دایەوە بەوەی، کە خـاتوونەکەی بـۆ دەرەوە گەشـتی کـردووە، لە سـەرووی هەمـوو ئەم کارانەشـەوە لـویز خـۆی بەدوور گـرت لە سەردانیکردن و دیدەنی خاتوونەکەی تا نەبادا خاوەن قەرزەکان دوای بکەون و شوێنە نوێکەی پێبزانن).

لویز حەزدەکات ئەوە بە خاتوونەکەی ڕابگەیەنێت، کە خـاوەن قەرزەکـان دوێنـێ کۆبوونەوەیەکیـان کـردووە و بەرنامەیـان داناوە،کە نەک تەنیا داوای قەرەزەکانیان نەکەنەوە بگرە بڕێکی نوێشـی بە قەرز پێبـدەن بەومەرجەی، کە ئەو بگەڕێـتەوە بـۆ مـاڵەکەی و پـێگە و پلەوپـایەی ڕابـردووی بەدەسـت بهێنێـتەوە. بێگومان خاوەن قەرزەکان لە نەزانی و گەوجییانەوە پێشنیازێکی وایـان نەکـردووە، بەڵکـو لەبەرئەوەی تـۆ خۆشەویسـتێکی دەوڵەمەندت هەیە، کە ئامـادەیە تەواوی قەرزەکـانی تـۆ بـداتەوە بەومەرجەی دووبـارە لە کـۆڕ و کۆبوونەوەکـان دەربکەویتـەوە. نانـا لە قین و توڕەییانـدا وتـی: (هەرگیـز... تـۆ وادەزانـی، کە مـن ئامـادەم بـۆ دانەوەی قەرزەکـانم خـۆم بفرۆشـم؟ هەرگیـز... هەرگیـز... مـردنم پێباشـترە لەوەی، کە ناپـاکی لە فۆنتـان بـکەم) پوری نانا گوتی: (منیش هەر ئەوەم لـێ چاوەڕوان دەکردی....و داوام لە لـویز کـرد، کە بە خـاوەن قەرزەکـان بڵێت کە زۆر لەوە داوپێنپـاکتر و مەزنتـری لەوەی کە پێشـنیازەکەیان پەسـەند بکەیت).

سـێ حەفـتەی یەکەمـی ژیـانی ئەم دوو دڵـدارە بە خۆشـی تێـپەڕی و نانـا بەهـۆی ژیـانە سـادە و بـێگەردەکەی خـۆی وا بیریکـردەوە، کە گەڕاوەتەوە بـۆ سـەردەمی منداڵی، گەڕاوەتەوە بۆ ئەو سەردەمەی، کە دەسکەوتنی پۆشـاکێکی سـادە و جـوان و

نـویٚ لە خۆشـحاڵیان شاگەشـکەی دەکـرد. ڕۆژێـک نانـا زەمبـیلە بچووکەکەی خۆی بەدەستەوە گـرت و چـووە بـازاڕ تـا هەنـدێک کەلوپەلی پێویستیی ناوماڵ بکڕێت، هەر کە چاوی بە فرانسـوای سـەرتاش کەوت حەپەسـا. فڕانسـوا چاوێکی بە سـەرتاپای نانـادا گێڕا و وەک بڵێی، کە باوەڕی نەدەکرد ئەم ژنە سـادە و ئاسـاییە هەمـان ئەو نانـایە بەناوبـانگەیە، کە پاریسـی سـەرسـام کردبـوو، بەڵام فڕانسـوا هێنـدە بەڕێـز بـوو، کە خـۆی بە چەشـنێکی دیـکە نیشـاندا و گەشـتکردنەکەی نانـای پشتڕاستکردەوەو وتـی: (ئاهـ. ئەی خـــاتوونی ئـــازیز ئەوە ئێـــوەن؟! بـــابەتی گەشـــتەکەتان کەسانێکی زۆری غەمبار کردووە..)، بەڵام نانا دەرفەتـی پێنەدا و پرســیاری ئەوەی لێکــرد،کە خەڵــک ســەبارەت بەو چیـدەڵێن؟! فڕانســوا وتــی: (ناوتــان لە هەمــوو کــون و قوژبنیـک و لەسـەر زمـانی هەمـوو کەسـێک دەبیسـترێت) نانـا وتـی: (باشـە سـتینەر چـۆنە؟) فڕانسـوا وتـی: (بـارودۆخی سـتینەر زۆر خـراپە... ئەگەر گۆڕانکارییەکــانی بۆڕســە یارمەتیــدەری نەبێــت ئەوا هێنــدەی پێناچێت دەبێتە یەکێک لە قەللۆشـان!). نانـا ویسـتی نـاوی مۆفـات بهێنێـت، بەڵام هەرکە پیتـی یەکەمـی نـاوەکەی هێنـا، وازیهێنـا لە گۆکردنی پیتەکانی دیکەی ناوەکەی.

فڕانسوا وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە، کە نانا دەریبڕیبوو و گوتی کۆنت مۆفات زۆر دڵگران و غەمبار بووە بە ڕۆیشتنی ئەو و وەکو تارماییەکی سەرلێشێواو بۆ هەر شـوێنێک، کە نانـا بـۆی چـــووە لە گەڕان و ســـووڕاندایە، لەم دواییـــانەدا مینـــۆن ئەوی بینیوە و بەرەو لای ڕۆزی بردووە. نانا خەندەیەکی دەستکردنی کـرد پاشـان بە دەنگێک، کە هەڵچـوون و تـوڕەیی پیوەدیـاربوو

وتـی: (کەواتە ئەو کەوتۆتـە داوی عیشـقی ڕۆزەوە؟ ئەو چەنـدین جار سوێندی خواردبوو جگە لە من ژنێکی دیکە نەناسیت، بەڵام من نهێنییەکەی دەزانـم... ڕۆز بەم هۆیەوە ویستوویەتی تۆڵەی خۆی لە من بکاتەوە، چونکە من ئەم ئاژەڵە دڕندەیەم(ستینەر) لە چنگی ئەو دەرهینا، بەڵام ئەمە چ تۆڵەکردنەوەیەکە، ئەو پیاوەی رامکـردووە، کە مـن لە خـۆمم دوورخسـتەوە!) فڕانسـوا وتـی: (بەڵام بەڕێـز مینـۆن شـتێکی دیکە دەڵێت، ئەو بانگەشـەی ئەوە دەکـات، کە کۆنـت تـۆی لە خـۆی دوورخسـتۆتەوە و دەریکردووی!). نانا ڕەنگ و ڕووی لەبەرنەما و هـاواریکرد: (ئەو منـی دورخسـتۆتەوە؟ هەر بەڕاسـت ئایـا مینـۆن قسـەیەکی لەم چەشـنە دەکـات). لێوەکـانی کـرۆژت و ڕووی وەرگێڕا و سـاتێک بێـدەنگ بـوو و پاشـان گـوتی: (هاوڕێکـەم ، ڕاسـتیەکە لە مـن بپرسـە... مـن ئەم دامـاوەم دەرکـرد، چـونکە ڕقـم لە پیاوێکـە، کە ژنەکەی ناپـاکی لێـدەکات... بەڵام خـۆم دەزانـم چـی لە مینـۆن دەکەم، کە شەو و ڕۆژ شەقامەکانی پاریس دەپێوێت تا دۆستێک بـۆ ژنەکەی خـۆی بـدۆزێتەوە، مـن ئامـادەم بـێمە بەرامـبەر هەموویان و بە ڕاشکاوییەوە بە هەموویان بڵێم ئەوان درۆزن و ناڕەسـەنن). فڕانسـوا بە بینینـی سـادەیی و خـاکەڕایی نانـا ئەو بوێرییەی بەخۆیدا، کە ئامۆژگارییەکی بکـات، لەبەرئەوە پێیگوت کە لەبەر خۆشەویستییەکی سەرپێییانەی سەربەخۆ دەستی لەو شـکۆداری و مەزنـایەتی و ئەو ئاینـدە گەشـەی کێشـاوەتەوە و بێگومان ڕۆژێک پەشیمان دەبێتەوە.

نانا گوتی: (ئەم شتە پێوەندی بە خودی خۆمەوە هەیە... بەڵام هەرچۆنێک بێت سوپاست دەکەم)

ئینجا ئەوی جێهێشت.
شەویک نانا و فۆنتان بۆ بینینی یەکێک لە ژنە هاوڕێکانی فۆنتان کە بـۆ یەکەمـین جـاربوو لەسـەر سـەکۆی شـانۆ دەردەکەوت چـوون بـۆ تیاترۆخـانەی ئۆپێرابـۆڤ، دوروبەری کـاتژمێر یەکـی دوای نیوەشـەو بوو، کە ئەو دوانە بۆ مـاڵ گەڕانەوە و سـەبارەت بەم هاوڕێیە دەستیان بە قسەکرد، نانا بە تـۆنێکی گاڵتەجـارانەوە وتـــی:( چاوەکـــانی ئەو بچـــووک و پرچـــی وەکـــو ســـەری قولەڕەشـەکان بـە گـروازە بـوو) فۆنتـان وتـی: (قسـەی بێمانـا دەکەیت... پرچی زۆر جوان و نیگاکانی وەکو پشکۆی ئاگر بوو... بەڵام ئێوەی ژنـان نەریتتان وایە" کە ڕەخنە لە بەهـرە و توانـای یەکتر بگرن).
نانـا هەڵچـوو و لەسـەر بۆچـوونەکەی خـۆی پێـداگری کـرد، فۆنتـــان بەوپەڕی تـــوڕەییەوە هـــاواریکرد: (بێـــدەنگ بە... مـــن نامەوێـت گـوێم لەم قسـانە بێـت). نانـا بێـدەنگ نەبـوو و گـوتی ئەویش ئامادە نییە مۆڵەت بە هیـچ کەسێک بدات کە بە دەنگ و تۆنێکی ئاوا قسـەی لەگەڵدا بکات. لەبەرئەوەی فۆنتـان وەڵامێکـی نەدایەوە ناناش لەکاتێکدا کە خوێن لە دەمارەکانیدا جۆشـی دەدا بێـدەنگ بـوو. ئەمەیە یەکەمـین دەمەقـاڵێی بـوو" کە لەنێوانیانـدا ڕوویـدابوو، بەڵام ئەمە دوا شـەڕیان نەبـوو، نانـا لەو شـەوەدا تێگەیشـت" کە ئەگەر فۆنتـان تـووڕە بێـت تـا چە ئەنـدازەیەک بێشەرم و سووک و چروکە.
بۆ ماوەیەک بێدەنگی بوون، هیـچ یەکێکیـان قسـەیەکی نەکـرد، سـەرەنجام نانـا هەسـتایەوە و ویسـتی بچێـتە ژووری خەوتنـی خـۆی، بەڵام هێشـتا چەنـد هەنگاوێـک نەڕۆیشـتبوو، کە فۆنتـان

بەرەو لای ڕایکــرد و زللەیەکــی قــاییمی لە بناگوێیــدا و لەبەر بەهێزی زللەکە نانا کەوتە سەر زەوی و وەکو منداڵێکی بریندار کەوتە ناڵە و گریان. فۆنتان هیچ گرنگی بە گریان و ناڵەی ئەو نەدا و بەرەو تەختەخەوەکەی خۆی ڕۆیشت و ماوەیەک دواتر دەنگی پرخە پرخی خەوی بەرز بووەوە.

نانا زۆر گریا و گوتی ئەوە نامەردییە، کە پیاوێک بەم جۆرە سوود لە هێزی خۆی وەربگرێت، بەڵام هێندەی نەبرد قینەکەی دامرکــایەوە و ئەم زلــلەیەیە هەســتی ڕیزگرتنــی بەرامــبەر بە فۆنتــان زیــاد کــرد. بەیــانی نانــا لە خەو هەســتا دەســتی لە ملــی فۆنتــان کــرد و مــاچیکرد و داوای لێکــرد، کە چیتــر بەو ڕەقــی و توندوتیژییە مامەڵەی لەگەڵدا نەکات و دانی بەوەدانــا، کە ئەوی خۆش دەوێت، بەڵام ئەو زللەیە وەکو ئەزموونێکی نوێ بوو بۆ نانا، بەڵام ئەزموونێک، کە پاشتر زۆر دووبارە بووەوە و فۆنتان هەر کاتێــک وشــەیەکی پــێچەوانەی لە نانــا دەبیســت ڕاســتەوخۆ زللەیەکــی قــاییمی دەبزوانــدە گۆنــا نەرم و ســپییەکەی نانــا. جارێکیان بەڕێکەوت نانا خرۆشا و هەڕەشەی لە فۆنتان کرد، بەلام فۆنتــان پێیگــوت ئــەگەر بێــدەنگ نەبێــت دەیخنکێنێــت. ئەو شتەی، کە نانای غەمبار دەکرد دیارنەمانەکانی ئەم دواییانەی فۆنتــان بــوو. فۆنتــان مەگەر نیــوە شــەوان، ئەگینــا بــۆ مــاڵ نەدەگەڕایەوە، نانا بێجگە لەوەی، کە ئارام بگرێت و بسوتێت و خۆی بگونجێنێت چارەیەکی دیکەی نەبوو... ڕۆژێک نانا ساتانی هــاوڕێ خــۆی لە ڕێگــادا بینــی، لەبەرئەوەی دەیزانــی فۆنتــان تــا نیوەشــەو نــاگەڕێتەوە داوای لە هــاوڕێکەی کــرد کە پــێکەوە لە یەکێک لە خواردنگەکان نانی ئێوارە بخۆن.

هەردووکیان کاتێکی خۆش و دڵگیریان لەگەڵ یەکدا بەسەر برد و بەم شـێوەیە یـادەوەرییە تـاڵ و شـیرینەکانی ڕابردوویـان بیرکەوتەوە... سەرەنجام نانا بۆ ماڵی خۆی گەڕایەوە و زۆر سەری سوڕما کاتێک بینی کە فۆنتان بەر لەو گەڕاوەتەوە ماڵ و تووڕەیە. نانا لەگەڵ ئەو سەرسوڕماوی و پەشۆکاوییەی خۆی ویستی نیگەرانی فۆنتان دەربارەی دیارنەمانی خۆی بڕەوێنێتەوە، بۆیە گوتی کە ئەو نانی ئێوارەی لەگەڵ مادام مالوار خواردووە، بەڵام هەرکە نانا ئەم ناوەی هێنایە سەر زمانی، فۆنتان مستێکی قاییمی لە مێزەکە داو بەوپەڕی تووڕەییەوە گوتی ئەمەش لە شێتی و گەمژەییە" کە نانا پارەکانی خۆی بەم چەشنە بۆ ژنانێکی وەک مادام مالوار و مادام لیرا خەرج بکات، ئەگەر تا چەند هەفتەیەکی دیکە بارودۆخ وا بڕوات، ئەوا پێویستە دەستی دەرۆزە بۆ خەڵکانی دیکە درێژ بکەن و لە برسان بمرن. لە ئێستا بەدواوە پێویستە من خەرجی و تێچووی خۆم لەدەست بگرم تا نەبادا لەناکاو قەللۆش و دەستکورت بین.

نانا یەکسەر هەستایەوە و ئەو پارەیەی، کە هەیبوو لە بەرامبەر فۆنتاندا خستیە سەر مێزەکە. پارەکان تا ئەوکاتە لەنێوانیاندا هاوبەش بوو و هەر یەکێکیان هەر چەند پارەی پێویستبوایە بەبێ گوێپێدان لێی هەڵدەگرت. کاتێک فۆنتان ئەو پارانەی ژمارد، کە مابوونەوە هاواریکرد: (ئای خوایە... هەر ئەوەندە ماوەتەوە؟! حەوت هەزار فرانک لە حەڤدە هەزار فرانک، جا خۆ سێ مانگ زیاتر نییە، کە پێکەوەین ؟! ئایا ئەمە شیاوە؟! )ئینجا پەلاماری چەکمەجەی مێزەکەیدا و دەریهێنا و بەدوای پارەکانی دیکەدا گەڕا و هاواریکرد: (دە هەزار فرانک لە سێ مانگ؟بڵێ بزانم

چیت لەم پارانە کردووە؟ پوورت لێتی وەرگرتی؟!) نانا وتی: (بۆچی تووڕە دەبیت؟ئەوەندە بەسە، کە خەرجییەکانمانت لەبەرچاو بێت تا بزانیت ئەم بڕە پارەیە چی لێهاتووە، ئایا ئێمە کەلوپەل و جل و بەرگمان نەکڕی؟! دوای ئەوە هەروەک خۆشت دەزانیت، کە پارە وەک ئاو دەتوێتەوە و بەرەکەتی نییە). فۆنتان بە تۆنیکی لووتبەرزانەوە هاواریکرد: (گوێبگرە... من لەم هاوبەشییە ماندوو بووم... تۆ دەزانی، کە ئەم حەوت هەزار فرانکە هی منە، کە بەدرێژایی ژیانم ئەوەم پێکەوەناوە، بۆیە ئەم بڕە بۆ خۆم دادەنێم، چونکە ئەوە لەڕاستیی و ویژدانەوە دوورە، کە من لەبەر دەستبڵاوی و پارە بەفیڕۆدانی تۆ لە برسان بمرم... هەر کەسێک پێویستە خۆی بیر لە کاری خۆی بکاتەوە و مشووری خۆی بخوات!). فۆنتان پارەکانی خستە باخەڵییەوە، نانا وەکو سەرسوڕمانییەک سەیرێکی ئەوی کرد وبێدەنگ بوو، فۆنتان گوتی: (ئەوەندە دەبەنگ نیم، کە پارەکانی خۆم لە پوور و پیرەژنەکان خەرج بکەم، تۆ بە پارەکانی خۆت حەزت لە هەر کارێکە بیکە... بەڵام من لەمڕۆ بەدواوە ڕێگەت پێنادەم، کە دەست لە پارەکانم بدەیت و لەئێستا بەدواوە لاپەڕەیەکی نوی لە ژیانی خۆماندا هەڵدەدەینەوە).

نانا بڕۆی هێناوەیەک و گوتی: (ئەی تۆ بەدرێژایی ئەم ماوەیە لە پارەی منت خەرج نەکردووە؟! هەر بەڕاستی شێواز و قسەکەت دەرخەری سووک و چروکی و نامەردیتە). فۆنتان وتی: (ئەگەر دەوێریت جارێکی دیکە ئەم قسەیە دوبارە بکەوە). نانا جارێکی دیکە قسەکەی وتەوە. فۆنتان هەستایەوە و هێندەی لێدا تا لەهۆش خۆی چوو و هەناسەی لێبڕا. هێندەی نەبرد، نانا

هەسـتایەوە و جلـەکـانی داکەنـد و بە هێواشـی چـووە سـەر تەختەخەوەکە و لەتەنیشت فۆنتان پاڵکەوت و دەستی لە ملی ئالاند و کەوتە ماچکردنی. نانا دەترسا لەوەی، کە فۆنتان لەدەست بدات و نەتوانێت بەبێ ئەو بژییێت... ئەگەرچی فۆنتان بێ هۆ سەبارەت بە نانا کەتبووە گومان و دوودڵییەوە، بەڵام وتی: (تۆ دەزانی کە من ئەوەی دەیڵێم بەڕاستمە نەک گاڵتە... و من خۆم حیسابی خەرجی خۆم لەدەست دەگرم).

نانا سەری خۆی دەخستە سەر سینەی ئەو بە هێواشی لەژێر لێوانەوە گوتی: (منەتم پێ نییە... تەنانەت ئەگەر پێویست بێت دەتوانم ڕزق و ڕۆزی خۆم بە کارکردن و مەینەتییەوە پەیدا بکەم). دوای ئەو شەوە ژیانیان بریتی بوو لە شەڕ و دەمەقاڵێ.

نانا بەردەوام زلـلەی فۆنتـانی دەخـوارد، بەڵام ئەم شـتە خۆشەویستی ئەوی بەرامبەر بە فۆنتان کەم نەدەکرد. بڕۆلییە و بۆسک لەو هاوڕێ دەگمەنانە بوون، کە دەهاتنە ماڵی فۆنتان و هەندێک کاتیش لەوێدا نانیان دەخوارد.

فۆنتان هەرگیز باکی بەوە نەبوو، کە لەپێش ئەوان زللە لە نانا بدات.. ئەم شتە لەسەر بڕۆلییە، کە نانای خۆش دەویست و ئیرەیی بە فۆنتان دەهات گران وەستا... ڕۆژێک بڕۆلییە نانای بە تەنیا بینی و گوتی: (سەیرە کە ئەسپەژنێکی وا دلڕفێن هێندە پابەندی پیاوێکی شەڕانگێز و دڵڕەقی وەک فۆنتان بێت...) نانا وتی: (چ بکەم... لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەوم خۆشدەوێت) نانا لویسی کوڕی بە مادام لیرای پووری سپارد، چونکە بینی، کە فۆنتای خۆشەویستی ڕقی لە کوڕەکەی وی دەبێتەوە. ڕۆژێک نانا بۆ بینینی منداڵەکەی دەڕۆیشت لەناکاو لەبەرامبەر خۆیدا

لابۆردیتی بینی، زۆر نیگەران بوو و نەیتوانی ڕابکات. لابۆردیت زەردەخەنەیەکی کرد و بە گەرمی تۆقەی لەگەڵدا کرد و گوتی ئەو کەسانەی ئەو دەناسن یان لەسەر سەکۆی شانۆ ئەویان بینیوە شێت و شەیدای بوونە و بە هۆی ونبوونی لەناکاوی ئەودا غەمبارن، لابۆردیت کەمیک بێدەنگ بوو پاشان بە تۆنێکی شیرین و فریودەرانە ئەوەی خستەسەر قسەکانی: (بەڕاستی تۆ بە هەوڵ و کۆششی خۆت ناوبانگێکی زۆرت بەدەستهێنا و داهاتوێکی گەشت لەبەردەم بوو، بەڵام حەیف بەهۆی گەمژەیی خۆشەویستییەکی کتوپڕ هەموو ئەو شتانەت بەبادا، ئێمە دەزانین، کە هەندێک کات خۆشەویستی ناچار بە چەند کارێکی سەیروسەمەرە دەکات، بەڵام سەرسوڕماوی ئێمە لەوەدایە، کە چۆن تۆ ئامادەبووی لەگەڵ ئەم پیاوە شەڕانگێز و ئەو هەموو زللە و سوکایەتیپێکردنە بژیت؟) ئینجا ڕووی باسەکەی گۆڕی و قسەی هێنایە سەر هاوڕێیانی ڕابردوو و هەرکە ناوی مۆفات و ڕۆزی هێنا، چاوەکانی نانا گەشانەوەو گوتی: (ئەگەر من بمویستبوایە) لابۆردیت قسەکەی پێبڕی و پێشنیاری ئەوەی بۆ کرد، کە ئەو و مۆفات ئاشت بکاتەوە، لەهەمانکاتدا گوتی: (لێگەڕێ من بەرنامەی کارەکە دابنێم و وابکەم ئیشەکان هەموو بە باشی بەڕێوە بچن... من کۆنت مۆفات زۆر دەبینم، هەر کاتێک ناوی تۆ لای دەهێنرێت ڕەنگی لەبەردا نامێنێت!) نانا گوتی: (نەخێر... نامەوێت کاریکی وا بکەیت... من بە بارودۆخی ژیانی ڕاستەقینەی ئێستای خۆم دڵخۆش و ڕازیم). لابۆردیت بڕیاریدا لە لایەکی دیکەوە هێرش بکاتە سەر نانا، لەبەرئەوە بزەیەکی تەڵەکەبازانەی کرد و گوتی کە بۆردنێڤ دەیەویت

شانۆنامەیەکی نوێ، کە لە دانانی فۆشێرییە بخاتە سەر تەختەی شانۆ، ئەم شانۆنامەیە ڕۆڵێکی مەزنی تێدایە، کە تەنیا ئەو دەرەقەتی دێت و ئەگەر حەز بکات ئەم ڕۆڵەی پێدەدەن.
نانا گوتی: (چی دەڵێی؟ فۆنتان شتیکی لەبارەی شانۆنامەی ناوبراو و ئەم ڕۆڵە بە من نەگوت) لابۆردیت گوتی: (تۆ دەزانی کە من شیاوی متمانەپێکردنم... بۆچی بوارم پێنادەیت، کە بواری گەڕانەوەت بۆ تیاترۆخانە دەستەبەر بکەم و لەگەڵ کۆنت مۆفات ئاشتت بکەمەوە؟ من ئامادەم بۆردنێڤ بە ڕیسوایی و ملکەچییەوە فڕێبدەمە بەردەم قاچەکانت) نانا گوتی: (نەخێر... نامەوێت).

ئینجا ئەوی جێهێشت و ڕۆیشت... بەڵێ نانا قوربانیدا و پێشنیازەکەی لابۆردیتی ڕەتکردەوە، بەڵام شتێک لە قسەکانی لابۆردیت غەمباری دەکرد ئەویش ئەوەبوو، کە هەموویان لەوباوەڕەدان، کە ژنیکی وەکو ئەو جوان و میهرەبان پێویستە هەرچی زووە خۆی لەژێر چەپۆکی پیاوێکی دڵڕەق و خوێڕێژی وەکو فۆنتاندا دەرباز بکات. شەو کاتێک فۆنتان بۆ ماڵ گەڕایەوە نانا لێیپرسی: (بۆچی سەبارەت بەم شانۆنامە نوێیە و ئەو ڕۆڵە گرنگەی،کە ئەو دەرەقەتی دێت هیچی نەگوتووە؟).فۆنتان گوتی: (کام ڕۆڵ؟ واپێدەچێت مەبەستت ڕۆڵی ئەو خاتوونە گەورە و بەڕێزەی ناو ئەم شانۆمەیە بێت؟! بەڕاستی تۆ وادەزانی، کە دەتوانیت دەروەستی ئەو ڕۆڵە بێیت؟ ها. ها. ها. ئەمە پێکەنیناویترین شتە، کە لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا گوێم لێبووە). ئینجا خەندەیەکی گاڵتەجاڕانەی کرد و ئەم پێکەنینە زیاتر کاری لە نانا کرد بە جۆرێک فرمێسک لە چاویدا ڕیزی

بەست و هەستی بە جۆرە زەلیلی و سووکییەکی لەڕاددەبەدەر کرد.بەڵێ فۆنتان بەتەنیا نەبوو... نانا لە درزی دەرگاکە سەیری ئەو هونەرمەندەی کرد، کە لە تیاترۆخانەی ئۆپێرابۆڤ بینیبووی و لەسەر یەکێک لە کورسییەکان دانیشتووە و وەکو ئەوە وایە، کە خاوەنی ئەو مۆبیلیاتە بێ، کە ئەو پارەکەی داوە. فۆنتان هەنگاوێک هاتە پێشەوە و لەکاتێکدا بە دەست هەڵشەقاندن هەڕەشەی لێدەکرد هاواریکرد: (لێم دوورکەوە... ئەگینا دەتخنکێنم). نانا ترسا و بەپەلە لە پلیکانەکان هاتەخوارەوە و بەدەنگی بەرز دەگریا. نانای داماو لەماڵەکەی دەرکرابوو، یەکسەر ئەوەی کەوتەوە بیر چۆن سوکایەتی بە مۆفات کردووە و ئەوی دەرکردووە... ئای زەمانە چۆن تۆڵە دەکاتەوە، ئەو وای بەمێشکدا هات، کە بچێتە لای ساتان و ئەو شەوە لە ژوورەکەی ئەو بەسەر ببات، بەڵام ساتانی لەسەر شەقام بینی، چونکە خاوەن خانوو دەریکردبوو بەهۆی ئەوەی، کە ئەو نەیتوانیبوو کرێی سێ مانگی ژوورەکە بدات. ساتان قۆڵی خستە قۆڵی نانا و ئەوی بردە ماڵی یەکێک لە هاوڕێکانی خۆی، کە هاوشێوەی مادام تریکۆ بوو و ناوی بلانش بواسییە بوو. ئەو ژنە بە خۆشحاڵی و ڕوویەکی کراوە پێشوازی لێکردن، مۆڵەتی پێدان ئەو شەوە لە یەکێک لە ژوورە باش و پاکوخاوێنەکان بەسەر ببەن. هەر کە ساتان دەرگای ژوورەکەی داخست ، نانا کەوتە گریان و ئەوەی، کە بەسەر خۆی و فۆنتان داهاتبوو بۆی گێرایەوە.

ساتان بە غەمبارییەوە گوێی لە قسەکانی ئەو ڕاگرت و دڵنەوایی دایەوەو بە جۆرە سیفات و خەسڵەتێک، کە قێزی لێیان

دەبــووەوە وەســفی پیــاوانی کــرد ... لەکاتیکــدا کە ئەو دوانە ســەرقاڵی قســەکردن بــوون گوییــان لە دەنگــی ژاوەژاوێکــی نائاسایی و هاتوهاواریکی ترسناک بوو... ساتان گوێی ڕاگرت... ڕەنگی لەبەرنەما و هاواریکرد: (پۆلیس، ئیتر هیچ ئومیدێکمان بۆ ڕزگـاربوون نییە... ئـاخ ئـێمە وەکـو مشـک کەوتینە تەڵەوە) نانـا ترسـا... عەقڵ لەکەللەیـدا نەمـا، ڕاسـتەوخۆ وەکـو ژنە شـێتەکان بەرەو لای پەنــجەرە ڕایکــرد و ویســتی لەپەنــجەرەکەوە خــۆی فڕێداتە خوارەوە... ئەو پەنجەرەیە دەیڕوانییە ژووری دەرگـاوان و ســاتان هــاواریکرد: (ئــای چــی دەکەی؟... لەســەرخۆ بە... تــۆ خــۆت دەکوژیــت)، بەڵام نانــا دەیزانــی، کە ئەگەر ئەو بکەوێــتە دەست پۆلیس ئەوا واتای ئەوەیە، کە ناوی خۆی و کوڕەکەی بۆ هەتاهەتـایە دەزڕێت، لەبەر ئەوە هـیچ گومـان و دوودڵییەکـی بـۆ خــۆی نەهێشــتەوە و خــۆی گەیانــدە ســەر پەنــجەرەکە و لە کەشێکی تاریکدا خۆی هەڵدایە خـوارەوە. چارەنووس وابـوو، کە ئەو دەستی لە درەختێکی باغچەی ماڵە دراوسێی خـانووەکە گیر ببێـت و نەکەوێـتە سـەر زەوی، جـل و بەرگـی دڕا و دەسـت و لەش و لاری بریندار بوو و خۆی گەیاندە سـەر زەوی بـاغچەکە و لە گۆشــــەی بــــاغچەکە بە هەناســــەبڕکێ و بە دووچــــاوی فرمێسکاوی و دڵێکی لەرزۆکەوە وەستا تـا پۆلیسـە نەفرەتییەکە بڕوات.

کاتژمێرێک ڕۆیشت و لەو کـاتەدا نانـا هـاتەدەرەوە و بەسـەر دیواری باغچەکەدا سەرکەوت و خۆی فڕێدایە سەر شەقامەکە و بە نـاڵە و گریـانەوە بەرەو بـاتینۆڵ ڕایکـرد. هێنـدەی نەبـرد، کە گەیشــتە بەردەم دەرگــای پــووری و بەوپەڕی تونــدییەوە لە

دەرگاکەی دا. مادام لیرا هەرکە ڕەنگپەڕیوی و پەنجە خوێناوی و پۆشـاکە دڕاوەکـانی نانـای بینـی هەمـوو شـتێکی زانـی و هـاواریکرد: (ئـەی مـن تـۆم ئاگـادار نەکردەوە؟ ئـەی پێشـبینی چارەنووســێکی وام بــۆ نەکــردی؟ کــچە دامــاوەکەم وەرە ژوورەوە... دەرگـای ئەم مـاڵە هەمیشـە بـۆ تـۆ کراوەیـە). نانـا یەکســەر بەرەو تەخــتەخەوی منــداڵەکەی ڕۆیشــت. منــداڵەکە خەوتبــوو... نانــا ســەری دانەوانــد و ســەیری ڕوخســارە زەردهەڵگەڕاوەکەی کرد. بە سـەیرکردنی ڕوخسـاری بێگونـاهی ئەو غەمبار بوو و بەشێوەیەک بەزەیی بە بێنەوایی و زەلیلی و چارەڕەشــی ئەودا هــاتەوە، کە پێشــتر هەرگیــز وا بەزەیــی پیدانەهاتبۆوە . نانا منداڵەکەی ماچکرد و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: (ئاخ... ئەی منداڵە بێتاوان و ڕۆڵە بەستەزمانەکەم).

# ١٦

جۆش و خرۆشێکی سەیر لەسەر سەکۆی شانۆکە دەبینرا! هونەرمەندان پڕۆڤەی شانۆنامەی (خاتوونی خانەدان) یان دەکرد تا بخرێتە سەر سەکۆی نمایشکردن، ئەم شانۆنامەیە فۆشێری نووسیبووی. نانا لەسەر سووچی یەکێک لە باڵکۆنەکان دانیشتبوو و سەیری پڕۆڤەی ئەکتەرەکانی دەکرد. بابەتی شانۆکە سەبارەت بە خاتوونێکی بەناوبانگ بوو، کە مێردەکەی کەوتۆتە داوی ژنیکی سۆزانی و ئەو دەیەوێت مێرەکەی بۆ ئامێزی خۆی بگەڕێنێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی هەوڵەکەی خۆی هیچ ئەنجامێکی نابێت بڕیار دەدات، کە لە نهێنی سەرکەوتنی ژنانی سۆزانی تێبگات و بۆ تێگەیشتن لەوە بڕیاردەدات، کە خۆشەویستی مێردکەی ببینێت. ئەم خاتوونە کۆد و ئاماژەکانی نازکردن و دڵخاپێنی وەها لەو ژنە سۆزانیە فێر دەبێت، کە پێش تەواوی ژنانی سۆزانی دەکەوێتەوە.

ڕۆڵی (خاتوونی خانەدان)ی دۆسێش هێلین دەدرێت بە ڕۆزمینۆن و ڕۆڵی ئۆگساتای سۆزانی بە سیمۆنیا سپێردرابوو.... نانا هەرکە بینی (ڕۆز)بە جلوبەرگی دۆشێس بە فیز و لەخۆباییبوونەوە لەسەر سەکۆی شانۆکە دێت و دەچێت بە چاوێکی نزم و سوکایەتی ئامێزەوە سەیری کرد و لەبەر خۆیەوە گوتی: (تەنیا ئەو دەتوانێت دەربەستی ڕۆڵێکی ئاوا بێت!)

دەرگای لۆژ کرایەوە و لابۆردیت هاتەژوورەوە و بەنانای گوت: (بۆچوونت چییە دەربارەی ڕۆڵی ئۆگۆستا ؟ بۆردنیڤ دەیەوێت ئەم ڕۆڵە بدات بە تۆ). نانا شانی هەڵتەکاند و وەڵامیدایەوە: (قسە لەمبارەیەوە دەکەین).

بەرەو لای چەپ خۆی چەماندەوە و بە هێواشی گوتی: (ئەو دێت؟) لابۆردیت گوتی: (بەڵێ بێخەم بە).

ئەو دوانە کەوتنە قسەکردن سەبارەت بە کۆنت مۆفات.. لابۆردیت بواری دیدەنی نێوان مۆفات و نانای ڕەخساند و بۆردنیڤ ئامادەیی نیشاندابوو، کە ئەم یەکتربینینە لە یەکێک لە لۆژەکانی تیاترۆخانە بێت و لەبەر دڵی کۆنت ڕۆڵی ئۆگۆستاش بدرێت بە نانا، لەبەرئەوەی بۆردنیڤ سەروەت و سامانی خۆی لە کڕین و فرۆشتنی پشکەکان لەدەست دابوو بۆیە خوازیاری هاوڕێیەتی مۆفات بووە تا لانیکەم پارەیەکی بە قەرز لێ وەربگرێت و لە مەترسی مایەپووچبوون و قەللۆشی ڕزگاری بێت. بڵاوبوونەوەی دەنگۆی گەڕانەوەی لەناکاوی نانا و ئامادەبوونی ئەو لە تیاترۆخانە بووە هۆی سەرسوڕمانی هونەرمەندان و ڕۆژ سەرەتا ئەم هەواڵەی لەو ساتەوە بیست، کە لابۆردیت هاتەژوورەوە و لەبن گوێی مۆفات شتێکی گوت ڕوخساری گۆڕا و بە مینۆنی مێردی گوت: (ئایا بیستووتە چیدەڵێن؟! هاوار بە ماڵی نانا ئەگەر بیەوێت دووبارە بۆردنیڤ لە چنگم دەربێنێ. هەروەک ئەوەی کە ستینەری لەدەستم ڕفاند... بەخوا ئەگەر کارێکی وا بکات چاوی لە بن و بێخەوە دەردێنم!).

مینۆن شانی هەڵتەکاند و بەهێمنی گوتی: (بێدەنگ بە... سەرپێچیکردن سوودێکی نییە).

مینۆن بە چاکی کۆنت مۆفاتی دەناسی و دەیزانی، کە مۆفات بە ئامـاژەیەکی نانـا ئامـادەیە بکەوێـتە سـەر ئەژنـۆ و سـەری رادەسـتبوون کەچ بکـات!! بەڵام مۆفـات کە چەنـد قسـەیەکی لە لابۆردێت بیسـت و زانـی، کە لە لـۆژی سێیەمدا چـاوەڕوانیەتی ڕەنگی لەبەرنەمـا و دەسـتەکانی کەوتـنە لەرزیـن بەجۆریـک، کە واهەستیدەکرد خەریکە دڵی دەکەوێتە خورپە و قاچەکانی توانای قورسـایی جەسـتەی ئەویـان نییە. مـاوەیەک خـۆی دواخسـت، پاشـان بەهـۆی هێزێـک، کە بەری پێنەدەگیـرا بەرەو لای لـۆژی سـێیەم چـوو و لە گەیشـتنە بەردەم لـۆژەکە مـۆڵەتی چوونەژوورەوەی خواست. نانا مۆڵەتی هاتنەژوورەوەی پێدا و مۆفات چووە ژوورەوە و چەند نیگایەکی قووڵ و دووردرێژ لەنیوانیانـدا ئـالوگۆڕ کـرا،کە بینـی مۆفـات لە شـوێنی خۆیـدا حەپەسـاوە دایە پێکەنـین و گـوتی: (ئاهـ ئەی منداڵی گەمـژە .... هـاتیەوە؟!) مۆفـات حەزی بە ڕسـتەی(منداڵی گەمـژە) هـات و زەردەخەنەیەکی خۆش کەوتە سەر لێویەوە و بە نانای گوت، کە زۆر خۆشـحاڵ و شـادمانە بە بینینی ئەو، ئیتر نەیتوانی شتێک بڵێت. نانـا گـوتی: (ئایـا هیچـت نییە بیڵێیـت؟! مەگەر تـۆ حەزت نەدەکـرد، کە بمبینیـت؟ ئێسـتا ئەوەتـا مـن هـاتووم!.. کەواتە دە قسـەیەک بکە... بەڵێ هەردووکمـان هەڵەمـان هـەبوو... بەڵام مـن لێت خۆشبووم و لاپەڕەیەکی نوێم هەڵدایەوە و پاشان پێیگوت ڕابردوو تێپەری و شایستەی ئەوە نییە، کە بیری لێبکەینەوە و بیر خۆمـانی بهێنینەوە ئێمە ئێسـتا تەوقە لەگەڵ یەک دەکەیـن و پێویسـتە بۆ هەتاهەتـایە وەک دوو دۆسـت لە ئاشـتی و خۆشـیدا بژین.

کۆنت مۆفات بە زمانگیراوییەوە گوتی: (گوێبگرە... من ئێستا لەسەر داوای تۆ هاتووم و پێویستە ئەوە بزانیت، کە مەبەستم چییە... من داوات لێدەکەم، کە پێوەندییەکەمان وەکو ڕابردوو باش بێت و لەسەر بنەمای ڕێزی هەردوو لا بێت... دەڵێی چی؟)
نانا سەرنجی لە غەمباری و پەشۆکاوی ئەودا و ویستی غەمباری و نیگەرانییەکەی زیاتر بکات بۆیە سەری شۆڕکردەوە و بێدەنگ بوو. دواجار سەری بەرزکردەوە و نیگایەکی واتاداری بڕیە کۆنت و بە دەنگێکی کەساسانە گوتی: (ئەمە مەحاڵە... ئێمە نابێ ئەم ئەزموونە دووبارە بکەینەوە!) کۆنت ئیتر بەرگەی نەگرت و خۆی خستە بەردەم قاچەکانییەوە، بەڵام ئەو خۆی کێشایەوە و لەژێر لێوانەوە گوتی: ( واز لەم کارە منداڵانەییانە بێنە!)، بەڵام کۆنت گوێی پێنەداو دەموچاوی خۆی بە سینەی ئەوەوە نووساند و سەرتاپای لەشی دەلەرزی گوتی: (گوێبگرە، من خانوێکی جوانم لەدەوروبەری باغی مۆنسۆرۆ دۆزیوەتەوە و تەواوی کەلوپەل و ئامرازەکانی خۆشی و ئاسوودەیی تۆی تێدا دەستەبەر دەکەم، هەر چییەکت بوێت پێتدەدەم، بەڵام بەو مەرجەی، کە جگە لە من هیچ کەسی دیکە بە کۆیلەو بەندەی خۆت قبووڵ نەکەیت!.. )
نانا گوتی: (بەسە... من ئیتر حەزم لەم جۆرە مامەڵانە نییە).
کۆنت لەسەر کورسییەک دانیشت و سەری خستە ناو هەردوو لەپی دەستییەوە... نانا هەستایەوەو کەوتە هاتوچۆکردن، سەرەنجام لەبەرامبەر کۆنت وەستا و بە زمانێکی تەواو ڕاشکاوانەوە گوتی: (ئەی دەوڵەمەند و خاوەن سەروەت و سامانەکان!... بیر لە چی دەکەنەوە، ئایا وادەزانن، کە ئێوە بە

پارەکانی خۆتـان دەتـوانن هەمـوو شـتێک بکڕن؟! مـن ئـامـادەم لە کەلاوەیەکی بچووک لەگەڵ ئەو کەسەدا بژیم، کە خۆشم دەوێت، بەڵام حەزنـاکەم لەگەڵ کەسـێک کە خۆشـم ناوێـت لە چـاکترین کۆشـکدا بـژیم!! نەخێـر... نەخیـر... مـن کـۆیله و بەنـدەی مـاڵ و سامان نیم... و گرنگی و بایەخێکیش بە ماڵ و دارایی نـادەم. ئەو شـتەم دەوێـت، کە لە پـارە چـاکترە و چەنـدە ئـاواتەخوازم، کە بتوانم بەدەستی بهێنم).

کۆنـت لەکاتێکدا تیشـکی ئومێد لە چاوەکانیـدا دەدرەوشـایەوە سەری بەرزکردەوە، بەڵام نانا دووبـارە بەردەوامـی بە قسـەکانی خۆیـدا و گـوتی: (بەڵام تـۆ ناتوانیـت ئەو شـتەی، کە مـن حەزی پێدەکەم پێمی بدەیت، چونکە ئەو شـتەت لەدەسـت نـایەت... لەبەر ئەوە پێـتـدەڵێم ئـارەزوو دەکەم کە ڕۆڵـی ژنـی خـانەدان لە شـانۆ نـوێکە بگێـڕم!..) کۆنـت بەوپەڕی سـەرسـوڕماوییەوە گوتی: (کـام ژنی خانەدان؟) نانا گوتی: (دۆشـیێس هێـلین، بەڵام ئەگەر وابـزانن کە مــن ڕۆڵ ئۆگۆســتا بگێــڕم ئەوا تەواو هەڵەن، چــونکە ئەوە ڕۆڵێکـی چکـۆڵە و بێبـایەخە... و مـن بێـزار و هـیلاک بـووم لە گێڕانی ڕۆڵی ژنیکی سۆزانی...من دەتوانم هەر کاتێک بمەوێت بە چاکی دەروەستی ڕۆڵی ژنێکی خـانەدان و داوێنپاک بێم... بەڵێ لەم تیاترۆخانەیەدا یەک ئەکتەر نـادۆزرێتەوە، کە بتوانێت وەکو مـن مەزنـی و خـانەدانی و سـەنگینی بنوێنێت . مـن ئـاواتەخوازم تەنیـا ڕۆڵێکـی ئـاوا بگێـڕم و ئەگەر ئەم ڕۆڵە بەدەست نەهێنم لە غەم و خەفەتــان دەمــرم) نانــا ئەم ڕســتانەی بە دەنگێکــی ڕاســتگۆیانە و جیـددیانە دەربـڕی. مۆفـات لەوکـاتەدا سـەری شۆڕکردبوویەوە و گوێی ڕاگرتبوو و وەڵامێکی نانای نەدایەوە.

نانـا گـوتی: (زانیـت چـیم گـوت؟ مـن مـن داوات لێـدەکەم ئەوان بوەستێنیت و ناچاریان بکەیت، کە ئەم ڕۆڵە بخەنە ئەستۆی مـن) کۆنت گوتی: (ئەمە مەحـاڵە و خۆیشـت گوتت کە مـن ئەم شـتەم لەدەسـت نـایەت) نانـا گـوتی: (چ ڕێگرییەک لەبەردەمت هەیە تـا تـاقیبکەیتەوە... داوا لە بۆردنێـڤ بـکە ئەم ڕۆڵە بخـاتە ئەسـتۆی مـن... چـونکە بۆردنێڤ زۆر پێویسـتی بە پـارە هەیە و بە ئـاواتی وەرگرتنـی قەرزێـک لە ئێـوە ئامـادە دەبێـت کە ئەم داوایەتـان پەسەند بکات)کۆنت بێدەنگ بوو. نانا لە بێدەنگی ئەو توورە بوو و گوتی: (تێگەیشتم... تۆ ناتەوێت ڕۆزمینۆن لەخۆت بڕەنجێنیت... مـن تـاوەکو ئێسـتا شـتیکم سـەبارەت بەو بە تـۆ نەگوتـووە، بەڵام واچـاکتر بـوو، کە تـۆ بەر لەوەی بهاتبوای بـۆ لای مـن پێوەنـدی خـۆت لەگەڵیدا بپچڕاندبوایە!..)

کۆنت گوتی: (من ئامادەم پێوەندی خۆمی لەگەڵدا بپچڕێنم). نانـا گـوتی: (کەواتە پیویسـتە بڕۆیـت و بۆردنێـڤ قاییـل بکەیـت، هەرچەنـدە ڕازیبـوونی فۆشـێریش بێبـایەخ نـیـیە، چـونکە ئەو شـانۆنامەکەی نووسـیوە). کۆنـت وا خـۆی دەرخسـت، کە لە پێوەنـدی فۆشـێری لەگەڵ ژنەکەی خـۆی بێئاگـایە، بەڵام نانـا لەبەردەوامی قسەکانی خۆیدا گوتی: (بەڵام فۆشیری بەو جۆرەی کە خەڵک واگومان دەکەن هێندە مرۆڤێکی خراپ نییە، ئەو دڵێکی پـاکی هەیە و ئەگەر بچیـتە لای....) کۆنـت قسـەکانی پیبـڕی و گوتی: (نەخێر... نەخێر مـن نـاچم بـۆ لای فۆشـێری.. توخواکەی، داوای لێبوردن دەکەم).

نانـا بـۆ ڕاوکردنـی ئەو نزیـک کەوتەوە و پەنـجە ناسـکەکانی خۆی خستە سـەر نێوچەوانی و سـەری کشاندە دواوە و مـاچێکی

گەرم ودرێـژی لە لێـوی کـرد و کۆنـت سـەرتاپای لەرزی و لە چاوە کزەکانی تیشکی ئومێدێک درەوشایەوە.
نانـا لەم سـاتەدا بە دەنگێکی فەرمانـدارانە گـوتی: ( باشـە ئێسـتا برۆ لای فۆشیری).

کۆنـت بەگـوێی کـرد و چـووە دەرەوە، بەڵام هێشـتا چەنـد هەنگاوێک نەڕۆیشتبوو، کە نانا خۆی گەیاندێ و دەستی لە ملی ئالانـد و لەکاتێکـدا کە سـەری بە سـینەیەوە دەنووسـاند بە دەنگێکی ناسکەوە گوتی: (هەر بەڕاست ئەو کۆشکەی، کە باسـت کـرد لەکوێیە؟!). کۆنـت گـوتی: (لە شـەقامی فیبلیبە). نانـا گـوتی: (ئـەی فرمانـت کـردووە، کە گالیسـکە و خشـڵ و گەوهەرم بـۆ ئامادە بکەن؟) کۆنت گوتی: (بەڵێ ئازیزم هەمـوو شـتێکم بۆت ئامـادە کـردووە). نانـا گـوتی: (ئـای تـۆ چەنـدە باشـی... بێگومـان پێکەوە زۆر بەختەوەر دەبین). نانـا دووجـار مـاچیکرد و کاتێک کۆنـت دوورکەوتەوە هەناسـەیەکی ئاسـوودەی هەڵمـژی. کۆنـت چـووە لای بۆردنێـڤ و بەوپەڕی ڕاشـکاوییەوە گـوتی: (نانـا دەیەوێـت ڕۆڵـی ڕۆز بگێـڕێ). بۆردنێـڤ سـەری سـوڕما و هاواریکرد: (مەگەر ئەم ژنە شێت بووە؟)

پاشان بۆ مـاوەیەک بێدەنگی بوون و بۆردنێڤ بیریکردەوە، ئەگەر ڕۆڵـی ژنـی خـانەدان بخـاتە ئەسـتۆی نانـا ئەوا بێگومـان شـانۆی ژنـی خـانەدان شکسـت دێنێت و ڕیسـوا دەبیـت، بەڵام واچاکترە لەهەمانکاتدا سـەبارەت بەمە پرس و ڕا بە نووسـەری شـانۆنامەکە بکـات. ئینجا بەر لەوەی، کە کۆنت بتوانێت ڕێگری لێبکـات بـانگی فۆشـێری کـرد، کۆنـت وای بە بـاش زانـی، کە ئەو دوانە بەتەنیـا جێبیلـێ، بۆیـە کەمێـک دوور کەوتەوە و وا خـۆی

دەرخست، کە سەیری تابلۆکانی تیاترۆخانەکە دەکات. فۆشێری هات و گوتی: (چیت دەویست؟) بۆردنێڤ وەڵامیدایەوە: (من بیرێکم بەمێشکدا هاتووە و ویستم سەبارەت بەو بیرە ڕاوێژت لەگەڵدا بکەم...بەڵام بەرلەوەی، کە بۆچوونی خۆت بخەیتەڕوو کەمێک بیری لێبکەوە، هەر بەڕاست چ کێماسییەکی تێدایە، کە نواندنی ڕۆڵی ژنی خانەدان بە نانا بسپێردرێت؟) فۆشێری گوتی: (دەڵێی چی؟! ئاخر خەڵک چ دەڵێن؟) بۆردنێڤ گوتی: (لە خەڵک گەڕێ چی دەڵێن با بیڵێن، کۆنتیش کۆک و هاوڕایە لەسەر ئەم شتە).

لەم کاتەدا کۆنت نزیکبووەوە و گوتی: (چ کێماسییەکی تێدایە کە ئەم ڕۆڵە بە نانا بسپێری؟)

فۆشێری سەیرێکی کۆنتی کرد و لە دەستێوەردانە نابەجێیەکەی ئەو کەمیک تووڕە و سەرسام بوو و هاواریکرد: (هەرگیز... هەرگیز...نانا تەنیا ڕۆڵی ژنی سۆزانی و داوێنپیس بە باشی دەگێڕێت... ئەو هەرگیز دەروەستی ڕۆڵی ژنی خانەدان نایەت).

کۆنت وتی: (من ئەوە دەسەلمێنم، کە ئێوە هەڵەن... ئەو هەر ئێستا دڵنیایی ئەوەیدا، کە هەوڵی خۆی بۆ...) فۆشێری قسەکەی پێبڕی و گوتی: (بۆ مەگەر نانا لێرەیە؟!) کۆنت گوتی: (بەڵێ ئەو لێرەیە... و بەڵێنیدا، کە دەروەستی ئەم ڕۆڵە بێت). فۆشێری لە هەموو شتێک تێگەیشت و سەرێکی لەقاند و بە مشتومڕەوە وتی: (ڕەنگە من هەڵە بم... و ڕەنگە نانا بتوانێت دەرەقەتی ڕۆڵی ژنی خانەدان بێت، بەڵام هەرچۆنێک بێت ڕۆڵەکەمان داوە بە

ڕۆزمینۆن و ناشیت بدرێته کەسی دی). بۆردنێڤ وتی: (ئەمە شتێک نییە، کە چارەسەر نەکرێت).

فۆشێری پەی بەوە برد، کە ئەو دوانە ڕێککەوتوون... و لەوە ترسا نەبادا شانۆنامەکەی ئەو لەم نێوانەدا ببێتە قوربانی هەوا و ئارەزووی ئەو دوانە لەبەرئەوە ڕەتیکردەوە و گوتی: (نەخێر ناکرێت ئەم ڕۆڵە بە نانا بدرێت..) ماوەیەک بێدەنگییەکی خەمناک بەرقەرار بوو... بۆردنێڤ وای بە چاک زانی، کە چەند هەنگاوێک دوور بکەوێتەوە تاوەکو کۆنت و فۆشێری کێشەکە لەنێوان خۆیاندا چارەسەر بکەن. لەم ساتەدا مۆفات سەری بەرزکردەوە و گوتی: (من داوات لێدەکەم ... کە ئەم ڕۆڵە بە نانا بسپێری!).

فۆشێری گوتی: (بەخوا من نازانم چیبڵێم و چۆن داوەکەتان ڕەتبکەمەوە، هەرچۆنێک بێ جگە لە هێنانەدی خواستەکەی ئێوە ڕێگەچارەیەکی دیکەم نییە... بەڵام دەبینیت، کە نانا سەرکەوتوو نابێت!) مۆفات لەکاتێکدا کە دەستی خۆی بۆ لای دۆستەکەی درێژ دەکرد گوتی: (زۆر سوپاستان دەکەم). لەم ساتەدا بۆردنێڤ گەڕایەوە و گوتی: (چی بوو ڕێککەوتن؟! ئێستا کە ڕێککەوتوون پێویستە داوا لە مینۆن بکرێت ژنەکەی خۆی قاییل بکات تا ڕۆڵی خۆی بە نانا بسپێرێ). بۆردنێڤ بانگی مینۆنی کرد و پێیگوت: (وا بڕیار دراوە، کە ڕۆڵی ژنی خانەدان بە نانا بسپێرن). مینۆن تووڕە بوو، قاچی بە زەویدا کێشا و گوتی: (ئەم شتە زیان بە ناوبانگی ژنەکەم دەگەیەنێت و ئەگەر شتەکە وای لێبێت ئەوا ئەو گرێبەستی نێوان خۆی و بۆردنێڤ پووچەڵ دەکاتەوە و داوای قەرەبووی زیانی خۆی دەکاتەوە).

قسه لەبارەی زیان کرا و مینۆن پێداگری لەسەر ئەوە کرد، کە نابێت لە دەهەزار فرانک کەمتر بێت... بۆردنێڤ دۆشداماو دەمی بەش بووەوە و ویستی پەسەندی نەکات، بەڵام هەستی بەوە کرد، کە پەنجەکانی مۆفات قۆڵەکانی دەکوشن و تێیدەگەیەنێت، کە ئامادەیە برە پارەیەکی ئاوا بدات. لەم ساتەدا لەنێوان شانۆکارەکاندا قسە لەسەر نانا بوو و دەیانگوت، کە ئەو دەیەوێت بۆ تیاترۆخانە بگەڕێتەوە. فۆنتان گوێی لە قسەکانی هاوڕێکانی خۆی گرت و وا خۆی نیشاندا، کە هیچ بەها و بایەخێک بەم قسانە نادات و لەژێر لێوانەوە گوتی:
(جوان نییە، کە لە پاشملە بەخراپ باسی ژنێک بکات، کە خۆشیویستووە)، بەڵام لەڕاستیدا کینەی ئەوەی لەدڵدابوو،کە نانا نەیتوانیبوو ئەو لەخۆی ڕازی بکات.لابۆردێت ئەنجامی گفتوگۆ و باسەکانی بە نانا گوت، نانا خۆشحاڵ بوو و قۆڵی خستە قۆڵی لابۆردێت و هاتە سەر سەکۆی شانۆ. ئێستا ئەو پێویست بوو بۆ هەمووانی بسەلمێنێت، کە دەتوانێت دەروەستی گێڕانی ڕۆڵی ژنێکی خانەدان و داوێنپاک بێت. ڕۆز بەتەنیشتیدا تێپەڕی و چەند قسەیەکی کرد، کە نانا سەراپای لەشی لەرزی و سەنگینی و هێمنی خۆی لەدەستدا، ئەوەی ڕۆز بە نانای گوت ئەمە بوو:
(باشە... من و تۆ حیسابێکمان لەگەڵ یەکدا هەیە، ڕۆژێک دێ یەکلای دەکەینەوە). نانا گوێی لە هەڕەشەی ڕکابەرەکەی خۆی بوو و زۆر تووڕە بوو، ویستی جنێوی پێبدات و قسەی سووکی پێبڵێت، بەڵام خۆی ڕاگرت و سەری بەرزکردەوە و بە دەنگی دۆشێسێکی مەزن و بەڕێز، کە قسە لەگەڵ خزمەتکارەکەی خۆی دەکات وتی: (چیت وت؟ وادیارە شێت بووی؟)

نانا کەوتەڕی تا گەیشتە فۆنتان، ئەو کەسەی، کە ڕیسوا و زەبوونی کرد و ئەویش بە ناچاری ئەم ژیانە نوێیەی بۆ خۆی ڕەخساند. نانا دەستی بۆ لای ئەو درێژ کرد و بەهیمنی گوتی: (ها بارودۆخت باشە؟!) فۆنتان گوتی: (بەڵێ... ئەی بارودۆخی تۆ چۆنە؟) نانا گوتی: (من زۆر باشم... زۆر سوپاست دەکەم).

# ١٧

مانگێک دواتر نانا ڕۆڵی ژنی خانەدانی لە تیاترۆخانەی ڤاریێتییە گێڕا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، نەک تەنیا بینەران چەپڵەیان بۆ لێـنەدا، بەڵکـو بە پێکەنـین و هاتوهـاوارەوە گاڵتەیـان پێکـرد و لەڕاستیدا ئەمە تۆڵەیەک بوو، کە ڕۆزمینۆن لێیدەکردەوە، چونکە ئەو لەنێـو بینەرانـدا دانیشـتبوو و هەر کاتێـک نانـا جـووڵەیەکی دەکرد بەدەنگی بەرز پێدەکەنی و گالتەی پێدەکرد و بینەرانیش لاساییان دەکردەوە.

نانا دوای کۆتاییهاتنی شانۆکە بە مۆفاتی گوت: (ئەمە پیلان و بۆسەیەکی چەپەڵ بوو، ڕکابەرەکەم لەدژی من نایەوە، بەلام من هیچ بەها و گرنگییەک بە ستایشکردن و گاڵتەپێکردنی خەڵکانی پاریس نادەم... و سـەرەنجام بۆیان دەسـەلمێنم، کە لە هـەموو ڕووییێکەوە ژنێکی گەورە و خانەدانم).

# ١٨

لەوڕۆژەوە نانا بـووە ژنێکـی مەزن و بەڕێـز، نـاوی لەسـەر ڕووی ڕۆژنامەکاندا چاپدەکرا، تێکڕای خەڵک کاتێک ئاهەنگێکیان دەگێـڕا قسـەیان لەبـارەوە دەکـرد، هەر کاتێـک بە گالیسـکەکەی خۆی لە شـەقامەکان و دارسـتانی بۆڵۆنیـا تێـدەپەڕی خەڵـک بە چاوی سەرسامی و ئافەرین و کونجکۆڵییەوە سەیریان دەکرد و وەکـو شـاژنێک سـڵاویان دەدایەوە، هەر کە جـل و بەرگێـک یـا خشـڵێکی لەبەردەکـرد تەواوی ژنـانیش چاویـان لێـدەکرد و لاسـاییان دەکـردەوە. هەر بەڕاسـت ئایـا ئەمە زۆر جێـی سەرسوڕمانی نەبوو، کە نانا لە ڕۆڵی ژنێکی خانەدان و بەڕێز لەسـەر سـەکۆی تیاترۆخـانە شکسـت بهێنێـت، بەڵام لەسـەر سەکۆی ژیانی ئەوەندە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؟

نانـا دوای ڕۆژی سـێیەمی نمایشـی ژنـی خـانەدان وازی لە تیاترۆخـانە هێنـا و بـۆردنێڤی لەبـارودۆخێکی قەللۆشـی و مـایەپووچی جێهێشـت...بەڵێ بۆردنێڤ سـەرەڕای ئەوەی مۆفـات هاوکـارییەکی چـاکی کـرد دووبـارە تووشـی قەللۆشـی و مـایەپووچی ببـووەوە... نانـا بەوپەڕی ڕاشـکاوییەوە گـوتی کە هەرگیـز گرنگـی بە ناوبانـگ لە تیاترۆخـانە و سەرسـامی و ستایشـکردنی خەلـک نـادات. لە ڕاسـتیدا ڕق و کینـەی خەڵکـی لەدڵدابوو، کە گاڵتەیـان پێکردبـوو و ئەم پەنـدە نوێیەشـی خسـتە

ســـەر ئەو پەنـــدەی، کە لە فۆنتـــانی وەرگرتبـــوو و عیبرەتـــی لێوەرگرت، نانا هەرگیز ئەوەی لەبیردا نەبوو، کە تۆڵە لە فۆنتان بکاتەوە، چونکە ئەو کەسێکی کیناوی نەبوو و گوێی بە ڕابردوو و داهـاتوو نەدەدا، ئەوەی کە لە ژیـانی ڕابـردووی پاراسـتی و وەک خـۆی هێشـتییەوە ئەو خۆدەرخسـتن و پـارە خەرجکـردنە بێشـــومارە بـــوو لەگەڵ وێرانکردنـــی مـــاڵی خۆشەویســـت و شـــەیدایانی. کاتێـــک نانـــا تیاترۆخـــانەی جێهێشـــت خـــۆی بە ڕێکخستنی کاروبارەکانی و ژیانی سەرقاڵ کرد و خووی خۆی دایە دەستەبەرکردنی شتی دانسقە و گرانبەها ،ئەو سێ گالیسکە و نـۆ ئەسـپی کـڕی و لە مـاڵەکەی خۆیـدا دەیـان کـارەکەر و خزمەتکاری ڕاگرت، لـویزی خزمەتکاری پێشـووی گەڕاندەوە و مۆبیلیاتی ئەو کۆشکەی کە مۆفات بۆی کڕیبوو بۆ مۆبیلیـاتێکی چاکتر و جوانتر گۆڕی.

ئەو لەڕۆژی یەکەمەوە پێوەنـدی خـۆی لەگەڵ مۆفـات لەسـەر بنەمـــایەکی ڕێـــک و پـــتەو دامەزرانـــد و بڕیـــاردرا، کە کۆنـــت بەبەردەوامی گشت مانگێک بڕی دوازدە هەزار فڕانک، جگە لە دیـاری و شـتی دانسـقە و دەگمەن بەو بـدات، نانـا لەبەرامبەریـدا سـوێندی وەفـاداری خـوارد، بەڵام ئەودەسـەڵاتەی هەبـوو، کە ئـــازادییەکی تەواوی بـــۆ پێشـــوازیکردن لە هەر یەکێـــک لە میوانەکانی خۆی هەبێت. هەوڵیدا بەتەواوەتی بەسـەر کۆنتدا زاڵ بێت و کۆنتیش بۆ ئەوەی نانـا لەدەسـت نەدات بەرگەی هەمـوو سـوکایەتیپێکردن و بەکەم سـەیرکردنێکی دەگـرت! هەرکە نانـا بڕێک گۆڕانکاری و ئیرەیی لە کۆنت دا بدیبوایە ئەوا بـرۆی گـرژ دەکـرد و بە جیـابوونەوە و دابـڕان هەرەشـەی لێدەکرد، ئەو بە

کۆنتی دەگوت ئەگەردڵنیـایی و متمـانەییەک لەئـارادا نەبێت ئەوا خۆشەویسـتییەک لەئـارادا نابێـت و ئەو ژیـانێکی سەربەسـت لە کۆشـکێکی بچووک بە چـاکتر دادەنێت لە ژیـانێکی سندمکراو لە کۆشـکێکی مەزن و شـکۆدار. بەم جـۆرە مانگێـک تێـنەپەڕی، کە کۆنـت بەتەواوەتـی ملکەچـی نانـا بـوو و قسـەی ئەوی وەک سـرووش دادەنـا. بە تێپەڕبـوونی کـات نانـا تێگەیشـت کە چـۆن دەستوەربداتە ژیانی تایبەتی کۆنت و زانیاری سەبارەت بە بڕی سـەروەت سـامان و پێوەنـدییەکانی لەگەڵ ژن و کـچەکەی بەدەست بهێنێت.

کاتیـک کۆنـت هەواڵـی ئەوەی بە نانـادا، کە داجینیـیە بـۆ خوازبێنی ستێڵلای کچی هـاتووە، ژیـانی لـێ تـاڵ بـوو، داجینییە لەوکاتەوەی، کە پلانی دانا هاوسـەرگیری لەگەڵ کچەکەی کۆنت بکات، کەوتە بوختان و بەخـراپ باسکردنی نانـا و گوتی کە نانـا دەیەوێت شیرازەی خێزانی کۆنت تێکبدات... ئەم جۆرە بوختـانە گران لەسەر نانا وەستا لەوەی داجینییە ئاوا بەم خراپییە وەڵامی چاکییەکـانی بـداتەوە، بـۆیە بەدوای هەلێکـدا گەڕا تـا پەنـدێکی وەفاداری فێری داجینییە بکات.بۆیە بڕیاریدا بەربەستێکی قاییم و گەورە لەنێـوان ئەو و کـچەکەی کۆنتـدا دروسـت بکـات و بە کۆنتی گوت کە داجینییە خۆشەویستی ئەو بووە و ئەگەر ئەو بە خـراپ باسـی دەکـات ئەوا هەقـی خـۆیەتی. لەم کـاتەدا مۆفـات ڕەنگی لەبەرنەمـا و لەژێـر لێوانـەوە گـوتی: (کەواتە پێویسـتە ئەو بـۆ هەتـا هەتـایە ماڵەکەمـان جێبهێڵێـت و پێوەنـدی خـۆی لەگەڵ کچەکەمـدا بپچڕێنێت). شـەوێک نانـا وێـڕای ئەوەی، کە پەیمـانی دابـوو ناپـاکی لە کۆنـت نەکـات و حەز لە پیـاویکی دیکە نەکـات

بەچـاوی کرێـارەوە سـەیری فانـدێڤەری کـرد. سـەرەتا نانـا دەیویسـت پارەکـانی لەدەسـت دەربهێنێـت، بەڵام لەو شـەوەدا فانـدێڤەر بەوپەڕی دەسـتکراوەیی و جـوامێرییەوە ئامـادەبوو قەرزێکی کۆنی نانا، کە نانا بیری چووبوو سەبارەت بەو قەرزە قسە لەگەڵ مۆفات بکات بداتەوە... بەڵێ گەنجەکە دەرفەتەکەی بە گونجاو زانی و پێشنیازی کرد، کە مانگانە دە هەزار فرانک بە نانا بدات و ناناش پەسەندی کرد.

لابۆردیت وای لە نانا گەیاندبوو، کە پارەکانی کۆنت بەس نییە بـۆ ئەوەی خەرجـی و تێچـووی ئەو کۆشـکە مەزن و شـکۆدارە دەسـتەبەر بکـات و ئەو ئەگەر دەخوازێـت تووشـی قەرزی تـازە نەبێـت پیویسـتە دەرامەتێکـی دیـکەی هەبێت. بەم شـێوەیە نانـا بەربەسـتێکی لەبەردەم ئەوە نەبینـی، کە پێشـنیازەکەی فانـدێڤەر پەسـەند بکـات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هەمـان ئەو مەرجەی خستەڕوو، کە لەگەڵ مۆفاتدا کردبووی، واتە خـاوەن ئـازادییەکی تەواو بێـت و چەنـد کـاتژمێرێکی دیـاریکراو بێـتە دیـدەنی ئەو. فاندێڤەر لەو سەردەمدا تەواوی سـەروەت و سـامانە بێشـومار و زۆر و زەونـدەکەی خـۆی لە ژنـی جـوان و قومـار و شـەرابدا خەرج دەکرد و بە قسەی خۆی بۆچوونی وابوو، کە دەسـت بۆ کۆتا گەمژەییش ببات لەبەرئەوە ئەوەی نانا وەکو مەرج لەگەڵیدا داینـابوو پەسەندی کرد و ئەو لە مۆفات قایلتر و بەویژدانتر بوو، چونکە داوای لە نانـا نەکـرد سـوێندی وەفـاداری بـۆ بخـوات لەبەرئەوەی ئەو تەواوی حەقیقەتەکەی دەزانی. بەم هۆیەوە نانا کارەکانی خۆی ڕێکخست. تەواوی شتەکان لە کۆشکدا بەپێی کـاتژمێر دەڕۆیشـت و ڕێکخسـتنەکەش لەژێر سەرپەرشتی لویزی هاوەڵی و جۆلیانی سەرخزمەتکاری جێبەجێدەکرا.

# ١٩

سـپێدەی ڕۆژێک، کە مۆفـات هێشـتا لەسـەر جیگەی خەوتنی نانـا بـوو زەنـگ لێـدرا، لـویز دەرگـای کـردەوە، نانـا گەنجێکـی لەبەردەمیـدا بینـی دەلەرزی، نانـا هـاواریکرد: (ئـای ژۆرژ ئەوە تۆی؟) ژۆرژ ئیتـر بـواری پێنەدا و ڕایکـردە پێشـەوە و نانـای لە ئامێز گرت پاشـان بە سینەی خۆیـەوە نووسـاندو مـاچیکرد، نانا بە هێمنی بەرگری کرد و بە هێواشی پێیگوت: (بەرمدە...بەرمدە... ئەو لێرەیە!) ئینجا نانا ڕووی لە لویز کرد و گوتی: (لویز! چیە شێت بووی؟ چۆن مۆڵەتت بەودا بێتە ژوورەوە؟ ئەو بۆ ژووری نـــانخواردن بـــبە، مـــن دێـــمەوە لای). لـــویز بە هەوڵ و مانـــدووبوونێکی زۆرەوە ژۆرژی بـــردە ژووری نـــانخواردن، مـاوەیەک دواتـر نانـا چـووە ژووری نـانخواردن و بە نەرمـی گەنــجەکەی لەباوەشـکرد، چـاوە گەشـەکانی ژۆرژ پڕبـوون لە فرمێسکی شادمانی و گوتی کە ئەو بە بینینی نانا زۆر دڵخۆش و کامەرانە، دایکی مۆڵەتی پێداوە،کە گەشتێک بۆ پاریس بکات و واگومانیکردووە، کە دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخە باشەکەی جارانی ، هەر کە گەیشتۆتە پاریس بە پەلە بۆ بینینی ئەو هاتووە.

ژۆرژ لەکاتێکـدا دەسـتە چکـۆڵە و ناسـکەکانی نانـای لەنـاو دەستە لەرزۆکەکانیدابوو بە دەنگێکی مندالانەوە گوتی: (دووبـارە

منـت خـۆش دەویێت؟!)نانـا لەکاتێکـدا کە دەسـتەکانی خـۆی لە دەستی دەردەهێنا گوتی: (تۆم خۆش دەوێت، بەڵام وەکو ئەوەی دەبینی مـن سەربەسـت نیم لەبەرئەمە تۆ پێویسـتە وریا بیت و عـاقڵانە هەڵسـوکەوت بکەیـت). نانـا بە ژۆرژی گـوت کە نابێـت بەیانیـان بێـت بـۆ بینینـی ئەو بێـت... و ئەو لە کـاتژمێر چـوار تـا شـەش دەسـتی بەتـاڵە و ئەو دەتوانێـت لەم مـاوەیەدا بێـت بـۆ بینینی ئەو.

مادام هیجۆن کە زانی ژۆرژی کوڕی دووبارە تووشـی داوای ئەو ژنە ترسـناکە بـووە ڕاسـتەوخۆ هـاتە پـاریس و داوای لە فیلیپی کوڕە گەورەی کرد، کە بۆ ڕزگارکردنی براکەی لە چنگی ئەو ژنە سۆزانیە هەنگاوی پێویست هەلێنێت.

لەبەرئەوەی ژۆرژ لە بـرا گەورەکەی خـۆی دەترسـا بەوپەڕی ڕاشـکاوییەوە لەبەرامـبەر نانـا دانـی بەوەدا نـا، کە لە بـراکەی دەترسـێت و براکەی زۆر دڵڕەقە و قورسـترین ڕێگە بـۆ دابـڕان لەو دەگـرێتەبەر، نانـا بە ژۆرژی گـوت: (مـن زۆر حەزدەکەم ئەو لێـرەدا ببیـنم... ئەو چ ئەفسـەر بێـت چ شـتێکی دیـکە جولیـان دەزانێـت چـۆن ئەو بخـاتە دەرەوەی مـاڵەکە). بەڕێـکەوت ڕۆژی دواتر لەوکاتەی کە ژۆرژ لەبەرامبەر نانا کەوتبووە سـەر ئەژنـۆ و یـاری لەگەڵ سـەگە بچـووکەکەی ئەو دەکـرد جولیـان هـات و گـوتی، کە کـاپتن فیلیپ هیجۆن دەیەوێت بێتە خزمەتتـان، ژۆرژ ترسا و ڕەنگ لەڕوویدا نەما و لەژێر لێوانـەوە گوتی: (ئاخ.. مـن چاوەڕوانی شتێکی وا نەبووم).

ئینجا تکای لە نانا کرد، کە براکەی نەبینێت، بەڵام نانا بە لوتبەرزی و لەخۆباییبوونەوە گوتی: (بۆچی نەیبینم... وا دەزانی من لێیدەترسێم؟)
دوای ئەوە ڕووی لە جولیان کرد و گوتی: (جولیان ئەم میوانە ببە بۆ ژووری پێشوازی و با لەوێدا بمێنێتەوە تا هەر کاتێک حەزمکرد بچمە دیدەنی). نانا کەوتە هەنگاونان و پاشان وەستا و بە ژۆرژی گوت: (ئێستا وازم لێبێنە تا بچمە دیدەنی ئەو) ژۆرژ گوتی: (بەڵام بیرت نەچێت، ئەو برامە) نانا گوتی: (بێخەم بە، ئەگەر ئەو بەڕێز بێت من لەو بەڕێزتر دەبم). نانا و ئەفسەر یەکتریان بینی. ژۆرژ زۆر گوێی ڕاگرت تا قسەکانیان ببیستێت بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، چونکە دەرگاکە ئەستوور و پتەو بوو و تەنیا گوێی لەم قسانە بوو: (ئابرووی خێزان) و (تەنیا منداڵێکە) گوێی گرت تا دەنگی هاواری نانا لەگەڵ براکەی ببیستێت، بەڵام هیچی نەبیست. دەنگی ئەو دوانە زۆر هێمن و لەسەر خۆ بوو... دوای ئەوە گوێی لە دەنگی ناڵەیەک بوو و کەوتە دڵەخورپێ، ئایا نانا دەگریا؟! ژۆرژ حەزیدەکرد بچێتە ژوورەکە و شەڕ لەگەڵ براکەی بکات لەسەر ئەوەی، کە بۆچی ڕێزی لە هەست و هەڵچوونەکانی ژنیک نەگرتووە و ئەوی خستۆتە گریان؟! بەڵام بەڕێکەوت لەو کاتەدا لویز هات و ژۆرژ گوێی لە تەپەی پێی ئەو بوو و بۆ ئەوەی نەبینێت، کە ئەو لەبەردەم دەرگاکە وەستاوە و گوێی ڕاگرتووە لەوێ دورکەوتەوە. دوای ئەوە گوێی لە دەنگی پێی نانا و فیلیپی برای بوو، نانا بەوپەڕی ڕێزەوە ماڵئاوایی لە کاپتن فیلیپ کرد.

کەمێک چاوەڕوانی کرد پاشان چووە ژوورەکە و بینی، کە نانا لەبەرامبەر ئاوێنە وەستاوە و بە وردییەوە سەیری خۆی دەکات، بە دەنگێکی نەوی لەوی پرسی: (چی ڕوویداوە؟)
نانا گوتی: (هیچ نەبووە) ئینجا نانا لەبەردەوامی قسەکانی خۆیدا گوتی: (هەرچەندە ئەوەی دەتگوت، کە برایەکی دڵڕەق و توندوتیژت هەیە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو گەنجێکی هێمن و ڕووخۆش بوو). ژۆرژ گوتی: (هەر بەڕاست گوێم لە دەنگی ناڵەی گریانێک بوو.... ئایا تۆ دەگریایت؟!) نانا گوتی: (تۆ خەونت بینیوە؟! ئاخر لەبەرچی بگریم؟!) ژۆرژ گوتی: (کەواتە براکەم...) نانا قسەکەی پێبڕی و گوتی: (ئەی منداڵی ساویلکە براکەت وێڕای ئەوەی منی بە ژنێکی سۆزانی دەزانی، بەڵام تێگەیشت کە لەلایەن منەوە مەترسییەک لەسەر تۆ نییە لەبەرئەوە بەبێ هەرا و هۆریا گەڕایەوە و گومانت نەبێت، کە ئەو دایکت دڵنیا و ئارام دەکاتەوە، ئینجا هیچ ترسێکت نەبێت).
نانا پێکەنی و دوو جار گوتی: (تۆ براکەشت لێرە دەبینی، من ئەوم داوەتکردووە و ئەویش بەڵێنیداوە، کە بێت بۆ ئێرە). ژۆرژ ڕەنگ و ڕووی لەبەرنەما و یەک بەخۆی هاواریکرد: (ئاخ.. تۆ داوەتتکردووە بێت بۆ ئێرە ؟!)
ژۆرژ شەو گەڕایەوە ماڵ، زەردەخەنەیەکی متمانەبەخش کەوتبووە سەر لێوی دایکی... ئەو تێگەیشت، کە فیلیپ سەرکەوتوو بووە لە دەستەبەرکردنی ڕێکارەکانی دڵنیاکردنەوەی ئەو، بەڵام چۆن؟!
دوای نیوەڕی ڕۆژی دواتر ژۆرژ کاتێک براکەی خۆی لە ماڵی نانا بینی زۆر سەری سوڕما... فیلیپ لەم ڕۆژەدا زۆر

دڵخــۆش بــوو بە گــاڵتە و نەرم و نیــانییەوە زللەیەکــی لێــدا و هەرگیز هیچ قسەیەکی وەکو ئامۆژگاریکردن یا ســەرکۆنەکردن بەو نەگوت. ڕوخســاری ژۆرژ ســوورهەڵگەڕا و حەپەسا کاتێک بینی، کە بــراکەی زۆر دۆستانە قسە لەگەڵ نانا دەکات و وەک بڵێــی هــاوڕێیەتییەکی چەنــدین ســاڵە لەنیــوان ئەم دوانەدا هەیە، بەڵام ئەم حەپەساوی و نیگەرانییە پاشتر لە ژۆرژدا زیاتر بوو، چونکە دەیبینی، کە براکەی هەموو ڕۆژێک بۆ بینینی نانا دێت.

ڕۆژێک دوای نیوەڕۆ کۆنت مۆفات بەپێچەوانەی بڕیارەکانی نانا جولایەوە و کاتژمێر چواری دوای نیوەڕۆ هــاتە دیدەنی نانــا و بلیتی شــانۆی بۆ شــەوی دواتر لەدەست بوو، لــویز هەواڵــی ئەوەی پێــدا، کە ژۆرژ و فیلیــپ هیجــۆن لای نانــان و مۆفــاتیش بەبێ ئەوەی نانــا ببینێت بەهەمــان ئەو ڕێــیەی، کە پێیــداهاتبوو گەڕایەوە و بەم هەڵســــــوکەوتەی ئەوەی ســــــەلماند، کە تەواو متمانەی بە هەڵسوکەوتی نانــا هەیە و هەرگیز گومانێکی لەدڵدا نییە، بەڵام شەو کاتێک، کە مۆفات بۆ بینینی نانــا هــات بەوپەڕی ساردوسڕییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کرد و وەکو ئەوە وابوو، کە نانا سوکایەتییەکی پێکرابێت. نانا بە کۆنتی گوت: (بەڕێز... من وا گومان ناکەم کە کارێکی سووکم کردبێت و پێویستە تۆ ئەوە بزانیت، کە من بە ئاشکرا پێشوازی لە هاوڕێکانی خۆم دەکەم تــا ئەو کــاتەی، کە من لە مــاڵ بم دەتوانیت بێیتەژوورەوە و لەگەڵ ئامادەبووان دابنیشیت).

مۆفــات ســەری ســوڕما و ویســتی ڕوونکــردنەوە بــدات، بۆیــە گوتی: (بەڵام ئازیزەکەم...) نانا قسەی پێبڕی و گوتی: (تۆ لەبەر ئەوە نەهــــاتیتە ژوورەوە چــــونکە مــــن لەگەل هاوڕێکــــانم

دانیشـتبووم، یـا وا گومانـت کـرد" کە مـن دەمەویـت شـتێکت لێبشـارمەوە...بەڕێز ئێوە تـاوەکو ئێسـتا بەچـاکی داب و نەریتـی پێکەوە ژیـان نـازانن). بەم تەڵەکە و زمانلووسـیانە نانـا زانـی، کە چۆن کۆنت ئـارام بکاتەوە و بڕوا و متمـانەی ئەو بەدەسـتبێنێت، دوای مژوولکردنی هێندەی پێنەچوو دووبارە گوتی پێشـوازی لە فیلیـپ بـکە ، فیلیـپ گەنجێکـی بەڕێـز و ڕووخۆشـە... ئینجـا هەرسێکیانی لەسەر مێزێکی نانخواردن کۆکردەوە و کۆنت ڕێز و میهرەبانی بەرامبەر دوو براکە نواند!..

لەوساتەدا دوو براکە و کۆنت فاندێڤەر هەموو ڕۆژێ لە مـاڵی نانـا کۆدەبـوونەوە و وەکـو باشـترین هـاوڕێ تەوقەیـان لەگەڵ یەکدا دەکرد و هەندێک کاتیش لەسەر مێزدا نانیان دەخوارد.

# ٢٠

ڕۆژێک نانا حەزیکرد ساتان ببینێت، لەبەرئەوە خۆی گەیاندە ئەو ڕێستۆرانتەی، کە هەمووکات لەگەڵ ساتانی هاوڕێی بۆی دەچوون، بەڵام ئەوی لەوێ نەدۆزیەوە... کاتێک کە نانا بەتەنیا نانی دەخوارد، لەناکاو داجینییە هاتە ناو خواردنگەکە... چاویان بەیەک کەوت، ڕەنگ لە ڕوخساری داجینییەدا نەما، بەڵام ئەو لەو کەسانە نەبوو، کە پاشەکشێ بکات، لەبەرئەوە زەردەخەنەیەکی کرد و چووە پێشەوە و زۆر بەڕێزەوە مۆڵەتی خواست، کە لەسەر مێزەکەی ئەو خواردن بخوات، بەڵام نانا بە فیزەوە لموزی لە ئاسمان کرد و بە ساردوسڕی وەڵامیدایەوە: (بەڕێز ئێوە... ئێوە دەتوانن لە هەر شوێنێک، کە حەزتان لێیەتی دابنیشن، چونکە ئێرە شوێنێکی گشتییە) داجینییە دانیشت، نانا سەرەتا ڕووی پێنەدا و کاتێک کە لەنانخواردن بووەوە ڕووی لە داجینییە کرد و بەوپەڕی سوکایەتیپێکردنەوە گوتی: (ئومێدەوارم لە بابەتی هاوسەرگیرییەکەتدا سەرکەوتوو بیت).

داجینیە وا وەڵامیدایەوە کە بێگومان بابەتەکە بەشێوەیەکی کاتی وەستاوە و ئەو موکوڕ نەبووە لەسەر زانینی وەڵامی کۆنت، چونکە ئەو سەرنجی لەوەداوە، کە کۆنت لەناکاو گۆڕاوە بەرامبەر بەو کەمێک بێسۆز و بەزەیی بووە، نانا دەستی خستە ژێر چەناگەی و بە دوو چاوە گەورە و جوانەکەی خۆی سەیری

ئەوی دەکرد و بزەیەکی گاڵتەئامێزی کەوتە سەر لێوی و گوتی: (گوێبگرە... ئیشـەکانی وی لەدەسـتی منە، من ئەگەر حەز بکەم بەیانی هاوسەرگیری تۆ لەگەڵ کچەکەی کۆنت ئەنجام دەدرێت). داجینییە لای خۆیەوە دانی بە حەقیقەتدا نا و بۆ گەیشتن بە مەرامی خۆی ئامادە بوو سەری ڕادەستبوون لەبەرامبەر نانادا کەچ بکات و داوای لێکرد،کە هەرچی زووە بواری هاوسەرگیری ئەو لەگەڵ کـچەکەی کۆنـت بڕەخسـێنێت. نانا گوتی: (تـۆ بە چاوێکی جیدی سەیری ئەم هاوسەرگیرییە دەکەیت؟) داجینییە گوتی: (بەڵێ... تۆ دەزانیت کە من تەواوی سەروەت و سامانی خۆمم لەدەستداوە و پێویستە هاوسەرگیری لەگەڵ ستیلَلا بکەم تا سوود لە مارەییەکەی وەرگرم). نانا گوتی: (ستێلَلا لاوازە و دوو چڵ ئێسقانە!.. بەڵام لەبەرئەوەی تۆ بەچاوی بازرگانی لەو دەڕوانیت لەبەرئەوە من ئامادەم سەبارەت بەمە هاوکاریت بکەم). لەو شەوەدا مۆفات و فاندێڤەر و دوو براکەی هیجۆن لە ماڵی نانا کۆببوونەوە و چایان لە هـۆڵی پێشـوازیکردن دەخواردەوە، ئەوان قسەیان دەربارەی ئەو زەرەروزیانە زۆرەی دوایی دەکرد، کە بەهۆی پێشبڕکێی ئەسپسواری بەر فاندێڤەر کەوتبوو، ئەوان دەیانگوت، کە ئەمجارە فاندێڤەر بە تەواوی سەروەت و سامانی خۆی گرەو لەسەر (لۆزیجان)ی ئەسپە تایبەتییەکەی خۆی دەکات و ئەگەر ئەمجارەش بدۆڕێت ئەوا دەکەوێتە سەر ساجی عەلی! کۆنت خۆی نەخزاندە ناو ئەم قسەیە، نانا سەرنجی لەوەدا، کە کۆنت مۆفات بە پێچەوانەی خووی هەمیشەیی خۆی غەمبار و دڵگرانە، کاتێک ئەوانی دی ڕۆیشتن نانا لە کۆنتی پرسی، ئەوە چی بەسەرهاتووە؟

کۆنت گوتی: (شتیک نییه!). نانا که دەیویست ئەوەی له ناخی کۆنتدایه بیزانێت، بۆیه به میهرەبانییەوە گوتی: (ئازیزەکەم قسه بکه... من لەچاوانتدا غەم و خەفەت دەخوێنمەوە!). چاوانی کۆنت پڕبوون له فرمێسک و دەستی برده ناو گیرفانی و نامەیەکی دەرهێنا و بەبێ ئەوەی ورتەیەکی لەدەم بێتەدەرەوە نامەکەی رادەستی نانا کرد. نانا نامەکەی وەرگرت و زۆر سەری سوڕما کاتیک ناونیشانی فۆشێری لەسەر نامەکه خوێندەوە. نامەکه له سێ دێڕ پێکهاتبوو و له کرۆکیدا ئاماژە به بەڵێنی یەکتربینینێک له شوێنێکی دیاریکراو کرابوو. نانا سەری خۆی لەقاند و هیچ تێنەگەیشت. مۆفات گوتی: (ئەم نامەیه به دەستخەتی ژنەکەمە!) نانا سەری سوڕما و ماوەیەک بێدەنگ بوو، پاشان به ئارامی گوتی: (لەخۆڕا خۆت ئازار مەدە و زۆر له خۆت مەکه، من زۆر لەمێژە ئەم شتەم دەزانی... بەڵام دەمویست بەڵگەیەک بەدەست بێنم...باشه پێمبڵێ چۆن ئەم نامەیه کەوتە دەستی تۆ؟)
مۆفات گوتی: (من ئەمڕۆ ئەم نامەیەم لەناو زەرفێکی دیکەدا که پۆسته بۆی ڕەوانه کردبووم دۆزییەوە.) نانا گوتی: (زەرفەکەی دیکەت چی لێکرد؟). کۆنت دەستی برده ناو گیرفانی و زەرفەکەی دەرهێنا و به نانای دا. نانا هەستایەوە و به وردی لەو دەسخەتە ڕاما، که لەسەر پاکەتەکه نووسرابوو، پاشان بزەیەکی کرد و گوتی: (ئەمه دەسخەتی ڕۆزمینۆنه، من ئەو دەناسم...و دەزانم مەبەستی له ناردنی ئەم نامەیه بۆ تۆ چییە. ڕۆزمینۆن پێشووتر خۆشەویستی فۆشێری بووە و به گومانێکی زۆرەوە، که ئەو بەم هۆیەوە ویستوویەتی تۆوی جودایی و دووبەرەکی له بەینی تۆ و هاوسەرەکەت بچێنێ!) نانا پاش

دەربڕینی ئەم قسانە دووبارە لەتەنیشت کۆنت دانیشت، لەکاتێکدا لە چاوانیدا نیشانەی سەرکەوتن دەبینرا. نانا پێشبینی ئەوەی دەکرد، کە کۆنت سەبارەت بەمە قسەی لەگەڵ بکات، بەڵام کۆنت ئاهێکی هەڵکێشا و هەستایەوە و گوتی: (ئێستا من دەڕۆم... من نامەوێت تۆ غەمبار بکەم) نانا گوتی: (بەڵام بمێنەوە... پێویستە بمێنیتەوە...ڕەنگە بتوانم ئامۆژگارییەکت بکەم) ئینجا لە ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ کردن.

کۆنت سەری شۆڕکردبووەوە و لە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو. نانا لێیپرسی: (دەتەوێت چی بکەیت؟) کۆنت گوتی: (دەمەوێت بڕوبیانو بەم پیاوە بگرم و بیکوژم) نانا سەرێکی لەقاند و گوتی: (سوودێکی نییە... چی لە هاوسەرەکەت دەکەیت؟)کۆنت گوتی: (من لە دادگایەکدا داوای جیابوونەوە دەکەم و بێگومان دادگا فرمانی جیابوونەوەکە دەردەکات، چونکە بەڵگەی ناپاکیکردنی ئەوم لەبەردەستە)نانا گوتی: (نەخێر...نەخێر...ئەم کارە مەکە).

ئینجا نانا ماوەیەک بێدەنگ بوو و پاشان بەدەنگێکی هێواش بە کۆنتی گوت، کە ئەم ڕێکارە ئابرووچوون و ڕیسوایی دێنێتەکایەوە و ڕۆژنامەکانی هەواڵ بەشێوەیەکی ورد و دوورودرێژ لەسەر بابەتەکە دەنووسن و ئەم شتەش بێگومان ئابرووی ئەو لەکەدار دەکات و پێگەو شکۆی ئەو دەشکێنێت، کۆنت گوتی: (من گرنگی بەم شتانە نادەم...تەنیا مەبەستم تۆڵە کردنەوەیە) نانا گوتی: (ئاخر ئازیزەکەم بیربکەوە... تۆ بەدرێژایی ئەم ماوەیە ناپاکی لە ژنەکەت دەکەیت و ئەو بەتەواوەتی ئاگای لێیە، کەواتە چ مافێکت هەیە، کە ئەو سەرکۆنە بکەیت؟! ئەگەر تۆ

ئەو بەرەو دادگـا پەلكـێش بكەیـت، ئەویـش ناپـاكیكردنەكەی تـۆ دەســەلمێنێت). كۆنــت پەرێشــان و غەمبــار بــوو و لەســەر كورسـییەك دانیشـت،نانا لە بەردەوامـی قسـەكانی خۆیدا گـوتی: (ئــازیزم تــۆ پێویســتە بچیــتە لای ژنەكەت و هەوڵبــدەیت ناكۆكیەكانی نێوانتان بنەبڕ بێت). كۆنت حەزی بەم ڕێنماییكردنە نەهــات و گــوتی كە ئەو مردنــی لەم زەلیلــی و سەرشــۆڕییە پێباشـترە، بەڵام نانـا وازی لە كۆنت نەهێنـا و دووبـارە پێیگوت: (هەرچۆنێـك بێـت پێویسـتە تـۆ لەگەڵ ژنەكەت ئاشـت بیـتەوە و ناكۆكییەكــان وەلاوە بنێیــت... ئەم كــارە لەبەر مــن بــكە.. مــن حەزنـاكەم، كە بڵـێن مـن مـاڵی تـۆم وێـران كـردووە و كۆشـكی خۆشــی و بەختەوەریــتم ســەراوژێر كــردووە). كۆنــت گــوتی: (نەخێر...نەخێــر... ئەمە مەحــاڵە) نانــا گــوتی: (ئــاخر ئەو ژنــی تۆیە...تـۆ پێویسـتە ئەركـی خـۆت لە گشـت شـتێك بە گرنگتـر دابنێیت... گەورەترین و گرنگترین ئەركی تۆ ئەوەیە، كە دەسـتی یــارمەتی بــۆ لای ژنەكەت درێــژ بكەیــت و لێنەگەڕێیــت پێــی هەڵخلیسكێت و لە هەڵدێر بكەوێتە خوارەوە، بەڵێ پێویستە تۆ ئەو بۆ ڕێگەی ڕاست ڕێنوێنی بكەیت). كۆنت مۆفـات بە بیسـتنی ئەم قسانە سەری سوڕماو نەیزانی چ شـتێك نانـای وروژانـدووە كە ئاوا قسە بكات، بەڵام نانا بێدەنگ نەبوو و دووبـارە گوتی كە پێویســــــتە ئەو بگەڕێـــــــتەوە لای ژنەكەی و گەڕانەوەی ئەو هەرگیزاوهەرگیـز گۆڕانكـارییەك لە پێوەنـدی و نزیكـایەتی ئەوان دروستناكات و جگە لەو ئاشقی كەس نابێت. كۆنت گـوتی: (بەڵام ئەم شــتە مەحــاڵە). نانــا گــوتی: (باشــە پێمبڵــێ پــارە لەكــوێ دەهێنیت؟! من دەزانم" كە تۆ لە قەرزدا نقووم بوویت...بەڵێ مـن

ئاگــام لەوە هەیە، کە تــۆ بــڕی ســەد هەزار فڕانکــت بە قەرز لە لابۆردیــت وەرگرتــووەو وادەی دانەوەکەی هــاتووە). کۆنــت بە بیستنی ئەم قسانە سەرلەنوێ برینی کولایەوە...و هەر کە بیری لە قەرزەکانی خۆی کردەوە تەزوو بە تەواوی جەستەیدا هات. ســابین لەوکــاتەوەی، کە لە فۆنــدیت گەڕابــۆوە وەکــو نانــای هاوپیشــەی دەســتبڵاوی دەکــرد...و لەئەنجامــدا پێنجســەد هەزار فڕانک بۆ گۆڕینی کەلوپەلی ناوماڵ و پەنجا هەزار فڕانکیشــی بۆ کڕینــی خشــڵ خەرج کــرد بەم شــێوەیە مۆفــات لە لێــواری قەللۆشــبوون دابــوو و لەو هەمــوو بــاغچە گەورە و فراوانــانەی خۆی تەنیا بــاغچەی لابــۆردی بــۆ مــابۆوە، نەشــیدەتوانی بەبێ ڕازیبوونی ژنەکەی مامەڵە بەم باغچەیەوە بکات، چونکە بەنــاوی ژنەکەی خــۆی کردبــوو، نانــا بەم جــۆرە درێــژەی پێــدا: (بــابەتی خــوازبێنی داجینیــیە لە ســتێللای کچــت دەرفەتێکــی باشــە بــۆ ڕێککەوتــن و لێکتێگەیشــتن لەگەڵ ژنەکەت). کۆنــت گــوتی: (بەڵام من کچەکەی خۆم بەم گەنجە.... دوای ئەوەی تۆ بۆت باسکردم و لە تۆم زانی)

نانــا گــوتی: (شــتی وا چــۆن دەبێــت؟! تــۆ هەســت بە ئیرەیــی دەکەیــت؟ مــن لەبەر ئەوە ڕقــم لێــدەبێتەوە، چــونکە ســوکایەتی پێمکردووە و بە پاشملە باسی کردووم و جنێوی پێداوم، بەڵام لەڕاستیدا کوڕێکی خراپ نییە و تۆش کوڕێکی لەو چاکترت بۆ کچەکەی خۆت دەستناکەوێت). مۆفات سەری خستە نێو لەپی دەستەکانی و ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و وەڵامێکی نەدایەوە.

# ٢١

یەک حەفـتە دواتـر نانـا زانـی، کە سـاتان لە نەخۆشـخانە خەوێنراوە، بۆیە جلی لەبەرکرد و خۆی ئامادەکرد تـا بڕوات بۆ نەخۆشـخانە، بەڵام لەو سـاتەدا لەناکـاو لابۆردێـت بە ڕەنگـی پەڕیوو و بە بێچاو و ڕووییەوە هاتەژوورەوە. نانا نیگەران بوو و پرسـی: (چـی بـووە؟!) لابۆردیت بە پەشـۆکاوییەوە گوتی: (تـۆ زانیـوتە؟! فانـدێڤەر خـۆی کوشـتووە). نانـا ترسـا و خـۆی خستە سـەر کورسـییەک و لابۆردێـت بە هەناسـەبڕکێوە دانیشـت و مـاوەیەک غەمبـارانە بێدەنگبوون، نانـا بێدەنگی شـکاندو پرسـی: (چـۆن؟ ئەو خـۆی کوشـت؟) لابۆردیـت گـوتی: (ئەو دوێنـێ لەبەرئەوەی بە پاشـماوەی سـامانەکەی خـۆی قومـاری لەسـەر (ئۆزیجـان)ی ئەسـپەکەی کـرد و دۆڕا، لەبەرئەوە ئەسـپەکانی خـۆی بـردۆتە تەویـلە و دەرگـای لەسـەر خـۆی و ئەسـپەکانی داخسـتووە و تەویـلەکەی سـووتاندووە). نانـا کە ڕەنگـی وەک پەلکەسیر سپی ببوو هاواریکرد: (ئای چی دەڵێیت؟! ئایا بەڕاستی ئەو کـارێکی ئـاوای کـردووە؟! چ چارەنووسـێکی شـووم و بەدیـۆم...ڕەنگە خەڵـک وا بـزانن، کە مـن بـوومەتە هۆکـاری قەللۆشـی و مردنـی ئەو، بەڵام ئەگەر ئەو بە منـی بگوتبـوایە مـن پارەم نییە، ئەوا من کارم بەسـەریەوە نەبوو و لێک دادەبڕاین! من نازانم بۆچی ئەو خۆی کوشت، بەڵام ئەمڕۆ بەڵێنی پیدام، کە سەد هەزار فرانکم پێبدات).

# ٢٢

له یەکێک له ڕۆژەکانی زستاندا کۆنت وادەی دیدەنی لەگەڵ نانا دانابوو تا پێکەوە بۆ ئاهەنگیکی سەماکردن بڕۆن، بەڵام لەوکاتەدا بۆ کۆشکی تویلەری(کۆشکی ئیمپڕاتۆڕ) بانگ کرا...کۆنت پێشتر چووبوو بۆ بینینی نانا تا داوای لێبوردنی لێبکات...بەڵام بینی،کە کۆشکە گەورەکەی نانا لە تاریکیدا نقووم بووە...بە هەنگاوە لەرزۆکەکانی لە پلیکانەکان سەرکەوت و گەیشتە ناو هۆڵی پێشوازیکردن، لەبەر ڕۆشنایی چرایەکدا، کە تیشکەکەی نەدەگەیشتە دیوارەکانی هۆڵە فراوانەکە کۆنت نانای بە ڕووتی بینی کە خۆی خستتۆتە سەر تەختەخەوەکە و ژۆرژ دەستی لە ملی ئاڵاندووە و ماچیدەکات، نانا بە دەنگێکی پچڕ پچڕ بەهێواشی چەند وشەیەکی دەردەبڕی کە گوزارشتیان لە خۆشەویستی و هەوەسبازی دەکرد، ئیتر گومانێک لە ئارادا نەبوو، کە نانا ناپاکی لەگەڵ دەکات.. کۆنت دڵنیابووەوە لەوەی، کە ئێستا کۆشکی کامەرانی وێران بووە... لە ئازار و خەفەت و سەرسامیان لەخۆوە هاوارێک لە لێوانی کۆنت هاتەدەرەوە و لەشوێنی خۆیدا تاسا. نانا لەم بەسەرداهاتنە لەناکاوەدا ڕاچڵەکی و ڕاستەوخۆ بەرەو لای کۆنت ڕایکرد و دەستی گرت و بردییە ژوورەکەی تەنیشتییەوە تا ژۆرژ بتوانێت ڕابکات.

نانا نەیدەزانی چۆن پاساو بۆ کۆنت بهێنێتەوە و گومان و دوودڵییەکەی کۆنت بڕەوێنێتەوە... نانا ڕقی لەخۆی بووەوە و خۆی بە شیاوی هەموو جۆرە سەرزەنشتێک زانی بەوەی، کە لەبەرچی لەبەر منداڵێک، کە تەنانەت ناتوانێت چەپکە گوڵێکیش پێشکەشی ئەو بکات خۆی تووشی ئەم چارەنووسە نەگبەتە کرد؟! کۆنت بە پەشێوی و غەمبارییەوە لەسەر کورسییەک دانیشت و چاوی بڕییە زەوی و ورتەیەکی لەدەم نەهاتەدەر. نانا بە غەم و خەفەتی کۆنت غەمبار بوو و بەدەنگێکی نەرم و ناسکەوە گوتی:

(داوای لێبووردن دەکەم... هەڵەمکرد... بمبەخشە!) ئینجا لەبەردەمی ئەو لەسەر زەوی دانیشت و دەستەکانی خۆی خستە سەر سینگی و بە نزا و پاڕانەوەوە گوتی: (تۆ دەزانی، کە من ناتوانم دڵم لە سینەم دەربهێنم...هەستی بەزەیی پێداهاتنەوە منی والێکرد، کە دڵنەوایی ئەم منداڵە سەرلێشێواوە بدەمەوە...پاشان ژن جگە لە میهرەبانی چارەیەکی دیکەی بەرامبەر ئەو کەسانە نییە، کە ئەویان خۆش دەوێت). کۆنت بەناچاری قسەکانی نانای پەسەند کرد و چاوی لە هەڵە و تاوانەکەی پۆشی و بەڵام داوای لێکرد، کە چیتر ژۆرژ لای خۆی ڕانەگرێت...بەڵێ کۆنت بۆ جاری دووەم لە هەڵەی نانا خۆش بوو، بەڵام ئیتر متمانە و بڕوای بە وەفای ئەو نەبوو.

ڕۆژی دواتر دیسان نانا ئەوی لەخشتە برد و ناپاکی لێکرد، بەڵام کۆنت چاوی خۆی گرت و وا خۆی نیشاندا، کە ناپاکیکردنەکەی ئەوی نەبینیوە، چونکە ترسی لەوە هەبوو، کە ئەگەر ناڕەزایەتییەک دەربڕێت نانا لەدەست بدات و ئەو کەسێک

نەبـوو، کە بتوانێـت بەبـێ نانـا بژیێـت. بەم شـێوەیە کۆنـت دووچاری غەمباری و ئازاری ویژدانی بووەوە...لەم ساتەدا نانا لە ترۆپکی مەزنی و ناوبانگ و جوانی و دڵڕفێنیدا بوو و خەڵکی پاریسـی سەرسـامی جـوانی و دەسـتبڵاوی و بەرەڵلایـی خـۆی کردبوو. کۆشکی ئەو وەکو کورەیەک بوو، کە هەرچی پارەیەکی دەستدەکەوت تێیدا دەتوایەوە.

ئەم ژنە سـۆزانییە، کە دەمـی لە گۆشـت نەدەدا و جـگە لە سـەوزە و شـیرینی شـتێکی دیـکەی نەدەخـوارد لەمانگێکـدا بـۆ خـوانی خـۆی زیـاد لە پێـنج هەزار فرانکـی خەرج دەکـرد. چێشتخانەکەی ئەو دەسکەوتێک بوو بۆ خزمەتکارەکان... ئەوان هەر خـزم و خوێشـێکیان بویسـتبوایە لەم چێشـتخانەیە تێریـان دەکرد.

ئەو دەسـتبڵاوی و پاشـاگەردانی و دزییەی لە چێشـتخانەکەی ڕوویـــدەدا لە ژووری خەوتـــن و ژووری پۆشـــاکی نانـــاش ڕوویـدەدا. جلێکـی گرانبەهـا کە بەهـاکەی زیـاد لە بیسـت هەزار فرانک بوو بۆ یەک دوو جار لەبەردەکرا و پاشان لەبیردەکرا و لـویز دەیفرۆشـت و ئەو خشـڵانەی، کە نانـا چیتـر حەزی لێیـان نەدەکـرد لە چەکمەجەکـان تـاڵان دەکـران و ون دەبـوون، تەنیـا شتێک، کە نانای تووشـی سەرسـوڕماوی کردبوو ئەوە بوو، کە وێـڕای هەبـوونی ئەو هەمـوو خشـڵ و زێـڕە هەنـدێجار چەنـد فرانکێک پارەی لە لویز قەرز دەکرد.

شـەوێک نانـا گـوتی، کە بەیـانی ڕۆژی لەدایکبـوونیەتی. لەو ڕۆژەدا هـاوڕێ و ناسیاوانی چەنـد دیارییەکیـان بۆ هێنـا لەوانە

فیلیپ گوڵدانێکی شووشـەی کریستاڵیی قەشـەنگ و گرانبەهـای ئەسڵیی بۆ هێنا، کە بە ٣٠٠ فرانک کڕیبووی.
نانا ئەو شووشـەیەی بەدەستەوە گرت و دەیسوڕاندەوە و یاری پێـدەکرد ، فیلیـپ بە نانـای گـوت: (وریـابە... ئەم گوڵـدانە زۆر ناسکە و زوو دەشکێت)، بەڵام نانا گوێی نەدایێ و هێندە یاری پێکـرد تـا لەدەسـتی پەڕی و کەوتە سـەر زەوی و شـکا. ئینجـا سـەیری پـارچە شـکاوەکانی گوڵـدانەکەی کـرد پاشـان وەکـو منـداڵێکی هاروهـاچ، کە حەزەدەکـات ئەوەی لەنـاو دەسـتیەتی بیشکێنێت کەوتە پێکەنین. فیلیپ ڕەنگ و ڕووی لەبەرنەما ، نانا نەیدەزانی، کە فیلیپ بۆ بەدەستهێنانی بەهای ئەم گوڵدانە چەندە ماندوو بووە. نانا هەستی بە نیگەرانی و خەم و خەفەتی فیلیپ کـرد و پێکەنینەکەی ڕاگـرت و گـوتی: (بـاوەڕبـکە خـەتای مـن نەبوو...خۆی درزی برد...بە هەرحاڵ من زۆر سوپاست دەکەم... ئەسـڵەن ئەم شـتانە بـۆ ئەوە دروسـتکراون تـا بشـکێن، ئەگەر وانەبـوایە بازرگـانەکە نەیـدەتوانی هـیچ بفرۆشـێت، پاشـان بـۆ ئەوەی بیسـەلمێنێت، کە ئەو بایەخێکیـان پێنـادات هەموویـانی بەدەسـتەوە گـرت و یەک لەدوای یەک شـکاندنی). چاوەکـانی دەدرەوشـانەوە و ڕوومەتەکانی سوور هەڵگەڕابوون سـەیرێکی پـارچە شـکاوەکانی دیارییەکـانی کـرد و گـوتی(تەواو بـوو...ئیتر شتێک نییە تـا بیشکێنم، فیلیپی ئازیزم تۆ دەتوانی بەیانی دوو سـەد فرانکم بۆ ئامـادە بکەیت؟) ڕەنگ لە سەروسیمای گەنجە داماوەکە پەڕی ونقوومی بیرکردنەوە بوو و پاش ساتێک گوتی: (هەوڵدەدەم ئامـادەی بکەم و بۆتـانی بهێنم). مـاوەیەک بێدەنگ بـوون. گەنـجەکە هەسـتایەوە و ڕوخسـاری بە شوشـەی

پەنجەرەکەوە نووساند و چەند خولەکێک دواتر سەیری نانای کرد و بەهێواشی گوتی : (نانا... پێویستە هاوسەرگیریم لەگەڵدا بکەیت!) نانا لەم پێشنیازە سەیروسەمەرەیە واقی وڕما و بە پێکەنینەوە لەسەر کورسییەک دانیشت و گوتی: (ئازیزەکەم تۆ شێت بوویت؟). لەم ساتەدا لویز وەژوور کەوت و هەردووکیان بێدەنگ بوون.

# ٢٣

نانــا فرمــانی بە خزمەتکارەکــانی کــرد، کە ڕێگــری بــکەن لە هـــــاتنەژوورەوەی ژۆرژ بـــۆ مـــــاڵەکەی. ژۆرژ ئاگـــــای لەم ڕێگریلێکـردنە نەبـوو و وەکو ئاڵوودەبوویـێک هـاتە ماڵی نانـا و بەڕێکەوت هیچ یەکێک لە خزمەتکارەکان ئەوی نەبینی تا ڕێگـری لێبکەن. ژۆرژ هەر هات تا گەیشتە ژووری نانا، لەوکاتەدا گوێی لە دەنگی بـراکەی خـۆی بـوو لە ژووری نانـا، بە چـاکی گـوێی ڕاگرت و تا هەمـوو قسـەکانی فیلیپ ببیستێت. کاتێک پێشنیازی هاوســەرگیری بـۆ نانـا کـرد دونیـا لەبەر چـاوی ژۆرژ ڕەش و تاریـک بـوو و واهەسـتیکرد، کە چەنـد پەنجەیەکی پۆلایین دڵـی دەکوشێت، ژۆرژ بە قاچی لەرزۆک و چاوی پڕ گریانەوە بۆ ماڵ گەڕایەوە و خـۆی خسـتە سـەر تەختـە خەوەکە و وەکـو منداڵان کەوتە گریان.

ســپێدەی ڕۆژی دواتـرێ ژۆرژ بڕیاریـدا، کە خـۆی بکوژێـت، بەڵام وای بە مێشـکدا هـات، کە بەر لە خۆکوشـتن بـۆ کۆتاجـار سـەیرێکی نانـا بکـات، بۆیە جلوبەرگی پۆشـی و لە شـەقامەکاندا وێـڵ و ســەرگەردان بــوو تــا کــاتژمێر ســێ هـــات، کە وادەی پێشـــوازیکردنی نانــــا بـــوو لە میوانەکــانی. دەوروبەری ئێــوارە هەواڵێکیـان بە مـادام هیجـۆن دا، کە وەکـو بروسـک پێیگەیشـت، بـــابەتی هەواڵەکە ئەوەبــوو، کە فیلیپــی خەزێـنەداری ســوپا بە

تـۆمەتی ئەوەی، کە پارەکـانی سـوپای دزیـوە خسـتویانەتە زیندانەوە. دایکەکە زانی، کە کوڕە گەورەکەشی گرفتاری دەستی ئەم ژنە داوێنپیسـە ترسـناکە بـووە و لەبەر ئەو تووشـی ئەم دزییەش بووە. باشـە ئەو ئێسـتا چی لەدەست دێت... پێویستە داوای یـارمەتی لە کـوڕە چکـۆڵەکەی بکـات. دایـکەکە بەرەو ژووری ژۆرژ چوو، بەڵام ئەوی لەژوورەکەیدا نەبوو. یەکێک لە خزمەتکارەکان گوتی، کە ژۆرژ زوو لە ماڵ چۆتە دەرەوە. مـادام هیجۆن دڵنیـابوو لەوەی، کە ژۆرژیش بێ هـیچ گومانێک بەرەو لای ئەو ژنە نەفرەتییە ڕۆیشـتووە، بەناچـاری جلی لەبەرکـرد و بۆ ماڵی نانا ڕۆیشت.

# ٢٤

لەو ڕۆژەدا نانـا وای بە مێشـكدا هـات، كە تەواوی خەڵـك بـۆ ئەوەی ببـنە مـایەی بێـزاری و سـەرئێشـە بـۆی پیلانیـان لەدژی گێڕاوە، بێزاركردنەكە لە بەیانییەوە دەستی پێكرد كاتێك نـانەوا، كە تەنیا بـڕە پـارەیەكی كەم، واتە سـەد و سـی فڕانكی لای نانـا بوو هات و هەراوهۆریایەكی دروستكردو داوای پارەكەی خـۆی كردەوە. نانا پێیگوت بڕوات و دوو كاتژمێری دیكە واتە كـاتژمێر سـێی دوای نیـوەڕۆ بێـتەوە... نانـا هیچـی نەخـواردو بەتەواوەتـی لەبیری ئەوەدابوو،كە چۆن پارەی نـانەوا بـداتەوە، بەڵام لەناكـاو ئەوەی بیـركەوتەوە، كە فیلیپ بەڵێنـی داوە دووسـەد فڕانكـی بـۆ بهێنێت، بۆیە هێندێك ئـارام بووەوە. كـات تێپەڕی و فیلیپ هـەر نەهــات. نانــا نــیگەران بــوو و پــاش كەمێــك لابۆردیــت وەژوور كەوت. نانـا هەناسـەیەكی ئاسـوودەیی هەڵكێشـا و بە لابـۆردێتی گوت: (دووسـەد فڕانكت پێیە تـا بە قەرز پێمبدەیت؟) لابۆردیت، كە هەرگیــز پــارەی بە قەرز بە ژنــان نەدەدا یەكســەر گــوتی: (ئازیزم پـارەم پێنییە... ئایا دەتەوێت بـڕۆم ئەم بـڕە پـارەیەت لە كۆنت بۆ وەرگرم؟)

نانا گوتی: (نەخێر... پێویست بەمە ناكات).

كۆنـت مۆفـات دوو ڕۆژ پێشـتر پێـنج هەزار فڕانكـی بە نانـا دابــوو، هەر كە لابۆردیـت ڕۆیشــت نــانەوا هــات. نانــا گــوێی لە

هەڕەشە و بۆڵەبۆڵی نانەوا بوو و هەروەها دەنگی پێکەنینی خزمەتکارەکانی بەر گوێکەوت، ڕەنگ لە ڕووخساری نەماو وای بەمێشکدا هات، کە هەموویان وازیان لەو هێناوە و هەڵیان خەڵەتاندووە. نانا ئەو بیرەی بە مێشکدا هات، کە پارە لە لویز قەرز بکات. لویز بڕێک قەرزی لای نانا بوو، بەڵام ئەو لەم بیرە پاشگەز بووەوە، چونکە دەترسا لەوەی، کە لویز بڵێت پارەی نییە و زەبرێک بەر پلەوپایەو شکۆمەندییەکەی بکەوێت. متمانەی بە خۆی کرد و ڕاستەوخۆ بەرنامەی دارشت بچێتە لای مادام تریکۆ. بە خێرایی جلی پۆشی، بەڵام هێشتا لەژوورەکەی خۆی نەچووبووە دەرەوە لەناکاو ژۆرژی لە ناوەڕاستی هۆڵی پێشوازیکردن بینی، نانا سەرنجی لە ڕەنگپەڕیوی و ئاگری چاوەکانی ژۆرژ نەدا و هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشا و پرسی:(ئەوە براکەت تۆی بۆ ئێرە نارد؟)

ژۆرژ گوتی: (نەخێر). نانا گوتی: (ئەی پارەت پێیە؟) ژۆرژ گوتی: (نەخێر). نانا گوتی: (من هەروا ئەم پرسیارەم لە تۆ کرد، من دەزانم تۆ کەسێکی تەنانەت پارەی تراماواشت[1] لە گیرفاندا نییە... دایکت ڕێگەت پێنادات).

نانا هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو ویستی ژۆرژ لە ژوورەکە بچێتە دەرەوە، بەڵام ژۆرژ دەستی نانای گرت و

---

[1]. لە دەقە فارسییەکەدا اوتوبوس و لە عەرەبییەکەشدا مینوبوس بەکارهاتبوو، بەڵام ئەم دوو ئامێرەی گواستنەوەی خەڵک زیاتر لەدوای چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە دروست بوون، هەرچی ترامەوایە ئەوا لەناوەڕاستی پەنجاکان لە پاریس و وڵاتانی دیکە هەبوون و بە ئەسپ ڕادەکێشران، دواتر لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەم ترامی مەکینەدار دروستبوو ،کە هاوشێوەی شەمەندەفەری هەڵمیی بوو و لەناو شاردا خەڵکی دەگواستەوە. و. کوردی.

ویستی قسەی لەگەڵ بکات، نانا بەوپەڕی تورەییەوە گوتی کاتی قسەکردنی نییە و دەیەوێت بڕوات، ژۆرژ هاواریکرد: (گوێبگرە... من دەزانم کە تۆ دەتەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ براکەم بکەیت) نانا سەری سوڕما و لەسەر کورسییەک دانیشت و کەوتە پێکەنین. ژۆرژ گوتی: (بەڵێ من هاتووم تا پێت بڵێم هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو نەکەیت... من لەو شایستەترم تا ببمە مێردی تۆ).

نانا گوتی: (ئەوە چیت وت؟ ئایا تۆش حەزدەکەی هاوسەرگیریم لەگەڵ بکەیت؟ وادیار،" ئەمە نەخۆشییەکی بۆماوەییە لەناو خانەوادەی ئێوەدا... کوڕیژگە مەگەر شێت بوویت؟ من نامەوێت لەگەڵ هیچتان هاوسەرگیری بکەم). ژۆرژ گوتی: (تۆ سوێندم بۆ دەخۆیت کە براکەم خۆشەویستی تۆ نییە؟). نانا گوتی: (تۆ بۆچی ئەم قسانە دەکەیت؟ ئایا تۆ خەرجی بە من دەدەیت، کە ئاوا لێپرسینەوەم لەگەڵ دەکەیت؟ بەڵێ براکەت خۆشەویستی منە). ژۆرژ بە توندی قۆڵی نانای ڕاکێشا و هاواریکرد: (بێدەنگ بە... جارێکی دیکە شتێکی وا نەڵێیت!). نانا قۆڵی خۆی ڕاتەکاند و هاواریکرد: (بەڕاستی گەنجێکی بێڕەوشت و خراپیت، من بەزەییم پێتدا هاتەوە، کە لێدەگەڕام تۆ بێیت بۆ ئێرە...خێرا بڕۆ دەرەوە...تۆ وەکو براکەتی، براکەت دوێنێ بەڵێنیدا، کە دووسەد فرانکم بۆ بهێنێت، بەڵام ئیدی نەمبینیەوە... من ئێستا دەچمە دەرەوە تا ئەو پارەیە لە یەکەمین پیاو، کە لەسەر ڕێگاکەی خۆم دەیبینم وەربگرم). ژۆرژ هیلاک بوو و هاواریکرد: (نەخێر...نەخێر.. کارێکی ئاوا نەکەیت!)ن. انا گوتی: (ئێ باشە تۆ ئەم بڕە پارەیەت پێیە؟). ژۆرژ هیچ پارەی پێنەبوو و شەرمەزار

بوو. نانا دڵی بە حاڵی ئەو سووتا و بە ئارامی گوتی: (ئازیزم پێویستە بڕۆم...ئاقڵ بە... من تۆم خۆش دەوێت و بەزەییم پێتدا دێتەوە...ئێستا پێویستییەکی زۆرم بە پارە هەیە... خەفەت مەخۆ و غەمبار مەبە... ئەوەی، کە بیستت بە براکەتی مەڵێ... من کاتێک تووڕە دەبم هۆشم لەدەست دەدەم). ئینجا نانا ژۆرژی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و نێوچەوانی ماچ کرد و گوتی: (ئازیزم خوات لەگەڵ... خوات لەگەڵ... پێویستە هەموو شتیک لەنێوان من و تۆدا کۆتایی پێبێت).

پاش ئەوە نانا ئەوی لەناوەڕاستی هۆڵەکە جێهێشت و لەکاتێکدا کە وشەکانی ماڵئاواییکردن لە گوێی ژۆرژدا وەکو زرنگانەوەی زەنگەکانی مەرگ دەنگی دەدایەوە و واهەستیکرد کە زەمین لەژێر پێیەکانیدا دەلەرێتەوە.

ژۆرژ سەبارەت بە شتێک بیریکردەوە و ئەو شتەش ئەوە بوو، کە فیلیپی برای بۆتە خۆشەویستی نانا.

دەرگاکان ئاوەڵا بوون، خزمەتکارەکان لە هاتوچۆ دابوون و بەوپەڕی سەرسوڕمانییەوە دەیانپرسی، کە بۆچی خاتوونەکەیان سواری گالیسکە نەبووە. ژولیان گاڵتەی لەگەڵ نانەوا کرد و ستایشی هەڵسوکەوتی ئەوی کرد و چەند نوکتە و قسەیەکی خۆش لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕ کرا. لویز چووە ژووری خەوتنەوە و ژۆرژی لەوێدا بینی. لێیی پرسی کە ئەوە چاوەڕوانی خاتوونەکەی دەکات. ئەو وا وەلامیدایەوە، کە چاوەڕوانی ئەو دەکات، چونکە بیری چووە بابەتێکی گرنگ بەو بڵێت.

هەرکە لویز چووە دەرەوە ژۆرژ سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد و مەقەسێکی تیژی هەڵگرت، کە نانا بۆ هەندێک لە کارەکانی

خۆی بەکاری دەهێنا و یەکسەر لەناو گیرفانیدا شاردیەوە و یەک دوو کاتژمێر چاوەڕوان بوو و لە ناو باخەڵیدا یاری بە مەقەسەکە دەکرد. لویز لەبەردەم یەکێک لە پەنجەرەکان سەیری شەقامەکەی دەکرد و چاوەڕوانی خاتوونەکەی بوو تا خانمەکەی بینی کە خەریکە دێتەوە. دەرگاکانی کردەوە و دایخستنەوە، نانا هاتەژوورەوە و پارەی نانەوای دا و چووە ژووری خەوتنی خۆی. نانا بەهێواشی دەڕۆیشت و پرچە پەخشان و ئاڵۆزکاوەکەی خۆی لەسەر نێوچەوانی لادەدا. ئەو بینی، کە ژۆرژ لەبەردەم دەرگای ژووری خەوتنەکەی وەستاوە.

نانا هاواریکرد: (ئای هەمدیسان تۆ لێرە وەستاوی؟! ئایا دەتەوێت بەزۆر تۆ لەماڵ بکەمە دەرەوە). پاڵێکی بە ژۆرژ وەنا و چووە ژوورەوە، ژۆرژیش بەدوای ئەودا چووە ژوورەوە و بەدەنگێکی لەسەرخۆ گوتی: (نانا...ئایا ناتەوێت هاوسەرگیریم لەگەڵدا بکەیت؟!) نانا ئەوی بەرەو دەرگاکە پەلکێش کرد و ویستی لە ژوورەکە بیکاتە دەرەوە، بەڵام ژۆرژ بە دەستەکەی دیکە مەقەسە تیژەکەی هێنایەدەرەوە و بە توندی چەقاندیە سەر سینەیەوە، نانا هاواریکرد: (ئای ئەمە مەقەسەکەی منە...ئای خوایە...خوایە!) نانا زۆر ترساو ڕەنگ و ڕووی لەبەرنەما و گەنجەکە کەوتە سەر ئەژنۆ و بۆ جاری دووەم بە توندی مەقەسەکەی چەقاندە سینگییەوە و لاشەکەی کەوتە بەردەم چوارچێوەی دەرگاکە، لەم ساتەدا نانا هۆش لەکەللەیدا نەما و لە ترسان هاواریکرد، نەیوێرا کە بەسەر لاشەکەدا تێپەڕێت و داوای یارمەتی و هاوکاری بکات بۆیە هاواریکرد: (لویز... زوو

وەرە... ئەو خــۆی دەکوژێــت... ئەو خــۆی لە مــاڵەکەی منــدا دەکوژێت. ئای پەروەردگارا... کەسێک گوێی لەم شتە بووە؟!)

ئینجـا بە حەپەســاوییەوە ســەیری ڕوخســارە بێــڕەنگەکەی ژۆرژی کــــردو بینـــی، کە چاوەکـــانی نووقـــاون و ڕەنگـــی لەبەرنەماوە، بەڵام هیچ شوێنەوارێکی خوێن بوونی نییە. کەمێک بوێری دایە بەر خۆی و ویستی بەسەر لاشـەکەدا بازبدات و لە ژوورەکە بچێـتە دەرەوە لەوکـاتەدا ژنێکـی پیـری بینـی، کە بە هێواشی بەرەو ژووری خەوتنەکەی ئەو دیت. نانا زانی، کە ئەو خـاتوونە مـادام هیجـۆنە. نانـا لەوسـاتەدا لە نهێنـی هـاتنی مـادام هیجــۆن بــۆ مـــاڵەکەی خـــۆی تێنەگەیشـــت،واگومانیکرد کە تـارمەییەک دەبینێـت دڵەخـورپێی گـرت و کەوتە سـەر زەوی و هاواریکرد: (خەتای من نییە...من بێتاوانم...سـوێندتان بۆ دەخۆم کە سووچ و خەتام نیییە... ئەو دەیویست هاوسـەرگیریم لەگەڵدا بکات، من ڕازی نەبووم، بۆیە ئەو خۆی کوشت).

مــادام هیجــۆن بە ڕەنگپەڕیــوویەوە نزیــک کەوتەوە، جـلە ڕەشـەکەی ئەوی ڕەنگپەڕیـوتر و بەسـامتر کردبـوو. ئەو کاتێـک هـاتە مـاڵی نانـا ژۆرژی لەبیرکردبـوو و هەمـوو بیـر و خەیـاڵی ئەوە بوو، کە داوای یارمەتی لە نانا بکات بۆ ڕزگارکردنی فیلیپ، بەڵێ نانا دەیتوانی چەند ڕاستییەک بە دادوەرەکان بڵێت تا بـاری سزادانەکەی ئەو سووک بکەن.

کە گەیشتە پلیکانەکان گوێی لە دەنگی هاواری نانا بوو، بۆیە یەکســـەر چـــووە ســـەرەوە و بینـــی، کە ژۆرژ لەنــاو دەرگــای ژوورەکە کەوتووە. نانـا وەکو ئەوەی شـێت بووبێت بەهێواشـی ئەم ڕستەیەیەی دووبـارەکردەوە: (ئەو دەیویسـت هاوسـەرگیریم

لەگەڵـدا بکـات، مـن ڕازی نەبـووم و ئەو خـۆی کوشـت). مـادام هیجۆن کزەیەکی ترسناکی بە دڵدا هات، ئەو دوو کوڕی هەبوو، کە یەکیـان ناوناوبـانگی خـۆی لەدەسـتدا و ئەوەیتـریش خـۆی کوشـت... ئەو خـۆی دانەوانـدە سـەر جەسـتەی ژۆرژ و گـوێی خـۆی خسـتە سـەر سـینەی ژۆرژ بەبـێ ئەوەی چـاو لەسـەر ڕوخسـاری هەڵبگرێـت. نانـا لە هەیـبەت و بێـدەنگی ئەم ژنە نیگەران بوو و دووبـارە گوتی: (من ئەوم نەکوشت... ئەو خۆی خـۆی کوشت...سـەیرکە...من لەدەرەوە بـووم و هەر ئێسـتا گەڕاومەتەوە). مـادام هیجـۆن سـەری بەرزکـردەوە و سـەیرێکی نانای کردو ئاگر لە چاوی دەباری، نانا گوتی: (خاتوون سوێند دەخـۆم، کە مـن ئەوم نەکوشـت... ئەگەر بـراکەی ئێسـتا بێـت ڕاستییەکە بۆ ئێوە ئاشکرا دەبێت). مـادام هیجـۆن بەدەنگێکی لەسەرخۆ گوتی: (براکەی تووشی داوی چارەنووسی تۆ بووە). نانا ترسا، بەڵام بیربکەنەوە ئایا ئەو چ تاوانێکی هەیە، کە فیلیپ دزی بکات! یا هەردوو براکە شێتی بن؟

خزمەتکارەکـان گەیشـتن، نانـا فرمـانی پێکـردن، بەڵام مـادام هیجـۆن مکـوڕ بـوو لەسـەر ئەوەی، کە بە گالیسـکەکەی خـۆی کـورەکەی ببـات و بـۆ چـرکەیەک ئەو لەو مـاڵە نەهێڵێـتەوە. خزمەتکارەکان لاشەکەیان هەڵگرت و دایکەکەش بەدوایان کەوت و لەکاتێکدا، کە بەملا و بەولادا دەهات و خۆی بە دیوار دەگرت تا بەرنەبێتەوە. کاتێک دایکەکە گەیشتە پلیکانەکان ئاوڕی دایەوە و بەدەنگێکـی بەرز بە نانـای گـوت: (دەک ماڵـت وێـران بێـت هەروەک چۆن ماڵت وێران کردین) نانا لەشوێنی خۆی حەپەسا بـوو و تەنـانەت بیـری چـوو، کە کـڵاوەکەی لەسـەری بکـاتەوە.

کاتژمیرێـک دواتـر مۆفـات بـۆ بینینـی نانـا هـات... نانـا تەواوی بابەتەکانی بۆ گێڕایەوە و مەقەسـە خوێناوییەکەی گرتە دەسـتی و لاسـایی تەواوی جـووڵە و هەڵسـوکەوتەکانی گەنـجەکەی کـردەوە لەوکـاتەی،کە مەقەسـەکەی چەقانـدە سـینەیەوە. ئینجـا پرسی: (باشە ئازیزەکەم بڵێ بزانم ئایا خەتای من بووە؟! خۆ مـن داوام لە فیلیـپ نەکـردووە دزی بکـات، هەروەهـا داوام لە ژۆرژی بـرای نەکـردووە، کە خـۆی بکوژێـت...من بێچـارەترین بـوونەوەری خودام...خەڵـک دێـنە نـاو مـاڵەکەمەوەو غەمبـارم دەکەن و جۆرەهـا شـێتی دەکەن، کەواتە بـۆچی تەنیـا مـن سەرکۆنە دەکرێم و لێپێچینەوەم لەگەڵدا دەکرێت).

نانا سەیرێکی لویزی کرد،کە خەریکی شوشتنی دەرگاکە بوو بۆ لێکردنەوەی پەلە خوێنەکان و کەوتە گریان. مۆفات لەکاتێکدا کە برۆی لێک گرژ کردبوو و گوێی ڕاگرتبوو، غەمباربوو بەم بەڵایەی، کە بەسەر مادام هیجۆنی داماودا هاتبوو.

کۆنت دەیزانی،کە مادام چ دڵێکی چاک و پاکی هەیە و بیری لەوە دەکـردەوە، کە چـۆن لە کۆشـکە گەورەکەی خۆیـدا بە تەنیـایی و غەمبـارییەوە ژیـان بەسـەر دەبات و بۆ لەدەسـتدانی دوو کورەکەی خۆی فرمێسک هەڵدەڕێژێت. غەم و خەفەت باڵی بەسـەر نانـادا کێشـا و بە گریـان و چـاوی فرمێسـکاوییەوە هەستایەوە و گوتی: (گەنجێکی بـاش و قـۆز بـوو... مـن وەکـو کوڕی خۆم خۆشم دەویست)لەم ساتەدا گریان قورگی گرت و نەیتوانی بەردەوامی بە قسەکانی بدات.

مۆفـات دڵنەوایـی دایەوە و سـەرەخۆشـی لێکـرد، بەڵام ئەم دڵنەوایـی و سـەرەخۆشـیلێکردنە فرمێسـکەکانی نانـای وشـک

نەکردەوە و داوای لە مۆفات کرد، کە ڕاستەوخۆ بچێت بۆ ماڵی مادام هیجۆن و لە بارودۆخی ژۆرژ بپرسێت. مۆفات کڵاوەکەی خۆی هەڵگرت و ڕۆیشت، کاتژمێرێک دواتر گەڕایەوە و گوتی: (ژۆرژ زیندووە... و ئومێدێک بۆ ڕزگاربوونی ئەو هەیە). نانا هەرکە ئەم هەواڵەی بیست ڕوخساری گەشایەوە و لە خۆشحاڵیان کەوتە سەماکردن. لویز گوتی: (خاتوون سەیرکە... من چەندین جار پەڵە خوینەکانم شوشت، بەڵام چیبکەم پاک نابێتەوە).

نانا گوتی: (کێشە نییە بە تێپەڕبوونی کات نامێنن). بەڵام کۆنت کاتیک، کە بۆ پرسینی بارودۆخی ژۆرژ لای نانا ڕۆیشت سوێندی خوارد" کە چیتر نەگەڕێتەوە بۆ ماڵی نانا. ئەم ڕووداوەی وەکو ئاگادارکردنەوەیەکی ئاسمانی دانا و بڕیاریدا پەند و ئامۆژگاری لەو ڕووداوە وەربگرێت، کە بەسەر خێزانی هیجۆن دا هاتبوو، بەڵام سەرەڕای ئەوە پەندی لێوەرنەگرت. کاتێک مادام هیجۆنی جێهێشت واهەستیکرد لە ڕکابەرێک ڕزگاری بووە، کە ماوەیەکی زۆرە ململانێ و دوژمنایەتی لەگەڵدا دەکات، خۆشەویستییەکەی بەسەر هەموو هەستەکانیدا زاڵ ببوو، وەکو تەواوی ئەو عیشقانەی کە زۆر درەنگ دڵی پیاوانێک، کە لە گەنجیدا خۆشەویستیان نەکردووە داگیر دەکەن.

ڕۆزێک فۆکارمۆن لە کاتێکی نائاسایی لە ماڵی نانا هاتەدەرەوە و مۆفات ئەوی بینی و توورە بوو، قین و تورەیی خۆی بۆ نانا دەرخست، ناناش لای خۆیەوە تورە بوو و گوتی کە لە ئیرەیی و بەدگومانی ئەودا بێزار بووە، نانا پێشتر لە ناپاکیکردنی خۆی لە مۆفات داوای لێبوردنی دەکرد و پۆزشی

دەهێنـــــایەوە، بەڵام ئەمجـــــارە بە تـــــوڕەییەوە و بەوپەڕی ڕاشـکاوییەوە گـوتی: (فۆکـارمۆن هـاوڕێی مـنە و هەر کاتیـک حەزبکات دێت بۆ ئێرە، ئەگەر تۆ لەبەر ئەمە ڕقت لێم دەبێتەوە ئەوا وازم لێبێنە، من ئازادی خۆم دەوێت). ئینجا گوتی: (باشـە ئێستا چی دەڵێیت؟ ئایا دەڕۆیت یان لێرە دەمێنیتەوە؟) ئەگەرچی نانـا بەردەوام سـووکایەتی بە کۆنت دەکرد، بەڵام کۆنت ئامادە بـوو بە هەمـوو سـوکایەتیپێکردنێک ڕازی بێت تـا نانـا لەدەست نەدات، چونکە ژیانی خێزانی ئەو لە دۆزەخێک کەمتر نەبوو. هەر کە فۆشـێری سـابینی جێهێشـت و گەڕایەوە باوەشـی ڕۆزمینـۆ کۆنتس پەچەی لە ڕوخساری هەڵماڵی و خۆی سـەرقاڵی بەزم و ڕابـواردن کـرد لەگەڵ هـاوڕێ و ناسـیاوەکانی. ڕۆژێـک مۆفـات بەڵێنـی بە نانـا دا، کە دەهەزار فڕانکـی بـۆ ببـات و بەڕێـکەوت لەڕۆژی دیـاریکراودا بە دەسـتی بەتـاڵ چـووە لای نانـا و نانـا بە تـورەییەوە هـاواریکرد: (باشـە مـن چیـبکەم... خـاوەن قەرزەکـان چواردەوریــان گرتـــووم و دەیانەوێـت کەلوپەلەکـانی مـاڵەکەم بفرۆشن و قۆڵم بگرن و فڕێمدەنە سـەر جادە... لەبەرئەوەی تۆ پیـــاوێکی ناشـــرین و پیریـــت پێویســـتە لەبەرامـــبەر ئەو میهرەبانییانەی من و ئەو چێژ و خۆشییەی، کە لە ژنیکی گەنج و جوانی وەک منی وەردەگریت بە هەموو شێوەیەک پارە خەرج بکەیـت، ئەگەر ئەمشـەو ئەو بـڕە پـارەیەی، کە بەڵێنـت دابـوو نەیهێنیت پێشوازیت لێناکەم)، بەڵام کۆنت شەو دە هەزار فڕانکی هێنا و نانا دڵی ڕاگرت و دەستی لەملی ئالاند و مـاچێکی درێـژی لێکـرد، نانـا هەوڵیـدەدا تـا ئەوپەڕی سـوود لە ئـازادی خـۆی وەربگرێت و مۆفات لە ماڵی نانا چەند سـەر و بیچمێکی دەبینی

که پێشتر نەیبینیبوون، بەڵام نەیدەوێرا پرسیار یا لێپێچینەوەیەک بکات.

هاتوچۆی پیاوان بۆ ماڵی نانا زیادی کرد، نانا یەک لەدوای یەک پارەکانی لە گیرفان دەردەهێنان. دوو حەفتە دواتر فۆکارمۆن ئەوەی لەدەستدا، کە بەدرێژایی زیاتر لە ٣٠ساڵ بە ماندووبوونیکی زۆر پێکەوەی نابوو و کاتێک نانا ئەوی بۆ هەتاهەتایە لە ماڵەکەی کردە دەرەوە یەک قرۆشی لە گیرفان نەبوو. هیکتۆر دولافلواز حەزیکرد کە مایەپووچبوونەکەی بەدەستی نانای ئازیز بیت و تێکڕای ئومێدی ئەوە بوو، کە چێژ لە دوو مانگی پێکەوەبوون و هاوڕێیەتی لەگەڵ نانا وەرگرێت، بەڵام ویڕای هەبوونی ئەو هەموو باغچەیە نەیتوانی زیاتر لە شەش هەفتە خۆی لەژێر فشار و پاڵەپەستۆی چلێسی و برسێتی پارەخۆری نانا دا ڕابگرێت و فۆشێری ڕۆژنامەیەکی تایبەتی دامەزراند، بەڵام ئەویش بووە پارووێکی (مێشی باڵ زێڕین).

نانا چاپخانە و کاغەزەکانی قووتدا و یەک مانگ دواتر فۆشێری لە چاوان ونبوو و گوترا، کە ئەو چووە بۆ لادێ تا هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێک لە خزمەکانی بکات. نانا ئەم هەواڵەی زانی و شانی هەڵتەکاند و بە کۆنت مۆفاتی گوت: (ئازیزم تۆ زۆر بەختەوەری، چونکە ڕکابەرەکانت یەک لەدوای یەک لە گۆڕەپانەکە هەڵدێن). کۆنت ڕەنگ و ڕووی لەبەرنەما و هیچی نەگوت. لەنیوەی مانگی دیسێمبەردا زێڕنگەر و لیفەدروو لەو پێچەفە بوونەوە، کە لە دەزووی زێڕ و زیوو دروستکرابوو و بۆ نانایان نارد، بەڵام کۆنت مۆفات گەشتی بۆ نۆرماندی

کردبوو تا بەشێک لە موڵکەکانی خۆی بفرۆشێت و چوار هەزار فرانک ئامادە بکات و بۆ نانای بهێنێت. بڕیاریان وابوو، کە کۆنت دوو ڕۆژی دیکە بگەڕێتەوە، بەڵام بەخت یاوەری نانا بوو و مامەڵەکە زوو کرا و کۆنت بەر لە وادەی دیاریکراو گەڕایەوە پاریس و ڕاستەوخۆ چووە ماڵی نانا. لویز دەرگای کردەوەو هەرکە کۆنتی بینی لەرزی و ویستی بیباتە هۆڵی پێشوازی، بەڵام کۆنت ڕازی نەبوو و دەیویست ڕاستەوخۆ بچێتە ژووری خەوتنی نانا، لویز بڕیاریدا کەمێک ئەو دوابخات بۆیە بە کۆنتی گوت کە چۆن کەسێک بە ناوی فینۆن دوو جار سەروسۆراغی ئێوەی پرسیوە و کارێکی پێویستی لەگەڵتان هەیە، بەڵام کۆنت گومانی لە هەڵسوکەوتی لویز کرد و زانی، کە بە ئەنقەست دوایدەخات، بۆیە بە توندی پاڵی بە لویزەوەنا و بەرەو ژووری خەوتنی نانا ڕایکرد و دەرگاکەی کردەوە و چووە ژوورەوە، بەڵام یەکسەر ڕی و ڕێ پاشەکشەی کرد و هاوارێکی هاوشێوەی نەڕەی ئاژەڵێکی پێکراوی لەدەم هاتە دەرەوە.

کۆنت نانا و مارکی دۆشواری لەسەر ئەو پێخەفەی، کە بە تاڵی زێڕ و زیوی نەخشێنرابوو لە ئامێزی یەکتردا بینی،بەڵێ ئەوانی لەسەر هەمان ئەو پێخەفە بینی، کە ئەو باغچەکەی خۆی بۆ فرۆشتبوو تا بەهاکەی بدات.

مارکی بە شەرمەزاری و چاوشۆڕییەوە ئاوڕی دایەوە، بەڵام نانا لەکاتێکدا کە بە توندی دەرگاکەی دادەخستەوە هاواریکرد: (خەتای تۆیە، کە بەر لە وادەی دیاریکراو گەڕایەوە). مۆفات وەکو سەرخۆشێک کەوتە سەر زەوی و هاواریدەکرد: (ئای خوایە... پەروەردگارا... ئەمە ئیتر زۆر سەختە... خودایە من

بکوژە... مـن نامەویـت ببینم.... یـا ببیستم یا هەست بکەم). لەو کاتەدا کۆنت هەستی بەوەکرد، کە دەستێک بە هێواشی لەسەر شانی دادەنرێت و ئاوڕی دایەوە فینۆنی بینی. کۆنت لەبارێکدا کە خـۆی دەخستە باوەشییەوە گـوتی: (لـێم تێبگە... مـن لێرە دوورخەرەوە) فینۆن ئەوی بە سینگی خۆیەوە نووساند و گوتی: (ئـای هـاوڕێ ئـارام بە و خـۆت ئـازار مەدە). بەڕێـز فینـۆن بـۆ جاری سێیەم هاتبوو تا بە کۆنت بڵێت، کە سابینی ژنی ماڵەکەی ئەوی جێهێشـــتووە و ڕەدووی یەکێـــک لە خۆشەویســـتەکانی کەوتووە.

# ٢٥

ئەم دیدەنییە لەناکاوەی نێوان کۆنت مۆفات و مارکی دۆشوار ببووە مایەی خۆشی و شادمانی بۆ نانا، بەڵام هێندەی پێنەچوو کە پەشـــیمان بـــووەوە و زانـــی،کە بـــۆ هەتاهەتـــایە کـــۆنتی لەدەســـتداوە، بەڵام وەک بڵێـــی چـــارەنووس نەیویســـت، کە ئەو ڕووداوە کۆتـا ڕووداوی شـوومی ئەو ڕۆژە بێت، چـونکە شـەو لابۆردێـت هـاتە لای نانــا و پێیگـوت کە مۆبیلیـاتێکی جـوان و گرانبەها بە زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشرێت و لەکاتی قسەکردندا پێی ڕاگەیەنرا، کە ژۆرژ مرد...نانا بە بێئۆقرەیی و بێتاقەتییەوە گـوێی ڕاگرتبـوو، بەڵام هەر کە ئەم هەواڵەی بیسـت لە ترسـان قیژەیەکی لێهەستا و ڕاچڵەکی و هـاواریکرد: (گوتت چی؟ ژۆرژ مرد).

پاشـان لەخـۆڕا سـەیری شـوێنەواری ئەو خـوێنەی کـرد، کە لەسەر دەرگاکە مابووەوە و کەوتە گریان.

نانا لەکاتێکدا، کە دڵۆپە فرمێسکەکان بە چاوانیدا دەهـاتنەخوار گوتی: (ئاخ ژۆرژ مرد...ژۆرژ مرد!). لابۆردیت دڵی نانـای دایەوە، بەڵام هێشـتا دەگریـا و سـەرەنجام گریـان کەمێـک ئەوی ئـارام کردەوە و گوتی: (بەراسـتی من دامـاوم... بێگومـان خەڵـک منیـان بە دڵڕەق و خوێنمژ ناوناوە و دەڵێن، کە من مەرگ و وێرانی بۆ هەر کەسێک پێوەندی لەگەڵ دەبەستم دەهێنم، بەڵام ئایا خەتای

من چیـه، که ئەوان به خواست و حەزی خۆیان بەرەو لای من دێن و دەبنه مایەی ناڕەحەتی و ئازاریش بۆ من، من ئەگەر حەزمکردایه هاوسەرگیری بکەم ئەوا زۆر لەمێژ بوو ببووم به کۆنتس یا دۆشێس، بەڵا من هەرگیز هاوسەرگیری ناکەم، چونکه حەزم لەوه نەکردووه، که مێردەکەم بۆ تێرکردنی غەریزەی سێکسی من باوک و دایکی خۆی بکوژێت. ئاخ ئەم کۆمەڵگایه بەرامبەر به ژن زۆر بێ بەزەیی و دڵڕەقه. خەڵک سەرکۆنەی ژن دەکان لەکاتێکدا، که پێویسته پیاوان سەرزەنشت و سەرکۆنه بکرێن، ئەگەر پیاوان نەبوونایه ئەوا ئێستا من له یەکێک له دێرەکان دەژیام، چونکه من ژنێکی دیندار و باوەڕدارم و له خوا و ڕۆژی پەسڵان دەترسم).

ڕۆژێک نانا دیارنەما و بەر له ونبوونی خۆی کۆشک و مۆبیلیاتەکەی فرۆشت و له تیاترۆخانەی گایتییه دەرکەوت و ناوبانگێکی چاکی بەدەستهێنا. لەوکاتەی که خەڵک قسەیان دەربارەی باڵادەستی و لێهاتوویی ئەو دەکرد لەناکاو دیارنەما و لەبەرئەوەی هەواڵێکی لێ نەبیسترا خەڵک ورده ورده ئەویان بیرچووەوه، بەڵام هاوڕێکانی جار جاره ناویان دەهێنا و چەند قسەیەکیان لەبارەوه دەکرد. هەندێک دەیانگوت، که ئەو بۆ تورکیا ڕۆیشتووەو لەگەڵ یەکێک له دەوڵەمەندانی ئەوێ هاوسەرگیری کردووه، یەکێک دەیگوت نانا عاشقی کەسێکی قولەڕەش بووه و ئەو پیاوه قولەڕەشه سەروەت و سامانەکەی لەدەست دەرهێناوه و ئەوی بەڕەڵڵا کردووه و ئەو ئێستا له شەقامەکانی ئیستامبۆڵ خەریکی سواڵکردنه...ڕۆژێکیان هاوڕێکانی نانا زۆر سەریان سوڕما کاتێک بیستیان، که نانایان

لە ڕووسـیا بینیـوە، دووبـارە ئەوە بیسـترا، کە ئەو بـووەتە خۆشەویسـتی یەکێـک لە شـازادەکان و ئێسـتا سـەروەتێکی زۆروزەوەنـدی لە خشـڵ و زێـڕ هەیە. شـەوێک کـارۆلین هەرکە دەیویست بچێتە نـاو یەکێک لە دوکانەکـان دەنگێکی بیست، کە بـانگی دەکـرد، ئاوڕیـدایەوە لووسـی سـتیوارتی بینـی، کە لەنـاو گالیسکەکەی بوو، لووسی بەوپەڕی تامەزرۆییەوە پرسـی: (نانت خـواردووە؟ تـۆ وادەی دیـدەنیت لەگەڵ کەسـێک دانەنـاوە؟ ئازیزەکەم لەگەڵ مندا وەرە.... تۆ دەزانـی، کە نانـا گەڕاوەتەوە؟!) کارۆلین خۆی هەڵدایە نـاو گالیسـەکەوە بەبێ ئەوەی ورتەیەکی لەدەم بێتەدەر، لووسی گوتی: (ڕەنگە ئێستا، کە ئێمە قسە لەسەر نانـا دەکەیـن ئەو مردبێـت). کـارۆلین گـوتی: (مردبێـت؟! چـی دەڵێیت؟! مەبەستت چییە؟! ئەو ئێستا لەکوێیە؟!).

لووسی گوتی: (ئەو لە میوانخـانەیەکی گەورەیە و تووشـی ئـاوڵە بووە).

کارۆلین گوتی:

(ئای خوایە!! ئەوە دەڵێی چی؟) لووسی گوتی: (ئەو لەڕووسیا گەڕایەوە، بەڵام نـازانم بـۆچی گەڕاوەتەوە، ڕەنـگە لەگەڵ شـازادەی مەعشـووقی تێکیدابێت... هەرچۆنێک بێت کاتێک هـاتە پـاریس جانتاکـانی خـۆی لە وێسـتگە دانـا و چـووە بـۆ لای پـوورەکەی، لەوێـدا بینـی کە منـداڵەکەی ئـاوڵەی دەرداوە، ڕۆژی دواتر منداڵەکەی لەناو باوەشیدا گیانی سپارد نانا لەگەڵ پووری بەشـەڕ هـات و دەرکەوت، کە پـووری بەهـۆی بێپـارەیی نەیتوانیبوو بە چاکی ئاگای لە منداڵەکەی نانا بێت و بە پزیشکی نیشـان بدات و چارەسـەری بکـات، بەڵێ نانـا مـاوەیەک بوو، کە

پـارەی بـۆ نەنـاردبوو، دوای ئەوە نانـا بـۆ نیشـتەجێبوون بەرەو یەکێـک لە میوانخانەکـان دەڕوات... لەوێـدا مینـۆن دەبینێـت و لەهەمان ساتدا نانا واهەست دەکات، کە دونیا لەبەرچاوی ڕەش و تاریک دەبێت دوای ئەوە لەهـۆش خـۆی دەچێت.... و مینـۆن نانا دەباتە ژوورەکەی خۆی، هەموو ئەمانە جێی سەرسوڕمان نـــین، بەڵام ســـــەیرەکە لەوەدایە، کە ڕۆزمینـــــۆن هەر کە لەمێـردەکەی هەواڵـی ئەوە دەزانێـت، کە نانـا نەخـۆش کەوتـووە یەکسـەر بـۆ میوانخـانەکە ڕادەکـات و پەرسـتاری نانـا لەئەسـتۆ دەگرێت... تۆ باش دەزانی، کە ئەم دوو ژنە چەندە لەگەڵ یەکتر دوژمـن بـوون و ڕق و کینەیـان بەرامـبەر یەک لەداڵـدا بـوو... هەرچۆنێک بێت ڕۆز هەر ئاگای لە ڕکابەرەکەی دەبێت  و هەر کە دەبینێـت نەخۆشـییەکەی سـەختتر بـووە بـۆ میوانخـانەیەکی گەورە و بەناوبانـگ دەیگـوازێتەوە تـا لە شـوێنێکی شـیاو چـاو لەدونیـا لێکبنێـت.... و خەڵـک نەڵـێن ئەو ژنەی، کە پاریسـی هەژانـدبوو لە میوانخـانەیەکی چکـۆڵە گیـانی سـپارد). لووسـی مـاوەیەک بێـدەنگ بـوو، پاشـان لەبەردەوامـی قسـەکانی خۆیـدا گـوتی: (مـن کاتێـک هەمـوو ئەو شـتانەم لە لابۆردیـت بیسـت بڕیارمـــدا بچـــمە دیـــدەنی نانـــا).کـــارۆلین گـــوتی: (پێویســـتە بڕۆین...پێویستە بڕۆین ئەو ببینین).

کاتێک گالیسکەکە گەیشتە بەردەم میوانخـانەکە و ئەو دوو ژنە چاویان بە مینۆن کەوت، کە لەبەردەم دەرگاکە وەستابوو بەرەو لای ئەو ڕایـانکرد و پرسـیارێکی زۆریـان لێکـرد، بەڵام مینـۆن شانی هەڵتەکاندو گوتی: (من هـیچ نـازانم... ئەمڕۆ سێ ڕۆژە کە پەرستاری لە نانـا دەکـات، بەڵام من ئامـادە نەبووم گیانی خـۆم

بـــخەمە مەترســـییەوە و بچـــمە لای نانـــا، چـــونکە تووشـــی نەخۆشـــییەکی درم بـــووەتەوە، بەڵام ڕۆز شـــێتە، کە بەردەوام لە لای نانایە...ئایا شێتییەکی لەمە زیاتر هەیە؟ ئەگەر ڕۆز نەخۆشی ئاوڵە لە نانا بگریتەوە و جوانی ڕوخساری خۆی لەدەست بدات چیمان بەسەر دێت؟!).

لەم ساتەدا فۆنتـان بەبەردەمیان تێپەڕی، مینـۆن بانگی ئەوی کردو کاتێک فۆنتـان بە نەخۆشییەکەی نانـای زانـی گـوتی: (هەی بەسـتەزمان نانـا... پێویسـتە بچـمە دیـدەنی ئەو...ئەو تووشـی چ نەخۆشییەک بۆتەوە؟) مینۆن گوتی:

(ئاوڵە) فۆنتان دەیویست بچێتە ناو میوانخانەکە هەر کە بیستی مینـۆن دەڵێـت ئـاوڵە، گەڕایەوە و خۆپـارێزی کـرد لە چـوونە ژوورەوە بۆ ناو میوانخانەکە. لووسی گوتی:

(ئەم پیـاوەی کە لەبەردەم میوانخـانەکە هەنگـاو دەنیت و بـۆ چرکەیەک چاو لەسەر پەنجەرەکە هەڵناگرێت کێیە؟!) و ئامـاژەی بـۆ پیـاوێکی پۆشـتە کـرد، کە نیـوەی ڕوخسـاری خـۆی دەمامـک دابوو. مینۆن بە هێواشی گوتی:

(کۆنـت مۆفـاتە... لە بەیـانیەوە کە لابۆردێت لە نەخۆشـییەکەی نانـا ئاگـاداری کـردۆتەوە ئەو تـاوەکو ئێسـتا لەبەردەم میوانخـانە دێـت و دەچێـت و هەر نیـو کاتژمێرێـک لە بـارودۆخی نانـا دەپرسـێت). لەم سـاتەدا کـۆمەڵە خەڵکێکـی زۆر لە شـەقامەکە دەرکەوتن و هاواریان دەکرد: (بەرەو بەرلین...بەرەو بەرلین).

پەرلەمـان لەو ڕۆژەدا بڕیاریدا بـوو، کە جەنگ لەگەڵ ئەڵمانیا ڕابگەیەنێت. کاتێک شەقامەکە لە خۆپیشاندەران چۆڵ بوو مۆفات بەرەو میوانخـــانەکە چـــوو و لە دەرگـــاوان نزیـــک کەوتەوە،

دەرگاوان بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی پرسیاری مۆفات بێت گوتی: (بەڕێز ئەو مرد...ئەو هەر ئێستا چاوی لە دونیا لێکنا!) مینۆن و دوو ژن گوێیان لە وەڵامی دەرگاوان بوو و ڕامان...(مرد...نانا مرد... کێ باوەڕ بەمە دەکات؟) مۆفات پاڵی بە میوانخانەکەدا... ڕوخساری خۆی لەژێر دەمامکەکەدا شاردەوە و ماوەیەکی زۆر ئاوا مایەوە...ئینجا ئاخێکی هەڵکێشا و بە هەنگاوگەلێکی هێواش و لەرزۆک کەوتەڕێ لەکاتێکدا سەری شۆڕکردبووەوە و پشتی وەکو کەسێک، کە بارێکی قورسی هەڵگرتبێت چەمابۆوە. کارۆلین ئەو دوو دڵۆپە فرمێسکی سڕییەوە، کە بێ ویستی خۆی لە چاوانی هاتبوونە خوارەوە، لووسی بەوپەڕی غەم و مەراقەوە لەقاند.

ئەو دوو ژنە ویستیان بچنە ناو میوانخانەکە، مینۆن ڕووی قسەی لە لووسی کرد و گوتی:(بە ڕۆز بڵێ، کە من لە بەیانییەوە تاوەکو ئێستا چاوەڕوانی ئەوم، ئەگەر هەر ئێستا نەیەت من دێمە سەرەوە و ئەو دەکوژم) ڕۆز دەرگای ژوورەکەی کردەوە و لووسی و کارۆلین چوونە ژوورەوەو چاویان بە کلاریس و جاجا و کانتا کەوت، کە لەسەر کورسییەکی گەورە لەنزیک دەرگاکە دانیشتبوون، لووسی گوتی:

(من چەندە بێبەختم...من حەزمدەکرد، کە بەر لە مردن ماڵئاوایی لێبکەم). ئەو چاوێکی بە ژوورەکە داگرت، بەڵام لە تاریکیان جگە لە ڕووخساری هیچ شوێنێکی دیکەی ئەو لاشەیەی نەبینی کە خرابووە سەر تەختەخەوەکە. لووسی گوتی: (من لەوکاتەوەی، کە نانا بۆ کۆتا جار لەسەر سەکۆی شانۆ دەرکەوت ئەوم نەبینیوە).

ڕۆز بە خەم و خەفەتێکــی زۆرەوە گــوتی: (ئــاخ... ئەو گــۆڕا بوو...ئەو زۆر گۆڕابوو).

بۆ ماوەیەک بێدەنگی باڵی بەسەریاندا کێشا، سەرەنجام ڕۆز دەستی بە قسەکردن کرد و ڕوونکردنەوەی لەبارەی نیشانە و ئاسەوارەکانی نەخۆشییەکەی نانا دا... ئینجا قسە هاتە سەر سامانەکەی و گوترا، کە سەرەوەت و سامانەکەی بۆ کێ دەبێت. لەم ساتەدا هاتوهاواری خەڵک لە شەقامەکە بیسترا،کە هاواریان دەکرد: (بەرەو بەرلین...بەرەو بەرلین...) کلاریس هەستایەوەو گوتی: (وەرن بابڕۆین...خۆ ئێمە ناتوانین زیندووی بکەینەوە). ئینجا هەستانەوە و بۆ کۆتا جار چاویان بڕییە سەر ئەو تەختەخەوەی، کە لاشەی نانای لەسەر بوو، بەڵام هەند تاریک بوو هیچیان نەبینی. لووسی ڕووی لە ڕۆز کرد و گوتی: (ڕۆز زووکە وەرە لەگەڵمان، مێردەکەت لەبەردەم دەرگای میوانخانە وەستاوە و خەریکە لە تووڕەییاندا شێت بێت).

ڕۆز گوتی: (ئای ڕاستدەکەی نانا ئیتر هیچ پێویستییەکی بە من نییە، من بەدوای ئێوەدا دێم).

ژنەکان لە ژووری مردووەکە هاتنەدەرەوە. ڕۆز بەدوای کڵاو و پاڵتۆکەی خۆیدا گەڕا و دەستی خۆی لە جامە ئاوێکدا شووشت. ئینجا چاوێکی بڕییە چواردەوری خۆی تا دڵنیا بێت، کە هەموو شتێک تەواوە. کاتێک ویستی بڕوات بیریک بە مێشکیدا هات و گوتی: (نەخێر ئەو جێناهێڵم...بەڵێ ئەو بە تەنیا لە تاریکیدا جێناهێڵم!). ئینجا پەردەکانی هەڵدایەوە و مۆمەکانی داگیرساند، ڕوناکی مۆمەکان کەوتە سەر ڕوخساری مردووەکە، ڕۆژ سەیرێکی کرد و لەژێر لێویەوە گوتی: (ئای خودایە...ئەو

چەندە...ئەو چەندە گۆڕاوە؟) ئینجا چووە دەرەوە و لەکاتێکدا ئەو دڵۆپە فرمێسکەی دەسڕییەوە، کە لە چاویدا هاتبووە خوارەوە دەرگاکەی داخست.

نانا بە تەنیا مایەوە. ڕووناکی مۆمەکان کەوتبووە سەر ڕوخساری ئەو، ئەو وەکو پارچە گۆشتێکی گەنیو و بۆگەن دەردەکەوت، هێندە چاڵ و چۆڵی لە ڕووخساریدا دروست ببوو کە نەدەناسرایەوە، ئاوڵە چاوی چەپی کوێر کردبوو، پێستی ڕووخساری بەشێوەیەکی سامناک پێکەوە نووسابوو، کە مرۆڤ دڵی پێدەسووتا و بەزەیی پێدا دەهاتەوە و زەردەخەنەیەکی ترسناک و ئازاراوی بەسەر لێویەوە بوو.

لە ئاسەواری جوانی و دڵڕفینییەکەی جگە لە پرچەکەی، کە وەکو دەزووی زێڕ بریقەی دەدا شتێکی دیکە نەمابۆوە و وەکو ئەمە وابوو، کە ئەو میکرۆبانەی تاوان و خراپەکاری، کە نانای جوان و دڵڕفێن لەسەر شۆستەی شەقامەکان لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتبوون و گشت کەسێکیان پیس دەکرد، کە نانا ناسیاوی لەگەڵدا پەیدا دەکرد، لەکۆتاییدا تۆڵەی خۆیان لەو کردەوە و ئەم شوێنەوارە ترسناک و تۆقینەرەیان لەسەر ڕوخساری ئەو جێهێشتبوو.

# دوا وتــــه



**ئـەمێل زۆلا** Émile Édouard Charles Antoine Zola ١٨٤٠-١٩٠٢. رۆمـــاننووس و شـــانۆنامەنووس و رۆژنامـــەوانێکی سیاســـی بووە.بە رابەری رێبازی ناتورالییزم دەناسرێ.یەکەمین رۆمانی بە ناونیشانی (تیریز راکان) لە ١٨٦٧دا بڵاوکردەوە،کە ژنێکە بە نـاوی تیریـز لەگـەڵ کـوڕێکی ئاشـقی مێردەکـەی دەکـوژێ. لـە کۆتاییـدا بەبـەرچاوی باوەژنەکـەی تیریـز هـەردووکیان ئـاگر لەخۆیان بەردەدەن.

دیارترین بەرهەمی زۆلا بریتییە لە رۆمانێکی بیست بەرگی بـەناوی( رۆگن ماکار) یـان (سـەروەتی خانـەوادەی رۆگـن) لـە

١٨٦٨دا دەستی پێکردووەو بەسەرهاتی خانەوادەیەک لە ماوەی ئیمپراتۆریـەتی دووەمـی فەرەنسـەدا ژیـاون. هـەر بـەرگێکی بـۆ نەوەیەکیانـە. پێوەندییـەکی باشـی لەگـەڵ هونەرمەنـدی فەرەنسـی سـیزاردا هـەبووە.تا راددەیـەکی زۆر سەرسـامی بەرهەمـەکانی بلزاک بووە.

زۆلا لـە بەرهەمەکانیـدا ژیـانی کرێکـاران و ئەوانـەی لـە نێـو کۆمەڵگـەدا پـەراوێزخراون دەخاتـەروو. بـاوەڕی زۆری بـە دەسکەوتە زانستییەکانی سـەردەمی خـۆی هـەبووە بـە تایبـەتی زانسـتی بۆمـاوەیی و کاریگـەری زۆری (چـارلس داروین)ی بەسـەرەوە بـووە. سـەرنج و ئـەزموون لای ناتورالیسـتەکان بـە هەند وەردەگرێت.

لـە رووی سیاسـییەوە وتـارێکی نووسـی بـە ناونیشـانی (مـن تاوانباری دەکەم) سەبارەت بە ئەفسەری فەرنسی درایفۆس، کە ئەمـەبووە هـۆی ئـەوەی دوورخرانـەوەی بـۆ مـاوەی سـاڵێک بـۆ لەنـدەن و دوژمنـی زۆری بـۆ پەیـدا بـوو، کـە هـەوڵی کوشـتنیان دەدا. رۆمانـەکانی (ژێرمینـاڵ) و(نانـا) و (شکسـت) و(دێـوی دەروون) و (زەمین) و (شاکار)و.. قسەو باسی زۆر هەڵدەگرن.

بەرهەمەکانی زۆلا بۆ زۆربـەی زمانـەکان وەرگێڕدراون و لـە هەندێ وڵاتدا تا راددەیەک قەدەغەن.

کەسایەتی نانا سیمای کۆمەڵگەی فەرەنسی ئـەو رۆژگـارەی هەڵگرتووەو وردتر بڵێین سیمای شاری پاریسـە، بـەڵام ئایا بـە تەنیا پاریس نوێنەرایەتی هەموو فەرەنسا دەکات؟

نانا ناتوانێ روو بەرووی کۆمەڵگەی پیاوسالاری بێتەوە بۆیـە بۆتە قوربانی ئەو دۆخە.کێشەی نانا ئەوەیـە نـە خوێنـەر دەتوانێ

سەد لە سەد پاساو بۆ هەڵسوکەوتەکانی بێنیتەوەو کەسێکی بێ ویژدان و کاری نەشیاوو بێ جێ دەکات.نە دەشتوانی گلەیی و گازندەی لێ بکەی ئەویش بۆتە قوربانی و حەزی نەکردووە وابێت.

هەر لە سەرەتای شانۆگەرییەکەدا کیژە عازەبێکی جوانی قژ زەرد لە کاری ئەکتەری نازانێ و ناتوانێ گۆرانی بڵێت و خۆی بگونجێنێ.بەڵام سەرنجی پیاوانی راکێشاوەو بە تایبەتی ئەو کوڕەی لە بانکەو لە پارەی بانک مەسرەفی لێدەکات، وەلێ بۆی دەردەکەوێت مەسەلەکە عەشق و ئەوین نییە،تەنانەت نانا خۆیشی ئەو هەستەی نییە و دوای ماوەیەک وازی لێدێنی و لەگەڵ (فۆنتان)ی هونەرمەند عەشق و مەحەببەتی دەبێ.

بە کورتییەکەی نانا تۆڵە لە زوڵمی کۆمەڵ دەکاتەوەو بێ ئەوەی ئامانجێکی لە ژیاندا هەبێت چۆن هاتە پێشەوە لەگەڵیدا دەڕوات...

# ناساندن

• پرۆفیسۆر **د.هیمداد حوسێن** لە ساڵی ١٩٦٤ لە دایکبووە.

• لە ساڵی ٢٠٠١ دکتۆرای لە ئەدەبیات و رۆژنامەوانیی کوردی لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە.

• لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر پرۆفیسۆری ئەدەبیاتی نوێی کوردییە و سەرپەرشتی ژمارەیەک خوێندکاری دکتۆرا و ماستەری لە بەشەکانی کوردی و فارسی و راگەیاندندا کردووەو زیاتر لە ٣٠ کتێبی چاپکراوی هەیە

• سکرتێری رۆشنبیریی یەکێتیی نووسەرانی کوردە.

.........................

• **سەنگەر نازم حسین** لە هەولێر لە ساڵی ١٩٨٩ لە دایکبووە.

• ساڵی ٢٠١١ بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی کۆیە وەرگرتووە.

• ساڵی ٢٠١٥ ماستەری لە ئەدەبی نوێی کوردی وەرگرتووە. ناونیشانی نامەکەی برێتییە لە: وێنەی پیاو لە شیعرەکانی کەژاڵ ئەحمەد و فروغی فەروخزاد دا.

* ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی کۆیەو لە هەمان کاتدا خوێندکاری دکتۆرایە.